# پانۆرامای
# ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان
# ئەیلوولی ٢٠١٧

کۆی ڕاگەیێندراو، کۆبوونەوە، پەیام و وتارەکانی بانگەشەی
سەرۆک بارزانی


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک



٢٠٢٥

لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک

**پانۆرامای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ئەیلوولی ٢٠١٧**

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٥

**چاپخانە:** زانکۆی سەڵاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ( ٨٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.**



ئەگەر مافی چارەنووس و پراکتیزەکردنی ڕیفراندۆم یەکێک بێت لە پاکت و پەیماننامە نێوەدەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ و دیموکراسی وێرد و دروشمی شەو و ڕۆژی وڵاتە ئازادەکانی جیهان بێت، بۆ هاوشێوەی بڕیارەکانی دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆسپ و لەمپەر بۆ گەلی کوردستان هەڵچنرا، پراکتیزەی ئەو مافە سروشتییەی خۆی بکات کە لە پرۆسەیەکی ئازاددا ڕێژەی ٩٢,٧٣% دەنگی بەڵێی هەبوو؟

# پێڕست

پێشەکی ---------- ٧

## بەشی یەکەم

### ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

بەرایی ---------- ٣١
شکستی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراقی پاش ٢٠٠٣ ---------- ١٦
تێزەکانی دەوڵەتی کوردی و گۆڕانکاری نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ---------- ٢٦
کاریزمای سەرۆك بارزانی و پێگەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان ---------- ٣١
خەونی ئێمە سەربەخۆییە نەك ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ---------- ٣٩
دەستووریبوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ---------- ٢٤
مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی یاسایی گشتی نێودەوڵەتیدا ---------- ٤٥
هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمیی لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ---------- ٤٦

## بەشی دووەم

### ڕاگەیێندراو، پەیام و وتارەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە بانگەشەی ڕیفراندۆمدا

ڕاگەیێندراوەکان ---------- ٥٥
کۆبوونەوەکان لەگەڵ چین و توێژ و پارتە سیاسییەکان کوردستان ---------- ٧٣
وتارە جەماوەرییەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ---------- ١٦٩
پەیامەکان بۆ ڕای گشتی و ڕەوەندی کوردستان لە هەندەران ---------- ٢١٥
**سوپاسنامەکان** ---------- ٢٣٣
**پاشکۆ و پەراوێزەکان** ---------- ٢٤١

# پێشەکی

کتێبی (پانۆرامای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان) لە دوو بەش و پاشکۆ و پەراوێزەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەمی لە توێژینەوەیەکی زانستی ئەکادیمیی بەناونیشانی (ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان) کە هەشت تەوەر لە خۆ دەگرێت و بەشی دووەمی تایبەتە بە کۆی ڕاگەیێندراوەکانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، کۆبوونەوەکان، پەیامەکان و وتارەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆم کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی بەڕێوەچوو.

لەم ڕاستینەیەوە، لەبەر گرنگی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان بێوێنە بوو، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان کۆکردنەوە و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم پانۆرامایەی لەدووتوێی کتێبێکدا، بەئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی زانی، چونکە وێڕای ئەوەی خودی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بڕیارێکی مێژوویی و بوێر بوو، هاوکات لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧دا گەلی کوردستان لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەرییدا بەتێکڕای ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانییەوە، بەپێچەوانەی ڕمێن و خەیاڵپڵاوی دۆست و نەیاران، لە سنووری باشووری کوردستاندا لە زاخۆوە تا خانەقین بەڕێژەی ٪ ٧٣.٩٢ بە (بەڵێ) دەنگی بە سەربەخۆیی دا، بۆئەوەی جیهانی ئازاد بەشێوەیەکی فەرمی گوێی لە دەنگ و ویستی لەمێژینەی گەلی کوردستان بێت کە دوای پاشگەزبوونەوە لە پەیماننامەی سیڤەر(١٠ی ئابی ١٩٢٠) لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردستانی بەسەر دابەشکرا؛ تووشی جۆرەها چەوساندنەوە و ستەمی نەتەوەیی و جینۆساید بووەتەوە.

بڕیاری ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، بێجگە لەوەی مافێکی سروشتی گەلێکی بەشخورابوو، هاوکات بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی نیازە خۆسەپێنەکانی دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا و بڕیارێکی تەواو نیشتمانیی بوو، چونکە ئەو عێراقەی بڕیار بوو دوای ڕووخانی ڕژێمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی؛ لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵدا (یەکێتی ئارەزوومەندانە)، بەرمەبنای یەکسانی و دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەرێمەکاندا بونیات بنرێتەوە، بەڵام بەهۆی عەقڵیەتی زاڵەوە، نەک هەر شکستی هێنا، بەڵکو بەرەو دەوڵەتێکی مەزهەبی هەنگاوی نا و ئەو

نیازانـەش تـەواو دەرکەوتبـوون کـە دەسـەڵاتدارانی نوێـی بەغـدا کاریـان بـۆی دەکـرد، ئەوانیـش هەڵوەشـاندنەوە و لـە قاڵبدانـی قـەوارەی هەرێمـی کوردسـتان بـوون.

هەرچەنـدە لـە ڕووی تیۆرییـەوە؛ ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی کوردسـتان هیچ کێشـەیەکی لەگـەڵ ئـەو پرەنسـیپ و بەهـا و بنەمـا یاسـاییانە نەبـوو کـە لەئاسـتی جیهانـدا گـەلان بۆ گەیـشتن بـە مافەکانیـان پیادەی دەکـەن و کەسـیش نەیدەگـوت مافی ئەوەتـان نییـە، بـەڵام دوور لـەو بەهـا و پرەنسـیپ و بنەمـا یاسـاییانەوە لەلایـەن ئـەم و ئـەوەوە بەبیانووی کاتەکـەی گونجـاو نییـە، ئالینـگاری گـەورە بـۆ ئەنجامـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دروسـتکرا؟ چونکـە لەلایـەک، لایەنـی بەرانبـەر بـڕوای بـە مـاف و هاوبەشـی گەلـی کـورد لەدەسـەڵات و بەڕێوەبردنـی عێراقـدا نییـە کـە لـەم ناوچەیـە لـە هەموویـان دێرینـترە، لەلایەکـی دیکـەوە باوەڕبـوون بـە یاسـا و بنەمـا دیموکراسییەکان لـەم ناوچەیـە کـە نێوەنـدی شەڕوشـۆڕە بـوونی نییـە، بەڵکـو لەدێرزەمانـەوە ئـەوەی هەیـە؛ بەرمەبنـای پەیوەندییـەکانی هێـز و بەرژەوەندییەکانـە کـە ئەویـش هەمیشـە لـە گۆڕانکاریدایـە.

شـاراوە نییـە؛ لەوەتـەی دوای بڕانـەوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـان بـێ پرسـکردن بـە دانیشـتووانی (هـەر سێ ویلایەتـی مووسـڵ، بەغـدا و بـەسرا) لەلایـەن کەسـانێکەوە عێراق دروسـتکرا کـە بـە قسـەی ژەنەڕاڵـی خانەنشـین ڕاڵـف پیتـەرز[1]، ئەوانـەی سـنووری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیان کێشـا، نـەک شـارەزاییان لـە دۆخـی ناوچەکـە نەبـوو، تەنانـەت شـارەزاییان لـە نەخشـەی وڵاتەکانـی خۆشـیاندا نەبـوو. واتـە کارزانـی ئـەو کارە نەبـوون، بۆیـە لـە هەنگینـڕا عێـراق لـە قەیـرانی قوڵـی ناسـنامە دەخولێتـەوە و نەبووەتـە وڵاتـی هاووڵاتیبـوون، تەنانـەت جیاکارییەکـی زەق و زەوەنـدی خوێنـاوی لـە نێـوان گـروپ و تائیفـە و نەتـەوە و مەزهەبـەکان لەئارادایـە، لـە هەنـدێ قۆناغـدا بـەو ئاسـتە گەیشـتووە لەسـەر (نـاو، نەتـەوە و مەزهـەب) کـە زیاتـر بـۆ ناسـینەوەی کەسـییە، تـا سیاسـی، خەڵـک پاکتـاو دەکـرا و بێسەروشـوون دەکـرا.

واتـە؛ عێـراق بـە درێژایـی مێـژووی دامەزراندنـی، چ لەسـەردەمی پاشـایەتی، چ لەسـەردەمی کۆمـاری و عێراقـی نوێـوە لـە بونیاتنـانی دەوڵەتـی هاووڵاتیـدا کێشـەی قـوڵ

(1) Blood borders:How a better Middle East Would look, by Ralph Peters. Armed forces Magazine

و ڕەگداکوتـاوی هەیـە، بێئەنـداز، سـتەم لـە خاکـی باشـووری کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد کـراوە و هـەر چ کات ویسـتبێتیان سـنووری باشـووری کوردسـتانیان دابڕانـدووە و لـە خەڵکـە ڕەسـەنەکەی چۆڵیـان کـردووە و لـە شـوێنی دوورتـر خەڵکیـان هێنـاوە و لـە جێگەیداجێنشـینیان کـردووە، خێروبێرەکەشـی، یـان بـە چـەک دراوە و کوردسـتانی پـێ کاولکـراوە، یـان وەک کارتـی گوشـار دژی بەکارهێنراوەتـەوە. لەپێنـاو سـەپاندنی ئـەم سیاسـەتەش لەهـەر سێ سیسـتمەکەی عێراقـدا، دەسـەڵاتداران بەئاسـتی جیـاواز دەسـتیان لـە گرتـن و کوشـتوبڕ و ئەنفـال و وێرانکـردنی دێهاتـەکان و ڕاگـواستن و جینۆسـاید و کیمیابارانکردنـی باشـووری کوردسـتان نەپاراسـتووە کـە دواترینیـان نانبڕینـی خەڵـک و سـزادانی سیاسـیانەی هەرێمـی کوردسـتان بـوو لەڕێگەی دادگای بـاڵای فیدراڵییـەوە. لەگەڵ ئـەوەی نزیکـەی ٥٥ مـاددەی دەسـتوور پێشـێلکراوە و بەنـاوی زۆرینـەوە زیندانـی کـراوە کـە لەبەرژەوەنـدی تەبایـی نێـوان پێکهاتـەکان بـوو، لـە هەمـووی گرنـگتر مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور بـوو. بۆیـە سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان لەجیاتـی گەلـی کوردسـتان بـەدەر لـە بەرژوەندییەکانـی خەڵکـی دیکـە، بڕیـاری لـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دا و گەلیـش لـە کەرنەڤاڵێکـی جەماوەریـدا لـە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلـوول بـۆ پراکتیزەکردنـی ئـەو مافـە سروشـتییەی خـۆی بـە ڕێـژەی ٩٢,٧٣% بـە بەڵـی دەنگـی بـەو بڕیـارە دا.

لـە کۆتاییـدا، وێـڕای سـوپاس و پێزانیـنمان بـۆ هەمـوو ئەوانـەی لـە کۆکردنـەوە و ئامادەکردنـی ئـەو پەرتوکـە بەشـداربوون، بەرمەبنـای ئـەو گۆڕانکارییانـەی هێـز و بەرژەوەندییـەکان کـە لـە ناوچەکـەدا هەیـە، دڵنیایـن لـە چەنـد سـاڵی دادێـدا پانۆرامـا و ئەنجامـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبنـە بابـەت و کەرەسـتەیەکی دەوڵەمەنـدی ناوەنـد و سـەنتەرەکانی لێکۆڵینـەوە ناوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـەوە.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ. د. ک**

# بەشی یەکەم

## ڕەهەندە جیاوازەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

**نووسینی: د. عەدنان مەجید محەمەد***

## بەرایی

"ئـەی گـەلی فەرەنسـا، ئێمـە شـەڕێکمان دۆڕانـدووە، نـەك تـەواوی جەنگەکـە، جەنـگ بەردەوامـە و تێدەکـۆشین و بـەردەوام دەبین تاکـو وڵاتەکەمـان ڕزگار دەکەیـن" پەیامـی شـارل دیگـۆل بـۆ گـەلی فەرەنسـا لـە ڕێگـەی ڕادیۆیـی بی بی سـییەوە، لـە ١١ی حوزەیـرانی ١٩٤٠ پـاش ئـەوەی نازییـەکان خـاکی فەرەنسـایان داگیرکـرد (الجزيـرة، ٢٠٢٤).

"ئـەی ئەوانـەی دژایـەتی دۆزی ڕەوای میللەتەکەمـان دەکـەن، ئەگـەر دەتانـەوێ کێشـەکان بـە ئاشـتی چارەسـەر بکـەن، ئێمـە ئامادەیـن. بـەڵام هەرگیـز ناتوانـن ئیرادەمـان تێکبشـکێنن، دڵنیـام کوردسـتانیان هـەر سـەردەکەون، چونکـە دۆزەکەیـان ڕەوایـە و خـاوەن قەزییـەکی ڕەوان" پەیامـی سـەرۆك بـارزانی، لـە ٣٠، ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ بـۆ خـەڵکی کوردسـتان و ناوچەکـە و جیهـان، پـاش خیانـەت و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەر (بڕوانـە: ئەرشـیفی سـایتی سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان).

ئەم دوو پەیامە، چەند مانا و مەغزا و بنەما و بەهای هاوبەشی تێدایە، پەیامێکن لە قوڵایی دڵسۆزی و باوەڕبوون بە دۆزی ڕەوای نەتەوەیی و نشتیمانی هەڵقوڵاون، پەیامی ئومێد و هیوا و گەشانەوە و خەباتن بۆ گەیشتن بە کەناری ئارام. لە درێژەی ئەم نووسینەدا زیاتر لەسەر کۆڵکەی هاوبەشی نێوان پەیامەکەی شارل دیگۆل و پەیامەکەی سەرۆك بارزانی و هەوڵەکان بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی و ئازادی وردەبینەوە.

هـەروەك ئاشـکرایە، پـاش خەباتـێکی دورودرێـژ و بـەردەوام، بـۆ گەیـشتن بـە سـەربەخۆیی و ئـازادی و مـافی چـارەی خۆنووسـین، هەروەهـا پـاش هەمـوو ئـەو دژایەتییـە بەردەوامـەی لەسـەر ئاسـتی ناخۆیـی و ئیقلیمـی دژی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان هەبـوون. ئومێـدەکان بـۆ گەیـشتن بـە خـەونی هەمـوو ئازادیخـواز و ڕزگاریخوازێـك نزیـك بـوون لـە جێبەجێبوونـەوە، کاتێـك هەمـوو خـەڵکی کوردسـتان لـە هەرچوارپارچـە چاوەڕێـی ڕێبـەری شۆڕشـگێڕ و پێشـمەرگەی ڕێگـەی ئـازادی و سـەربەخۆیی و مـافی چـارەی خۆنووسـین سـەرۆك بـارزانی بـوون، بـۆ ئـەوەی وەکـو سـەرکردەیەکی کاریزمـی بڕیـاری چارەنوسسـاز بـدات و ڕۆژێـك بـۆ ئەنجامـدانی گشـتپرسی دیاریبـکات لـە ڕێگـەی هـەوڵ و کەناڵـە جیاوازەکانـەوە، چونکـە

بـە بۆچـوونی کوردسـتانیان خـودی ئەنجامـدانی گشـتپرسی هەنـگاوێکی تـرە بـەرەو ئامانجـە نەتەوەیـی و نشـتیمانییەکان، ئامـرازێکی ڕەوا و مۆدێـرنی گەیشـتنە بەمـافی چـارەی خۆنووسـین. ئـەوە بـوو پـاش کۆمەڵێـك مشـتومڕ و کۆبوونـەوە و دیالـۆگ و گفتوگـۆ لەگـەڵ لایەنـە ناخۆیـی و نێودەوڵەتییـەکان بڕیـاردرا لـە ٢٥ی ئەیلـوولی ٢٠١٧ گشـتپرسی ئەنجـام بدرێـت، ئـەوە بـوو لـەو ڕۆژە ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـدرا.

لـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ڕێـژەی بەشـداربوون گەیشـتە نزیکـەی ٧٢٪، بـە پێـی دەرەنجامـەکان نزیکـەی ٩٢,٧٣٪ ی خـەڵکی کوردسـتان دەنگیـان بـە ( بەڵـێ ) دا و نزیکـەی ٧,٢٧٪ خەڵـك دەنگیـان بـە ( نەخێـر ) دا.

ئـەوەی گرنـگ بـوو، ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی بـە ئیرادەیـەکی بەهێـز و کوردانـەوە بـووە دیفاکتـۆ و ئێسـتا دەرەنجامـەکانی ئـەو ڕیفراندۆمـە وەك بەشـێك لـە مێـژووی پـڕ شـکۆی نەتەوەیـەك نوسراوەتـەوە و بـوونی هەیـە، ئەگـەر لـەم ناوچەیـەی عێـراق و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت گرنگـی بـە مافـەکانی مـرۆڤ و دیموکـراسی و یاسـا بدرێـت، هـەر ئـەو کات دەبووایـە ئـەم ئەنجامانـەی ڕیفرانـدۆم کاری پێبکرایـە و ڕێگـە بدرایـە، کـورد بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە و بـێ کێشـە ببوایـە بـە خـاوەن دەوڵـەت و کیـان و قـەوارەی سـیاسی خـۆی، چونکـە یاسـا و ڕێسـا ئـاسمانی و ئینسـانی و عـورف و مافـەکانی مـرۆڤ هەمـووی پشـتگیری ئـەو بابەتـە دەکـەن و هیـچ کێشـەیەك لـە ڕووی تیۆرییـەوە لەگـەڵ هیـچ پرەنسـیپێك و بەهـا و بنەمایـەکی یاسـایی نییـە، بـەڵام بـۆ ڕێگـری کـرا و کاردانـەوە و ئاڵەنـگاری گەورەیـان بـۆ دروسـتکرد؟ لەبـەر ئـەوەی هـەروەك باسـکرا، باوەڕبـوون بـە یاسـا و بنەمـا دیموکراسـییەکان لـەم ناوچانـە بـوونی نییـە، ئـەوەی هەیـە هاوکێشـە و پەیوەندییـەکانی هێـزە، هـەروەك ئاشـکرایە پەیوەندییـەکانی هێـز، هەمیشـە لـە گۆڕانکاریدایـە، لێـرەدا گرنگـی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم لـەو سـاتەوەختە گرنگـەدا دەردەکەوێـت، کـە ڕەنگـە لەبـەر هـۆکاری جیـاواز ئەگـەر ئـەو کات نەکرابـا قـەد کـورد نەیدەتـوانی بـەو شـێوازە ئەنجامـی بـدات، لەوکاتـەدا ڕەنگـە هاوکێشـەی هێـز تـا ئەوەنـدە ڕێگـەی بـە کـورد و سـەرکردایەتی کـورد دابـێ کـە بتوانـن ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدەن، نـەك ڕاگەیانـدنی دەوڵـەتی سـەربەخۆیی کـوردی، بـەڵام هـەروەك باسـکرا،

پەیوەنـدی و هاوکێشـەکانی هێـز لەگۆڕانـکاری بەردەوامدایـە، جگـە لـە ڕەوایـەتی قەزییـەی کـوردی و ڕۆژێـك دێـت ئـەم گۆڕانکارییـە لـە هاوکێشـەی هێـز لەبەرژەوەنـدی هەنـگاوی دووەمـی کـورد بێـت، ئەویـش بنیاتنـان و دروسـتکردنی دەوڵـەتی کوردییـە، هـەروەك ئـەوەی ئێسـتا دەبینرێـت کـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە گۆڕانـکاری گـەورەدا تێدەپەڕێـت، ڕەنگـە گۆڕانکارییـەکان لـە بەرژەوەنـدی کـورد بـن و دەرەنجامـە یاساییەکانی ڕیفرانـدۆم ببێتـە بنەمـا بـۆ گەیشـتنی کـورد بـە خـەونی لـە مێژینـەی و کەنـاری ئـارام و دروسـتکردنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کـوردی. کەواتـە، ڕەنگـە هـەر لـەم پەرەگرافـە لـە ماهییـەت و گرنگـی و فەلسـەفە و مکوڕبـوونی سـەرۆك بـارزانی و سـەرکردایەتی کـوردی لـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم و گشـپرسی تێبگەیـن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەروەك هـاڕۆڵ د لاسـویل، دەڵێـت سیاسـەت: کـێ چـی بەدەسـتدەهێنێت، کـەی، چـۆن،؟ (Lasswell, 1936) کەواتـە؛ پیویسـتە بـزانین ڕیفرانـدۆم وەك ئاکتـێکی سـیاسی بـۆ کـورد چـی بەدەسـتهێنا و لـە چ کاتێـك و چـۆن؟ لەبەرئـەوەی گرنگـە قـوڵتر و وردتـر دەربـارەی هـۆکارەکانی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم و گرنگـی ڕیفرانـدۆم و هـۆکارەکانی کاردانـەوە ناخۆیـی و نێودەوڵەتییـەکان و تـرسی هێـزە ئیقلیمیـەکان لـە دەرەنجامـەکانی ڕیفرانـدۆم، بـاس بکرێـت. بـەڵام بـە بـۆ چـوونی مـن ناتوانرێت لـە ڕەهەندە جیـاوازەکانی ڕیفرانـدۆم تێبگەیـن، تـا لـە سـێ پـرسی گرنـگ تێنەگەیـن، ئەوانیـش ( پـرسی یەکـەم: لاوازی بنیاتنـانی دەوڵـەت لـە عێـراق، پێویسـتە بـزانین عێـراق جێـی ئومێـد و پێکەوەژیـان نییـە و دەوڵەتـێکی لـەرزۆك و نـەزۆك و شکسـتخواردووە، پـرسی دووەم: تیـزەکانی دروسـت بـوونی دوەڵـەتی کـوردی، ئایـا دەوڵـەتی کـوردی خـەونی شـاعیرانەیە یـان واقیعـە، ئایـا دروسـت بـوونی دەوڵـەتی کـوردی خـەونی گەنجـێکی کوردسـتانە، یاخـود توێـژەر و نووسـەرە بەناوبانگـەکان قسـەیان لەسـەر کـردووە، پـرسی سـێیەم: کاریزمایـی سـەرۆك بـارزانی و حیکمـەت و تێگەیشـتنی ئـەو لـە پرسـەکان و ڕووداوەکان و گەشـەپێدانی پـرسی نیشتیمانسـازی کـە لـەو ڕووەوە ڕیفرانـدۆم خـۆی هەنـگاوێکی گرنـگ بـوو ، پرسـیارەکە لـەم بەشـە ئەوەیـە بـۆ نموونـە ئەگـەر کاریزمایـی سـەرۆك بـارزانی نەبووایـە، ئـەو پرۆسـە گرنگـە ئەنجـام دەدرا لـە کاتێکـدا پـڕ بـوو لـە ئاڵەنـگاری گـەورە و ڕووبەڕووبوونـەوەی گـەورە و تەنانـەت باجـی گـەورە و دژایـەتی گـەورە و دڵڕەقـی نەیارەکانمـان؟).

## شکستی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراقی پاش ٢٠٠٣

جگـە لـەوەی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم مافـێکی ڕەوا و پرسـێکی شـەرعی هەمـوو نەتـەوە و گەلێکـە، واتـا پێویسـتی بـە هۆکارگەلێـك نییـە بۆئـەوەی نەتەوەیـەك ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات، بـەڵام یەکێـك لـەو هۆکارانـەی وایکـرد نەتـەوەی کـورد و سـەرکردایەتی سـیاسی کـورد بیر لـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بکەنـەوە، پەیوەنـدی بـەم بابەتـەوە هەیـە، بۆیـەش گرنگـە لـەم بابەتـە تێبگەیـن بـۆ ئـەوەی جـوانتر لـە پـرسی ڕیفرانـدۆم و گشـتپرسی بـۆ سـەربەخۆیی تێبگەیـن.[٢] لەگـەڵ ئەوەشـدا، گرنگـە بـزانین پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت چییـە و لـە عێـراق بـە چ شـێوازێکە؟

بەشـێوەیەکی گشـتی لـە پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت دەوڵەتـە لاوازەکان تـوشی کێشـەی قـوڵ دەبـن. پـاش ئـەو گۆڕانکارییـە گەورانـەی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ڕوویانـداوە دەبیـنین چەندیـن دەوڵـەت گرنگیـان لەدەسـتدا و ئەکتـەری نوێـی نادەوڵـەتی دەرکەوتـن، ئـەم ئەکتەرانـە ملکەچـی هیـچ یاسـا و ڕێسـایەکی ناوخـۆی و دەرەکی نین، بـۆ نموونـە وەك ئـەوەی لـە عێـراق پێیـان دەوترێـت هێـزە لـە یاسـا دەرچـووەکان. کەواتـە ئـەم قۆناغـەی ئێسـتای ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت قۆناغـێکی جیـاوازە و ڕۆڵـی هێـزە نێودەوڵەتییەکانیـش جیـاوازن، سیاسـەتی ئێسـتای هێـزە نێودەوڵەتییـەکان پاراسـتنی بەرژەوەنـدی خۆیـان و دوورخسـتنەوەی هەڕەشـەیە لـە خۆیـان، بەپێچەوانـەی ڕابـردوو هێـزە نێودەوڵەتییـەکان هەوڵـی ڕێکخسـتنەوەی سیسـتەمە ئیقلیمییەکـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیان دەدا.

ئەرسـتۆ، لـە کتێبـی سیاسـەت بـاس لـەوە دەکات کـە ئـەرکی سـەرەکی دەوڵـەت پاراسـتنی هاووڵاتیانـە چ لـە دەرەوە و چ لەنـاوەوە (ارسـطو، ١٩٨٠). ماکـس فێبریـش[٣] پێـی وایـە ئـەم پاراسـتنی هاووڵاتیانـە وەزیفەیـەکی گرنگـی دەوڵەتـە و و لـە ڕێگـەی

---

(٢) تێبینی: ئەگەر بڕوانینە کتێبی (بۆ مێژووی) سەرۆك مەسعود بارزانی، زۆر بەجوانی ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە دەوڵەتی عێراق پاش ٢٠٠٣ نەبووە ئەو دەوڵەتەی باوەڕی بە مافی هەموو پێکهاتەکان هەبێ و چەترێك بێت بۆ پێکەوەژیان. بڕوانە (بارزانی، ٢٠٢٠)

(٣) ماکس فیبر ١٨٦٤-١٩٢٠ زانایەکی کۆمەڵناسی ئەڵمانی بەناوبانگە، بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی سیاسی دادەنرێت، بەناوبانگە بە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سیستەمی بیرۆکراسی و ئەخلاق و ئاینەکان و سەرمایەداری و سیستەمی سیاسی، بەناوبانگترین شاکاری بریتیە لە ( سیاسەت وەك پیشە).

قۆرخکـردنی هێـزی شـەرعییەوە دەبێـت. واتـە دەوڵـەت دەبێـت کێشـە و ناکۆکییـەکان بـە شـێوەیەکی عـەقلانی و بـە ئاشـتیانە چارەسـەر بـکات، نـەك بەشـێوەی توندوتیـژ، ئەگـەر دەوڵـەت لـەم ئەرکـەی شکسـتیهێنا، بێگومـان خـودی بونیـادی دەوڵەتەکـە دەکەوێتـە مەترسـییەوە و دەوڵـەت دەبێتـە ئامـرازێکی سـەرکوتکردنی هاووڵاتیـان، چونکـە بیرمـان نەچێـت ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ هۆبـس دەبیـنین خـودی دروسـت بـوونی دەوڵـەت بـۆ بەرقەرارکـردنی ئاشـتی و بـۆ پاراسـتنی هاووڵاتیانـە لـە شـەڕی هەمـووان دژی هەمـووان. بەمانـا مۆدێرنەکـەی؛ کاتێـک دەوڵـەت نەتوانێـت ئەمـە بـکات، ئەمـە شکسـتێکی گەورەیـە لـە پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت. کەواتـە، پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت چییـە؟

**بنیاتنانی دەوڵەت State-Building**

پـاش جەنگـی دووەمـی جیهـان تاکۆتایـی جەنگـی سـارد پێناسـەی چـەمکی بنیاتنـانی دەوڵـەت بریتـی بـوو لـە سـەربەخۆیی لـە پاشـکۆیەتی هێـزە کۆلۆنیالیسـتەکان و ئیسـتیعمار و دامەزرانـدنی قەوارەیـەك بـە نـاوی دەوڵـەت، بـەڵام لـە دوای کۆتایـی جەنگـی سـارد پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت بریتـی بـوو لـە گەشـەکردنی ئابـوری و بەرجەسـتەکردنی دیموکـراسی و پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ و شـکۆی ئینسـانەکان و ئـازادی کـە بێگومـان بـە شـێکی زۆری دەوڵەتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـەم خاڵـەدا شکسـتیانهێنا، بۆیـەش دەوڵەتگەلـێکی لـەرزۆك و ناجێگیریـان لێبەرهەمهـات کـە ئێسـتا هەمووومـان درك بـە بارودۆخیـان دەکەیـن و لـە پرۆسـەی دیموکراتیزەیشـن شکسـتیانهێناوە.

ناکرێـت بـاس لـە پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت بکرێـت و ئامـاژە بـە ( فۆکۆیامـا ) نەکرێـت، لـە ڕوانگـەی فۆکایامـا بـۆ پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت پێویسـتە دامـەزراوەکان بەهێـز بکرێـت، یـان دامـەزراوەی نـوێ دروسـت بکرێـت و توانـای خۆبەڕێوەبردنیـان هەبێـت. بەمانـای ئـەوەی بنیاتنـانی دەوڵـەت پێچەوانـەی کەمکردنـەوەی توانـای دەوڵەتـە (Fukuyama, 2006). لـە لایـەکی تـرەوە زانـای سیاسی ئەمـریکی ( چارلـز تـیلی ) گرنگـی بـە دروسـتکردنی ڕێکخـراوی سـەربەخۆ و بەهێـز دەدات بـۆ ئـەوەی پانتـای نێـوان کۆمەڵـگا و دەوڵـەت پڕبکەنـەوە وەك ئامـرازێکی سـەرەکی بـۆ پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت (نجـار، ٢٠٢٢). (دیڤیـد ئیسـتۆن)یش لـە شـیکردنەوەی سیسـتەمی سیاسیدا بـاس لەوەڵامدانـەوەی داخوازییـەکان و ئەکتیڤبـوونی سیسـتەمی سـیاسی لـە جێبەجێکـردنی

داخوازییە ناوخۆی و دەرەکییەکان دەکات کە دواجار دەبێتە هۆی پشتگیری لە سیستەمی سیاسی لە ناوەخۆ و دەرەوەدا. هەروەها (کارل دویتش) خاوەنی کتێبی The Nerves of Government شادەماری دەوڵەت، باس لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت دەکات کە عیبارەتە لە پەیوەندییەکان و سەنتەری ئەم پەیوەندییانە بریتییە لە (متمانە) لە نێوان خەڵك و دامەزراوەکان و دەوڵەت (Deutsch, 1963). والت روستۆ پێی وایە بنیاتنانی دەوڵەت بریتیە لە گەشەسەندنی ڕۆحی نەتەوەیی و هێز و توانی ئینجاز و پێرفۆرمانسی دامەزراوەکانی دەوڵەت (هانتگتۆن) گرنگی بە سێ فاکتەر دەدات کە کاریگەری پۆزەتیڤیان لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت هەیە، ئەوانیش: عەقڵانییەتی دەسەڵات، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەشداری سیاسی.

پێویستە بزانین گرنگترین کێشەکان چین کە توشی دەوڵەت دەبن. گرنگترین ئەو کێشانەی توشی دەوڵەت دەبن و پێویستیان بە پرۆسەی بنیاتنان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بریتین لە:

- **هاڵاوسانی ڕۆڵی دەوڵەت:** دەوڵەت دەست وەربداتە نێو هەموو کاروبارەکان، بوار بۆ ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی تر نەهێڵێتەوە، وا دەکات دەوڵەت توانای بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی نەبێت. فۆکۆیا دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مۆدێلی لیبرالی و کەمکردنەوەی توانای دەوڵەت، بەم شێوازە دەوڵەت دەتوانێت سەقامگیری دابین بکات و ڕەسمی سیاسەتی گشتیش دابڕێژێت.
- **کێشەی شەرعییەت**، کێشەیەکی قوڵە لە کێشەکانی دەوڵەت و پێویستە چارەسەر بکرێت. (لۆشیان پایی و جۆزێف لابالومبارا ) لە کتێبی قەیرانەکان و کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی سیاسی بەوردی تیشکیان خستۆتە سەر ئەم بابەتە و پێیان وایە ئەم قەیرانە کاتێك دروست دەبێت کە هاووڵاتی خۆی بەبەشێك لە سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت نازانێت و پێی وایە بڕیارەکانی حکومەت خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی ناکەن (BINDER L. e., ١٩٧١). فۆکۆیاما پێی وایە سەرچاوەی شەرعییەت بریتیە لە دیموکراسی، چونکە لە سیستەمی دیموکراسیدا هاووڵاتیان خۆیان بەبەشێك لە سیستمەکە تێدەگەن
- **کێشەی بنیاتنانی دامەزراوەکان**، پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت پێویستی بە دامەزراوەی

بەهێز هەیە، بۆئەوەی دامەزراوەکانیش بەهێز بن، پێویستە کەسانی پسپۆر و خاوەن توانست ڕۆڵ لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بگێڕن، چاکسازی درێژخاین لە دامەزراوەکان بکرێت، بۆئەوەی ڕۆڵی خۆیان بە جوانی بگێڕن.

بگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لای فۆکۆیاما، تیشك دەخاتە سەر دووبابەتی سەرەکی، ئەوانیش:

- **هێزی دەوڵەت:** کە خۆی دەبینێتەوە لە توانای قۆرخکردنی دەسەڵات و هێزی شەرعی، سەروەری یاسا و جێبەجیکردنی بڕیار و ڕێنمایی و سیاساتەکانی خۆی.
- **قەبارە و ئاست و چوارچێوەی چالاکییەکانی دەوڵەت State Scope.**

لە ڕوانگەی فۆکۆیامەوە، ئەگەر دەوڵەت بتوانێت هاوسەنگی نێوان هێزی دەوڵەت و قەبارەی چالاکییەکانی دروست بکات، پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت سەرکەوتوو دەبێت، هەروەها پێویستە دەوڵەت بەهێز بێت، تاڕادەیەکی باش بتوانێت چوارچێوەی یاخود ڕووبەری چالاکییەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام لە دەوڵەتانی شکستخواردوو هاوکێشەکە بە پێچەوانەوەیە، دەوڵەت لاوازە و ئەدای دەوڵەتیش لاوازە، بەڵام ڕووبەری چالاکییەکان و دەستێوەردانەکان زۆر و فرە ڕەهەندن. ئەمە ئاستێکی زۆر خراپە لە دەوڵەتداری و شکستی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتە (Fukuyama, 2006).

**ئێستا گرنگە بزانین لە عێراق پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت چۆنە؟**

## بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراق

پێش ئەوەی بەرمەبنای ئەو ڕوانگە تیۆرییە شیکردنەوە بۆ بارودۆخی عێراق بکەم، پێم باشە ئاماژە بە شتێك بکەم لەپاش ٢٠٠٣ وە لە نێو بەشێكي زۆر لە سکۆلارەکان چەمکێك دەربارەی عێراق بەکاردێت، ئەویش ( عێراق دەوڵەتێکی نەزۆك)، ( عێراق دەوڵەتێکی دزراو )، یان بە پێی بۆچوونی رافایل فایت( عێراق دەوڵەتی شکستخواردو (Failed state ). بە ڕوانین لەم چەمکانە ئاستی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراق دەردەکەوێت. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە بۆ بە عێراق دەوترێت Failed State، چەند پێوەریك بۆ دەوڵەتی شکستخواردوو هەیە لە ڕووی سیاسی و عەسکەری و ئابورییەوە، لەو دامەزراوە گرنگانەی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی

زانستی دەدەن تایبەت بە چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو دامەزراوەی سندوقی ئاشتییە لە ئەمریکا کە لەساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە، ئەم دامەزراوەیە چەند پێوەرێک بۆ دەوڵەتی شکستخواردوو دادەنێت ( نجار، ٢٠٢٢)، کە بریتین لە:

- لە دەستدانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بەشێکی زۆر لە خاکەکەی، یان لە دەستدانی توانای قۆرخکردنی دەسەڵاتی شەرعی و بەکارهێنانی هێزی شەرعی لەسەر خاکی دەوڵەت یان بە شێك لە خاکەکەی.
- نەبوونی توانای بڕیاردانی یەکلاکەرەوە.
- شکستهێنانی دەوڵەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.
- نەبوونی توانا لە کارلێکی گونجاو لەگەڵ ئەندامانی تر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەم بابەتانە، بەشێوەیەك لە شێوەکان لە عێراق بوونیان هەیە، جگە لەوەی ئەم خاڵانە لە عێراق جێبەجێ دەبێت، گرنگە باس لە پێنج قەیرانی قوڵ بکەین کە لۆشیان پایی و لابالومبارا، لە کتێبی قەیرانەکان و کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی سیاسی ئاماژەیان پێداوە.

١. قەیرانی ناسنامە، بێگومان لە عێراق قەیرانی قوڵی ناسنامە هەیە، جیاکاری زۆر لەسەر بنەمای ناسنامە لە نێوان گروپ و تائیفە و نەتەوە و مەزهەبەکان بە دیدەکرێت، زۆر جار بەشێوەیەك سەیری سیاسەتی عێراق دەکرێت وەك سیاسەتێکی تائیفی.
٢. قەیرانی شەرعییەت، ئەم قەیرانە بە قوڵی لە عێراق دەبینرێت، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ڕادەی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکان بکەین و تەماشای بارودۆخی سیاسی و خۆپیشاندانەکانی عێراق بکەین لە ٢٠١٥ و ٢٠١٩ دەبینین قەیرانی شەرعیەت لەم وڵاتە هەیە.
٣. قەیرانی بەشداریکردن، ڕۆژبەڕۆژ بەشداری سیاسی هاووڵاتیان کەم دەبێتەوە ئەمەش ڕادەی شەرعییتی سیستەمی سیاسی لاواز دەکات.
٤. قەیرانی هەژمووونی دەسەڵات، هەروەك پێشتر باسکرا حکومەتی عێراق توانای

قۆرغکـردنی شـەرعییانەی هێـزی نییـە و لـە عێـراق هێـزی لەیاسـا دەرچـوو هەیـە کـە هیـچ بڕیارێـك لـە حکومەتـەوە وەرناگـرن، بگـرە ئـەم میلیشـیایانە ئەجێنـدای دەوڵـەتی تـر جێبەجێدەکـەن.

٥. قەیـرانی دابەشـکردن، دابەشـکردنی سـەروەت و سـامان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە یەکانگیری نشـتیمانی دروسـت دەکات، بـەڵام ئـەوەی لـە عێـراق دەگوزەرێـت شکسـتە لـە دابەشـکردنی سـەروەت و سـامانی وڵات بـە شـێوەی دادپەروەرانـە، لـە کۆتـا دەرخـەری ئـەم سیاسـەتە بڕینـی مووچـەی مووچەخـۆرانی هەرێمـی کوردسـتان بـوو. جگـە لـەوەی ئێسـتا بـاس و خـواسی سـپیکردنەوەی پـارە بـۆ دەرەوەی وڵات و نـاردنی دۆلار بـۆ ئێـران بارگرانییـەکی زۆری لەسـەر شـانی هاووڵاتیـان دروسـتکردووە بەهـۆی گرانبـوونی نرخـی دۆلار و سـزاکانی ئەمریـکا لەسـەر بانـکی ناوەنـدی.

پرسـیارەکە ئەوەیـە بۆچـی هەمـوو ئـەم قەیرانانـە لـە عێـراق ئامادەگییـان هەیـە؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ باسـکردن لـە سـێ دایلەمـای سـەرەکی کـە پـاش ٢٠٠٣ لـە عێـراق سـەریانهەڵدا.

## سێ دایلەمای سەرەکی عێراق:

١. **دایلەمـای بنیاتنـانی دەسـەڵات:** لەپاش ڕووخـانی ڕژێمـی بەعـس سیسـتەمی دیموکـراسی تەوافقـی، یاخـود سیسـتەمی ( محاصصـة) لـە عێـراق پیادەکـرا. بەشـێوەیەك هەوڵبدرێـت عێراقـی نـوێ، لەسـەربنەمای بەشـداری هەمـوو پێکهاتـەکان لـە دەسـەڵاتی نـوێ بێـت. بـۆ نموونـە بەپێـی ئـەم سیسـتەمە کـورد پشـکی دەسـەڵاتی سـەرۆك کۆمـار و سـوننە سـەرۆکی پەرلەمـان و شـیعە سـەرۆکی حکومـەتی هەیـە. ئـەم سیسـتەمە لـە ڕوانگـەی خەڵـکی عێراقـەوە سیسـتەمێکە؛ هیـچ خزمەتێـکی بـە عێـراق و حکومـەت نەکـردووە و ئـەم سیسـتەمە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ئـەدائی حکومـەت لاواز بێـت، بـۆ نموونـە لـە خۆپیشـاندانەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٩ داوای لابـردنی سیسـتەمی (محاصصـە )کـراوە. بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە بۆچـی ئـەم سیسـتمە لـە بەشـێك لـە وڵاتـە دیموکراسـییەکان سـەرکەوتوو دەبێـت، ئەمـە پەیوەنـدی بـە باکگراوەنـدی کلتـوری دیموکراسـییەوە هەیـە لـەو وڵاتانـە لەلایـەك و هاودەنگـی لەسـەر پرسـە نشـتیمانییەکان لـە لایـەکی تـرەوە، بـەڵام لـە عێـراق ئەمـە وەك دەسـتکەوت دەرێـت

بەلایەن عێراقییەکان وەك کورد و سوننە و شیعە. ئەم سیستمە بۆ ئەوە دانرا نەتونرێت بەناوی زۆرینەوە هێز لای لایەنێك قۆرخ بکرێت. بێگومان کورد دەبێت پارێزگاری لەم سیستەمە بکات، ئەگەرچی بەهۆی نەبوونی کلتوری دیموکراسیی و کۆدەنگی نێوان لایەنەکان ڕەنگە ئەم سیستەمە خاڵێکی نێگەتیڤی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت بێت لە عێراق. حکومەت ناتوانێت لەم جۆرە سیستەمانە بڕیاری خێراو دروست بدات. ئەم سیستەمە وایکردووە ئۆپۆزۆسیۆنێکی پەرلەمانی بەهێز و تەندروست دروست نەبێت. (جیمس برایس) دەربارەی سیستەمی فیدراڵی دەڵێت؛ ئەم سیستەمە بۆ ئەوەیە کە هاوسەنگییەك هەبێت لە سەربەخۆبوونی ویلایەتەکان و توانەوە لە نێو دەوڵەتی فیدراڵی، ڕەنگە ئەم بۆ چوونە بۆ ئەم بابەتەش ڕاست بێت.

٢. **دایلەمای دیموکراسی:** دیموکراسی کلتورە و هەڵسوکەوت و قەناعەتە پێش هەڵبژاردن و دەنگدان و گۆڕانکاری لە دەسەڵات. ئەم کلتورە لە عێراق بوونی نییە، ئەوەی هەیە هەڵبژاردنێکی خراپە کە چوار ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت بێ ئەوەی هیچ شتێکی گۆڕی بێت، یاخود گۆڕانکاری گەورە لە هەڵبژاردنەکانەوە بەرهەم هاتبێت. بۆ نموونە ئەم حکومەتەی ئێستا دروست کراوە لە لایەن بەشێك لە هێزە دۆڕاوەکانەوە حکومەت پێکهێنرا و سەرکەوتووەکان نەیانتوانی ببنە خاوەن دەسەڵات. پرۆفیسۆر (مانفیت شمیت)ی ئەڵمانی لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگیدا بەناونیشانی ئینجازی سیاسی و پۆلینکردنی دیموکراسی لە ٢٠٠٢ باس لەوە دەکات؛ سیستەمی سیاسی دیموکراسی هەشت ڕەهەندی هەیە، کە بریتین لە: پارێزگاری لە سیستەم، یەکگرتوویی و خۆگونجاندن، بەشداری سیاسی، پشتگیری، دادپەروەری، ڕەفاهیەت، ئاسایش، ئازادی. بەپێی ئەم ڕەهەندانە تەماشایی واقعی عێراق بکەین، دەبینین کێشەی گەورە لەم ڕەهەندانە هەیە و هیچیان جێبەجێنەکراون. کەواتە سیستەمە سیاسییەکە لاوازە و پەککەوتووە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی. بۆ نموونە نەتوانراوە دەستووری عێراقی بەجوانی جێبەجێ بکرێت، زیادبوونی خەڵکانێکی زۆر کە کۆچ دەکەن، سەرهەڵدانی داعش، دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئەقلیمی و نەبوونی سەروەری، گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابوری، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و حکومڕانی باش.

تێنەگەیشـتن و جیـاوازی لـە چەمـکی فیدراڵییـەت کـە لـە خـوارەوە بـاسی دەکەیـن. بۆیـە بەپێـی ڕاپۆرتێـکی فـۆرن پۆلـەسی عێـراق دەوڵەتێـکی شکسـتخواردووە لـە ڕووی دیموکراسـییەتەوە.

٣. **دایلەمـای سیسـتەمی فیدراڵـی:** لـە عێـراق سیسـتەمی فیدراڵـی کێشـەکەی قووڵـی هەیـە، سیسـتەمی فیدراڵـی سیسـتەمێکی سیاسـییە کـە بـۆ بەڕێوەبـردنی ژیـانی خەڵـك دروسـتکراوە و سیسـتەمی فیدراڵـی جۆرێـك لـە ئـازادی تێدایـە و سیسـتەمێکە نزیکـترە لـە پرۆسـەی دیموکراسـییەوە. کەواتـە سیسـتەمی فیدراڵـی لـە عێـراق چارەسـەری کێشـەکانی کـردووە، یـان قوڵـتری کردۆتـەوە، هـەروەك مۆریـس دوفرجیـە دەڵێـت؛ هەمـوو سیسـتەمێکی سـیاسی عیبارەتـە لـە کۆمەڵێـك چارەسـەر بـۆ ڕووبەرووبوونـەوەی کێشـەکان و ململانێیـەکان. سیسـتەمی فیدراڵـی بەرمەبنـای چەنـد شـتێك دادەنرێـت لـە دەوڵەتـان، یـان بەرمەبنـای جیـاوازی جوگـرافی، یاخـود بەرمەبنـای جیـاوازی ئەتنـی و نەتەوەیـی و مەزهـەبی، یـان بەرمەبنـای وەزیفـە و کارو ناوچـە پیشەسـازییەکان و ناوچـە کشـتوکاڵییەکان. ئـەو فیدراڵییـەی هەرێمـی کوردسـتان هەیـەتی تێکەڵەیەکـە لـە نێـوان فیدراڵـی لەسـەر بنەمـای ئەقلیمـی و جوگـرافی کـە زۆرینـەی کوردنشـین لـەم ناوچانـە دەژیـن و لەسـەربنەمای نەتەوەیـی و ئیتنـی. سیسـتەمی فیدراڵـی لـە عێـراق کارا نییـە، کێشـەی زۆری لەسـەرە و دەوڵـەتی عێراقـی تـرسی زۆری لەسـەرە بۆئـەوەی ناوچـەکانی تـری عێـراق هاوشـێوەی هەرێمـی کوردسـتان هەرێمـی فیدراڵـی پێکبهێنـن. بۆیـەش دەبینـین حکومـەتی عێراقـی دەسـتوور پێشـێل دەکات و سیسـتەمی فیدراڵـی بـە سیسـتەمێکی خـراپ وەسـف دەکرێـت، لە کۆڕ و ڕاگەیانـدن و ناوەندەکانیـان لـە جیـاتی حکومـەتی فیـدراڵ زیاتـر چەمـکی حکومـەتی مەرکـەز بەکاردەهێنرێـت، بـۆ نموونـە لەناوەنـدەکانی خوێنـدن و پرۆگرامـەکانی خوێنـدن لـە جیـاتی هەرێمـی کوردسـتان وشـەی باکـوری عێـراق بەکاردەهێنرێـت. بەداخـەوە بەشـێکی زۆری خەڵـکی کوردیـش بەبـێ ئـەوەی ڕەهەنـدی پشـتەوەی بەکارهێنـانی ئـەم چەمکـە بزانـن بەکاریدەهێنـن. پێویسـتە کوردسـتان جەخـت لەسـەر بەهێزبـوونی سیسـتمەمی فیدراڵـی بـکات.

بگەڕێینـەوە لای (فۆکۆیامـا) کـە بنیاتنـانی دەوڵـەت دەبەسـتێتەوە بـە بەهێـزی دامـەزراوەکان و سـەرروەری یاسا، خوێندنەوەیـەکی قوڵـی نـاوێ تابزانیـت ئـەم دوو بابەتـە

لـە عێـراق لـە چ ئاسـتێکدایە، تەنیـا ئەوەنـدە بەسـە لـە عێـراق ژیابێـت ئـەو ڕاسـتییە دەزانیـت کـە دامـەزراوەکان لـە عێـراق زۆر لاوازن، تەنانـەت توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی هەنـدێ هێـزی لـە یاسـا دەرچوویـان نییـە. چونکـە بیرمـان نەچێـت هەژمـوونی ئێـران لـە عێـراق یەکێکـە لـەو فاکتەرانـەی بەهـای بـۆ دامـەزراوە ناوخۆییـەکانی عێـراق نەهێشـتۆتەوە. سـەروەری یاسـاش پەیوەسـتە بـەو خاڵـەی پێشـەوە کـە لـە ئاسـتێکی زۆر خراپدایـە. جگـە لـەوەش عەقڵانییـەت لـە پرۆسـەی سـیاسی و بڕیـاردان لـە عێـراق غائیبـە، لـە کاتێکـدا ماکـس فـیبر عەقلانیـەت بـە سـەرچاوەی سـەرەکی بەڕێوەبـردنی بـاش دادەنێـت. کەواتـە، بەگشـتی کێشـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت لـە عێـراق هـۆکارێکی گرنـگ بـوو بۆئـەوەی کـورد بیر لـە ڕیفرانـدۆم و گشـتپرسی بکاتـەوە، چونکـە دەوڵەتێـك بـەو شـێوازە هەرگیـز نابێتـە جێـی ئومێـد و گەیـشتن بـە ئامانجـەکان، جگـە لـەوەی ئـەم دەوڵەتـە بەو شکستخواردوییەوە بـاوەڕی بـە فیدراڵـی و جێبەجێکـردنی دەسـتوور نییـە و دەوڵـەتی قـوڵ بەڕێـوەی دەبـات، نـەك خـاوەن سـەروەری و بڕیـاری خـۆی بێـت. کەواتـە، بـە تێگەیـشتن لـەم پرسـە بۆمـان دەردەکەوێـت بڕیـاری ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بڕیـارێکی عـەقلانی و نەتەوەیـی و مێژوویـی بـوو.

کەواتــە، بگەڕێمــەوە بــۆ وتەکــەی جیمــس برایــس دەربــارەی سیســتەمی فیدراڵــی کـە پێـشتر باسـم کـرد، ئـەو سیسـتەمی فێدرالییـەی لـە عێـراق دامـەزرا، بـەدیلی دەوڵـەت بـوو بـۆ کـورد لـە عێـراق، بینیـشمان هەرێمـی کوردسـتان سـتاتۆیەکی وا بەهێـز ببـووە دیفاکتۆیـەك کـە لـە هیـچ شـوێنك و سیسـتەمێك لـە دونیـا هەرێمـێکی فیدراڵـی ئـاوا بەهێــز بــوونی نەبــوو، نــە لــە ســویسرا نــە لــە ئەمریـکا، نــە لــە کەنــەدا و نــە لــە ئوسترالیـا و نـە لـە روسـیا و بەلجیـکا. کەواتـە هەرێمـی کوردسـتان هەرێمـێکی جیـاواز بـوو، ئەگەرچـی هەرێمـێکی فیدراڵـی بـوو لـە عێـراق. دەسـتەبژێری سـیاسی کـورد بـە شـێوەیەکی عـەقلانی مامەڵەیـان لەگـەڵ بەغـدا و هێـزە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـەکان و داخوازییـەکانی خـەڵکی ناوخـۆ دەکـرد، لـە نێـوان ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٠ هەرێمـی کوردسـتان بـە عێراقـێکی دیکـە ناودەبـرا.

بەهـۆی شکسـتهێنانی عێـراق لـە پرۆسـەی بنیاتنـانی دەوڵـەت، داعـش وەك ڕێکخـراوێکی تیرۆسـتی دەرکـەوت و مووسـڵ کـە دووەمین گەورەتریـن شـارە لـە عێـراق کەوتـە ژێـر

دەسـەڵاتی داعـش. بێگومـان ئـەم ڕووداوە کاریگـەری کـردە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، هەرێمـی کوردسـتان وەك هەرێمـێکی سـەقامگیر مایـەوە، لـە کاتێکـدا تـرس لـە کەوتنـی بەغـداش هەبـوو، بـەڵام لێـرە پێشـمەرگە تـوانی ڕێگـری لـە پێشـڕەوییەکانی داعـش بگـرن. ئـەم ئازایەتییـەی پێشـمەرگە لـە دونیـا دەنگـی دایـەوە، پێگـەی سیاسی و سـەربازی هەرێمـی کوردسـتان بەڕاددەیـەك بـە هێـز بـوو بـێ گەڕانـەوە بـۆ بەغـدا لـە ٢٠١٥ بڕیـاری نـاردنی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ کۆبانـێ و لـە ٢٠١٧ هەرێمـی کوردسـتان ڕیفراندۆمـی ئەنجامـدا. کەواتـە ئـەوکات هەمـوو چـاوەکان لەسـەر هەولێـر بـوون، هەولێـر ببـووە سـەنتەر و بەغـداش پاشـکۆ، ئەگـەر ئـەم دەربڕینـە دروسـت بێـت.

پـاش ئـەم بارودۆخـە و کەوتنـی داعـش و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، هەرێمـی کوردسـتان لـە ژێـر گوشـارێکی زۆری بەغدایـە و لەوکاتـەوە ڕۆژبـەڕۆژ بەغـدا لـە هەمـوو بوارەکانـەوە و بەتایبـەتی لـە ڕێگـەی دادگای فیدراڵییـەوە خـەریکی سـنووردارکردن و لـە قاڵبـدانی هەرێمـی کوردسـتانە. لەهەمـووی کاریگەرتـر وشـککردنی سـەرچاوە دارییـەکانی هەرێمـی کوردسـتان بـوو کـە بەهـۆی سـکاڵایەکی عێراقـەوە لـە ٢٥ی ئـاداری ٢٠٢٣ هوە ئـەو نەوتـەی هەرێمـی کوردسـتان هەنـاردە دەکـرا ڕاوەسـتێنرا. ئێسـتاش کێشـەی قوڵـی بـۆ بودجـە و مووچـەی خـەڵکی هەرێمـی کوردسـتان دروسـتکردووە و دەیەوێـت مەترسـییەکان لەسـەر قـەوارەی سیاسی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر بـکات و قسـە لەسـەر ئـەوە بکرێـت کـە ئـەو کیانـەی نـاوی هەرێمـی کوردسـتانە بکەوێـت. لـە کاتێکـدا هەرێمـی کوردسـتان باشتریـن ئەزمـوونی کـورد بـووە لـە مێـژووی هاوچەرخـدا، بـەڵام ئایـا دەتوانـن ئیرادەی کوردسـتانیان و خـەونی کـوردی بـۆ گەیـشتن بەمافـە ڕەواکانی تێکبشـکێنن؟ بێگومـان نەخێـر، لەبەرئـەوەی یەکـەم هـەروەك جەنـابی سـەرۆك لـە پەیامەکـەی ئامـاژەی پێـدەکات، نەتـەوەی کـورد خـاوەن دۆز و قەزییەیـەکی ڕەوایـە، دووەم لەبەرئـەوەی هـەروەك ڕوونکرایـەوە عێـراق خـۆی دەوڵەتـێکی لـەرزۆك و نـەزۆك و فشـۆڵە.

# تێزەکانی دەوڵەتی کوردی
# و گۆڕانکاری نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕن، قەیرانی قوڵ بەرۆکی جیهانی گرتۆتەوە، نزیکەی چوار ملیار کەس لە جیهاندا لەناو زۆنی جەنگدان، هەر لە ئۆکرانیا و ڕوسیاوە بگرە تا غەززە و ئسرائیل و لوبنان و سوریا و یەمەن و سودان و ئەسیوپیا و ماڵتا و جەنگەکانی ئەفریقیا، جگە لە نیگەرانییەکانی نێوان چین و تایوان، ململانێیەکانی ئەمریکا و چین و پێشهاتە مەترسیدارەکانی دروست بوونی شەڕ لە نێوان ڕوسیا و ناتۆ. بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەران ئەم ڕووداوانە بە قۆناغی ڕاگوزەر ناو دەنێن، سەرەتای دروست بوونی قۆناغێکی نوێیە، بە بۆچوونی من یەکێك لە ئاماژە سەرەتاییەکانی دروست بوونی ئەم قۆناغە نوێیە؛ بریتیە لە گۆڕانکاری لە سروشتی جەنگەکان، بۆ نموونە لە پاش قۆناغی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دروست بوونی نەزمی نوێی جیهانی سروشتی ململانێیەکان گۆڕان، جەنگ و ململانێیەکان زیاتر ڕەهەندێکی ناخۆیی وەرگرت، جەنگ و ململانێیەکان بوونە جەنگی ناخۆیی، ئەمەش دیارە بەهۆی زاڵبوونی دوو پرەنسیپی سەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە بوو، ئەوانیش پرسی بەدیموکراسیکردن (دیموکراتیزەیشن) و پرسی بەجیهانیبوون بوون. ئەو دەوڵەتانەی نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ بەهاو پرەنسیپەکانی دیموکراسی بگونجێنن، تووشی زۆرترین کێشەی ناوخۆی بوونەوە، چونکە نەتەوە ژێردەستەکان داوای ماف و ئازادی و یەکسانیان دەکرد، دەوڵەتە نا دیموکراسیەکان ئەمەیان بە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خۆیان دەزانی، بەشێوەیەك لە ساڵی ١٩٩١ەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ١٠٥ حاڵەتی جەنگ و ململانێ ڕوویاندا کە تەنیا نزیکەی ٧ جەنگ لە نێوان دەوڵەتان بوو، ٩٨ جەنگ لەناخۆیی دەوڵەتان (intra-state conflict) بوو، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا بەهۆی پەرتەوازە بوونی هێز، سەرەڕای هەبوونی شەڕی ناوخۆیی سروشتی جەنگەکان خەریکە دەگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان دەوڵەتەکان، وەك شەڕی بەردەوامی فەلەستین و ئسرائیل، شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیا، ململانێیە بەردەوامەکانی نێوان ئەرمینیا و ئازربایجان، مانۆڕە سەربازییەکانی نێوان هەردوو کۆریا، هەڕەشە بەردەوامەکانی چین بۆ سەر تایوان، لە هەمووی گرنگتر

ئـەو جەنگـە سـنووردارەی ئێسـتا لـە نێـوان ئسرائیـل و ئێـران هەیـە، هـەر لـە ١٣\١٢٦ ٢٠٢٥ دەزگای هەواڵگـری ئەمریـکا لـە ڕاپۆرتـێکی ٣٠ لاپەرەیـدا ئێـرانی وەکـو دەوڵەتێـك کـە هەڕەشـەی جـددی لەسـەر بەرژەوەنـدی ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا هەیـە ناسـاند (ANNUAL THREAT ASSESSMENT Of the U.S. Intellegence Comu-nity, 2025)، کـە زیاتـر ڕەنگـە نەخشـەی سیاسی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بگۆڕێـت، ئەگـەر ئەمـە ڕووبـدات سـەرەتای قۆناغـێکی نوێیـە لـە سیسـتەمی جیهـانی و کاریگـەری گـەورە و فـرە ڕەهەنـدی دەبێـت. ئـەم ڕوداوانـە کاریگـەری گـەورە دەخەنـە سـەر ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، لەبەرئـەوەی خـودی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت ناوچەیـەکی پـڕە لـە ململانێـی قـوڵ و ناسـەقامگیری و زۆربـەی جەنگەکانیـش لـە ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاستن، کەواتـە پرسـیار ئەوەیـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـەرەو کـوێ؟

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ؟

ڤۆلکـەر پـێترس، بەڕێوبـەری ئەنسـتیتۆی ئـەڵمانی بـۆ کاروبـاری نێودەوڵـەتی و ئاشـتی کتێبـێکی ١٤٥ لاپەڕەیـی نوسـیووە لـە ٢٠١٥ بەناونیشـاننی ( کۆتایـی هاتنـی ئـەو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمـە ناسیوومانە)، ئـەم چەمـك و ناونیشـانە ئاماژەیـەك بـوو بـۆ تێکشـکانی سـنوورەکانی سـایکس بیکـۆ١٩١٦ کـە لەسـەرتاوە سـنوورەکانی سـایکس بیکـۆ لـە لایـەن زۆربـەی دەوڵەتانـەوە ناپەسـەند بـوو، بۆیـە هەندێـگ لـە لێکۆڵـەران بـە ڕێککەوتننامـەی سـایکس بیکـۆ دەڵێـن ڕەگوڕیشـەی خراپـەکاری، بەمانایـەکی تـر واتـە؛ خراپـەکاری و جەنـگ و ماڵوێـرانی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کۆتاییـان نایـەت، تـا ئـەو سـنوورانە تێکنەشـکێندرێن کـە سـایکس بیکـۆ هێنابوویـە ئـاراوە. پـێترس ئامـاژە بـەوە دەکات ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لەبـەردەم گۆڕانـکاری گەورەدایـە، ئـەم گۆڕانکارییانـەش لەسـەر ئاسـتی دەوڵەتـە کـە هـەر لـە کەنـداوی عەرەبییـەوە تاکـو دڵـی ئەفریقـا درێژدەبێتـەوە نزیکـەی ٣٥ دەوڵـەتی تـر لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە دایـك دەبـن و نەخشـەی سیاسی لـە ناوچەکـە دەگـۆڕن. کەواتـە، ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە بـەردەم هەژانـێکی قوڵـی مێژوویدایـە ( ڕەنگـە ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێك بێـت لـەو هەژانـە و بناغەیـەکی بێـت بـۆ ڕاگەیانـدنی دەوڵـەتی کـوردی ). بەگەڕانـەوە بـۆ سـنوورەکان و باکگراونـدی نەخشـەی سیاسی ڕۆژهـەڵاتی

ناوەڕاست و بەشێکی دەوڵەتەکانی دەتوانرێت بوترێت ئەم هەژانە شتێکی حەتمییە و دەبێت ڕووبدات، ئەوەی ماوە تەنیا پەیوەستە بەکاتەوە، بەڵام ئەم قۆناغەی ئێستا و ڕووداوە هەنووکەییەکان پێمان دەڵێن، ئەو هەژانە زۆری نەماوە و ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لێوەی نزیکین. (Perthes, 2015)

ڕەنگە کەسانی تریش هەبن باوەڕییان بە گۆڕانکاری گەورە لەسەر ئاستی دەوڵەت هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە ئەفسەری خانەنشینکراوی ئەمریکی پیتر ڕالف لە ٢٠٠٦ لە وتارێکیدا بەناوی سنووره خوێناوییەکان Blood Borders کە لە گۆڤاری هێزە چەکدارەکان بڵاوکرایەوە، باس لە تێکشکانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، لەو وتارەدا بەڕوونی باس لە دابەش بوونی عێراق و سوریا و ئێران دەکات. بینیشمان بۆچوونەکانی بەشێوەیەك لەسەر دابەش بوونی عێراق بۆ سێ هەرێمی شیعە و سوننە و کوردستان نزیکن لە ڕاستیەوە و لە ئەرزی واقعدا دەبینرێن. پێی وایە ئەم تێکشکاندنە ڕوو لە ئێرانیش دەکات و دەیگرێتەوە. هەر لەو وتارەدا ڕالف پێی وایە دەوڵەتی کوردستانی ئازاد یەکێك دەبێت لە براوە گەورەکانی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کەواتە ڕیفراندۆم بەرمەبنای خوێندنەوەیەکی واقعی و عەقلانی و نشتیمانی و تێگەیشتن بووە لە ڕووداوەکان). هەروەها رالف پێی وایە ئەو سنوورانەی زیاتر شێواون و لەرزۆکن سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیان، چونکە ئەو سنوورانە بە دڵی هێزە گەورەکانی ئەوروپا نەخشێنراون و سنووری دادپەروەرانە نین. بۆیە پێی وایە هەتا چارەسەرێك بۆ کێشە بنەڕەتییەکان و سنووره ستەمکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدۆزرێتەوە، ئەوا خوێن و کوشتن و برین و جەنگ و قڕکردنی ملیۆنان کەس بەردەوام دەبێت، بۆیەش ناوی دەنێت سنووره خوێناوییەکان (Peters, 2006).

کەواتە، ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ، دەتوانرێت بگوترێت بەرە و لێکهەڵوەشان و نادڵنیایی و دووبارە داڕشتنەوە. دەستێوەردانە دەرەکییەکان بۆ نێوخۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە و هەژانەیە کە لە ناوچەکە ڕوودەدات، دەستێوەردانی سەربازی لە عێراق و ئەفغانستان لە ٢٠٠٣ و لە لیبیا لە ٢٠١١ و دەستێوەردانی سنووردار

لـە سـوریا و ڕووخـانی ڕژێمەکـەی بەشـار ئەسـەد، سـەرەتایی دروسـت بـوونی جەنـگ لـە نێـوان ئسرائیـل و ئێـران، ئامـاژەی جێبەجێبـوون و پراکتیزەکـردن و وەڕاسـتوەرگەڕانی ئـەو تێزانەیـە کـە بـاس لـە هەڵوەشـاندنەوەی سـنوورەکانی سـایکس بیکـۆ دەکـەن. بـۆ نموونـە، بـەڕای دیپلۆماتـکاری ئەمـریکی پیتـەر گالبریـس، لـە کتێبـی کۆتایـی عێراقـدا، پێـی وایـە ئەمریکیـەکان جەنگـی عێراقیـان بەکـراوەی هێشـتۆتەوە و پێـی وایـە چارەنـووسی عێـراق دابەشـبوونە، بـۆ سـێ دەوڵـەت (Galbraith, 2006). چونکـە ئەمریـکا شکسـتی هێنـا لـە دووبـارە بنیاتنانـەوەی عێراقـی مۆدێـرن لەسـەر بنەمـای دیموکـراسی، بۆیـە پێـی وایـە جەنـگ و ماڵوێـرانی لـە عێـراق کۆتایـی نایـەت، تـا پرۆسـەی دابەشـبوونەکە کۆتایـی پێدێـت ( لـە کتێبـی بـۆ مێـژووی سـەرۆك بـارزانی زۆر بـەڕوونی بـاس لـە نیگەرانییـەکانی کـورد و هەرێمـی کوردسـتان کـراوە، لـە عێراقـی مۆدێـرن، ئەمـەش پێمان دەڵێـت خـودی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بڕیـارێکی عـەقلانی و تێگەیـشتن بـووە لـە ڕووداوەکانی ناوچەکـە و حیکمـەت و دانایـی سـەرۆك بـارزانی بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو پرۆسـە گەورەیـە، هـەروەك وتـم بەشـێکە لـە سـەرەتای ئـەو هەژانـە گەورەیـەی کـە لـە سـنوورەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و سـنووره خوێناوییـەکانی سـایکس بیکـۆ ڕوودەدات).

لـە دوای ڕووداوەکانی بەهـاری عـەرەبی کـە لـە کۆتایـی ٢٠١٠ەوە دەسـتیان پێکـرد، ئێسـتا ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت پـاش نزیکـەی سـاڵێك زیاتـر بەسـەر ڕووداوەکانی غـەززە و هێرشـەکەی ٧ی ئۆکتۆبـەر، لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر لـە لێـواری تەقینەوەیـەکی گەورەدایـە. بـۆ نموونـە پـاش سـاڵێك زیاتـر لـە ٤٢ هـەزار خـەڵکی غـەززە کـوژراون، سـەرکردە گـەورەکانی حەمـاس وەك ئیسماعیـل هەنییـە و یەحیـا سـینوار و کۆمەڵێـك سـەرکردەی تـر لـە نێـو کوژراوەکانـن. جگـە لـە هێرشـەکانی ئیسرائیـل بـۆ سـەر لوبنـان و کـوژرانی حەسـەن نـەسروڵا سـەرکردەی حزبـوللای لوبنـان. کەواتـە گۆڕانکارییـەکان زۆر ئاڵـۆز و خێـران لـە ئێسـتادا. بەتایبـەت تـرس و دڵەڕاوکێـی خـەڵکی ئسرائیـل پـاش تێـوەگلانی هێـزە پرۆکسـیەکانی ئێـران لـە جەنگەکـە بـە پاڵپشـتی ئێـران، وای لـە ئسرائیـل کـردووە ڕۆژ بـە ڕۆژ شـەڕەکە قـورستر و فـراوانتر بـکات. ئێسـتا شـەڕێکی گـەورەی ئێـران و ئیسرائیـل چاوەڕواندەکرێـت، ئەگـەر ئـەم شـەڕە ڕووبـدات کاریگـەری هەرێمـی و جیهانـیشی دەبێـت. نەخشـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەکرێـت پێداچوونـەوەی پـێ بکرێـت. هەمـوو دەوڵەتـانی ناوچەکـە ئامادەگـی دەکـەن بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاڵەنگارییـەکانی

بەردەمییـان، سـعودیە دەڵێـت، هـەوڵ دەدەیـن ئـەو شـەڕە ڕوونـەدات، ئـوردن دەڵێـت پارێـزگاری گـەورە لـە خۆمـان دەکەیـن لـە کاتی دروسـتبوونی شـەڕەکە و گەیشـتنی پـروشکی ئاگـری شـەڕ بـە ئێمـە. هەروەهـا یەکێـك لـە هـۆکارەکانی دەسـپێکردنەوەی پرۆسـەی ئاشـتی ئێسـتا لـە تورکیـا پەیوەنـدی بـەم ڕووداوانـەی ئێسـتاوە هەیـە لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، چونکـە بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان نەتەنیاهـۆ هەڕەشـەی لـە تورکیـاش کـرد و گـوتی ئیسرائیـل دەسـتی دەگاتـە هەمـوو شـوێنێك و ئیسرائیـل لـە توانایدایـە نەخشـەی سـیاسی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بگۆڕێـت، بێگومـان تورکیـاش تـرسی لـە بەکارهێنـانی کـورد هەیـە لـە ناوخـۆی ئـەو وڵاتـە و تـرسی لـە دروسـت بـوونی قەیـرانی سـیاسی و سـەربازیش هەیـە، جگـە لـەوەی خـۆی بـە قەیـرانی ئابورییـەوە دەناڵێنـي.

(کەواتـە، دروسـت بـوونی دەوڵـەتی کـوردی خـەونی شـاعیرانە و هەسـتێکی عاتفـی و سـۆزداری نییـە، بەڵکـو واقعێکـە دەبێـت کـورد پێـی بـگات، هەروەهـا توێـژەر و ناوەنـدە گـەورەکانی دونیـا قسـەیان لـە بـارەوە کـردووە، بۆیـە تێکشـکانی نەخشـەکانی سـایکس بیکـۆ و گۆڕانـکاری لـە نەخشـەی سیاسی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت هـۆکارێکی تـرە بـۆ ئـەوەی قـوڵتر و نەتەوەییانەتـر بیر لـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بکەینـەوە، پـێمان دەڵێـت ڕیفرانـدۆم دەسـتکەوتێکی مێژووییـە و هەنـگاویکی عـەقلانی دورمەودایـە بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـی لـە مێژیینـەی نەتەوەیـی کـورد کـە بریتیـە لـە سـەربەخۆبوون. بۆیـە ئەگـەر لـەو تێزانـەی بـاس لـە دروسـت بـوونی دەوڵـەتی کـوردی و گۆڕانـکاری لـە نەخشـەی سـیاسی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕووداوە سیاسـییەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت تێبگەیـن، نەتـوانین بـە بـاشی لـە گرنگـی پرۆسـەی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی و ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم و سـوربوونی سـەرۆك بـارزانی لـە ئەنجامـدانی ئـەو پرۆسـە گرنگـە تێبگەیـن. خاڵێکی تـر بـۆ ئـەوەی باشتر لـە گرنگـی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم تێبگەیـن، کاریزمایـی سـەرۆك بـارزانی و پێگـەی سـیاسی و دەسـتوری و جیۆپۆلەتـیکی هەرێمـی کوردسـتانە، کـە لـە خـوارەوە بـاسی دەکەیـن.

## کاریزمای سەرۆک بارزانی و پێگەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستان

جێۆپۆلەتـیکی هەرێمـی کوردسـتان، یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی دەکرێـت وەکـو ئاسـتەنگێك بـۆ گەیشـتنی نەتـەوەی کـورد بـە مافـەکان و ئامانجـەکانی خـۆی هەژمـار بکرێـت، لەبەرئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان دەور دراوە بـە چـوار دەوڵـەتی گـەورە و بەهێـز، کـە نەتەوەیـی کوردییـان بەسـەردا دابـەش بـووە، لەبەرئـەوە ئـەوان هـەر چـالاکی و پێشـڤەچوونێك لـە بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی و نزیکبوونـەوەی کـورد بـە مـاف و ئامانجـەکانی خـۆی بـە هەڕەشـە بـۆ خۆیـان و دەوڵەتەکانیـان دەزانـن، بۆیـە لـە مێـژوودا دیـارە هـەر لـە ڕووخانـدنی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان لـە مەهابـاد، لـە سـێدارەدانی شـێخ سـەعیدی پیران و سیاسـەتی پێنـەدانی ناسـنامە بـە کـوردی سـوریا و هەوڵـی تیرۆرکـردنی سـەرۆک مسـتەفا بارزانـی، بگـرە تـا دەگاتـە کیمیابارانکـردنی هەڵەبجـە و پرۆسـەی ئەنفـال و جینۆسـایدی نەتـەوەی کـورد و دژایـەتی ڕیفرانـدۆم، هەتـا ڕۆژگاری ئەمرۆمـان شایەتی دڵڕەقـی و دژایـەتی ئـەو چـوار دەوڵەتـە دەبینرێـت کـە کـورد بەسـەریاندا دابـەش کـراوە. کەواتـە، لـە نێـو ئـەم ژینگەیـەدا، بڕیـاری ڕیفرانـدۆم ئاسـان نییـە و پرۆسـەیەکی قـورس و پـڕ لـە ئاڵەنگارییـە، ڕەنگـە ئـەم بڕیـارەش بـە هەمـوو کـەس نەدرێـت، کەواتـە، پێویسـتی بـە سـەرکردەیەکی بوێـر و کەسـایەتییەکی کاریزمـی هەیـە، بـۆ ئـەوەی لەوەهـا بارودۆخێکـدا بڕیـاری یەکلاکـەرەوە بـدات، هەوڵـی تـەواو بـدات بـۆ پـرسی سـەربەخۆیی و ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم، بەسـادەیی دەکرێـت بپـرسین؛ ئایـا کاریزمـای جەنـابی سـەرۆك بـارزانی نەبووایـە، هـەر لـە زاخـۆوە تـا خەنـەقین ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئەنجـام دەدرا بێگومـان نەتـەوەی کـورد بەرهەمـی دەرەنجامـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی دەبینێـت و پێـی دەگات چ لـە کورتمـەودا، یـان دورمـەودا. کەواتـە گرنگـە لـە پـرسی ئەنجامـدانی گشـتپرسی بـۆ سـەربەخۆیی، بـاس لـە ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی سـەرۆك بـارزانی بکەیـن.

لـە هەنـدێ قۆناغـدا گرنگـی کاریزمـای سیاسی دەردەکەوێـت کـە یارمـەتی کۆمەڵـگا بـدات و لـە حاڵـەتی ڕووخـان و لێـکترازان ڕزگاری بـکات و یارمەتیدەریـش دەبێـت بۆئـەوەی پرۆسـەی دیموکـراسی ڕێگـە ڕاسـتەکەی خـۆی بگرێـت و مـاف و ئازادییـەکان لـە کۆمەڵـگا پارێـزراو دەکات. سـەرکردەی کاریزمـا کـە هـەوڵ بـۆ گەیانـدنی کۆمەڵـگا

و ڵاتەکـەی بـۆ کەنـارێکی ئـارام و خۆشـگوزەران دەدات، هەمیشـە باشتریـن هەڵبـژاردە هەڵدەبژێرێــت. سـەرکردەی کاریزمـا ڕۆڵـێکی بەرچـاوی لـە گەشەسـەندن و پەرەپێدانـی کۆمەڵـگادا هەیـە لـە میانـەی ئـەو کاریگـەرە ڕاسـتەوخۆ و مەعنەوییـەی لەسـەر خەڵـك هەیـەتی، لـە میانـەی چانـدنی کۆمەڵێـك لـە بەهـاو بیروبـاوەڕی تایبـەت بـە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی و نشـتیمانی. ماکـس فـیبر پێـی وایـە؛ سـەرکردەی کاریزمـی بریتیـە لـەو سـەرکردەیەی شـەرعییەتی خـۆی لـەوەوە وەردەگرێـت کـە خەڵـك پێـی وایـە ئـەو سـەرکردەیە خـاوەنی ڕوئیـای تایبـەت و ڤیـژنی تایبـەت بەخۆیـەتی، سـەرکردەیەکی ئـازاو بوێـرە، بڕیـارەکانی هەمیشـە عـەقلانین لەبەرژەوەنـدی گشـتی کۆمەڵگادایـە، ئەمـەش لـە میانـەی ئەزموونـێکی دورودرێـژ و قـووڵ و لێـزان و کارەمایـی تایبەتـەوە بـۆی ماوەتـەوە.

بـۆ نموونـە لەزۆربـەی کۆمەڵگاکانـدا جـاری وا هەبـووە کاتی بڕیـاردان و خاڵـی وەرچەرخـان بـووە، پێویسـتی بـە بڕیـاری قـورس و بوێرانـە هەبـووە، بەهـۆی ناکارامەیـی سـەرکردەی سیاسـییەوە ئـەو دەرفەتـە لەدەسـتچووە و کۆمەڵـگا تـووشی قەیـرانی گـەورە و ناسـەقامگیری سـیاسی و ئابـوری و کۆمەڵایـەتی گـەورە بوونەتـەوە، بۆیـە پـاش ئـەو باکگراونـدەی بـاسمان کـرد، ئـەو کۆمەڵگایانـەی لـە حاڵـەتی گواسـتنەوە و پێشـڤەچوونن لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر پێویسـتیان بەسـەرکردەی خـاوەن بڕیـار هەیـە، بـەڵام زۆرێـك لەسـەرکردەکان بەهـۆی کەسـانی چـواردەوری خۆیانـەوە نەیانتوانیـوە بڕیـاری بوێرانـە و ئازایانـە بـدەن و کۆمەڵـگا ڕزگار بکـەن. سـەرەنجتان بـۆلای مولیێـری شـانۆنووسی فەڕەنسـی ڕادەکێشـم کـە لـە شـانۆی (گەمبـۆلان)، بـاسی ئـەوە دەکات؛ چـۆن ئـەو کەسـانەی دەوروپشـتی سـەرکردە دەبنـە قورسـایی بەسـەر سـەرکردەوە و لێناگەڕێـن سـەرکردە بڕیـاری قـورس و یەکلایکـەرەوە بـدات. بۆیـە ئەگـەر سـەرکردەی سـیاسی بەتـەواوی بکەوێتـە ژێـر کاریگـەرانی کەسـانی تـر، چ ڕای شـارەزایان بێـت، یـان کەسـانی تـر، بـێ ئـەوەی ڕۆڵـی یەکلایـی خستنەوەی خـۆی لـە دروسـتکردنی بڕیاردا بنوێنێـت، لـە گرنگتریـن ئـەرك و وەزیفـەی خـۆی غافـل بـووە (نەجـار، ٢٠٢١).کۆمەڵـگا بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگـەرە بەسـەر سـەرکردەوە، سـەرکردە لـە بڕیـارەکانی وا خـۆی دەبینێتـەوە کـە کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری ڕای گشـتی، بـەڵام ئـەو ڕای گشـتییە هەمیشـە غافلـە، زانیارییـەکانی ڕای گشـتی کـەم و لاوازن، هـەروەك سـەرۆکی بۆسـنی عـەلی عیـززەت بیگۆفیچ دەڵێـت "عـەوام شـێتە"، عـەوام لێـرەدا مەبەسـت لـە زۆرینەیـە، بـەڵام حکومـەت، یـان

کەسانی خاوەن بڕیار زانیاری فراوان و بەڵگەی بەهێزیان لایە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانتر دەکات. بۆ نموونە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی ڕای گشتی ئەمریکا لەسەر ئەوە بوو، نابێت ئەمریکا بەشداری جەنگ بکات، بەڵام سەرۆك ڕۆزفلت، دەیویست ئەو جەنگە بکات و نەکەوێتە ژێر ڕای گشتی، هەروەها کاتێك لینین بڕیاری دا شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەنجام بدات، بەشێکی زۆری خەڵك و تەنانەت بەشێکی زۆری حزبی بەلشەفیکیش لەگەڵی نەبوون، بەڵام ئەو سور بوو لەسەر بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی، لەبەرئەوە ئەو زانیارییانەی لای سەرۆك هەیە لای ڕای گشتی نییە، سەرۆك دەزانێت چ شتێك پێویستە هەنگاوی بۆ بنێت و چ شتێکیش وازی لێبهێنێت، (بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەتەواوەتی دەردەکەوێت سەرۆك بارزانی هەموو ئەو سیفەتانەی تێدایە کە لەسەرکردە و سەرۆکی کاریزمادا هەن، بۆ نموونە ئێستا لە ٢٠٢٥ خەڵکێکی زۆر کە پێشتر دژایەتیان دەکرد بۆ چوونیان دەربارەی ڕیفراندۆم گۆڕاوە و پێیان باش بووە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کرا، پاش ئەوەی ڕووداوەکانی ناوچەکە و شکستی پرسی بنیاتنانی دەوڵەتیان لە عێراق بینی، هەروەك باسکرا، بەڵام ئەوکات جەنابی سەرۆك لە سۆنگەی ئەوەی باوەڕی تەواوی بە دۆزی نەتەوەیی و ڕەوایەتی دۆزەکە هەبوو، هەروەها دەتوانرێت بوترێت جەنابی سەرۆك ئەوکات لە هێڵە گشتییەکانی ئەو ڕووداوانەی ئێستا ڕوودەدەن ئاگادار بووە و هەر ئەوکات باسی لە خراپی ئیدارەدانی عێراق و نەبوونی عێراق بە دەوڵەتێکی مۆدێرن و دیموکرات دەکرد، ئەم بۆچوونانەی سەرۆك بارزانی هی کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەبوو، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی ئیدارەی نوێی پاش سەددام، ئەوە بوو لە ٢٠١٧ بەتەواوەتی لە عێراقی مۆدێرن نائومێد بوو و بڕیاری ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی دا). لەبەرئەوە پێویستە دەوڵەتمەدار و سەرکردە جڵەوی کارەکان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لێرەدا دوو مەترسی سەرهەڵدەدەن ئەوانیش:

-مەترسی ناوخۆیی: کە زۆرجار بەهۆی بڕیارەکانی دەوڵەتمەدارەوە، ڕای گشتی بەپێچەوانە دروست دەبێت و حکومەت و دەوڵەت دەکەونە ژێر فشاری گروپەکان و هێزو پارتە نەیارەکان، بۆیە دەبێت سەرکردەی کاریزمی بەتوانا حیسابێکی ورد بۆ ئەم بابەتە بکات و وابکات کاریگەری بخاتە سەر ئەو گروپانە، چونکە دەکرێت

ئـەم خاڵـە ئاسـایشی ناوخۆیـی بشـێوێنی ( بۆیـەش بـۆ ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان هەوڵێـك هەبـوو کـە ئـەو پرۆسـەیە ئەنجـام نەدرێـت و بەشـێك دژایەتییـان کـرد، بـەڵام بـە هـۆی هێـزی کاریزمـی و حیکمـەتی سـەرۆك بـارزانی ئـەو لایەنانـە نەیانتـوانی پرۆسـەکە پەکبخـەن ).

-مەتـرسی دەرەکی: زۆرجـار بەهـۆی بڕیارێکـەوە وا لـە دەوڵـەتی بەرامبـەر دەکرێـت هەڵوێسـت وەرگـرن و تەنانـەت جەنگـی سـەربازیش ڕابگەیەنـن، بۆیـە دەوڵەتمـەدار و سـەرکردە زۆر بەوریاییـەوە دەبێـت مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم خاڵەشـد بـکات ( ئـەم مەترسـییەش چ پێـش ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم چ پـاش ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم هەبـوو، بـەڵام لـە پێـش ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم دیسـانەوە بـە هـۆی سـوربوون و حیکمـەتی سـەرۆك بـارزانی و تێگەیـشتن لـە ڕووداوەکان و تێگەیشـتنێکی قـوڵ لـە چـەمکی سیاسـەت، چونکـە ئەگـەر پێـشتر پێناسـەی سیاسـەت بریتیبووبـێ لـە هونـەری مومکینـات، هـەروەك سـەرۆکی ئـەڵمانی بـسمارك پێـی وابـوو، ئێسـتا سیاسـەت هونـەری وردەکارییـە، نـەك تەنیا مومکینـات، بۆیـە پێـم وایـە جەنـابی سـەرۆك لـە هـەردوو پێناسـەکە و چـەمکی سیاسـەت بـە قوڵـی و بـە فـراوانی تێگەیشـبوو، بۆیـەش ڕێگـری تـەواوی لـە هەڕەشـە و ئاڵەنگارییـە دەرەکییـەکان کـرد، کـە مەبەسـتیان ئـەوە بـوو ڕیفرانـدۆم ئەنجـام نەدرێـت، هەروەهـا لەپـاش ڕیفراندۆمیـش لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئـەودا ئەبرامـزی ئەمـریکی بۆیەکەمجـار لـە ناوچەکـە تێکشـکێنرا و خـەونی نەیـارەکان بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی قـەوارەی سـیاسی هەرێمـی کوردسـتان لـە گـۆڕ نـرا، ئێسـتاش پـاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبـەری ٢٠٢٤ و لێکەوتـەکانی دەرفەتـێکی گرنـگ نـەك بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو بۆتـەواوی کـورد هاتۆتـە پێشـەوە و دیسـانەوە پێگـەی سـیاسی هەرێمـی کوردسـتان لەگەشـەکردندایە، سـەرەڕای هەبـوونی دۆکۆمێنتـێکی شـەرعی و ستراتیجـی وەك دەرەنجامـی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی کـە کارتـێکی شـەرعی و قانـونی و مـەدەنی و سیاسـیە لای کـورد و سـەرکردایەتی سـیاسی کـورد، لـە هـەر دەرفەتـێکی گونجـاودا دەکرێـت بەکاربهێنرێـت، بیریـشمان نەچێـت پێـشتر باسـم لـە هەڵوەشـاندنەوەی نەخشـەی سـیاسی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کـردوو و دەوڵـەتی کـوردی و کوردسـتانی ئـازاد یەکێکـە لـە بـژاردەکان ).

بۆیـە زۆر گرنگـە لەپـاڵ هەبـوونی ئـەو مەترسـیانەش ڕوئیـای سـەرکردەی وڵات ڕوون

بێت، دەستبەرداری بیروبۆچوەکانی نەبێت، کاتێك بەپێی داتاو زانیارییەکانی دەزانێت چ هەنگاوێك لەبەرژەوەندی خەڵك و وڵاتەکەیەتی.

ئەو پێشەکییە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی بزانین ڕۆڵی سەرکردەی کاریزمی چییە، لە کاتێکدا نەیارەکانمان لە زۆر لایەنەوە دەیانەوێت ئەم قەوارە سیاسییە کە بە خوێنی شەهیدان و گیانفیدایی ڕۆڵەکانمان دروست بووە لاواز بکەن و هەڵیبوەشێننەوە، یەکێك لەو لایەنانە لێدان لەسەرکردە کاریزمی و سومبولییەکانی نەتەوەکەمانە، بۆیە گرنگە ڕۆڵ و پێگەی سەرکردەکان بەگرنگییەوە تەماشا بکرێت و باس بکرێت، دووبارەی دەکەمەوە گرنگە ئەو نووسەر و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانەی نەتەوەییانە و بێلایەنانە دەنووسن و و بیردەکەنەوە ئەم خاڵانە ڕوون بکەنەوە، چونکە ئەم بابەتە بابەتگەلێکی ستراتیژی و نەتەوەیین، شۆڕشگێڕەکان و سەرکردە نەتەوەیی و کاریزمییەکان مۆڵکی نەتەوەن و بەشێکن لە شوناس و ئامرازێکی کۆکەرەوە و بنیاتنانی نەتەوەن، بۆیە گرنگیدان بە خەبات و گێڕانەوەی تێکۆشانی ئەوان بۆ پرسە نشتیمانی و نەتەوەییەکان، خزمەتە بە شوناس و کۆیادەوەری و پرسی نەتەوەسازی.

بۆیە، ئەگەر باس لەو ڕووداو و حاڵەتە یەکلاکەرانەوە بکەین کە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی هەبووە و بڕیاری چارەنوسسازی داوە لە بەرژەوەندی نشتیمانی و نەتەوەیی لەمێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، ڕەنگە خودی ئەوە پێویستی بەنووسینی کتێبێك و توێژینەوەیەکی تەواو هەبێت نەتوانرێت تەنیا لە بەشێکدا باس بکرێت، بەڵام لێرەدا باس لە بەشێکی بچوك و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و خەمخۆری بۆ پرسی نەتەوەو و نشتیمانی و دۆزی کورد، نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بگرە بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش، ئەگەر بە پێی هەوڵ و ڕوئیا و بۆچوونی سەرۆك بارزانی بکرابایە و هەوڵەکان وەکو خۆی جێبەجێبکرابا لانی کەم بارودۆخی کوردی ڕۆژاوا و باکوور لە ئێستا باشتر دەبوو.

بۆ نموونە خەمخۆری و تێگەیشتنی قوڵ لە ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان ١١ ساڵ پێش ئێستا سەرۆك بارزانی دەستپێشخەرییەکی دەربارەی پرسی ئاشتی لە تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند، بەهەموو ئاستەنگ و ڕێگریەکانەوە زۆرێك هیوایان هەڵچنیبوو کە ئەم پرۆسەیە لەناوەچێت و سەرناگرێت. بەکرداریش

هەنـگاوی زۆر بـۆ لەباربردنـی پڕۆسـەکە نـرا، بـەڵام دواجـار گوتـاری عەقڵانیـەت زاڵ بـوو بەسـەر هەمـوو ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـەدا (ئەمـە دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییە کـە سـەرۆك بـارزانی خـاوەن کەسـایەتییەکی کاریزمـی و تێگەیشـتنی قـوڵ بـووە بـۆ ڕووداوەکان). ئێسـتا تورکیـا بەچەندیـن دانیـشتن و گفتوگـۆ لەگـەڵ عەبـدوڵا ئۆجـەلان، ڕێبـەری زیندانیکـراوی پەکەکـە، توانیـان بگەنـە ئـەو ڕێککەوتنـەی کـە پەکەکـە دەبێـت چـەك دابنـێ. هێشـتا نامەکـەی ئۆجـەلان نەگەشـتبووە قەندیـل، شـاندی ئیمراڵـی سـەردانی سـەرۆك بارزانیـان کـرد و لەوێـش پـرس و ڕای گرنـگ لەگـەڵ سـەرۆك بارزانـی تاوتوێکـرا ( ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە سـەرۆك بـارزانی سـەرکردەیەکی شۆڕشـگێڕ و خەمخـۆر و نەتەوەیـی هـەر چوارپارچـەی کوردسـتانە). پاشـان پەیامەکـە بڵاوکرایـەوە. لەلایەکـی تـرەوە بەڕێـز مەزڵـوم عەبـدی، بەچاودێـری ئەمەریـکا و کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی، لەگـەڵ سـەرۆك بارزانـی کۆبوونەوەیـان کـرد و زۆر سـتایشی هـەوڵ و خەمخـۆری سـەرۆك بـارزانی کـرد، دەرەئەنجامەکـەی لێکگەیشـتنی گرنگـی لەنێـوان ئەنجومەنـی نیشـتیمانی کـورد لەسـوریا (ئەنەکەسـە) و پارتـی یەکێتـی دیموکـرات (پەیـەدە) هێنایـە ئـاراوە و ئێسـتاش گەیشـتنە ڕێککەوتـن. یەکلابوونـەوەی گرفتـە لـە مێژینەکانـی ناوچەکـە لـە هەرێمـی کوردسـتان و لەسـەر دەسـتی جەنابـی سـەرۆک بارزانـی، ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات کـە هەرێمـی کوردسـتان زۆر گەورەتـر و گرنـگترە لـەوەی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی بەنـاو فیدراڵـی وێنابکرێـت. ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان سەرمەشـقی گوتـاری عاقڵانییەتـە و ئیـدارەی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش دەکات، بۆچـی؟ چونکـە گوتـاری سـەرۆك بارزانـی بەئاراسـتەی بەکارهێنانـی (سـۆفت پـاوەر) هێـزی نـەرم و فەلسـەفەی ئاشـتی بـووە کـە گەڕانەوەبـووە بـۆ ڕێککەوتـن و لێگەیـشتن و پاشەکشـەکردن بـووە بەگوتـاری ڕق و کینـە.

لـەدوای هـەردوو دەستپێشـخەری سـەرۆك بارزانـی بـۆ باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بەرەیەکـی بەهێـزی نیشـتیمانی دروسـت بـووە لەنێـوان هێـزە سیاسـییەکاندا، ئـەم بەرەیـە بەئاراسـتەی چارەسـەری پرسـی کـورد لەهـەر پارچەیەکـی کوردسـتان هێـزی زیاتـر دەبێـت. هەنگاوێـک بـوو بـۆ دورکەوتنـەوە لـە گوتـاری حزبـی و رق و کینـە. لـە باکـووری کوردسـتان جیـاواز لـە نەورۆزەکانـی دیکـە، سـەرۆك بارزانـی، پەیامـی گرنگـی هەبـوو بـۆ خەڵکـی باکـووری کوردسـتان، لەئامـەدەوە بەدەنگـی بـەرزو نیشـتیمانپەروەرانە، داوای دەسـتپێکردنەوەی پرۆسـەی ئاشـتی و ئازادکردنـی عەبـدوڵا ئۆجەلانـی کـرد، ئەمـە

وەرچەرخانێکی گەورەیە لە گوتاری سیاسی سەرکردایەتی کوردستان بەوەی ئەم گوتارە پاڵپشت و هاندەری دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بێت. لەباشووری کوردستانیش لە ئاکرێ، کوردستانی پێکەوەژیان و هەڵگری دروشمی ئاشتی، لەڕۆژی نەورۆزدا پەیامی بەهەموو جیهاندا کە ئێرە لانکەی شارستانیەت و سەرچاوەی ئیدارەدانی عەقڵیەتێکی نێودەوڵەتییە کە لەهەرێمێك گەورەتر مامەڵەدەکات.

جۆش و خرۆشی پشتیوانی لە گوتاری عاقڵانیەت و گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و لێگەیشتن، لەهەموو لایەکەوە لە ئاستی جیهان پێشوازی لێدەکرێت، چونکە پرسی کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە نەماوەتەوە کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، بەڵکو پەرپوەتەوە و تەواوی جیهان بەم پرسەوە سەرقاڵن. کاتێك بە بایەخەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی ئاسایشی (میونیشن) بەشداردەبێت و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە لوتکەی سەرۆك حکوومەتەکانی جیهان لە دوبەی و لە کۆنفرانسی (داڤۆس) بەشداری دەکات، ئەم هەنگاوە دیپلۆماسیانە بلێسەی گۆڕانکاری گەورەن، دەکرێت بە بەرزی هەڵبسەنگێنرێن و بە ئاڕاستەی وەرگرتنی بڕیاری سیاسی ستراتیژی هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت.

سنووری پشتیوانی لەم گوتارەی سەرۆك بارزانی، بە ئاڕاستەی لێگەیشتن و چارەسەری پرسی کورد بە عاقڵانیەت، لە کاتێکدایە کە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە ڕوویداوە، هاوکێشەکان وەك جاران نەماون، بەتایبەت دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سوریا، لەلایەکی ترەوە جەنگی ٧ی ئۆکۆتبەری غەزە و ئیسرائیل، هەروەها هاتنی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا. هەموو ئەمانە وادەکەن ئەگەر کورد لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانە خۆی نەگونجێنێت و پەنا نەباتە بەر گوتاری عاقڵانیەت زەرەری گەورە دەکات. گوتاری عاقڵانیەت هەرتەنیا لە چوارچێوەی حزبەکان و سیاسییەکان ناسوڕێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی گشتگیرە و دەبێت ئەم زمانە لەگفتوگۆ و کرداری هاونیشتمانیان ڕەنگبداتەوە و ئەم زمانە جێگرەوەی ڕقوکینەبێت.

سالانی ڕابردوو یادی نەورۆزی کورد لەدەرەوەی وڵات بەجەنگ و بەرزکردنەوەی ئالای حزبی و گوتاری ڕق دەکرایەوە، ئەمساڵ گوتاری عاقڵانیەت و بیرکردنەوەی دروست بوو کە سەرچاوەکەی لە گوتاری سەرۆك بارزانییەوە سەرچاوەدەگرێت،

لـە ئەوروپـا بینـیمان چـۆن کـورد بەیـەك دەنـگ و بەیـەك ڕەنـگ بەئـاڵای کوردسـتانەوە یـادی نەورۆزیـان کـردەوە و پشـتیوانی پرۆسـەی ئاشـتی و پشـتیوانی ڕۆژئاوایـان کـرد. ئێسـتاش هەمـوو لایەنەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەڵێـن؛ ئەگـەر کاتـی خـۆی دەسـەڵاتی سیاسـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان پـڕۆژەی سیاسـی سـەرۆك بارزانیـان لـە ڕێککەوتنـی (هەولێـر یـەك و هەولێـر دوو و دهـۆك[٤] یـەك) جێبەجـێ کردبایـە، دۆخـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـەوەی ئێسـتا زۆر بـاشتر دەبـوو، بـەڵام ئێسـتاش کات درەنـگ نەبـووە، هەمـوو جیهـان پشـتیوانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەکات، بەمەرجێـك بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو گوتـارە عاقڵانیەتـە کـە سـەرۆك بارزانـی داوای دەکات بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان. کەواتـە، فەلسـەفە و بیرکردنـەوەی ئاشـتی و باوەڕبـوون بـە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمـان و کاریزمـی سـەرۆك بـارزانی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەدەنـەوە کـە سـەرۆك بـازانی نەبووایـە ئـاوا نـە دەتوانـرا بـە ئاسـانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئەنجـام درابـا، هـەر بەهـەوڵ و کاریزمـی و حیکمـەت و ڕۆحییـەتی شۆڕشـگێڕانەی سـەرۆك بـارزانی توانـرا نـەك تەنیـا لـە باشـووری کوردسـتان، بەڵکـو لـە ڕۆژاوای کوردسـتانیش ئەفسـانەی داعـش تێکبشـکێ و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان ڕەوانـەی کۆبانـێ کـرا[٥]. کەواتـە، خـودی هەبـوونی سـەرکردەیەکی پـڕ لـە حیکمـەت و بـە ئیرادە کـە تـوانی سـەرکردایەتی شـۆڕشی سـەربەخۆیی و پـرسی ڕیفرانـدۆم بـکات، خاڵـێکی جەوهـەری بـوو بۆئـەوەی بڵێیـن؛ ڕیفرانـدۆم بڕیـارێکی گونجـاو و ژیرانـە بـوو، بـا پرسـیارەکە بـەو شـێوازە بکـەم، لـە نێـو ئـەم جیۆپۆلەتیکـە نالەبـارەی کـورد بـە گشـتی و هەرێمـی کوردسـتاندا، ئەگـەر خـودی بوێـری و دونیابینـی و خەمخـۆری جەنـابی سـەرۆك بـارزانی نەبووایـە، کێـی تـر هەبـوو بتوانێـت ئـاوا بڕیـارێکی یەکلاکـەرەوە و مێژوویـی بـدات؟

---

(٤) لە چوارشەممەی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە شاری دهۆك بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆك لە هەنگاوێکی مێژوویی و چارەنوسسازدا ڕێککەوتنی دهۆك لە نێوان سەرکردایەتی تەڤدەم و ئەنجومەنی نشتیمانی کوری لە ڕۆژاوای کوردستان واژووکر، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ڕێککەوتنامەی دهۆك بڕوانە: (مەجید، ٢٠٢٣، صفحة ١٤٤)

(٥) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، بڕوانە: ئیسماعیل حەساف، سەنگەر جاجی، عدنان مجید، کۆبانێ بەرگری نەتەوەیەك: چیرۆکی نەبەردی و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان، دەستەی ئینسکلۆپیدیایی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٣

## خەونی ئێمە سەربەخۆییە
## نەک ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

کاتێـك هەوڵـی دەدا ئەڵمانیـای یەكگرتـوو بینـا بـكات، سـەركردە و ڕاوێـژكاری ئـەڵمانی بـسمارك لـە وتەیەكیـدا گـوتی "ئامانجـی ئێمـە شـكۆمەندییە، نـەك ژیانكـردن، شـكۆمەندیش لـە ڕێگـەی سـەربەخۆییەوە نەبێـت بەدینایـەت" (زكي، ٢٠٢٣).

هەروەهـا، لـە پەیامێكیـشیدا سـەرۆك بـارزانی لـە ٢٦ی ٩ی ٢٠١٧ كـە ڕۆژێـك پـاش ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی بڵاویكـردەوە، تیایـدا هاتبوو "چ ڕۆژێـك لەوە خۆشتر و گەورەتـر و پیرۆزتـرە كـە مـرۆڤ سـەركەوتنی ئیـرادەی گەلەكـەی بـۆ دیاریكردنـی مافـی چارەنووسـی خۆی بە ئازادی، ڕابگەیەنێت" (بڕوانە سـایتی سـەرۆكایەتی هەرێمی كوردسـتان)

كەواتـە، مەبەسـت لـە مـافی چـارەی خۆنـووسین ئامانجـە گەورەكەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕیفرانـدۆم شۆڕشـێكی نـوێ و هەنـگاوێكی نەوعـی و مێـژووی گـەلی كـورد بـوو بـۆ گەیـشتن بـەو ئامانجـە، بـەڵام هـەروەك پێـشتر باسـم كـرد، چ بەهـۆی ئـەو سیاسـەتە نێودەوڵەتییـەی هەیـە، چ بەهـۆی ئـەو جیوپۆلەتیكـەی كوردسـتان هەیـەتی مـەرج نییـە پـاش ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بتوانرێـت ڕاسـتەوخۆ دەوڵـەت ڕابگەیەنرێـت، بـۆ نموونـە شـۆڕشی ئۆكتۆبـەر لـە سـاڵی ١٩١٧ ئەنجامـدرا، بـەڵام لە سـاڵی ١٩٢٥ كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی وەكـو دەوڵەت دانینا بـە یەكێتـی سـۆڤییەت، سـەرەڕای ئـەوەی ناتوانرێـت بـەراوردی هێـز و توانـاو جیوپۆلەتیكی یەكێتـی سـۆڤییەت بـە هەرێمـی كوردسـتان بكرێـت، بـەڵام قسـەكە لەسـەر ئەوەیـە كـە بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕی كـورد لەسـەر ڕێگـە ڕاسـتەكەیە كاتێـك ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئەنجامـدا، هەروەكـو لینـین لـە كتێبي (دەوڵەت و شـۆڕش) باس لـەوە دەكات مـافی بڕیاردانی چارەنـووس كارێكی سەكێشـی نییـە، بەڵكـو مافـێكی شـەرعییە، دەرەنجامەكـەی هەرچییـەك بێـت هیـچ لـە ڕەوایەتی و گرنگـی بابەتەكە كـەم ناكاتـەوە. لەبەرئەوە دەبێت بـە تێڕوانینێكی شۆڕشـگێڕانە بڕوانیینـە پـرسی ئەنجامـدانی سـەربەخۆیی و گشـتپرسی، بزوتنـەوە و چالاكییـە شۆڕشـگێڕییەكان مـەرج نییـە هەمـوو كات ئەنجامـی باش بەدەسـتەوە بدەن، بـەڵام هەموو كات ڕێگـە ڕاسـتەكەن بـە گەیشـتنی نەتـەوە ژێردەسـت و سـتەم دیـدەكان بەمافـە ڕەواكانی خۆیـان. لـەم ڕوانگەیەشـەوە كاتێـك بـاس لەوەكـرا كـە عێـراق كێشـەی قوڵـی لـە بنیاتنـانی

دەوڵـەت هەیـە، عێـراق دەوڵەتێکـە بـە درێژایـی مێـژوو سـتەمی لە کـورد و نەتـەوەی کورد کـردووە لەسـەر بنەمـای ناسـنامە، لـە گرتـن و بڕیـن و ئەنفـال و وێرانکـردنی دێهاتـەکان و ڕاگـواستن و جینۆسـاید و کیمیابارانکـردن تـا بـەم دواییـە گەیشـتە مەسـەلەی قـووت بڕین و موچـە بڕینـی خـەڵکی هەرێمـی کوردسـتان، ئایـا ئەگـەر ڕیفرانـدۆم نەکرایـە، عێراق بـاوەڕی بـە پێکەوەژیـان دەبـوو، ڕۆژ بـەڕۆژ هەوڵـی نـەدادا چوارچێـوەی سیاسی و دەسـتووری هەرێـم بچـووك بکاتـەوە. حکومـەتی عێـراق پـاش ٢٠٠٣ نزیکـەی ٥٥ مـاددەی دەسـتووری پێشـێلکردووە کـە لەبەرژەوەنـدی هەرێمـی و کوردسـتان بـوو، لـە هەمووی گرنـگتر ماددەی ١٤٠ی دەسـتوور بـوو. کەواتـە، پرسـیارەکە ئەوەیـە؛ ئایـا ڕیسـك نەکـردن و ئەنجـام نـەدانی ڕیفرانـدۆم گەورەتـر نەدەبـوو لـە ڕیسکی ئەنجامـدانی؟ بێگومـان بەڵـێ، لـەو بەشـانەی پێشـوو ئـەو ئەرگومێنتانـەم خسـتەڕوو کـە گرنگ بـوو بۆئـەوەی ڕیفراندۆم ئەنجـام بدرێت.

خاڵـێکی تـر، ڕاسـتە ئێسـتا ئێمـە لـە هەرێمـی کوردسـتان خـاوەنی هەرێمـێکی فیـدراڵین، بــەڵام بێگومــان ئامانجــی گــەورە گەیشــتنە بــە دەوڵــەت و مــافی چــارەی خۆنــووسین، لایەنـە سیاسـییەکانیش دەبێـت بـۆ گەیـشتن بـەو ئامانجـە هەمیشـە خۆیـان بـە حـزبی شۆڕشـگێڕ بزانـن. حـزبی شۆڕشـگێڕ پشـت بـە ئایدیـا فکرییـەکانی خـۆی دەبەسـتێت، ئامانـج و پلانی دیاریکـراوی هەیـە و هانیـدەدات کـە هـەوڵ بـدات بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـەکانی. لــەم ســۆنگەیەوە ســەرۆك بــارزانی هەوڵــی جــددی داوە، بــۆ گەیــشتن بەمــافی چــارەی خۆنـووسین و دونیابینـی و ڕوئیـای سـەرۆك لـە سیاسـەتەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان بەرجەسـتە بـووە، هـەر بـۆ نموونـە پـارتی تـا ئێسـتاش خـۆی وەك حزبـێکی شۆڕشـگێڕ وێنـا دەکات و ڕیفراندۆمیـش بـە ئاکتـێکی شۆڕشـگێڕی دەزانێـت، بـێ ئـەوەی گرنگـی بەدەرەنجامەکـەی بـدات، لەبەرئـەوەی ئـەو گەلـەی ئیرادەی شۆڕشـگێڕی تێـدا بـەردەوام بێـت، زوو یـان درەنـگ دەگاتـە مەبەسـت و ئامانجـی خـۆی. بەرمەبنـای ئەمـە ئـەرکی حـزبی سیاسـییە واقـع بگۆڕێـت و هـەوڵ بـۆ داهاتـوو بـدات، لـەم ڕوانگەیـەوە سـەرۆك بـازانی لـە ڕێگـەی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم-ەوە هەژانـێکی قوڵـی لـە سیاسـەتی ناوچەکـە بـە ئاراسـتەی گۆڕینـی واقعـێکی تـر بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـە لـە مێژینـەکانی گـەلی کـورد گـۆڕی، لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەروەك باسـکرا مـەرج نییـە لـە نزیـك مـەودا ئـەم واقعـە بەدڵــی ئێمــە بێــت، لەلایــەکی تــرەوە، ســەرۆك بــارزانی هەوڵێــداوە واقعــێکی نــوێ لــە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت بـکات، کـە جیـاواز بێـت لەواقعـی دەوڵەتـانی ناوچەکـە،

ئەویـش گرنگیـدان بـوو بەمـاف و ئازادییـەکان و پێکەوەژیـان و یەکریـزی و دیموکـراسی، هـەر لەبـەر ئەمـەش بـوو بـە هەرێمـی کوردسـتان دەگوتـرا ( عێراقـێکی دیکـە ).

هەروەهـا گرنگـە بـزانین سروشـتی حوکومـڕانی و کەموکـوڕی حوکمـڕانی جیـاوازە لـە پـرسی مـافی چـارەی خۆنـووسین و هەوڵـدان بـۆی، نابێـت بـە بیانـووی کەموکـوڕی لـە حوکمـڕانی دژی ئـەم پرسـە بین، ئەمـە مـافی نەتەوەیەکـە هیـچ قسـە و باسـێکی تـر هەڵناگرێـت. هـەر بـۆ نموونـە کاتێـك سـەرۆك لیـنین لەگـەڵ ڕۆزا لۆکسـەمبۆرگ کۆدەبێتـەوە بـۆ پشـتگیری لەمـافی چـارەی خۆنووسـینی نەرویـج، لەوێـدا بـاس لـەوە دەکات، فۆرمـی داهاتـووی حوکمڕانی لـە نەرویج بـە هەر شـێوازێك بێـت هیچ لـە ڕەوایەتی و گرنگـی مـافی چـارەی خۆنـووسین بـۆ نەرویجیـەکان کـەم ناکاتـەوە (مەحمـود, ٢٠٢٥).

ڕیفرانـدۆم تەنیـا بەڵگەنامەیـەکی ستراتیجـی نییـە کـە لەسـەر ڕەفـەکان هەڵبگیرێـت، بەڵکـو دەبێـت بـە وردی و حیکمەتـەوە هـەوڵ بـۆ گەیـشتن بەسـەربەخۆیی بدرێـت و کار بـە دەرەنجامەکـەی بکرێـت، ئەمـەش لـە سیاسـەتەکانی سـەرۆك بـارزانی و سـەرکردایەتی کـورد بەدیدەکرێـت، چونکـە لـە مێـژووی ڕزگاریخـوازی کـورد یەکێـك لـە هەنـگاوە نەوعییـەکان بـۆ سـەربەخۆیی پـاش هەوڵـەکانی شـەریف پاشـا بـۆ پـرسی سـەربەخۆیی بریتیبـوو لـە ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی.

شـایەنی باسـە، پێویسـتە شـتێك بگوترێـت، خەڵکانێـك هەبـوون لەسـەردەمی شـەریف پاشا کاتێك شـەریف پاشـا لـە کۆنگرەی پاریـس بـوو بـۆ داواکـردنی مـافی چارەی خۆنـووسین، ئـەوان دژایـەتی هەوڵـەکانی شـەریف پاشـایان دەکـرد، بـەڵام ئێسـتا نـاوی شـەریف پاشـا وەکـو ئەسـتێرەیەکی گـەش لـە ئـاسمانی مێـژووی ڕزگاریخـوازی نەتـەوەی کـورد دا ماوەتـەوە و ئەوانیـش کـەس نایانناسـێ و بـە بـزری و بەشـەرمەزاری لـە مێـژوودا ماونەتـەوە، بـۆ بابـەتی ڕیفراندۆمیـش دەکـرێ بڵـێین بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان مێـژوو خـۆی دووبـارە کـردەوە، لـە مێـژووی نەتەوەیـی کـورد نـاوی سـەرۆك بـارزانی و ڕیفرانـدۆم خـوازەکان وەکـو ئەسـتێرەیەکی گـەش لـە مێـژووی ئـەم نەتەوەیـە دەمێنێتـەوە و بـۆ ئەبـەد شـانازییان پێـوە دەکرێـت و ئەوانـەی دژایەتیشـیان کـرد بـە بـزری و بـە نـەزۆکی دەچنـە نێـو تاریکاییـەکانی مێـژوووە.

## دەستووریبوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

هەرچەنـدە پـرسی سـەربەخۆیی، بەبـڕوای مـن پرسـێکە مافـێکی شـەرعی و حەقـێکی ئیلاهییـە، پێویسـت بـەوە نـاکات بگەڕێینـەوە سـەر دەسـتوورێك كـە كۆمەڵێـك كـەس دایاننـاوە کـە لـە بەدەستهێنانی مافـەکانی کـورد بـە بیانـوو بـوون، بـەڵام بـۆ ئـەوەی ڕوون بکرێتـەوە بـۆ خوێنـەران کـە پـرسی ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی بابەتـێکی تـەواو دەسـتوورییە، بـە کـورتی چەنـد لایەنـێکی دەسـتووریبوونی ڕیفرانـدۆم ڕوون دەکرێتـەوە.

لـە چوارچێـوەی دەسـتووریبوونی ڕیفرانـدۆم، نابێـت ڕیفرانـدۆم بکرێـت تەنیـا بەڕەزامەنـدی دەوڵـەتی دایـك نەبێـت. هەرچەنـدە ئـەم دەقـە خـۆی ناکۆکـی لەسـەرە، لـە چوارچێـوەی دەقـە یاساییەکان دەردەکەوێـت، ئـەم پرسـە ڕوونکردنـەوە هەڵدەگرێـت. ڕیفرانـدۆم یەکێکـە لـە ئامـرازە دیموکراسییەکان بـۆ گەیـشتن بـە دادپـەروەری و ئـازادی، کەواتـە خـۆی لـە خۆیـدا ڕیفرانـدۆم پرۆسـەیەکی دیموکراسـییە و لەگـەڵ پرەنسـیپە جیهـانی و مرۆییـەکان دەگونجێـت. بـەڵام قاعیدەیـەکی قانـونی هەیـە پێـی وایـە دەبێـت ڕیفرانـدۆم لـە هەمـوو حاڵەتەکانـدا لەگـەڵ دەسـتووری نشـتیمانی بگونجێـت، بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی دەسـتوورە نشـتیمانییەکان زۆر ڕێگـە بـە پـرسی جیابوونـەوە و مـافی چـارەی خۆنـووسین نـادەن، دەقـە دەسـتوورییەکانی ئـەو بـوارە ئاڵـۆزن.

بـە شـێوەیەکی گشـتی ڕیفرانـدۆم واتـە دەنگـدانی خەڵـك دەربـارەی پرسـێکی یاسـایی و سـیاسی و بابەتـێکی دیاریکـراو لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـێکی خـاوەن سـەروەری. کەواتـە ڕیفرانـدۆم جـۆر و شـێوازی زۆرە، ڕیفراندۆمـی یاسـایی یـان دەسـتووری بـۆ جێگیرکـردنی دەسـتووری وڵات، یـان ڕیفراندۆمـی سـیاسی، وەك ڕیفراندۆمـی هەرێمـی کەتەلۆنیـا و هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـەربەخۆیی لـە ٢٠١٧.

بەشـێوەیەکی گشـتی دەسـتووری عێـراق دەربـارەی پـرسی ڕیفرانـدۆم ئاڵـۆزە و جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان بۆچوونـەکان دەربـارەی ئـەو پرسـە. بـۆ نموونـە حکومەتـی هەرێـم ڕەوایەتـی بـە پێگـەی خـۆی دەدات بـۆ مومارەسـەی جیابوونـەوە لـە کاتێکـدا حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق وا گریمانـە دەکات کـە دەسـتوور هیـچ بڕگەیەکـی سـەبارەت بە جیابوونـەوەی هەرێمـەکان لەخـۆ نەگرتووە، بۆیە ڕێگری لەم کارە کـردووە (Qader, 2022).

هەرێمـی کوردسـتان، بەپێـی دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥، دەسـەڵاتێکی ئۆتۆنۆمـی وەرگرتـووە و لـە مـاددەی ١٢٦یشـدا بـاس لـەوە دەکات، نابێـت هیـچ هەمووارێـك لـە دەسـتووردا بکرێـت کـە دەسـەڵاتی هەرێمـەکان لاواز بـکات یـان گۆڕانکارییـان تێـدا بـکات. لەگـەڵ ئەوەشـدا لەمـاددەی یـەکی دەسـتووری عێراقیـدا هاتـووە؛ ئـەم دەسـتوورە گەرەنتـی یەکگرتوویـی عێـراق دەکات. کەواتـە بەپێـی ئـەم ڕوانگەیـە کـورد بـۆی نییـە داوای مـافی چـارەی خۆنـووسین بـکات، بـەڵام بـۆ ئەنجامـدانی گشـتپرسی دەکرێـت پەنـا بـۆ هەندێـك مـاددەی دەسـتووری تـر ببردرێـن کـە یارمـەتی دەسـتووریبوونی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی دەدات. بـۆ نموونـە لـە مـاددەی ١١٧ بـاس لـە داننـان بـە دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان وەك هەرێمـێکی فیدراڵـی و دروسـت بـوونی هـەر هەرێمـێکی تـر دەکات. ئـەم بڕگەیـە لـە هەمـوو لێکدانەوەکانـدا بوارێکـی یاسـایی بـۆ ئۆتۆنۆمـی هەرێمـی کـورد دەبەخشـێت و بەشـدارە لـە "شـەرعیەتی هـەر یاسـا و بڕیارێکـی دادگا و گرێبەسـتێکی کوردسـتان، مەگـەر حکومەتـی هەرێـم لـە ڕێگـەی هـەر یاسـایەکی دواتـرەوە هەمـان یاسـای هەڵوەشـاندبێتەوە". کەواتـە، حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی ئـەم بڕگەیـە دەتوانێـت لـە چوارچێـوەی یاسـایدا وەك ئـەوەی کـرا، ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات. خودموختـاری هەرێمـی هـەروەک لـە دەسـتوردا هاتـووە، وایکـرد هەرێمـی کوردسـتان ئـازادی بەدەسـتبهێنێتەوە کـە دواتـر بـووە هـۆی هەڵبـژاردن بـۆ نـاو پەرلەمـان دەسـەڵاتی یاسـادانان و پەرلەمانتارانـی خۆیـان کـە نوێنەرایەتـی هەرێـم دەبـن لـە پەرلەمانـی نیشـتمانیدا. جگـە لـەوەش دەسـتووری عێـراق هەڵوێسـتێکی ڕوون و ئاشـکرای نییـە دەربـارەی جیابوونـەوەی هەرێمـەکان لـە دەوڵـەت، بـەڕوونی بـاس لـەو پرسـە نەکـراوە و کۆنسـێپت و چەمکـەکان ڕوون نەکراوەتـەوە. کەواتـە هەرێمـی کوردسـتان دەتوانێـت هەمـوو ئـەو بانگەشـانە ڕەتبکاتـەوە کـە دەڵێـن دەسـتووری عێراقـی پشـتگیری ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی نـاکات، بەڵکـو دەکرێـت بگوترێـت مـاددەی دەسـتووری هەیـە پشـتگیری ئـەو پرسـە دەکات. بۆنموونـە لـە مـادەی ١٤٠دا هاتـووە، "سـەرەتا دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن هەنـگاوە پێویسـتەکان دەگرێتـە ئەسـتۆ بـۆ تەواوکردنـی جێبەجێکردنـی مەرجەکانـی سـەرجەم بڕگەکانـی مـادەی ٥٨، دووەم: ئـەو بەرپرسـیارێتییەی خراوەتـە ئەسـتۆی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی حکومەتـی ئینتقالـی عێـراق کـە لـە مـادەی ٥٨ی یاسـای ئیـداری ئینتقالیـدا هاتـووە، درێژدەبێتـەوە و بـەردەوام

دەبێـت بـۆ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن کـە بەپێـی ئـەم دەسـتووره هەڵدەبژێردرێـت، بـەو مەرجـەی بەتـەواوی (ئاسـاییکردن و سـەرژمێری و ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە کەرکـووک و ناوچـە جێناکۆکەکانـی دیکـە بـۆ دیاریکردنـی ئیـرادەی هاووڵاتییـان) کۆتایـی پێبهێنێـت، تـا وادەیـەک کـە لـە ٣١ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٧ زیاتـر نەبێـت. حکومـەتی عێراقـی لـە جێبەجێکـردنی ئـەم مـاددە و ٥٥ مـاددەی دەسـتووری تـر شکسـتیهێنا. مـادام شکسـت هەیـە لـە جێبەجێکـردنی دەسـتوور و چەمـك و بابەتـەکانی پەیوەسـت بـە ڕیفرانـدۆم یەکلایـی نەکراوەتـەوە دەکرێـت پشـت بەمـاددەی ١١٥ دەسـتوور ببەسترێـت کـە تەرکیـز دەکاتـە سـەرئەوەی هەرشـتێك لـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتەکانی دەوڵـەتی فیـدراڵ ئامـاژەی پێنەکرابێـت دەکەوێتـە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی هەرێمـەکان و پارێـزگاکان و لەکاتی دروسـت بـوونی ناکـۆکی لـە نێـوان دەسـەڵاتی ئیتیحـادی و دەسـەڵاتی هەرێمـەکان دەسـەڵات بـۆ یاسـای هەرێمەکانـە. کەواتـە، ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو قاعیدەیـە و دیباجـەی دەسـتوور دەسـتوورییە. هـەروەك لـە دێباجـەی دەسـتوورەکەدا هاتـووە، "پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە، یەکێتیـی ئـازادی خەڵـک و خـاک و سـەروەری بـۆ عێـراق دەپارێزێـت". بەمانایـەکی تـر پابەنـد نەبـوون دەکرێـت کێشـە بـۆ یەکێتـی خـاکی عێـراق دروسـت بـکات، جگـە لەمـاددەی ١٤٠ حکومـەتی عێراقـی، پابەنـدی ٥٥ مـاددەی دەسـتووری نەبـووە. ئەمـەش ئارگومێنتـێکی بەهێـزە بـۆ ئەنجامـدانی گشـتپرسی. کەواتـە، دووبـارە مـاددە ١١٥ دەسـەڵات دەداتـە هەرێمـەکان بـۆ ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم .

بەم شـێوەیە دەسـتووری عێراق بنکەیەکی یاسـایی بە هەرێمی کوردسـتان دەبەخشـێت لـە ڕوودانـی ململانێـی نێـوان حکومەتـی فیدراڵـی و هەرێمـی کوردسـتان، کاتێـک کێشـەیەک لـەدەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـی فیدراڵـی هەیـە. ئەمە بەپێی مـادەی ١٢١(٢) دەگرێتـەوە کـە دەڵێـت "لـە ئەگـەری دژایەتـی نێـوان یاسـاکانی ناوچەیـی و نیشـتمانی سـەبارەت بـە بابەتێـک کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتە تایبەتەکانـی فیدراڵییـە حکومـەت و دەسـەڵاتی هەرێـم مافـی هەموارکردنـەوەی جێبەجێکردنـی یاسـای نیشـتمانی لەنـاو ئـەو هەرێمـەدا دەبێـت". کەواتـە، ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان چەندیـن بنەمـای دەسـتووری هەبـووە، کـە هەرێمـی کوردسـتان توانیوییـەتی پشـتیان پێببەسـتێت.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس

## لە چوارچێوەی یاسایی گشتی نێودەوڵەتیدا

لـە هەمـوو دەقـەکانی یاسـایی گشـتی نێودەوڵـەتی و مافـەکانی مرۆڤـدا مـافی چـارەی خۆنــووسین وەك مافـێکی شـەرعی و ئینسـانی ئامـاژەی بـۆ کـراوە، لـە بەڵگەنامــەی جـاڕدانی سـەربەخۆی ئەمریـکا بـەڕوونی ئامـاژە بـەو پرسـە کـراوە، هەروەهـا لـە شـۆڕشی فەڕەنسـا لـە جاڕنامـەی جیهـانی مافـەکانی مـرۆڤ و هاووڵاتـی جەخـت لەسـەر مـافی چـارەی خۆنووسـینی گـەلان کراوەتـەوە. لـە چـوارده پرەنسـیپەکەی سـەرۆك وێلسـن[٦] لـە سـاڵی ١٩١٨ بـە وردی بـاس لـەو پرەنسـیپە گرنگـە کـراوە. لـە پەیماننامـەکانی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و پاشـان پـاش جەنگـی دووەمـی جیهـانی و لـە ئامانجـەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە بڕگـەی دووەم مـاددەی یەکـەم مـاددەی ٥٥ و مـادده ٥٦ بـۆ یەکـەمین جـار ئـەو پرەنسـیپە لـە بەڵگەنامەیـەکی نێودەوڵـەتی جێگـەی کرایـەوە.

ئـەم پرەنسـیپە بـەرە بـەرە زیاتـر چەسـپا و بەشـێوەیەکی گشـتی بـووە یـەك لـە ڕێسـا بەرفەرمانـەکان ( القواعـد الامـره)، لـە بڕیـارەکانی کۆمەڵـەی گشـتی نەتەوەیەکگرتـووەکان زۆر جەخـت لەسـەر ئـەم پرەنیسـپە کراوەتـەوە بـۆ نموونـە، بڕیـاری XV ١٥١٤ی سـاڵی ١٩٦٠ کـە بەبڕیـاری نەهێشـتنی ئسـتعمار نـاسراوە لـە مـاددەی یەکـەم و هـەردوو پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی مافـە مـەدەنی و سیاسـیەکان و مافـە کلتـوری و کۆمەڵایەتییەکانیـش گرنگـی و بایەخـێکی گـەورە بـەم پرسـە دراوە. ئـەم بابەتـە زۆر بـە دوورودرێـژی بـاس ناکـەم، بـەڵام بەهەمـوو پێوەرێـك بـە پێـوەرە ئـاسمانی و دونیاییـەکان وەکـو هەمـوو نەتەوەیـەکی تـر کـورد مـافی چـارەی خۆنووسـینی هەیـە بەبـێ هیـچ پێشـمەرج و ئاسـتەنگێك[٧].

---

(٦) چوارده خاڵەکەی ویڵسن بریتین لە ١٤ بنەما کە لەلایەن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ودرو ویلسۆن لە ٨ی مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکا کرا و تیایدا تیشکی خستە سەر ١٤ بنەما بۆ ئاشتی و ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، پاشکۆی کتێبی بۆ مێژووی سەرۆك بارزانی، بەختیار حەیدەر و ئەوانی تر، ڕەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان، لالا١٢٦-١٨٥.

## هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی
## و هەرێمیی لەبارەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

بێگومان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەژانێکی قوڵی لە سیستەمی هەرێمی و ناوچەیی دروستکرد، کاریگەری ئەو هەژانە لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیش هەبوو. بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت ئەوە خۆمانین بڕیار لەچارەنووسی خۆمان دەدەین، نەك کەسی تر، لە مێژووی ڕزگاریخوازی هیچ نەتەوەیەك نەبووە نەتەوەیەکی تر دەوڵەت بۆ نەتەوەیەك دروست بکات. بۆیە ئەمە دەبێت بنەمای بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانەمان بێت دەربارەی خەونی سەربەخۆیی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی زۆر شەرمنانەی نواند لە پاڵ ئەو مافە شەرعییە و ڕەوایەی خەڵکی کوردستان، پێش ئەوەی باس لە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەم، پێم باشە باس لە دوو خاڵی گرنگ بکەم، کە زامنی گەیشتنە بە خەونی سەربەخۆیی و پاراستنی دەستکەوتەکانمانن، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر بەگرنگییەوە لەم پرسانە بڕوانێت. یەکەم، شەرعییەتی ناخۆیی کە خۆی دەبینێتەوە لە حوکمڕانی باش و بەهێزکردنی دامەزراوەکان و شەفافییەت و دیموکراسی و خزمەتگوزارییەکان، خاڵی دووەم، پشتگیري نێودەوڵەتییە، بێگومان ئەم خاڵە پەیوەندی بەخاڵەکەی پێش خۆیەوە هەیە، پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، لە چوارچێوەی ئەو جیوپۆلەتیکە هەستیارەی کە هەیەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری نێودەوڵەتی نەبێت، تووشی گرفتی گەورە دەبێتەوە، لە زۆربەی بوارەکانیشدا پشتگیری نێودەوڵەتی یارمەتیدەرێکی باشی هەرێمی کوردستان بووە.

سەبارەت بە ڕیفراندۆم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی ئیحراجییەتێکی زۆر بوون، بەرامبەر هەموو ئەو بانگەشە و جاڕنامانەی کە باسی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی دەکرد، پشتگیرییەکی باشی هەرێمی کوردستانیان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی باڵا هەوڵیان دەدا ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی نەکرێت، بەنموونە نامەکەی تلێرسۆن بۆ سەرۆك بارزانی، هەندێ بەڵێنی تیدابوو، بەڵام

هیچیـان گەرەنتـی نەکرابـوون، جگـە لـەوەش تیایـدا هاتـووە، ئەگـەر عێـراق پابەنـدی ئـەم خاڵانـە نەبـوو، ئـەوە بەڵێـن دەدەیـن سـاڵی داهاتـوو هـاوکار بین لـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم، بـەڵام هـەروەك وتـم، ئەگـەر بـە ڕوانگەیـەكی شۆڕشـگێڕانە و کوردانـە و مافـێکی شـەرعی و نەتەوەیـی بڕوانینـە ڕیفرانـدۆم، یـانی چـی ئەگـەر حکومـەتی عێـراق باشـبوو لەگـەڵ کـورد ئـەوا ڕیفرانـدۆم نەکرێـت، بابەتەکـە پەیوەنـدی بەبـاش و خراپـی حکومەتـەکانی بەغـداوە نییـە لەگـەڵ کـورد، بابەتەکـە ئەوەیـە ڕیفرانـدۆم پرسـێکی ڕەواو شـەرعییە، یـانی ئەگـەر حکومـەتی بەغـدا باشـیش بـێ لەگـەڵ کـورد و هەمـوو داخوازییـەکانی کـورد جێبەجێـش بـکات بـە مـاددەی ١٤٠یشـەوە، هـەر نابێـت کـورد دەسـتبەرداری سـەربەخۆیی بێـت. (کەواتـە، ئەگـەر خـودی ئەنجامـدانی ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆیی ئەوەنـدە گرنـگ نەبووایـە لـە مێـژووی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـەك ئـەوە دەوڵەتـە زلهێـزەکان هەوڵیـان نـەدەدا ئـەم ڕیفراندۆمـە سـەرنەگرێت، بـەڵام ئیرادەی گـەل و ئیرادەی سـەرۆك بـارزانی لەمەشـیاندا سـەرکەوتوو بـوو، یەکەمجـار بـوو لـە مێـژوودا کـورد بەهەمـوو جیهـان بڵێـت، ئێمـە هەیـن و خۆمـان بڕیـار لـە چارەنـوسی خۆمـان دەدەیـن). خاڵـێکی گرنـگ هەیـە لێـرە کاتێـك کـورد، یـەك دەنـگ و یەکڕیـز بـوو تـوانی بـە ئاسـانی لـە پێـش چـاوی هەمـوو دونیـا ڕیفرانـدۆم ئەنجـام بـدات و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش نەیانتـوانی ڕایبگـرن.

هەڵوێسـتی هێـزە ئیقلیمیەکانیـش دەربـارەی ڕیفرانـدۆم زۆر خـراپ بـوو، گەمارۆیـەکی زاڵمانـە لەلایـەن هەرسـێ دەوڵـەتی عێـراق و ئێـران و تورکیـاوە خرایـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، سـەرکردەی ئـەم سـێ دەوڵەتـە لـە ئاسـتی بـاڵا لـە تەهـران کۆبوونـەوە. ئـەوان هـەر بزوتنـەوە و جووڵەیەکـی کـورد بـە هەڕەشـە لەسـەر ناسـنامەی خۆیـان دەزانـن. لای ئـەوان گەشەسـەندنی کـورد لـە هـەر بوارێـك بـە ئەمنـی کـراوە و بـە هەڕەشـە بـۆ سـەرخۆیان تێدەگـەن، پـاش ڕیفرانـدۆم بـە هـۆی داخسـتنی فڕۆکەخانـەکان و سـنوورەکان و هێـرشی نـاڕەوای حکومـەتی عێراقـی بۆسـەر ناوچـە دابڕێنـدراوەکان بارودۆخـی هەرێمـی کوردسـتانی خسـتبووە حاڵەتـێکی زۆر ئاڵـۆزەوە، بـەڵام بـە ئیرادەیـەکی شۆڕشـگێڕانەی سـەرۆك بـارزانی و پێشـمەرگە قارەمانـەکان داسـتانی پردی و سحێلا ڕوویدا و بۆیەکەمجـار ئەبرامـزی ئەمـریکی بەدەسـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان تێکشـکێنرا.

نابێت ئەوەمان لە بیربچێت هێرشی سوپای عێراقی بۆسەر ناوچە دابڕێندراوەکان پلانی تەواوی بۆ داڕێژرابوو، ڕیفراندۆم بکرایە یان نا، ئەوان ئەو هێرشەیان دەکرد. چونکە پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هێزێکی زۆریان لە سنوورەکانی کەرکووك کۆکردبۆوە و ئەوان نیازیان تەنیا گەڕانەوەی پێشمەرگە نەبوو بۆ ئەو ناوچانەی ئێستا لێیدان، نیازیان ئەوە بوو شتێك نەهێڵن بەناوی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەروەك وتم نەیانتوانی و لە پردێ و سحێلا تیکشکێنران.

## هۆکاری نێوخۆیی و پەرتەوازەبوون و خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر

ئیمانوێل کانت لە جیاوازی نێوان ئەخلاق و یاسادا، باس لەوە دەکات "لەیاسادا مرۆڤ کاتێك تاوانبارە کە تاوانێك ئەنجام دەدا، بەڵام لە ئەخلاقدا کاتێك بیر لە ئەنجامدانی تاوانێك دەکاتەوە". دەبێ چ شتێك لەوە قێزەونتر هەبێت بیر لە خیانەتی نشتیمانی بکەیتەوە و ئەنجامیشی بدەیت، بە پێی هەردوو پێوەری یاسایی و ئەخلاقی تۆ تاوانباریت. بێ دوو دڵی ئەمە بۆ هەموو ئەوانە ڕاستە کە دژی ڕیفراندۆم و وسەربەخۆین و لە دڵیشیاندا دژایەتی ئەو پرسە دەکەن، بەتایبەت کاتێك کورد ئەنفال و کیمیاباران و جینیوسایدی بینیووە.

١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی پر لە ئازار و یادەوەریەکی تاڵە لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کورددا، کە هەموو کوردێکی نەتەوەیی و بەئەخلاقی تەزاند. ئەگەر ئەو خیانەتە نەبووایە دڵنیام ئێستا بارودۆخی کوردستان و دەرەنجامەکانی لە ئێستا باشتر دەبوو، ڕەنگە ئەگەر کورد لە پشتگیریکردن لە دەرەنجامەکانی ڕیفراندۆمیش یەك دەنگ بووایە، دیسانەوە هیچ کەس نەیدەتوانی بەو شێوەیە دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات، هەروەکو نەیانتوانی بە دەیەها فشار ڕێگری لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکەن، ئەگەر کورد یەکڕیز و یەکگرتوو بووایە، ڕەنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش قسەیەکی تری هەبووایە و پشتگیری زیاتری هەرێمی کوردستان بکەن. بۆیە لە پرێس کۆنفرانسێك لە سەرۆك ترەمپیان پرسی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی بۆچی پشتگیری کوردتان نەکرد؟ ئەو گوتی برا کوردەکانمان خۆیان شەڕیان نەکرد، ئەگەر شەڕیان کردبا ئێمە تەماشای بارودۆخەکەمان دەکرد و دەستێوەردانمان دەکرد. وەڵامەکەی ترەمپ زۆر بەسادەیی بریتیە لەوەی

کاتێـك خـۆت شـەڕ بـۆ مافەکانـت ناکـەی، ئێمـە چیـت بـۆ بکەیـن.

ئەگـەر ١٦ئۆکتۆبـەر نەبووایـە بێگومـان بارودۆخـی ناوچـە کوردسـتانییەکان و کەرکـووك ئـاوا وەك ئـەم شـێوازەی ئێسـتا خـراپ نەدەبـوو، تەعریبـی نـوێ دەسـتی پـێ نەدەکـردەوە، دەسـت بەسـەر زەوی جوتیـاران نـەدەگیرا، شـەڕی دەروونی لەگـەڵ پێکهاتـەکان، جگـە لـە عـەرەب نەدەکـرا. ١٦ی ئۆکتۆبـەر جگـە لـەوەی خیانەتـێکی نشـتیمانی بـوو، بـەڵام بەرهەمـی ئـەو دەرەنجامـە بـوو کـە کۆمەڵێـك هێـز نەیاندەویسـت هێزەکانیـان لـە چوارچێـوەی وەزارەتی پێشـمەرگە ڕێکبخریـت، سـەرەڕای هەوڵـەکانی سـەرۆك بـارزانی لـە ڕابـردوودا بـۆ ئـەو مەبەسـتە، بـەڵام دیاربـوو هەندێـك هێـز بەرژەوندییـان لـەوەدا نەبـوو. بۆیـەش ئەمجـارە سـەرۆك بـارزانی خـۆی لـە بانگەشـەی هەڵبـژاردنی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان دا، جەختـی لەسـەر یـەك هێـزی پێشـمەرگە یـەك حکومـەت یـەك پەرلەمـان کـردەوە، ئەمـەش ڕێگـە ڕاسـتەکەیە بۆئـەوەی ١٦ی ئۆکتۆبـەرێکی تـر دووبـارە نەبێتـەوە.

سـەرەڕای خیانـەتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر و بێدەنگـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و دژایەتییـەکی سـەختی هێـزە ئیقلیمیـەکان، دووبـارە هەرێمـی کوردسـتان تـوانی لەسـەر پێـی خـۆی ڕاوەسـتێ و هەمـوو ئاڵەنگارییـەکان تێکبشـکێنێ و هەرێمـی کوردسـتان بـە بەهێـزی بهێڵێتـەوە. حیکمـەت و کاریزمایـی سـەرۆك بـارزانی و ئیرادەی گەلەکەمـان نـەك وایکـرد، هەرێمـی کوردسـتان بـە پێگەیـەکی بەهێـزەوە بگەڕێتـەوە نێـو کایـەی نێودەوڵـەتی، لـە ئێسـتادا و پـاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبـەر و گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـە ڕۆژ بـەڕۆژ کـورد لـە خـەونی سـەربەخۆیی و گەیـشتن بـە ئامانجـەکانی ڕیفرانـدۆم نزیـکتر دەبێتـەوە. ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان بۆتـە پەناگـە و ماڵـێکی ئـارام بـۆ کـوردی ناوچـەکانی تریـش، بـۆ نموونـە هـەر ئێسـتا کـە مـن ئـەم دێرانـە دەنووسـم لـە ٢٤ی ٤ی ٢٠٠٥ بەڕێـز مەزڵـوم عەبـدی وەك خـاوەن مـاڵ و خانەخـوێ لـە هەولێـر پێشـوازی لـە میوانـە بیانییـەکان دەکات، هــەر بۆنموونــە، پێشــوازییان لــە ژان نوێــل بــارۆ، وەزیــری دەرەوەی فەرەنســا لـە هەولێـر کـرد. کەواتـە، هەرێمـی کوردسـتان لـە ئێسـتادا پێگەیـەکی گەورەتـری هەیـە لـەوەی تەنیـا هەرێمێـك بێـت، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە، هەرێمـی کوردسـتان، بریتیـە لـە هەرێمێـك و بـەم شـێوازە بۆتـە پەناگـە بـۆ هەمـوو کـوردی ناوچەکـە. ئـەی ئەگـەر دەوڵـەت بووایـە! بۆیـە دەبێـت خـەونی سـەربەخۆیی و بنەمـای بیرکردنـەوەی

شۆڕشــگێڕمان بێــت و نەوەکانمــانی لەســەر پــەروەردە بکەیــن، لــە قوتابخانەکانــەوە گرنگــی دروســت بــوونی دەوڵــەتی کــوردی بــە بیرو هــزری نەوەکانمــان ئاشــنا بکەیــن، بــۆ ئــەوەی ئەوانیــش شــانازی بــە ڕیفرانــدۆم بکــەن وەك شۆڕشــێکی مــەدەنی و ئاشــتیخوازی و کار بــۆ جێبەجێکــردنی دەرەنجامەکــەی بکــەن.

**دکتۆرا لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- شێرزاد نەجار. (٢٠٢١). چۆن سیاسیانە بیربکەینەوە. هەولێر: کۆڤاری گوڵان.
- عەدنـان مەجیـد. (٢٠٢٣). ڕەهەنـدەکانی پشـت ناردنـە دەروەی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ کۆبانـێ. ئیسـماعیل حەسـاف، سـەنگەر حاجـی، عەدنـان مەجیـد محمـد، کۆبانـێ بەرگـری نەتەوەیـەك، چـیرۆکی یەکگرتوویـی و هێـزە کوردییـەکان (الصفحـات ١٠٩-١٧٠). هەولێـر: ئینسـکلۆپیدیای پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان.
- مەحمـود، ك. (٢٠٢٥). تێکۆشـانی نشـتیمانی و مـافی بڕیـاردانی چارەنـوسی گـەلی کوردسـتان. هەولێـر: ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان.
- مەسعود بارزانی. (٢٠٢٠). بۆ مێژوو (چاپی دووەم ). هەولێر: ڕۆکسانا.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- ارسـطو. (١٩٨٠). في السياسـة (الإصـدار ٢). (الاب اوغسـطين باربـارة البولـسي، المترجمون) بـيروت: اللجنـة الدوليـة لترجمـة الروائع الانسـانية.
- الجزيـرة. (١٧ ١، ٢٠٢٤). الجزيـرة. تاريـخ الاسـترداد ١١ ٢، ٢٠٢٥، مـن شـارل ديغـول مهنـدس الجمهوريـة الفرنسـية الخامسـة:

https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2014/12/28/%D8%B4%D8%A7%D8%B1%D9%84-%D8%AF%D9%8A%D8%BA%D9%88%D9%84

- خنسـاء زكي. (٢٠٢٣). دور المستشـار الالمـاني في تحقيـق وحـدة المانيـا (١٨٤٨-١٨٩٠). برلـين: مركـز الديموقراطـي العـربي للدراسـات الاسـتراتيجية و السياسـية و الاقتصاديـة.
- شـيرزاد نجـار. (٢٠٢٢). في العلاقـه بـين عمليـة بنـاء الدولـة وتحقيـق الدولـة القويـه مـن منظـور مفكـر فوكوياما. انـكي، ٤، ٨٨-١١٩.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


- (2025). ANNUAL THREAT ASSESSMENT Of the U.S. Intellegence Comunity.
- Francis Fukuyama. (2006). Nation-Building Beyond Afghanistan and Iraq. Newyork : The Johns Hopkins University Press.
- Harold D. Lasswell. (1936). Politics who gets what ،when ،how. internetarchive-books; inlibrary; printdisabled.
- Karl W. Deutsch. (1963). The nerves of government: Models of political communication and control. New York : The Free Press.
- LEONARD ،et al. BINDER. (1971). Crises and Sequences in Political Development. (SPD-7). Princeton University Press JSTOR ،http://www.jstor.org/stable/j.ctt13x1fh2.
- LEONARD ،JOSEPH LA PALOMBARA ،Leonard Binder ،James S. Coleman، Joseph LaPalombara ،Lucian W. Pye ،Sidney Verba ،and Myron Weiner. Crises and Sequences in Political Development. (SPD-7). Princeton University Press، 1971. http://www.jstor.org/stabl BINDER.(بلا تاريـخ).
- Peter Galbraith. (2006). The End of Iraq. New York: The Bath Press.
- Ralph Peters. (1 6، 2006). Blood Borders تاريـخ الاسـترداد ٤ ٢، ٢٠٢٤، مـن .Armed Forces Journal : http://armedforcesjournal.com/blood-borders/
- Sanh Shareef Qader. (2022). The constitutionality of the Iraqi Kurdistan Region's Referendum to secede. QALAAI ZANISTSCIENTIFIC JOURNAL.٩٧١-٩٥٢ ،(4)٧،
- Volker Perthes. (25 5، 2015). The End of the Middle East as We Know it تاريخ الاسترداد. ٤، ٣ ٢٠٢٤، مـن The Swedish Inistitute for International Affiars: https://www.ui.se/english/events/previous/2015/may/the-end-of-the-middle-east-as-we-know-it/


# بەشی دووەم

## ڕاگەیێندراو، پەیام و وتارەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە بانگەشەی ڕیفراندۆمدا

# ڕاگەیێندراوەکان

## ڕاگەیێـندراوی کۆبوونـەوەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و پارتـە سیاسـییەکانی نـاو حکوومـەت و پەرلەمـان

### ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دیاری کرا



ڕۆژی چوارشـەممە ٧ــی ٦ــی ٢٠١٧ لە سـەلاحەدین نوێنەرە باڵاکانی پارتە سیاسـییەکانی نـاو پەرلەمـان و حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە ئامادەبوونـی جێگـری سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکوومـەت و سـەرۆك و جێگـری کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانـی کوردسـتان لەگـەڵ بەڕێـز مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کۆبوونـەوە.

لە کۆبوونەکەدا بە تێروتەسەلی بابەتی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی تاوتوێ کرا و ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر پێویستیی ڕیفراندۆم و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم و بارودۆخی زاتی و مەوزووعیی هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە بـە تێکـڕای دەنـگ لەسـەر ئـەم خاڵانـە ڕێککەوتـن:

**یەکـەم:** ڕۆژی ٢٥ی ئەیلولـی ٢٠١٧ وەك ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم دیـاری کـرا.

**دووەم:** هـەر لـە ڕۆژی کۆتایـی کۆبوونەوەکـە هەتـا کاتـی بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم لایەنـەکان کار بـۆ کاراکردنـەوەی پەرلەمـان و چارەسـەرکردنی کێشـە سیاسـییەکان بکـەن، ئەوەیـش لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی کۆدەنگیـی نیشـتیمانی.


**سێیەم:** جەخت لەسەر چاککردنەوەی بژێویی ژیانی خەڵك و ئاوڕدانەوە لە کێشە ئابوورییەکانی هاووڵاتیانی کوردستان و مووچەخۆر و چینوتوێژەکان و خەڵکی کەمدەرامەت کرایەوە.

**چـوارەم:** بڕیـار درا بـە پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـە سـەرۆکایەتی بەڕێـز مەسـعود بارزانـی. هەروەهـا بڕیـار درا هەتـا ڕێکەوتـی ١٢ــی ٦ــی ٢٠١٧ پارتـە سیاسـییەکان نوێنـەری خۆیـان بـۆ بەشـداربوون لـە چەنـد کۆمیتـەی تایبـەت بـە ڕیفرانـدۆم و دوای ڕیفرانـدۆم دیـاری بکـەن.

- پارتی دیموکراتی کوردستان
- یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
- بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
- حزبی شیوعیی کوردستان
- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
- پارتی چاکسازیی پێشکەوتووی کوردستان
- لیستی هەولێری تورکمانی
- بەرەی تورکمانیی عێراق
- پارتی گەشەپێدانی تورکمان
- لیستی ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان
- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری
- ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری

# ڕاگەیێنـدراوی کۆبوونـەوەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و نوێنـەرە باڵاکانـی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی دەرەوەی پەرلەمـان

## جەختکردنەوە لەسەر خستنەگەڕی هەموو تواناکانیان بۆ سەرخستنی ڕیفراندۆم



ڕۆژی شـەممە ١٠ــی ٦ــی ٢٠١٧ لـە سـەڵاحەددین بـە مەبەسـتی تاوتوێکردنـی بڕیـاری دیاریکردنـی ڕۆژی بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم و هەروەهـا ئاڵوگۆڕکردنـی بیـروڕا لەبـارەی پرۆسـەی سیاسـیی هەرێم، نوێنەر و بەرپرسـە باڵاکانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمـان لەگـەڵ بەڕێـز مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کۆبوونـەوە.

لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامادەبـووان دوای گفتوگۆیەکـی چڕوپـڕ و بـە لەبەرچاوگرتنـی بارودۆخـی دەولـی و ئـەو قوربانیـدان و ئەزموونانـەی گەلـی کوردسـتان لـە خەباتـی خۆیدا هەیبـووە، پشـتگیریی تـەواوی خۆیـان بـۆ پرۆسـەی ڕیفراندۆم و بڕیـاری دیاریکردنی ٢٥ــی ئەیلوولـی ٢٠١٧ بـۆ ڕیفرانـدۆم ڕاگەیاند. پارتـە بەشـداربووەکانی کۆبوونەوەکـە جەختیـان لـەوە کـردەوە کـە هەمـوو تواناکانیـان بـۆ سەرخسـتنی ڕیفرانـدۆم دەخەنەگـەڕ، داوایشـیان


کـرد کـە نوێنەرەکانیـان ڕۆڵیـان لـە کۆمیتـە و کاروبـاری بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم هەبێـت.

بەڕێـز سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانیش ئـەوەی بـۆ ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە ڕوونکـردەوە کـە بڕیـاری بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم بابەتێکـی مێژووییـە و یەکلاییبووەتەوە و پەیوەسـتە بـە ژیانـی تـاك تاکـی خەڵکـی کوردسـتان و هیوایشـی خواسـت هەمـوو لایەك بـە گڕوتینـەوە بەشـدار بـن.

- یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
- پارتی نەتەوەیی کوردستان
- بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان
- پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان
- بزووتنەوەی ڕزگاریی دیموکراتی کوردستان
- حزب بيت النهرين الديموقراطي
- حزب الاتحاد الديموقراطي الكلدانی
- سەرۆکی ئەنجوومەنی نەتەوەیی کلدان
- پارتی نیشتیمانی ئاشووری
- یەکێتیی بیت النهرینی نیشتیمانی
- مینبەری دیموکراتی کلدانی
- بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان
- بزووتنەوەی تورکمانی بێلایەن
- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمانن لە کوردستان
- پارتی گەلی تورکمان
- کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان
- پارتی ڕزگاری نەتەوەیی تورکمانی

## ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

### حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم فەراهەم دەکات



ڕۆژی شەممە ٨ـی ٧ـی ٢٠١٧ لە پیرمام یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەشداری نوێنەری پارتە سیاسی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەندام لەو ئەنجوومەنە بەڕێوەچوو.

دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکان و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پڕۆسەی سیاسیی ناوخۆی هەرێم، بڕیار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە درا:

**یەکەم:** پابەندبوونی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی ٧ـی حوزەیرانی ٢٠١٧ سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی ٢٥ـی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چارەسەرکردنی پڕۆسەی سیاسیی هەرێم و هەوڵدان بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵك.

**دووەم:** بۆ هەنگاونانی پراکتیکی لە ئامادەکاری لەسەرجەم بوارەکانی ڕیفراندۆم هەیکەلیەتی کاری ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و کۆمیتە فەرعییەکان دیاری کرا.


**سێیەم:** حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم فەراهەم دەکات.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٨ـ ٧ـ ٢٠١٧**

## ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

### بڕیاری ڕاسپاردنی بەڕێزان مەسعود بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی درا بۆ پێکهێنانی شاندی دانوستان لەگەڵ بەغدا



ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ـی٧ـی٢٠١٧ لە پیرمام کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی و بەشداریی بەڕێزان کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەری پارتە سیاسی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەندام لەو ئەنجوومەنە بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان، بەشدار بوو و وردەکارییە تەکنیکییەکانی کۆمسیۆنی بۆ ئامادەکاریی ڕیفراندۆم لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆیدا خستەڕوو و ئامادەیی تەواوی کۆمسیۆنی بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ڕۆژی ٢٥ـی ئەیلوولی ٢٠١٧ ڕاگەیاند.

دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکان و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی هەرێم، بڕیار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە درا:

**یەکەم:** کۆبوونەوەکە بڕیاری دا بە ڕاسپاردنی بەڕێزان مەسعود بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بۆ پێکهێنانی شاندی دانوستان لەگەڵ بەغدا.

**دووەم:** کۆبوونەوە بڕیاری دا لە ماوەی دوو هەفتە دا پەرلەمانی کوردستان دەست بە

کار بـکات بـۆ چارەسـەری کێشـەکان و پشـتیوانیی لـە ڕیفرانـدۆم.

**سـێیەم:** لەبـارەی پڕەنسـیپەکانی پێکهاتـە و سـکرتارییەتی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بیروبۆچـوون ئاڵوگـۆڕ کـرا.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٢٠١٧ـ٧ـ٣٠**

## ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

### بڕیاری پێکهێنانی شاندێکی دانوساندن لەگەڵ بەغدا پەسەند کرا



لە درێژەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، ڕۆژی دووشەممە ٧ـی ٨ـی ٢٠١٧ لە سەلاحەدین و بەسەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتە سیاسییەکان و هەڵوێستە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان تاوتوێ کرا و هەڵسەنگاندنی بۆ کرا.

هەروەها بڕیاری پێکهێنانی شاندێکی دانوساندن لەگەڵ بەغدا پەسەند کرا و ئەجێندا و بەرنامەی کاری شاندەکەیش بڕیاری لەسەر درا.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٧ـ ٨ـ ٢٠١٧**

# ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

## هێڵە گشتییەکانی دانوساندنی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دیاری کرا



ڕۆژی شەممە ١٢ـی ٨ـی ٢٠١٧ لە سەڵاحەدین بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم کۆبۆوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەردانی چاوەڕوانکراوی شاندە باڵاکەی هەرێم بۆ بەغدا بە مەبەستی دانوساندن لە مەڕ پرسە سیاسییەکان و ئایندەی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا تاوتوێ کرا و هێڵە گشتییەکان و ناوەڕۆکی دانوساندنەکانیش دیاری کرا.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**١٢ـ ٨ـ ٢٠١٧**

# ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

## ڕیفراندۆم هیچ کاریگەریی نەرێنی لەسەر شەڕی داعش نابێت



ڕۆژی چوارشـەممە ٢٣ـی ٨ـی ٢٠١٧ لـە سـەڵاحەددین ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم بـە سەرپەرشـتیی بەڕێـز مەسـعود بارزانـی و بـە ئامادەبوونـی بەڕێـز کـۆسرەت ڕەسـوڵ عەلـی کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی بەسـت.

لـە کۆبوونەوەکـەدا ناوەڕۆکـی سـەردانەکەی وەزیـری بەرگریـی ئەمەریـکا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و هەڵوێسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان لەمـەڕ ڕیفرانـدۆم تاوتـوێ کـرا و دوای گوێگرتـن لـە ڕاپـۆرت و دەرئەنجامـی گفتوگۆکانـی شـاندنی دانوسـاندنکاری هەرێمـی کوردسـتان حکوومـەت و لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق و باڵیۆزخانـەکان لـە بەغـدا، کۆبوونەوەکـە بـەو دەرئەنجامانـەی خـوارەوە گەییشـت:

**یەکـەم:** کۆبوونەوەکـە پێزانینـی بـۆ کار و ئـەدای یەکگرتـووی شـاندی دانوسـاندنکار لـە بەغـدا هەبـوو و جەختـی لـە بەردەوامیـی گفتوگـۆ و دانوسـاندن لەگـەڵ بەغـدا کـردەوە لەبـارەی ڕیفرانـدۆم و ئایینـدەی پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێـم و بەغـدا.

**دووەم:** دروسـتکردنی کۆمیتـە و ڕێوشـوێنە پڕاکتییەکانـی پڕۆسـەی ڕیفرانـدۆم خێراتـر بکرێـت بـۆ ئەنجامدانـی لـە وادەی خۆیـدا و، ڕاگەیانـدن و توانـای حزبـەکان بـۆ پاڵپشـتیکردنی ڕیفرانـدۆم هەماهەنـگ بـن.

**سێیەم:** کۆبوونەوەکە پشتگیریی خۆی دووپاتکردەوە لە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ چاکسازی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ باشترکردنی مووچە و باری گوزەرانی هاووڵاتیان.

**چوارەم:** ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم وێڕای جەختکردنەوە لە مافی ڕەوای گەلی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووس، تێگەیشتنی تەواوی بۆ هەڵوێستی نێودەوڵەتی هەیە لە بەرانبەر ڕیفراندۆم و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ڕیفراندۆم هیچ کاریگەریی نەرێنی لەسەر شەڕی داعش نابێت و گەلی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی شەڕی تیرۆر دەمێنێتەوە و لە شەڕی تیرۆردا ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگی و گفتوگۆیە لەگەڵ هاوپەیمانانـدا.

**پێنجەم:** کۆبوونەوەکە بڕوای تەواوی بە شەراکەتی ڕاستەقینەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان هەیە و پشتگیریی هەموو جۆرە گەرەنتییەك دەكات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

**شەشەم:** پێکهێنان و ناردنی شاندی دانوساندنکار بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهان بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم.

**حەفتەم:** لە ماوەیەکی نزیکدا کۆنفرانسێك بۆ نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان ساز بکرێت لەسەر پرەنسیپە دیموکراتییەکان و مافی چارەی خۆنووسین.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٢٣ـ ٨ـ٢٠١٧**

# ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

## کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و نیشتمانی بوو



ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ٩ی ٢٠١٧ لە سەلاحەدین ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی و ئامادەبوونی بەڕێز کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی و ئامادەبوونی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست.

لە کۆبوونەوەکەدا پێشهاتە سیاسییەکان و دوایین هەڵوێستی ناوخۆ و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەروەها سەردانەکەی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان ڕێککەوتنی مێژوویی نێوان پارتی و یەکێتی لە ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستانیان بەرز نرخاند و بە هەنگاوێکی گرنگ و نیشتیمانی و مێژوویی وەسفکرا و ئومێدی ئەوە خوازرا کە ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان.

کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم دوای ڕاگۆڕینەوە و گوێگرتن لە تێبینی و پێشنیاری لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان و هەروەها خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ڕێوشوێنە پراکتیکییەکانی پرۆسەی ڕیفراندۆم لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەییشت:

**یەکـەم:** ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم جەخـت لـە ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم لـە وادەی دیاریکـراوی خـۆی لـە ٢٥ـی ئەیلوولـی ٢٠١٧ لـە هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان دەکاتـەوە و هەمـوو ئـەو دەنگۆ و پڕۆپاگەندانـە ڕەتدەکاتـەوە کـە بـاس لـە دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم دەکـەن.

**دووەم:** کۆبوونەوەکـە بـە ڕەچاوکردنـی دۆخـی هەسـتیاری کوردسـتان جەختـی لـە پێویسـتی یەکڕیـزی و هاودەنگیـی نیشـتیمانی و هەماهەنگیـی نێـوان هێـزە سیاسـییەکان بـۆ هەڵمەتـی هاوبەشـی بانگەشـە بـۆ ڕیفرانـدۆم کـردەوە.

**سـێیەم:** کۆبوونەوەکـە تەئکیـدی لـە پـاراستن و ڕەچاوکردنـی مـاف و داواکاریـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینییەکانـی کوردسـتان لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا کـردەوە و دەرئەنجامـی کۆبوونەوەکانـی لیژنـەی تایبـەت بـە زەماناتـی پێکهاتـەکان خرایـە بـەر بـاس و داوا لـە سـکرتاریەتی ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم کـرا کـە داواکارییـەکان یەکبخـات و کۆبوونەوەکـە پاڵپشـتیی خـۆی بـۆ داواکاریـی پێکهاتـەکان دەربـڕی.

**چـوارەم:** حـزب و لایەنەکانـی بەشـدار لـە ئەنجوومەنـی باڵای ڕیفرانـدۆم ڕێککەوتـن کـە ڕۆژی پێنجشـەممە ١٤ـی ٩ـی ٢٠١٧ پەرلەمانـی کوردسـتان کارا بکرێتـەوە و دانیشـتنی ئاسـایی خـۆی دەسـت پـێ بکاتـەوە.

**پێنجـەم:** ئەنجوومەنـی باڵای ڕیفرانـدۆم پشـتیوانی تـەواوی خۆی بـۆ ئیجرائـات و هەنگاوە پراکتیکییەکانـی کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی بـۆ پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم دووپـات دەکاتـەوە و داوایـش لـە حکوومـەت و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان دەکات کـە هـاوکاری کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـن.

**شەشـەم:** ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم داوا لـە ڕێکخـراوە بیانییـەکان و ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی دەکات کـە بەشـدار بـن لـە چاودێریکردنـی پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

# ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

## بڕیاری بڵاوکردنەوەی هەردوو پرۆژەی مافی پێکهاتەکان و ڕاگەیاندنی پرەنسیپی گشتیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان درا



ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی٩ی٢٠١٧، لە سەلاحەددین، ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتە سیاسییەکان و نوێترین هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عێراق هەڵسەنگێندران.

**کۆبوونەوەکە گەیشتە ئەو بڕیارانە:**

**یەکەم:** لەبەر ئەوەی هێشتا ئەو بەدیلەی کە جێگەی ڕیفراندۆم بگرێتەوە نەگەیشتووە و کاتی گونجاویش نەماوە، ئەگەر گرێنتیی تەواو بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدرێت، ڕیفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بەڕێوەدەچێت.

**دووەم:** بڕیار درا کە بەهەموو شێوەیەک دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە و کاتی پێویستی پێ بدرێت.

**سێیەم:** کۆبوونەوە بڕیاری دا کە بۆ ڕوونکردنەوەی دوایین هەڵوێست، شاندی دانوستانکاری ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، ڕۆژی شەممە ٢٣ی٩ی٢٠١٧ سەردانی بەغدا بکاتەوە.

**چوارەم:** ئەنجوونی باڵای ڕیفراندۆم بڕیاری دا، سکرتارییەتی ئەنجوومەنی باڵا، هەردوو پرۆژەی مافی پێکهاتەکان و ڕاگەیاندنی پرەنسیپی گشتیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، پێش ٢٥ی٩ی٢٠١٧، بڵاو بکاتەوە.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## ڕاگەیێندراوێك لە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆمەوە

### ڕیفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆی ئەنجام دەدرێت



لـە ژمارەیـەك میدیـا و دەزگـەی ڕاگەیانـدن، لەسـەر بنەمـای نووسـینێکی بەڕێـز باقـڵ تاڵەبانـی دەنگـۆی ئـەوە بڵاو کراوەتـەوە کـە گوایـە پارتـی و یەکێتـی پاکێجـی ڕێکخـراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و ئەمەریــکا و فەڕەنســا و بەریتانیایــان پەســەند کــردووە و ڕیفرانــدۆم ئەنجــام نادرێــت.

بـە گشـت لایـەك ڕادەگەیێنیـن کـە ئـەم هەواڵـە هیـچ ئەساسـێکی نییـە و دوورە لـە ڕاسـتی و ڕیفرانـدۆم لـە کاتـی دیاریکـراوی خـۆی ئەنجـام دەدرێـت.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٢٣-٩-٢٠١٧**

## ڕاگەیێندراوی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم

### بە یەکڕیزی بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبین



ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی٩ی٢٠١٧ لە سەلاحەدین ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی کۆبۆوە.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا باسی دوایین پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کرا و بەڕێز مەسعود بارزانی باسی ئەو کۆبوونەوە و پەیوەندییانەی کرد کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان هەبووە.

دواتر شاندی کوردستان کە ڕۆژی ٢٣ی٩ی٢٠١٧ سەردانی بەغدایان کردبوو، ئەنجامی سەردانەکە و گفتوگۆیان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان خستەڕوو و ڕوونیان کردەوە کە بەغدا بەهیچ شێوەیەک، ئێستا و لە داهاتووشدا، ڕیفراندۆم قبوڵ ناکات و بە تەواوی دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوون و دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز سەرۆککۆماری عێراق و هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکانیشیان ڕەت کردۆتەوە و ئامادە نەبوون لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان هیچ گفتوگۆیەک بکەن.

شاندەکە ئەوەشی خستەڕوو کە بە لایەنە سیاسییەکانی عێراقیان ڕاگەیاندووە کە

ئـەوە بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە و ڕیفرانـدۆم لەکاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا، لـە هەرێمـی کوردسـتان و تـەواوی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، بەڕێوەدەچێت.

دواتـر لیژنـەی ئامادەکردنـی بەڵگەنامـەی سیاسـیی گرێنتیکردنـی مافـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینییـەکان، بەڵگەنامەکـەی خسـتەڕوو.

هـەر لـە کۆبوونەوەکـەدا تەئکیـد کرایـەوە کـە کوردسـتان لـە ڕۆڵـی کاریگـەری خـۆی لەچوارچێـوەی هاوپەیمانێتیـی نێودەوڵەتیـی دژی داعـش بـەردەوام دەبێـت و هـاوکاری و هەماهەنگیـی نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق دژی تیـرۆر درێـژەی دەبێـت.

دوای شـی کردنـەوەی سـەرجەم پێشـهات و هەڵوێسـتەکان، کۆبوونەوەکـە ئـەم بڕیارانـەی دا:

**یەکـەم:** ڕۆژی دووشـەممە ٢٥ـی٩ـی٢٠١٧، ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان و تـەواوی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بەڕێـوە دەچێـت.

**دووەم:** کۆبوونەوەکـە، بەڵگەنامـەی سیاسـیی گرێنتیکردنـی مافـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینییەکانـی پەسـند کـرد و دەستخۆشـیی لـە لیژنـەی ئامـادەکاری بەڵگەنامەکـە کـرد.

**سـێیەم:** دوای ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم، دەرگای گفتوگـۆ لەگـەڵ عێـراق کـراوە دەبێـت. بـە ئەجێندایەکـی کـراوەوە و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و سـەرجەم بابەتـەکان بـۆ بـوون بـە دوو دراوسـێی بـاش.

**چـوارەم:** ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم دەستخۆشـیی لـە سـەرجەم لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان کـرد بـۆ بڕیـاری ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم و سـووربوونیان و یەکڕیـزی و هاوهەڵوێسـتییان بـۆ بـاشتر بەڕێوەچوونـی ڕیفرانـدۆم لەکاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا و جەختیـش کرایـەوە کـە بـە یەکڕیـزی بەسـەر هەمـوو ئاستەنگەکاندا زاڵ دەبیـن.

**ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم**

**٢٤ـ٩ـ٢٠١٧**

## ڕاگەیێندراوێك لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

### پابەندی فەرهەنگ و بەها بەرزەکانی گەلەکەمان بن

دوای بەڕێوەچوونی پڕۆسەی دەنگدانی ڕیفراندۆم داوا لە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان دەکەین لەکاتی دەربڕینی سۆز و شادیی خۆیان پابەندی فەرهەنگ و بەها بەرزەکانی گەلەکەمان بن. خۆیان لە هەر جۆرە تەقەکردن و کردەوەی ناشارستانی و ئیستیفزازی و نایاسایی بپارێزن و ڕەچاوی ئارامیی شارەکان و ئاسوودەیی خەڵك بکەن.


**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**

**٢٥-٩-٢٠١٧**

# کۆبوونەوەکان لەگەڵ چین و توێژ و پارتە سیاسییەکان کوردستان

## سـەرۆك مەسعود بارزانـی لەگـەڵ ئەندامانـی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی شـاندێ بـۆ گفتو گۆ

### گەلی کوردستان نایەوێ چیتر ئەزموونی شکستخواردووی سەد ساڵی ڕابردوو دووبارە ببێتەوە



ڕۆژی پێنجشـەممە ٦ـی ٧ـی ٢٠١٧ لە سـەلاحەددین بەڕێز مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـە مەبەسـتی گفتوگۆکـردن لەبـارەی ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی کوردسـتان پێشـوازی لـە ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتیـی (شـاندێك بـۆ گفتوگـۆ) کـرد کـە پێکهاتبـوو لـە قوتابـی و توێژەرانـی بـواری زانسـتی و فەلسـەفەی سیاسـیی لـە وڵاتانـی ئەوروپـا.

لـەو کۆبوونەوەیـەدا سـەرۆك بارزانـی بـە وردی ئـەو هۆکارانـەی بـۆ ئامادەبووانـی کۆبوونەوەکـە شـی کـردەوە کـە هانـی گەلـی کوردسـتانی داوە بـەرەو ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی هەنـگاو بنێـت و ڕۆشـنایی خستەسـەر مێـژووی گەلـی کوردسـتان لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق و ئـەو نەهامەتییانـەی کـە لـە لایـەن حکوومەتـە یـەك لـە دوای یەکەکانی عێراقـی بەرانبـەر گەلـی کوردسـتان ئەنجـام دراون و ڕایگەیانـد کـە دەوڵەتـی عێراق لەسـەر بنەمـای شـەراکەتی گەلـی کوردسـتان و عێـراق بنیـات نـرا بـەڵام ئـەو شـەراکەتە پێشـێل کرا و بەشـی گەلـی کوردسـتان لـەو شـەراکەتە ئەنفـال و جینۆسـاید و وێرانـکاری و کیمیابـاران بـووە و لـە قۆناغـی دوای ٢٠٠٣ـیش گەلی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی ئارزومەندانـە بڕیاری دا کـە لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق یـەك بگرێتـەوە و ڕۆڵێکـی سـەرەکی بینـی لـە بنیاتنانـەوەی عێـراق و نووسـینەوەی دەسـتوور بـۆ عێراقـی فیدراڵـی و دیموکراتـی بـەڵام بەداخـەوە دەسـتوور پێشـێل کـرا و کار گەیشـتە بڕینـی قووتـی خەڵکـی کوردسـتان و تەنانـەت شـیری منداڵانـی کوردسـتانیش. لـە درێـژەی وتەکانیـدا سـەرۆك بارزانـی ئامـاژەی بـەوەدا کـە بـە

پێچەوانـەی ڕێککەوتنـەکان پێشـمەرگە کـە بەشـێك بـوو لـە سیسـتەمی بەرگریـی عێـراق، لـە لایـەن حکوومەتـی عێراقـی ئابلّوقـەی خرایـە سـەر و لـە سـەرەتای شـەڕی داعشـدا پێشـمەرگە چەکـی نەبـوو بەرگریـی لـە کوردسـتان بـکات. سـەرۆك بارزانـی سوپاسـی هاوکاریـی وڵاتانـی هاوپەیمانـی کـرد و ئـەوەی خسـتەڕوو کـە پێشـمەرگە بـە خوێـن و قوربانیدانـی خـۆی ئەفسـانەی داعشـی تێکشـکاند. سـەبارەت بـە ئاینـدەی کوردسـتان سـەرۆك بارزانـی جەختـی لـەوە کـردەوە کـە مـادام پرەنسـیبی شـەراکەت و دەسـتوور پێشـێل کـراوە گەلـی کوردسـتان نایـەوێ چیتر پاشـکۆ و ژێردەسـت بێـت و بکەوێتـە نێـو بازنـەی بێکۆتایـی شـەڕ و توندوتیـژی و ئەزموونـی شکسـتخواردووی سـەد ساڵی ڕابـردوو دووبـارە ببێتـەوە.

سـەرۆك بارزانـی جەختیشـی لـەوە کـردەوە کـە ویسـت و داواکارییەکانـی گەلـی کوردسـتان لەڕێگـەی ئاشـتیانە و دیالـۆگ و دوور لـە توندوتیـژی پیـادە دەکرێـت و ڕیفرانـدۆم و هەنگاونـان بـەرەو سـەربەخۆیی ڕێگـە لـە قووڵتربوونـی گرفتـاکان و شـەڕی دیکـە دەگرێـت و دەمانـەوێ بـە ئاشـتی لەگـەڵ دراوسـێکانمان و گەلانـی ناوچەکـە بژییـن.

هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا قوتابـی و توێـژەرە بەشـداربووەکان چەنـد پرسـیارێکیان لەبـارەی سیسـتەمی سیاسـی و ڕیفرانـدۆم و ئەگـەر و پێشـهاتەکان خسـتەڕوو و سـەرۆك بارزانیـش وەڵامـی پرسـیارەکانی دایـەوە و پەیوەسـت بـە چارەنـووس و مافـی پێکهاتـەکان سـەرۆك بارزانـی ئـەوەی خسـتەڕوو کـە گەرەنتییەکـی تـەواو دەدەیـن کـە کوردسـتان ببێتـە نموونـەی پێکەوەژیـان و پێکهاتـەکان هـەر چۆنێـك بیانـەوێ و بـە چـی دڵنیـا دەبـن، بەمشـێوەیە لەگەڵیانـدا دەژییـن. لەبـارەی ناوچـە دابڕێندراوەکانـی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمیـش سـەرۆك بارزانـی ئامـاژەی بـەوەدا کـە حکوومەتـی عێـراق جێبەجێکردنـی مـادەی ١٤٠ پشـتگوێ خسـت و ئێسـتایش دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە ئـەو مافەیـان هەیـە بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن و بەشـداری لـە ڕیفرانـدۆم دەکـەن و پێویسـتە هەمـوو لایەکیـش ڕێـزی ئـەو بڕیـارە بگـرن.

## سەرۆکی مەسعود بارزانی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوڕووپا

### ئەزموونی میللەتان دەریان خستووە، نە یەکێتییەکی بەزۆر نە دابەشکردنی بەزۆر تا سەر بەردەوام نابێت




**٢٠١٧/٠٧/١١**

پێشەکی ڕێگەم بدەن بەناوی خۆم و شاندی هەرێمی کوردستان سوپاستان بکەم بۆ ئەو پێشوازییە گەرمە و ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە بۆ ئێمە. ئەم شاندە هەڵگری پەیامی خەڵکی کوردستانە کە پێکهاتووە لە بەڕێزان د. نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارێزگاری کەرکووک، هوشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، د. محەمەد هاودیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، محەمەد سەعدەدین نوێنەری پێکهاتەی تورکمان و وەحیدە یاقۆ نوێنەری پێکهاتەی مەسیحییەکان، شێخ شامۆ نوێنەری پێکهاتەی ئێزیدیی.

ئێمە دەمانەوێ لەبارەی دوو تەوەر پەیامی خۆمان بگەیەنین، یەکێکیان لەبارەی ڕیفراندۆمە کە بڕیاری لێدراوە، تەوەری دووەم شەڕی تیرۆرە. ئێمە وەکو خەڵکی

کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە، سەد ساڵ زیاترە هەموو هەوڵێکماندا کە لەگەڵ بەغدا هاوبەشییەکی ڕاستەقینە بونیات بنێین بۆئەوەی پێکەوە عێراقێکی فیدراڵی دیموکراسی دروست بکەین، بەداخەوە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. ئەگەر ئێمە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بەغدا دابەش بکەین، دەتوانین بڵێین؛ بەدوو قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغێک لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ٢٠٠٣. قۆناغی دووەم لە ٢٠٠٣ ەوە تا ئێستا.

لە قۆناغی یەکەمدا سوونەکان حوکمی عێراقیان دەکرد، لە قۆناغی دووەم شیعەکان حوکمی عێراق دەکەن. لە قۆناغی یەکەم ئێمە زۆر هەوڵماندا لەگەڵ عێراق پێکەوە بژین، لەگەڵ ئەوەی کورد بوونە سەبەبی ئەوەی ویلایەتی مووسڵ ڕزگار بکرێ و نەچێتە سەر تورکیا، هاتە سەر عێراق، بەڵام بە وێرانکردنی دێهاتەکانمان و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی پاداشتی کورد درایەوە. لە قۆناغی دووەمیش هەر ئێمە بووینە سەبەبی ئەوەی شیعەکان بێنە سەر حوکم، بەڵام کاتێک وایان زانی دۆخیان باشە و جێ پێیان قایمە، کەوتنە دژایەتی گەلی کوردستان و نانی خەڵکی کوردستانیان بڕی. بۆیە نا ئومێد بووین و گەیشتینە قەناعەتێک، یان دەبێت بەرەو شەڕێکی خوێناوی بچین، یان دەبێت ڕێگەیەکی تر بدۆزینەوە، مادام نەمانتوانی هاوبەشییەکی ڕاستەقینە دروست بکەین، با ببینە دوو دراوسێی باشی یەکدی. لەوانەیە زۆر کەس وا مەزەندە بکات کە ئەمە دەبێتە سەبەبی تێکچوونی ڕەوش و ئاسایشی ناوچەکە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە ئەگەر ئەمە نەبێت، ترسی گەورەمان ئەوەیە کە ئاسایشی هەموو ناوچەکە تێک بچێت و شەڕێکی خوێناویش ڕووبدات کە لە کۆنترۆڵی هەموو لایەک دەربچێت.

ئەزموونی هەموو میللەتانیش دەریان خستووە، بەتایبەتی هەر لێرە لە ئەوروپا لە هەموو شوێنێ زیاتر ڕوونە کە نە یەکێتییەکی بەزۆر نە دابەشکردنی بە زۆر تا سەر نامێنێت. لەدەستووری عێراقیشدا کە لە ٢٠٠٥ دەنگی پێدرا و کورد بەڕێژەیەکی زۆر بەرز بەشداری تێدا کرد، لەوێدا هاتووە؛ پابەندبوون بەم دەستوورە، یەکێتی عێراقی فیدراڵی دەپارێزێت. بەڕاستی من دەمەوێ بە جەنابتان ڕابگەیەنم کە هیچ ئیلتیزامێک بەو دەستوورە نەکراوە. لەبەرئەوە دەستووریش ئەو مافە بە ئێمە دەدات؛ ئەو بڕیارە بدەین. ئێمە شانازی بە فەرهەنگی میللەتی خۆمان دەکەین کە

فەرهەنگی پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردنە لەگەڵ ئایین و مەزهەبی جیاواز پێکەوەین و ئەم بڕیارە؛ بڕیاری هەموو خەڵکی کوردستانە، تەنیا بڕیاری یەک پێکهاتە، یان یەک لایەن نییە، بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان ئەم بڕیارەی داوە. ئێمە بەرانبەر ئایندەش پابەندین کە هەموومان پێکەوە، کورد، تورکمان، مەسیحی، ئاشووری و کلدان و سریانی و ئەرمەن، تەنانەت ئەو عەرەبانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، هەروەها بە موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی و هەر ئایین و مەزهەبێکی تر، هەموومان لەم وڵاتەدا هاوبەش بین و بە بەشداری خۆی لە دامەزراندنی ئەم وڵاتەدا ڕازی بن.

ئێمە نامانەوێ ئە کارە بە توندوتیژی بێت، دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیاری خۆی دا، بەڵکوو دەمانەوێ گفتوگۆ و دیالۆگێکی جدی لەگەڵ بەغدا و دراوسێکان و هەموو لایەک بکەین، بۆئەوەی بە خۆشی و بە لێک تێگەیشتن بەئەنجامێک بگەین کە لەبەرژەوەندی هەموو لایەک دابێت، بۆیە ئەو بڕیارەی گەلی کوردستان داویەتی کە لە ٢٥ی سێپتەمبەری داهاتوو ڕیفراندۆم بکات، نە پاشەکشەی لێدەکرێ، نە سازشی لەسەر دەکرێت. بەڕستی ئێمە ناتوانین ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییەی وەچەی ئێمە و وەچەی پێش ئێمە بینیومانە، ئەو گرفت و نەهامەتیانە بۆ وەچەی دوای خۆمان جێبهێڵین. ئێمەش حەز دەکەین، منداڵمان لەژیانێکی ئاسوودە بژین و بخوێنن، دوور بن لەشەڕوکوشتاری و بەختەوەر بن. بۆیە ئێمەش وەکو هەر میللەتێکی تری دنیا، مافی ئەوەمان هەیە، سەربەخۆ بین، ئازاد بین. کاتێک بۆ هەموو میللەتانی دنیا ڕەوا بێت، نازانم بۆچی بۆ گەلی کوردستان ڕەوا نەبێت؟

ئێمە داوامان لە دۆستەکانمان ئەوەیە؛ پشتگیریمان بکەن. ئەگەر لەبەر مەسەلە دیپلۆماسییەکان وەکو دەوڵەتێک یان لایەنێکی فەرمی نەشتوانن، لایەنی کەم دژمان نەوەستنەوە. لە ئێستاشەوە بانگهێشتتان دەکەین، وەکو چاودێر نوێنەرتان بەشدار بێت لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول کە بۆ ئێمە ڕۆژێکی زۆر مێژوویە و خەونی ساڵەهای ساڵی گەلی ئێمەیە.

تەوەری دووەمی باسەکەم، شەڕی تیرۆرە. ئێمە شانازی بە پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەکەین کە خۆڕاگر بوون و پێشمەرگە قارەمانییەتێکی زۆری نواند و بوو بەسەبەبی ئەوەی ئەفسانەی داعش تێکبشکێت. لێرەدا دەمەوێ سوپاسی هاوپەیمانی

نێودەوڵەتـی بکـەم بـۆ ئـەو یارمەتـی و پشـتگیرییەی کـە بـۆ ئێمەتـان کـرد. سوپاسـی هەمووتـان دەکـەم و لەڕێگـەی ئێوەشـەوە، سوپاسـی میللـەت و دەوڵەتانـی ئێـوە دەکەیـن.

لەبـارەی ڕەوشـی ئێسـتا دەتوانـم پێتـان ڕابگەیەنـم، پێشـمەرگە توانـی ٣٠ هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـە لەدەسـتی داعـش ڕزگار بـکات، زیانـی پێشـمەرگە لـەو شـەڕەدا تـا دوێنـێ ١٧٤٥ شـەهید، ١٠ هـەزار و ٢٩ برینـدار، ٦٣ دیـل و بێسەروشـوونە. هـەر بەهـۆی ئـەو شـەڕە بارێکـی زۆر قورسـیش کەوتـە سەرشـانی خەڵـک و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی ئـەوەی ملیۆنێـک و ١٦٤ هـەزار ئـاوارەی عێراقـی، ٢٣٣ هـەزار پەنابەری سـووریا کـە لـە کـورد و خەڵـی تریـش تێکەڵـە، بەکـۆی گشـتی ئێسـتا ملیۆنێـک و ٦٩٧ هـەزار ئـاوارە لـە کوردسـتان مـاون، پێـشتر ژمارەکـە زیاتـر بـوو، بـەڵام بەهـۆی ڕزگارکردنـی زۆرێـک لـەم ناوچانـە هەندێکیـان گەڕاونەتـەوە ناوچەکانـی خۆیـان. بەسـەدان پێشـمەرگە گیانـی خۆیـان بەخـت کـرد بۆئـەوەی ئـەو ئاوارانـە ڕزگار بکرێـن تـا نەکەونـە دەسـتی داعـش و بیانپارێـزن و نەهێڵـن داعـش بگاتـە ئـەو شـوێنانەی ئـاوارەی لـێ بـوو.

لەبـارەی دوا پەرەسـەندنەکانی شـەڕ کـە شـەڕی مووسـڵ بـوو، دوێنـێ ئـەوە ڕاگەیەنـدرا کـە مووسـڵ ڕزگار کـراوە. بەڵـی هیـچ گەڕەکێـک لەنـاو مووسـڵ نەمـاوە کە لەژێـر کۆنترۆڵی داعـش دابێـت، بـەڵام گروپـی داعـش مـاوە و تـەواو نەبـووە، بـەڵام زۆر بەداخـەوە زیانـی خەڵکـی سـڤیل یەکجـار زۆرە و شـارەکە وێـران بـووە. کاتێـک سـاڵ و نیوێـک دوو سـاڵ پێـشتر کـە لەگـەڵ هاوپەیمانـان و بەغـدا باسـی ڕزگارکردنـی مووسـڵمان دەکـرد و پلانـی بـۆ دابڕێژیـن، ڕای ئێمـە وابـوو کـە دەبێـت دوو پلانمـان هەبێـت؛ یەکێکـی سـەربازی و پلانـی دووەمیـش تایبـەت بـوو بـە بەڕێوەبردنـی مووسـڵ لـەدوای ڕزگارکـردن. بەداخـەوە کـە نزیـک بوویـن لـە پلانـی سـەربازی، پلانـی دووەم، ئـەو ڕێککەوتنـەی کرابـوو پشـتگوێ خـرا و ئـەو بایەخـەی جارانـی پـێ نـەدرا. بۆیـە مـن خـۆم زۆر مەترسـیم هەیـە لەئاینـدەدا کێشـەیەکی زۆر سـەرهەڵ بـدات. زۆر خـۆش بیـن نیـم، خۆزگـە دەخـوازم ڕاسـت نەبـم، بـەڵام مـن ئـەو ترسـەم هەیـە.

ئـەو هۆکارانـەی سـێ سـاڵ پێـش هەبـوون بەهـۆی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی داعـش، ئـەو هۆکارانـە ئەگـەر زیاتـر نەبووبـن، کـەمتر نەبوونـە. بۆیـە مـن ئـەو مەترسییەم هەیـە. هەروەهـا لـە پلانـی سـەربازی بـۆ ڕزگارکردنـی مووسـڵ، ئێمـە ڕێککەوتـنمان هەبـوو کـە

ئەرکی پێشمەرگە چەندە و لە کوێ دەبێت، جەیشی عێراقی لە کوێ دەبێت، حەشدی شەعبی لە کوێ دەبێت. لە ١٧ی ئۆکتۆبەر پێشمەرگە دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد، هێڵی یەکەمی بەرگری داعشی شکاند بەدرێژایی ١٠٧ کیلۆمەتر و قوڵایی ١٢ کیلۆمەتر لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مووسڵ، ڕێگەیان بۆ جەیشی عێراقی خۆشکرد بۆئەوەی شەڕی ناو مووسڵ بکات، چونکە بەپێی ڕێککەوتن پێشمەرگە نەچووە ناو مووسڵ. پێشمەرگە و جەیش هەردووکیان ئیلتزامیان کرد، چونکە هەماهەنگییەکی باش هەیە، بەڵام لەڕاستیدا حەشد هەندێ پێشێلکاری کرد کە من مەترسی ئەوەم هەیە ئەو پێشێلکارییە ببێتە هۆی ئەوەی کێشەی گەورە لە ناوچەکە سەر هەڵبدات.

بێگومان شەڕی داعش هەر تەنیا سەربازی نییە، شەڕێکی ئایدۆلۆجیە، ئابوورییە، کۆمەڵایەتییە و ئەرکی هەموو لایەنێکیشە، بە دەوڵەتێک و بەلایەنێک و چەند لایەنێک بەتەنیا ناکرێ، بۆیە ئێمە دەزانین ئاسایشی زۆر وڵاتی ئەوڕووپیش کەوتووتە بەر مەترسی، ئەوەش جێگەی داخە و من سەرەخۆشی لە کەسوکاری ئەوانە دەکەم کە لێرە بوونە قوربانی تیرۆر. ئەمە وا پشان دەدات کە دەبێت هەموو لایەک هەوڵ بدەن و بەرەیەکی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ دژایەتی تیرۆر و ئێمە شانازی دەکەین کە لەو بەرەیەن و تا دوا تیرۆریستیش ئێمە وەکو پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان ئامادەین و بەردەوام دەبین بۆ شەڕی تیرۆرستان. شانازیش دەکەین کە ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکا و زیاتر لە ١٥ هەزار داعش لە بەرەی بەرانبەر بە پێشمەرگە لەناوچوونە. **جارێکی تر زۆر سوپاستان دەکەم**

## سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ مامۆستا و زانایانی ئایینی کوردستان

### کاتێک سەربەخۆیی بۆ هەموو میللەتانی دنیا ڕەوا بێت، نازانم بۆچی بۆ گەلی کوردستان ڕەوا نەبێت؟



**٩ی ئابی ٢٠١٧**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان مامۆستایانی ئایینی**

زۆر زۆر بەختەوەرم کە ئەمڕۆ لەخزمەتی ئێوەی بەڕێز دام، بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم، سوپاستان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و تەشریفتان هێناوە.

ئەمڕۆ میللەتی ئێمە لەبەردەم قۆناغێکی زۆر هەستیاردایە، وەك هەمووشتان ئاگادارن لە ٧ی حوزەیرانی ڕابردوودا هەموو لایەنانی سیاسی، یان بەشی هەرەزۆریان بڕیاری ئەوەیان دا لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوودا ڕیفراندۆم بکرێت، بۆئەوەی گەلی کوردستان بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت.

ڕیفراندۆم ئامرازە، ئامانج نییە، بەڵکوو لەم ڕیفراندۆمەدا سەربەخۆیی ئامانجە،

ئەمەش تەنیا بۆ خەڵکی کورد نییە، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لەکوردستاندا دەژین، چ کورد چ عەرەب چ تورکمان چ ئاشووری چ کلدان چ سریان چ ئەرمەن، هەر هەموویان.

شانازییەکی گەورەیە بۆ من کە یەکەمین دەسپێك بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بڕیارەی گەلی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دایە، چونکە ڕۆڵی ئێوە ڕۆڵێکی سەرەکییە، هەموومان دەزانین مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە پێدانی هوشیاری بۆ جەماوەر لەشۆڕشی ئەیلوولدا، هەروەها بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک لەخۆڕاگریدا. زۆریش لەوان شەهیدبوون کە وەکوو پێشمەرگە چەکیان هەڵگرت و شەهید بوون.

ئەمڕۆش شەڕێکی قورسمان لە پێشە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، بۆیە هەمان داوا و تکا لەئێوەی بەڕێز دەکەم، هەمان ئەو ڕۆڵەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بینیتان، ئەمڕۆ هەمان ڕۆڵ ببینن.

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین هەموو ڕێبەرانمان پیاوی ئایینی بوون، هەر لەشێخ عوبەیدوڵلاوە بگرە تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزا و پێشەوا قازی، بۆیە هەمیشە من قەناعەتێکی تەواوم هەبووە کە ئایین و نیشتیمان لەیەك جیا ناکرێنەوە، یەك تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. بەشێکی زۆری ئەو خەباتە دەکەوێتە سەر شانی ئێوەی بەڕێز. ئێوە دەبێ ئەو خەڵکە تێبگەیەنن و پێیان بگەیەنن و پێیان بڵێن، ئێش و ئازاری ئەنفال چی بووە، چەند زۆر بووە، بەتایبەتی ئەوانەی ئەنفال و کیمیابارانیان دیوە، ئەوانەی دەربەدەری و ئاوارەییان بینیوە، ئەوان ئازاری ئەو بارودۆخە دەزانن، ئەوان قەدری ئازادی دەزانن.

من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە و عەرزتان بکەم؛ بۆچی ئەم بڕیارە درا؟ ئەم بڕیارە ئەوە نییە کە لەڕۆژی ٧ی حوزەیراندا قسەی لەسەر کرا بێ و بڕیاری ڕیفراندۆم درا بێت، وەکوو پرەنسیپ لەو ڕۆژەدا تەنیا کات و ڕۆژی ڕیفراندۆم دیاری کرا، هێشتا ئەو کۆبوونەوەیە نەکرا بوو، کەسمان نەماندەزانی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول دەبێتە ڕۆژی ڕیفراندۆم، بەڵام هەموو لایەنەکان باسی ڕیفراندۆممان کرد بوو، چەند ساڵە باسی

سـەربەخۆیی دەکەیـن، هەمووشـیان کـۆك بوویـن لەسـەر ئەمـە.

ئەگـەر هەندێـك هـەوڵ و قسـەش هەبێـت بۆئـەوەی لـە خەڵـک بگەیەندرێـت ئـەم ڕیفراندۆمـە هـی تاکـە کەسـێکە، یـان هـی تاکـە حیزبێکـە، دووپاتـی دەکەمـەوە ئەمـە هـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە، هـی هەمـوو حیزبەکانـە. ئەوانـەی لـەو ڕۆژەدا ئـەو بڕیارەیـان دا، سـەروەرییەکی گەورەیـان لەمێـژووی گەلـی کوردسـتاندا بـۆ خۆیـان تۆمـار کـرد، بڕیارەکـەش لەلایـەن هەمـوو حیـزب و نەتەوەکانـەوە بـوو.

بۆچـی گەلـی کوردسـتان ئـەم هەنـگاوەی نـا؟ دەبـێ ئـەم پرسـیارە لەخۆمـان بکەیـن، وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بـۆ خۆمـان و خەڵکـی دیکـەی پەیوەندیداریـش ڕوون بکەینـەوە.

مـن پێـم وایـە، هـەر کەسـێک مێـژووی خوێندبێتـەوە، زۆر بـاش دەزانێـت گەلـی کوردسـتان هیـچ درێغییەکـی نەبـوو لـەوەی عێراقێکـی دیموکـرات کـە بـاوەڕی بەپێکەوەژیـان هەبێـت دروسـت بکرێـت. ئەگـەر بـۆ مێـژوو بگەڕێینـەوە، ئێمـە لەگـەڵ عێراقـدا بـەدوو قۆنـاغ تیپەڕیویـن؛ یەکەمیـان لەیەکەمیـن جەنگـی جیهانـەوە تـا سـاڵی ٢٠٠٣ یـە، قۆناغـی دووەمیـش لەسـاڵی ٢٠٠٣ وە تاکـوو ئەمـڕۆ.

لەقۆناغـێ یەکەمـدا، کـە بڕیـاری ئـەوە درا حکومەتـی تـازەی عێـراق دروسـت بکرێـت، ناکۆکییەکـی زۆر گـەورە لەبـارەی ویلایەتـی مووسـڵەوە دروسـت بـوو، ئەوکاتـە عێـراق ٣ ویلایـەت بـوو، ویلایەتـی بـەسرا کـە باشـووری عێراقـە، ویلایەتـی بەغـدا کـە ناوەڕاسـتی عێراقـە، ویلایەتـی مووسـڵ کـە کوردسـتان و باکـووری عێـراق بەگشـتی بـوو، کـە بەشـێکی تکریـت و دیـالا و ناوچەکانـی دیکەشـی بەردەکـەوت.

ناکۆکییەکـی گـەورە لەنێـوان هاوپەیمانـان و تورکیـای ئـەوکات لەبـارەی ویلایەتـی مووسـڵەوە دروسـت بـوو، لەوکاتـەدا کومەڵـەی گـەلان شـاندیکی نـارد بۆئـەوەی ڕیفراندۆم لـە کوردسـتان بکرێـت، خەڵکـی کوردسـتان عێراقـی هەڵبـژارد، بـەڵام بـەو مەرجـەی کـورد ببێتـە بەشـێکی کاریگـەر و هاوبەشـێکی ڕاسـتەقینە لەعێراقـدا.

ڕەنگـە زۆربەتـان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئـەو ئێـش و ئازارەتـان چەشـت بێـت و لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـەدا ژیـا بـن و شـایەدی زۆر لەڕووداوەکانـی بـوون. بـەش و نسـیبی ئێمـە لـەو شـەڕاکەتدا بەژمـارە بـەم جـۆرە بـوو لـە کـۆی ٥٠٠٠ گونـد٤٥٠٠ گونـد تێکـدران

و وێـران کـران. ئەگـەر ڕژێـم بمابـا ئـەو ٥٠٠ گونـدەش نەدەمـان، تەعریـب گەیشـت بـووە نزیکـەی ١٥ کیلۆمەتـر لەباشـووری هەولێـر و هـەر دەخشـی و بـەرەو سـەرەوە دەهـات. ١٢هـەزار گەنجـی فەیلـی لەتەمەنـی ١٢ سـاڵ تـا ٣٠ سـاڵ شـوونبزرکران و چارەنووسـیان دیـار نەمـا، دوای ڕووخانـی ڕژێمیـش دەرکـەوت گەلێـك لەوانـە و هەندێـك لەبارزانییەکانیـش، لەعەکاشـات و قایـم لەسـاڵانی ١٩٨٢ تـا ١٩٨٣ و ١٩٨٤، چەکـی کیمیاوییـان بەسـەردا تاقیکراوەتـەوە. ئەمـە جگـە لـە هەشـت هـەزار بارزانـی لەتەمەنـی ٩ و ١٠ سـاڵی تـا تەمەنـی ٩٠ سـاڵی، ئینجـا ئەنفالـی گـەورە لەکـەلار و خانەقینـەوە بگـرە تـا دەگاتـە زاخـۆ و سـەرەوەتر کـە ١٨٢ هـەزار کـەس بـێ سەروشـوون کـران، دواتریـش کیمیابارانـی سەرتاسـەری کوردسـتان کـە هەڵەبجـە بـووە هـێمای ئـەو کارەسـاتەی بەسـەر گەلـی کوردسـتاندا هـات، چونکـە خەڵکێکـی زۆری تێـدا بـوو، شـارەکە گـەورە بـوو، ئەگینـا لەهەڵەبجـەوە دەسـتیان پێکـرد تـا زاخـۆ لەهـەر کـوێ بارەگایەکـی پێشـمەرگە هەبـوو، گوندێکـی ئـاوەدان هەبـوو، ئـەوەی پێیـان بکـرا بوایـە لێیـان دەدا. سـەرەڕای ئـەوە ئێمـە دانوسـتانمان کـرد و چووینـەوە بەغـدا. لەڕاپەرینـی ئـاداری ١٩٩١دا، گەلـی کوردسـتان ئەوپـەڕی ڕەوشـت بەرزیـی نیشـانی دونیـا دا. باسـی باشـووری ئەفریقـا دەکرێـت کـە چۆن ئاشـتەوایی کـرا، بـەڵام وەکـوو هەمـوو شـتێك نەخۆمـان زانیومانـە کاری باشـی ئـەو میللەتە بەجیهـان بگەیەنیـن، نەکەسـێکیش هەبـووە باسـی کارە چاکەکانـی ئـەو میللەتـە بـکات، ئەگینـا دوو فەیلەقـی سـوپای عێـراق تەسـلیمی خەڵکـی کوردسـتان بـوون؛ ئـەو فەیلەقانـە بـوون کـە ئـەو هەمـوو تاوانانەیـان کـرد بـوو، هیـچ کام لـەو سـەربازانە ئەزیـەت نـەدرا، بەڵکـوو یـەك قسـەی ناخۆشیشـیان پـێ نەگوتـرا، بەڕێـزەوە نێردرانـەوە. ئەمـە گەورەیـی و ڕەوشـتی بـەرزی ئـەو میللەتـە نیشـان دەدات.

هـەر لەنـاو خۆشمانـدا بارودۆخێکـی ناخـۆشمان بەسـەردا هـات، بـەڵام لاپەڕەیـەك بـوو تێپـەڕی، لاپەڕەیەکـی نـوێ کرایـەوە، ئەمـەش بـووە مایـەی سـەقامگیری و ئـەو ئاسایشـەی لەخـوا بەزیـاد بێـت وەکـوو نیعمەتێـك خـوای گـەورە بەئێمـەی داوە. ئێمـە چووینـە بەغدا و دانوسـتانمان کـرد هیـچ سـوودی نەبـوو، بەشـێوەیەکی وا ڕەفتـار دەکـرا وەك ئـەوە وا بێـت چاکەیـان بەسـەرمانەوە هەبێـت، هـەر باشـە لەسـێدارەمان نـادەن، چونکـە ئێمـە یاخیبوویـن، بەقسـەی خۆیـان لـەدژی یاسـاین و هـەر چـی خراپـە کردوومانـە.

لەکۆبوونەوەیەکدا کە من تێیدا بەشدار نەبووم، بەڵام برادەران باسیان کرد، باسی ئەنفالیان بۆ عەلی حەسەن مەجید کرد بوو، ئەویش تووڕە ببوو، گوتبووی من فەرمانم نەداوە، بەڵکوو فەرمانم جێبەجێ کردووە، لەکاتێکدا ناوبراو هەموو دەسەڵاتی مەجلیسی قیادەی سەورەی ئەوکاتی بەدەستەوەبوو، هەروەها زۆر بێباکانە گوتبووی: ئێوە لەباس کردنی ١٨٢ هەزار کەس زێدەڕۆیی دەکەن، لەوانەیە١٠٠ هەزار کەس بن.

ڕۆژی پاشتر چوومە کۆبوونەوە، گوتم شتێکی وام بیستووە، تۆ دەڵێی ١٠٠ هەزار، با ٥٠ هەزاری دیکەش خاتری تۆ بێت کوا ٥٠ هەزارەکەی دیکە؟

دڵنیابن لەوەی تاوان بەژمارە نییە، بەڵکوو بەنیەتە، ئەوەی نیەتی کوشتنی یەك کەسی هەبێت، توانا و نیەتی کوشتنی هەزاران کەسی دیکەی هەیە، ئیتر ئەمەبوو بەشی ئێمە لەقۆناغی یەکەم و لەو هاوبەشییە، بەڵام ئەمە ڕۆیشت.

لەقۆناغی دووەم و دوای ٢٠٠٣ ، وەکوو خەڵکی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیمان لەزەمینەسازی بۆ ڕووخاندنی ڕژێم بینی، لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمیش، بۆ بونیاتنانی عێراقێکی تازەی دیموکراتی فیدراڵ، من و جەنابی مام جەلال و هەموو برادەران لەسەرکردەکانی سیاسیی کوردستان چووینە بەغدا و بەمانگ لەوێ دەماینەوە. پەرلەمانی کوردستان لەو سەردەمەدا بڕیاری دا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عێراقدا بژین.

بۆ نووسینەوەی دەستوور هەموو کەس دەزانێت شاندی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیی لەنووسینەوەی ئەم دەستوورەدا بینی کە ناڵێین نموونەییە، هەڵبەت بۆ ئەو سەردەمە دەستوورێکی زۆر باش بوو، بەڵام ئایا پێوەی پابەندبوون؟ بۆ زانیاریی جەنابتان، ئێمە لیژنەیەکی یاساییمان دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوە لەو مادده دەستوورییانەی پێشێل کراون، تێیدا دەرکەوت ٥٥ ماددەی دەستوور پێشێل کراون. بێگومانم ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرابایە، ئەو گرفتانەی ئێستا دروست نەدەبوون.

وەك ڕوونمان کردەوە لە١٩٢٠ - ٢٠٠٣ قۆناغێك بوو ، لە٢٠٠٣ ش تا ئەمڕۆ قۆناغێکی دیکەیە، هەڵبەت وەك دەزانین ئێمە هاوبەشین و عێراقێکی تازەمان داناوە، لەیەك وڵاتدا دەژین و دەستوورمان پێکەوە دانا، بەڵام لەناکاو بینیمان ئەوانەی ئێستا حوکمی بەغدا دەکەن کە خۆیان بینی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و دەتوانن هەموو

شتیك كۆنترۆڵ بكەن، یەكسەر دەستیان بەدژایەتی كردنی كوردستان كرد؛ یەكەمین هەنگاویشیان ساڵی ٢٠٠٨ بوو لەقەرەتەپە، لەو سەردەمەدا عێراق سوپایەكی وای نەبوو، تەنانەت كە سوپای عێراق جارێكی دیكە دووبارە بونیاتنرایەوە، هیچ كەس لەشیعە و سوننە ئامادە نەبوون بچنە ناو سوپاوە، بۆیە سێ لیوای پێشمەرگە چوونە نێو سوپاوە، ئەوان بوونە بنەمای دامەزراندنی سوپای عێراق بۆئەوەی هاوسەنگی لەنێو سوپادا هەبێت و پێشمەرگەش هێزێكی ڕێكخراو و مولتەزیم بوو، بەڵام دواتر كە حكومەتی عێراق توانیی سوپای خۆی بەهێز بكاتەوە، ئیدی كەوتنە دژایەتیی ئەو ئەفسەر و سەربازە كوردانەی ناو سوپای عێراق، ئێستاش یان ڕێژەیەكی كەمی ئەفسەری كورد لەسوپای عێراقدا ماون، یانیش هەر نەماون و ئەوكاتە نزیكەی ٤٠٪ بوو.

قەرەتەپە و ئەو ناوچەیە، تیرۆریستان كونترۆڵیان كرد بوو. ئەوان (حكومەتی عێراق) داوایان كرد هێزی پێشمەرگە بچێتە ئەوێ بۆئەوەی مەترسی بۆ سەر خانەقین و مەندەلی و خودی باقووبە، ناوەندی پارێزگای دیالە زیاتر نەبێت. پێشمەرگە لەوێ قارەمانانە شەڕیان كرد و ١٨ شەهیدیان دا لەگەڵ ٤٦ بریندار. ڕێككەوتنەكەش ئەوكات وا بوو، كەی حكومەتی عێراق توانیی فیرقەیەكی سوپا لەو ناوچانە دابمەزرێنێت و شوێنی پێشمەرگە بگرێتەوە، پێشمەرگە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بەئوسوولی سەربازی و بەنامەیەكی فەرمی قسە لەگەڵ پێشمەرگە بكەن و سوپاسیان بكەن بۆ ئەو ئەركەی كێشایان، تەنانەت ئاهەنگیش بگێڕن بۆ خواحافیزی لەو پێشمەرگانە، نامەیەكیان نارد بوو تێیدا نووسیبوویان ئەگەر تا ٢٤ كاتژمێری دیكە نیوەی پێشمەرگە ئەو شوێنە جێ نەهێڵن، ئێمە لێتان دەدەین.

بێگومان هیچ كوردێك ئەم زمانە قبووڵ ناكات و ئەوانیش گوتیان، مادام بەم شێوەیە قسەمان لەگەڵ دەكەن، ئێمە شوێنی خۆمان چۆڵ ناكەین. خەریك بوو ببێتە شەڕێكی زۆر گەورە، مالیكی ئەوكات فەرمانی دەركرد بوو، تانك و چەكی قورسی سوپای عێراق بجووڵێن و شەڕی پێشمەرگە بكەن، ئەوكاتە سوپای عێراق تانكی كۆنی پۆڵۆنیی هەبوو، هیچ یەكیان بەساغی نەگەیشتنە نیوەی ڕێ، مەسەلەكەش لێرەدا باشی و خراپیی چەك و سوپا نییە، بەڵكوو فەرهەنگە، ئەگینا سەدام ٩٠٠٠ تانكی هەبوو، هەمووشیان كاریان دەكرد. فڕۆكە و هەلیكۆپتەری هەبوون كە ژمارەیان

سـەدان دانـە دەبـوون. پێشـمەرگە تەحـەددای کـرد. مـن لەبەغـدا بـە مالیکـیم گـوت، وام دەزانـی چارەسـەری کێشـەکان بەتانـک و تـۆپ و فڕۆکـە گـۆڕاوە، ئێسـتا بەدیالـۆگ و گفتوگـۆ گرفتەکانمـان چارەسـەر دەکەیـن. لەوکاتـەوەش زەنگـی مەترسـی بـۆ مـن لێیـدا. دواتـر شـتی دیکـەی بەسـەردا هـات.

ڕێککەوتـن و دانوسـتانی زۆر کـرا، بـەڵام بەهیچیانـەوە پابەنـد نەبـوون. لـە ٢٠٠٧ دا، لەسـەر پرسـی نـەوت و غـاز ڕێککەوتیـن، بـەڵام خۆیـان پێیـەوە پابەنـد نەبـوون، تـا گەیشـتە ئـەوەی نانـی خەڵکـی کوردسـتانیان بـڕی، گـریمان لـەو ناکۆکییـەی لەنێـوان هەولێـر و بەغـدا هەیـە، خەتـای هەولێـرە و خەتـای حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە، بـەڵام ئایـا بڕینـی نانـی هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان تـاوان نییـە، وەك تاوانـەکانی کیمیابـاران و ئەنفـال لەچەنـد شـوێنێك بـوون، چەنـد شـوێنێك تێیانـدا بەرکەوتـن، بـەڵام ئـەم نـان بڕینـە منداڵـی شیرخۆرەشـی بەرکـەوت، ئەمـەش جـۆرە ئەنفالێکـە. لەمـەدا دەرکـەوت پرەنسـیپی شـەراکەت قبـووڵ نییـە، عێراقـی تـازەش لەسـەر بنەمـای هاوبەشـی و ڕێـزی هاوبـەش و ئـەرك و مافـی هـەر لایـەك بەپێـی دەسـتوور دیـار بێـت، هیـچ بەهایەکـی نەمـا. ئێمـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە بەشـێوەیەکی ئارەزوومەندانـە چووینـە بەغـدا. ئەگینـا ئێمـە لەشـەڕێك بەدیـل نەگیـرا بوویـن کـە دواتـر خۆمـان تەسـلیمی بەغـدا کـرد بێـت، ئەوانیـش مەرجـی خۆیـان بەسـەر ئێمـەدا بسـەپێنن.

مـن لەیادمـە پێشـی سـێ چـوار سـاڵ دوو سـێ جـار ئامـاژەم بـۆ کـرد، بـەڵام ئـەوان بەهەندیـان وەرنەگـرت. گوتـم ئەگـەر بـارودۆخ بـەو شـێوەیە بـڕوات، ئـیتر ئێمـە ناچار دەبیـن کاردانەوەیەکـی وا نیشـان بدەیـن کـە لەخەیاڵـی ئێوەشـدا نەبێت، پرسـەکەش ڕەفتـار و کاردانـەوە نییـە، هێنـدەی ئـەوەی مافـی خۆمانـە، بـەڵام ئێمـە ئامادەبوویـن بەپێـی دەسـتوور و مـاددەی ١٤٠ و مەسـەلەی پێشـمەرگە کـە هەموویـان پێشـێل کـرد. سـەرەڕای ئـەوەی نانـی هەرێمـی کوردسـتانیان بـڕی، هەڕەشـەی ناردنـی هێزیـان کـرد بـۆ کەرکـووك و شـنگال، تـا دوور لەگفتوگـۆ بـارودۆخ، گەیشـتە ڕادەی تەقینـەوە.

مـن گوتـم ئێمـە ناتوانیـن بەرگـەی ئـەو بارودۆخـە بگریـن، ناچـار دەبیـن بڕیـاری خۆمـان بدەیـن. ئێمـە لەسـەر بنەمـای هاوبەشـی و تەوافـوق هاتووینەتـە بەغـدا، ئێمـە نەهاتوویـن ئـەوەی مەرجـی ئێـوە بێـت بەسـەرمانی بسـەپێنن و ئێمـە جێبەجێـی بکەیـن.

کاتێـك ئـەو پرەنسـیپە کەوتەبـەر هەڕەشـە و تێکـدرا، مـن زانیـم ئـەو شـەراکەتە کۆتایی هـات. لەپەرلەمانیـش ئێـوە دەبینـن چـی ڕوودەدات و چـی ڕووی دا، ئێمـە لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتبوویـن ئـەو شـتانەی بەهەرێمـی کوردسـتانەوە پەیـوەستن، پێویسـتە بۆچوونـی هەرێمـی کوردسـتانی لەسـەر وەربگیرێـت، خـۆ ئەگـەر بەدەنگدانـی ژمـارە و ڕێـژە بێـت، ئێمـە هەمیشـە، دۆڕاویـن هەرچـی بیانـەوێ بەزۆرینـە تێـی دەپەڕێنـن، هەمـوو ئـەو دەسـکەوتانەی هەمانـە، لێمانـی دەسـتێننەوە، ئەمـەش قابیلـی بەرگەگرتـن نییـە.

لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـە زۆر جـار بـاسمان کـردووە، لەیادمـە لەتەمـووزی ٢٠١٤ دا، بـەر لـەوەی بکەوینەبـەر شـاڵاوی هێرشـی داعـش، مـن چوومـە پەرلەمـان لـەوێ گوتـم؛ پێویسـتە بـەرەو ڕیفرانـدۆم بچیـن و داوای دروسـت کردنـی کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن بکەیـن و بڕیـاری لەسـەر درا. لـەو قسانەشـدا دەرکـەوت ئـەم بڕیـارە هـی هەمـوو گەلـی کوردسـتانە، نـە هـی یـەك کەسـە، نەهـی یـەك حیـزب و دوو و سـێ حیـزب. ئەمـە بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە، بڕیارێکـی پیـرۆز و یاسـاییە، ئەگـەر بەتەمـای ئـەوە بیـن سـبەی هـەر دەوڵەتیـك لـەو دەوڵەتانـەی دۆسـتی ئێمـەن و یارمەتییـان داویـن و سوپاسـیان دەکەیـن، بێـن و بڵێـن؛ فەرمـوون ئەمـە سـەربەخۆیی وەك دیارییـە بـۆ ئێـوە، بەخـوا تـا ماویـن ئـەوە نابینیـن، ئـەوەش مومکیـن نییـە.

ئێمـە داوای شـتێکی ئاسـایی و یاسـایی دەکەیـن، داوای مافـی خۆمـان دەکەیـن، ئـەو مافـەی خـوا بەمرۆڤـی داوە، کاتێـك خەلقـی کـردووە مافـی ژیـان و ئازادیـی پـێ داوە، ماف دەسـێنرێت، بـەڵام نادرێـت، بەڵکـوو خـوای گـەورە مافـی ئێمـەی داوە، مـن ناڵێـم مافـی ئێمـە بـدەن، چونکـە خـوا بەئێمـەی داوە، ئـەوان مافـی ئێمەیـان زەوت کـردووە، دەبـێ دەسـتی لـێ هەڵبگـرن.

عێراقـی تـازە لەبیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا دروسـت بـوو، بـەڵام ئێمـە دوو نەتـەوەی جیاوازیـن، دوو جوگرافیـای جیاوازیشـین، ویسـتمان بەهاوبەشـی و بەشـێوەیەکی ئارەزوومەندانـە پێکەوەبژیـن. ئـەوان تێکیـان دا و هاوبەشـییان نەویسـت. کەواتـە شـتێکی زۆر ئاسـاییە بڵێیـن، مـادام ئێـوە هاوبەشـی ئێمەتـان قبـووڵ نەکـرد، کاکـە زۆر ئاسـاییە فەرمـوون بـا ببینـە دراوسـێیی باشـی یـەکتر.

کاتێـک پـار لەگـەڵ شـاندێکی بـەرزی حیزبەکانـی کوردسـتان چوومـە

بەغدا، بەڕاشـکاوی پێم گوتـن، بـا جورئەتـی ئەوەمـان هەبێـت؛ ئێمـە و ئێـوەش دان بـەوەدا بنێیـن کـە ئێمـە شکسـتمان لەهاوبەشـی هێنـا و نەمانتوانـی دروسـتی بکەیـن، بـا خەتاکـەش دابـەش بکەیـن، نیـوەی بـەر ئێمـە بکەوێـت و نیوەکـەی دیکـەش بـەر ئێـوە، خـو نالێیـن هەمـووی خەتـای ئێوەیـە، بـەڵام ئایا بەرژەوەنـدی لەوەدایـە هەمـان ئەزموونی شکسـتخواردووی سـەد سـاڵ لەمەوبـەر دووبـارە بکەینـەوە؟ ئایـا لەبەرژەوەندیماندایـە لەگێـژاو و دڵەڕاوکێـدا بژیـن، نەزانیـن کـەی تووشـی شـەڕ دەبینـەوە، کـەی پەلامـاری مـن دەدەیـت و کـەی مـن پەلامـاری تـۆ دەدەم؟ بـەم ژیانـە نەعێـراق سـەقامگیر دەبێـت، نـە ئێمـەش، وەرن بـا بیـر لـەوە بکەینـەوە دوور لەشـەڕ و توندوتیـژی ببینـە دراوسـێی بـاش، خـوا شـاهیدە هەمـوو مەبەسـتی مـن ئەوەیـە ڕێ لەشـتی خـراپتر بگریـن.

**جەنابی مامۆستایانی بەڕێز...**

ئـەم بارودۆخـە بـەم شـێوەیە بـڕوات، ترسـی زۆرم هەیـە تووشـی گرفتـی گەورەتـر ببیـن. سـوێند بەخـوا بمزانیبـا ئـەو بارودۆخـەی ئێسـتا بەشـێوەیەکی وا تێدەپەڕێـت کـە کـەس پەلامارمـان نـادات، ڕەنگـە بمانگوتبـا نـەوەی داهاتـوو ئـەو ئامانجـە جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام چـۆن ئێسـتا لەخزمەتـی ئێـوەدام و دەتانبینـم ئـاوا لەبـەر چـاوم ڕوونـە، دڵنیـام دوای ماوەیەکـی دیکـە کـە شـەڕی داعـش تـەواو بـوو، ئەگەرچـی وا بەئاسـانی تـەواو نابێـت، چونکـە شـەڕی داعـش بەکـۆنترۆڵ کردنـی شـارێك تـەواو نابێـت، بەڵکـوو فیکـری داعـش لـەو ناوچەیـەدا ڕیشـەی داکوتـاوە وا بەئاسـانی لەنـاو ناچێـت، بـەڵام بەهەرحـاڵ مـن لـەوە دڵنیـام، سـبەی دێـن پـێمان دەڵێـن، دەبـێ ئێـوە لـە خانەقیـن و کەرکـووك و شـنگال و مەخمـوور و ئـەو ناوچانـە دەربچـن. ئـەوکات چییـان پـێ دەڵێیـن؟ دەربچیـن؟ بـەچ ڕوویـەك ڕووبـەڕووی خانـەوادەی شـەهیدان و ئـەو میللەتـە دەبینـەوە؟ چ بەخـوای خۆمـان بڵێیـن؟ بمێنیـن تووشـی شـەڕ دەبیـن، دڵنیـا بـن لـەوەی ئەمـە بەرنامەیانـە.

ئـەوان دەڵێـن دەبـێ بچنـەوە سـەر هێڵـی سـەوز، ئـەم هێڵـە هێڵـی تەمـاس بـوو لەنێـوان پێشـمەرگە و سـوپای سـەدام، نـەك سـنووری کوردسـتان، لـەلای ئەوانیـش ئەمـە سـنووری کوردسـتانە، کەرکـووک و خانەقیـن و خورماتـوو و مەخمـوور و شـنگال و زوممار و ئـەو ناوچانـە هیچیـان نابـێ پێشـمەرگەیان تێدا بمێنێـت و دەبـێ بچینـەوە پشـتی دیبەگـە و پشـتی کەرکـووك، تەنانـەت ناوچـەی شـوانیش لـەو هێڵـەی ئەوانـدا نییـە.

بۆیـە، بۆئـەوەی ڕێ لەشـتی خـراپتر بگریـن، ئێمـە بڕیـاری ڕیفرانـدۆممان داوە. ئەمـە بڕیـاری یـەك تاکەکـەس نییـە، یـەك کـەس ناتوانـی ئـەم بڕیـارە بـدات، هەمـوو هەوڵێکیـش دەدەیـن ئـەم مەسـەلەیە بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە بێـت، بەخۆشـی بێـت وەك عـەرزم کـردن، ڕیفرانـدۆم هۆکارێکـە بـۆ هێنانەدیـی ئامانجێکـی گەورەتـر کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە.

بـا ئـەو دەرفەتـە بەخەڵکـی کوردسـتان بدرێـت وەکـوو سـکۆتلەندا تەعبیـر لەبۆچوونـی خـۆی بـکات. لەوانەیـە خەڵکـی کوردسـتان بڵێـن؛ ئێمـە سـەربەخۆییمان نـاوێ، ئـەوکات هیـچ گرفتێـك نامێنێـت، بـەڵام ئەگـەر بەبەڵـێ دەنگـی دا بـا ڕێـز لەبۆچوونـی خەڵـك بگیرێـت. ئـەوکات لەسـەر زۆر شـت لەگـەڵ یـەکتر ڕێـك دەکەویـن، لەسـەر زۆر شـت دەگەینـە چارەسـەر، ئەگـەر نـا، لـەوە دڵنیـا بـن کـە نـە هیـچ پێکەوەژیانێکـی بـەزۆر سـەری گرتـووە، نەجیابوونـەوەی بـەزۆر سـەری گرتـووە، ئەوەتـا ئەزموونـی ئەوڕووپـا ئـەو قسـانە دەسـەلمێنێت و لێمانـەوە نزیکـە. لەبەرئـەوە هەڵوێسـتی وڵاتانـی ئەوڕووپـا شـتێکی ئاسـاییە، خـۆ کەسـیان نایـەت بڵـێ ، بەڵـێ پاڵپشـتیی سـەربەخۆیی کوردسـتان دەکەیـن، بـەڵام کەسیشـیان نەیانگوتـووە؛ ئێمـە لـەدژی سـەربەخۆیین، ئـەوان دەڵێـن کاتەکـە گونجـاو نییـە، بەشـی هـەرە زۆریـان وا دەڵێـن. هەڵبـەت، پێویسـتە بپرسـین کـە ٢٥ی ئەیلـوول کاتێکـی گونجـاو نییـە، کەواتـە کـەی کاتێکـی گونجـاوە؟ بەدیلتـان چییـە؟ ئەگـەر بەدیلێکـی بەهێزترتـان هەبێـت لەڕیفرانـدۆم، خـۆ ئـەوکات گەلـی کوردسـتان بڕیـاری خـۆی دەدات کـە کات گونجـاو نەبێـت و دەبـێ دوای بخەیـن، ئێمـە ئامـادە نیـن گاڵتـە بەمیللەتـی خۆمـان بکەیـن، گاڵتـە بەچارەنـووس و میسـداقیەتی خۆمـان بکەیـن، ئـەو میللەتـە بۆچـوون و هەڵوێسـتی خـۆی هەیـە، ناکـرێ هەمـوو ڕۆژ بـە شـتێك ڕای بکێشـین: ڕیفرانـدۆم دەکـەم، دوای دەخـەم، جارێکـی دیکـە دەیکـەم، هیـچ کەسـێک ئـەم گاڵتەیـە بەخـۆی نـاکات، مەحاڵـە ئـەوە قبـووڵ بکەیـن.

ڕیفرانـدۆم دەکرێـت و دوا ناخرێـت، ئەگـەر ئـەو لایـەن و دەوڵەتانـە پێیان وایـە کاتەکە گونجـاو نییـە، بـا بێـن بەخەڵکـی کوردسـتان بڵێـن، چ کاتێـک گونجـاوە و گەرەنتییـان بـۆ خەڵکـی کوردسـتان چییـە؟ ئەگـەر شـتەکە وا بێـت بەقسـەیەك دوا بخرێـت، ئـەوا دڵنیـا بـن دوا ناخرێـت، بـا ئەمـە بـۆ هەمـوو لایـەك ڕوون و ئاشـکرا بێـت.

خەڵـک مامەڵـە لەگـەڵ ئەمـری واقیـع دەکات، خـۆ زۆر لـەو وڵاتانـەی ئێسـتا

کونسـوڵخانەیان لەهەولێـردا هەیـە، لەکاتـی ڕاگەیاندنـی فیدراڵـی ئـەوان لـەدژی بـوون. بـۆ زانیاریشـتان، کـەس بەقـەد (برێمـەر) لەوکاتـەی کـە هاتـە عێراقـەوە لـەدژی فیدراڵـی نەبـوو، بـەڵام مەجبـوور بـوو مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات. دواتـر میللەتێـك دەبـێ بڕیـاری خـۆی بـدات. مـن دەزانـم گرفـت زۆرن، ئاسـتەنگ زۆرن، بژێویـی خەڵـک ناخۆشـە و گرفـتمان زۆرن، بـەڵام ئەمانـە هیچیـان نابـێ ببنـە کۆسـپ و بەهانـە لەبـەردەم ئـەو هەنـگاوە پیـرۆزە، بەقەناعەتـی منیـش بـە ڕیفرانـدۆم زۆر گرفتـی خۆمـان چارەسـەر دەکەیـن، بـۆ زانیاریـی جەنابتـان ڕاسـتە فیدراڵـیمان هەیـە، بـەڵام ملـی ئێمـە لەدەسـتی بەغدایـە، ئـاسمان بەدەسـتی بەغدایـە، سـنووری ئێمـە لەدەسـتی ئەوانـە، ئابووریـی ئێمـە لەدەسـتی ئەوانـە کـە هەندێـك شـت کـراوە، ئـەوە بەسـایەی بارودۆخێکـی تایبەتمەنـدەوە بـووە کـە لەکوردسـتاندا توانیومانـە شـتێك بکەیـن و بارودۆخەکـە ڕاپەڕێنیـن و ئیـدارە بکەیـن، ئەگینـا ئـەوان لـە زۆر شـتدا دەتوانـن تەحەکـوم بەچارەنووسـی ئێمـە بکـەن.

ڕاسـتە مەسـەلەکە موجازەفـەی زۆری تێدایـە، ناتوانـم بڵێـم ئاسـانە، بـەڵام چاوەڕوانـی و هیـچ نەکـردن زۆر زۆر مەترسـیدارترە لـەوەی موجازەفـە بکـەی و ئـەم بڕیـارە بدەیـت. لەبەرئـەوە، مـن داوا لەئێـوەی بەڕێـز دەکـەم ڕۆڵـی سـەرەکی ببینـن، بـەوەی ڕاسـتییەکان بـۆ خەڵکـی کوردسـتان ڕوون بکەنـەوە، هوشـیاریان بکەنـەوە و تێیـان بگەیەنـن.

بـۆ بارودۆخـی ناوخـۆشمان هەمـوو هەوڵێـکمان داوە بەکرێـزی و تەبایی لەناو خۆمانـدا هەبـێ، ئـەو گرفـت و مەرجانـەی پێـشتر هەمـان بـوون، هـەوڵمان داوە هەڵیـان بگریـن. ئـیتر ئومێدەواریـن لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـە هەمووـمان بەیەکـەوە خەریکـی ئـەم پرسـە بیـن، چونکـە ئەمـە ئەرکـی هەمـوو لایەکـە، چارەنووسـی هەمـوو لایەکـی پێـوە بـەستراوە. مەعقووڵیـش نییـە لەبـەر گرفـت و ناکۆکییەکـی حیزبـی شـتیکی وا گـەورە بێتەپێـش و کۆسـپی بـۆ دروسـت بکـەن، لەبەرئـەوەی ناکۆکـی هەیـە، بـا ئـەو ناکۆکیانـە لەجێـی خۆیانـدا بـن و چارەسـەریش دەکرێـن، بـەڵام بـا ئـەو دەرفەتە لەدەسـتی خەڵکی کوردسـتان نەچێـت، چونکـە خـوا دەزانێـت، ئایـا جارێکـی دیکـە ئـەو دەرفەتـە دێتـەوە یـان نـا.

لەڕاسـتیدا ئەوانـەی خانـەوادەی شـەهیدن و ئەنفالیـان بینیـوە و زەحمەتیـان کێشـاوە و ژێـر دەسـتییان دیـوە، دەزانـن قـەدری ئـازادی چەنـدە، ئەوانـەی نەیاندیـوە، ڕەنگـە زۆر بـاش نەتوانـن تەقدیـری ئەوەبکـەن. مـن خۆشـبینم، بـەڵام ئـەوە نییـە بڵێـم هیـچ مەترسـی

نییـە، "جزیـری"ی گـەورە، شـیعریکی هەیـە لەکۆتاییەکەیـدا دەڵـێ:

**پشـت نـادەن دوو هـەزار خەنجـەر و تیر و رم و خشـت**

**مەسـەری دا نیـە ری و ب خـودی بەستیەپشـت**

ئیـدی بەپشـتبەستن بەخـوا دەبـێ مـل بدەینەبـەر و پەنابەخـوا سـەرکەوتن بەدەسـت دێـت. زۆر شـت بەهەمـان ڕێگـە تێپـەڕی، فیدراڵیـش هەمـان قەرەباڵغیـی بۆ دروسـت بوو. لـەو لاوە هەڕەشـەیان دەکـرد، لـەوێ هەندێـك دەیانگـوت نابێـت، ئاخیریـش بـووە ئەمـری واقیـع. لەوەشـدا ئەگـەر ئیرادەیەکـی بەهێـز هەبێـت، ئەمـەش دەبێـت. بێگومـان شـت بەئیـرادە دێتـەدی، ئێسـتا زەمانـی حەفتـا و هەشـتاکان نییـە بەچەکـی کیمیایـی وەڵاممان بدەنـەوە. ئـەم وڵاتـە و ئـەم میللەتـە کیمیابـاران بکـەن و ئەنفـالمان بکـەن، دونیـا گـۆڕاوە و بەرژەوەندییەکـی زۆر تێکـەڵاو بـووە و زۆر شـت بەیەکـەوە بـەستراون، کەسـانێك دەڵێـن لەبرسـان دەمریـن، دڵنیـا بـن لـەوەی میللـەت قـەت لەبرسـان نەمـردووە، هیـچ کاتێکیـش کـورد بـۆ نـان شۆڕشـی نەکـردووە، چونکـە خـوا ئەوەنـدە نیعمەتـی پێـداوە توانیویەتـی خـۆی بژیێنێـت، تەنانـەت لەسـەردەمی پێشووشـدا شۆڕشـەکانی ئـەم میللەتـە بـۆ ئـازادی و سەربەسـتی و سـەربەخۆیی بـوون، بـۆ نـان نەبـوون. مـن هـەر ئەوانـــەم هەبـوو لەخزمەتـی ئێـوەی بەڕێـز دا عەرزیـان بکـەم. جارێکـی دیکـەش دەڵێـم ئومێدمـان زۆرە بەئێـوەی بەڕێـز، چاومـان لەهیممەتـی ئێوەیـە، پەنـا بەخـوا، خـوای گـەورە یارمەتیـدەری هەمـوو لایـەك دەبێت و زۆر سـوپاس.

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کۆدەبێتەوە

**بڕیاری ڕیفراندۆم لە ئەنجامی شکستهێنانی بنەمای هاوبەشی، سازان و هاوسەنگی لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە**



ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ـی٨ـی ٢٠١٧ لە سەلاحەددین بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کەیا ئیزۆڵ سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کرد.

لە دیدارەکەدا سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید پاڵپشتی خۆی و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید بۆ ڕیفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و ئەوەیشی خستەڕوو کە ڕەوەندی کوردیی هەر چوار پارچە بە جۆش و خرۆشەوە پشتیوانی ڕیفراندۆمن. هەروەها باسی ئەو بەرنامە و کار و چالاکییانەی کرد کە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید بە نیازە لە پەرلەمانی سوید و گردبوونەوەی جەماوەری لە سوید و هێنانی چاودێری نێودەوڵەتی

بـۆ کوردسـتان ئەنجامـی بـدات.

لەبەرانبـەردا سـەرۆك بارزانـی سوپاسـی ڕۆڵـی فیدراسـیۆنی کۆمەڵـە کوردسـتانییەکانی لـە سـویدی کـرد لـە پشـتیوانیکردنی ڕیفرانـدۆم و دەستخۆشـی لێکـردن. لـە وتەیەکـدا ئامـاژەی بـە بڕیـاری ڕیفراندۆمـی کوردسـتان دا و جەختـی لـەوە کـردەوە کـە ئـەم بڕیـارە بڕیـاری خەڵکـی کوردسـتانە و لـە ئەنجامـی شکسـتهێنانی شـەراکەت و تەوافـوق لـە عێراقـدا هاتووەتـە ئـاراوە. لـە درێـژەی قسـەکانیدا سـەرۆك بارزانـی ڕۆشـنایی خستەسـەر کۆبوونـەوەی لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە ٧ـی حوزەیرانـی ٢٠١٧ کـە تێیـدا بڕیـار درا ٢٥ـی ئەیلوولـی ٢٠١٧ وەك ڕۆژی ئەنجامدانـی ڕیفرانـدۆم دیـاری بکرێـت و بە ڕۆژێکی پڕشـنگدار لـە مێـژووی گەلـی کوردسـتان وەسـفیکرد. سـەرۆك بارزانـی دووپاتیشـکردەوە؛ ڕیفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆییە و ئەوانـەی دەڵێـن، کات گونجـاو نییـە بـۆ ڕیفرانـدۆم، دەبـێ پـێمان بڵێـن ئـەدی کـەی گونجـاوە؟ یـان بەدیلـی ڕیفرانـدۆم چییـە؟

## پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـی نێـوان سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا

### ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەوڵی بۆ دەدا، جێبەجێ نەکرا



ئێـوارەی ڕۆژی پێنجشـەممە ١٠ـــی ٨ـــی ٢٠١٧ بەڕێـز ڕێکـس تیلەرسـۆن وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا لەڕێـی تەلەفۆنـەوە پەیوەنـدی بـە بەڕێـز مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـرد.

لـەو پەیوەندییـە تەلەفۆنییـەدا وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا دەستخۆشـی لـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کـرد لـە تێکشـکاندنی تیرۆریسـتانی داعـش و پیرۆزبایـی سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگەی کـرد و هـاوکات سەرەخۆشـیی لـە خانـەوادە و کەسـوکاری ئـەو پێشـمەرگانە کـرد کـە لـە شـەڕی دژی تیرۆریسـتاندا گیانـی خۆیـان بەخـت کـردووە و شـەهید بوونـە.

لـە بەشـێکی دیکـەی ئـەو پەیوەندییـەدا وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا دەستخۆشـی لـە سـەرۆك بارزانـی و سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان کـرد بـۆ بڕیـاری پێکهێنـان و ناردنـی شـاندی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەغـدا بـە مەبەسـتی دانوسـاندن لەسـەر

پرسـە سیاسـییەکان و هەورەهـا ئەوەیشـی ڕاگەیانـد؛ پێـی باشـە ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی کوردسـتان دوابخـرێ و پشـتگیریی خۆیشـی بـۆ دیالـۆگ و دانوسـاندنی نێـوان هەرێـم و بەغـدا دووپـات کـردەوە.

لەبەرانبــەردا ســەرۆك بارزانــی سوپاســی وەزیــری دەرەوەی ئەمەریــکای کــرد و هەروەهـا پێزانینـی هەبـوو بـۆ ئـەو هـاوکاری و یارمەتیدانـەی ئەمەریـکا پێشکەشـی هێـزی پێشـمەرگەی کـردووە لـە شـەڕی دژی تیرۆریسـتانی داعـش. هەروەهـا جەختیشـی لـەوە کـردەوە کـە بەمنزیکانـە شـاندی بـاڵای هەرێـم سـەردانی بەغـدا دەکات بـۆ گفتوگۆ لەسـەر ئـەو پرسـانەی پەیـوەستن بـە ئایینـدەی پەیوەندیـی نێـوان کوردسـتان و بەغـدا.

لەبـارەی داواکاری بـۆ دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم سـەرۆك بارزانـی بـە وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکای ڕاگەیانـد؛ ئـەو پێکەوەژیانـەی کوردسـتان لـە ڕابـردوو و لـە قۆناغـی جۆراوجـۆر لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق هەوڵـی بـۆ دەدا جێبەجـێ نەکـرا، هـەر بۆیـەش گەلـی کوردسـتان بڕیـاری دا ڕێگـەی خـۆی بگرێتەبـەر. سـەرۆك بارزانـی ئەوەیشـی بـۆ وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا خسـتەڕوو؛ پرسـیار ئەوەیـە لـە بەرانبـەر دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم چ زەمانەتێـك و چ بەدیلێـك هەیـە بـۆ ئایینـدە و دیاریکردنـی چارەنووسـی گەلـی کوردسـتان؟

هــەر لــەو پەیوەندییــە تەلەفۆنییــەدا هــەردوولا بڕیاریانــدا، لــە هەمــوو هەنــگاو و پێشـهاتە سیاسـییەکانی ئایینـدەدا هـاوکار و هەماهەنـگ و لـە پەیوەندیـی بەردەوامـدا بـن.

# سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێمی کوردستان

## بۆئەوەی ڕێ لە شتی خراپتر بگرین، بڕیاری ڕیفراندۆممان دا



**٢١/٨/٢٠١٧**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز زۆر زۆر بەخێربێن.**

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان. شانازییە ئەمڕۆ لەخزمەتی ئێوەدام. ئێوە نوێنەرایەتیی توێژێکی گرنگی میللەتەکەمان دەکەن، پێشم خۆش بوو، ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەدا بیروڕا لەبارەی بابەتی ڕیفراندۆم ئالوگۆڕ بکەین کە ئەمڕۆ پرسی هەرەگرنگی وڵاتەکەی ئێمەیە، هەموو لایەکیش ماوەیەکە سەرقاڵی ئەو بابەتەن.

سەرەتا پرسیار ئەوەیە، بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ڕیفراندۆمی دا؟

بڕیارەکە تازە نییە، هی ڕۆژی ٧ی حوزەیرانیش نییە، ئەو ڕۆژە تەنیا وادە و ڕۆژەکە دیاری کرا؛ ئەگینا دڵنیام بەڕێزتان ئاگادارن کە هەموو شۆڕشەکانی گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژوو لەپێناوی سەربەخۆیی و سەربەستی و ئازادیدا بوون. هەموو ئەو قوربانیانەی دراون قۆناغ بەقۆناغ بۆ ئەو ئامانجە گەورەیە بوون کە لەکۆتاییدا ئامانجی سەربەخۆییە، ئەمەیش وەك هەموو گەلانی دیکەی جیهان مافێکی ئاسایی گەلی ئێمەشە. لەگەڵ بەغدا هەموو ڕێگاکان تاقیکرانەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ بەغدا، من وای دەبینم پەیوەندیی ئێمە بەدوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە. یەکەمیان لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، کە نزیکەی ٧٠ تا ٨٠ ساڵ درێژەی خایاند، دووەمیان لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەستی پێکرد.

لەقۆناغی یەکەم هەموومان دەزانین حوکمەکە بەناونیشانی جۆراوجۆری لاوەکییەوە لەدەستی سوننەدا بوو، ئەوان فەرمانڕەوا بوون، بەڕێزتان دەزانن دوای یەکەمین جەنگی جیهان، کێشەی سەرەکیی نێوان هاوپەیمانان و تورکیا لەسەر ویلایەتی مووسل بوو. لەوەدا کورد ویلایەتی مووسڵیان ڕزگار کرد، بڕیاریاندا دەنگ بدەن لەگەڵ عێراقدا بن. دوای ئەوەی لەپەیمانی لۆزان ئەو مافەیان لەئێمە سەندەوە، کە خۆمان بڕیار لەمافی خۆمان بدەین، بەو مەرجەی ئێمە لەم وڵاتەدا هاوبەش بین.

ئێمە قوربانی بووین، ئیدی ئەو کارەساتانەش بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتن و ٤٥٠٠ گوند لەکۆی ٥٠٠٠ گوند وێران کران، دوازدە هەزار گەنجی فەیلی لەتەمەنی نێوان ١٨ تا ٣٠ساڵی بێ سەروشوونکران، هەشت هەزار بارزانی بێ سەروشوون کران. ئەنفالی سەرتاسەری ١٨٢ هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، بێ سەروشوون کران. ئینجا کیمیابارانی سەرتاسەری و کیمیابارانی هەڵەبجەی بەدوادا هات، کە بووە سیمبوڵی ئەو کارەساتانەی بەسەر ئێمەدا هاتن.

سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتانە خەڵکی کوردستان لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا ئەوپەڕی ڕەوشت بەرزییان پێشان دا. ئەوپەڕی مرۆڤایەتیی خۆیان پێشان دا، دوو فەیلەقی سوپای عێراق کە ئەم هەموو تاوانەشیان کرد بوو، خۆیان ڕادەست کرد، بەڵام بێ ئەوەی سووکایەتی بەیەك سەربازیان بکرێت، قسەیەکی ناخۆشیان پێ بگوترێت، ئازاد کران.

زۆر باسی ئاشتەوایی لەباشووری ئەفریقادا دەکرێت. پێم وایە کوردستان زۆر لەپێشەوەی باشووری ئەفریقایە، بەڵام نە خۆمان زانیمان چۆن ئەو بابەتە بەدنیا ڕا بگەیەنین، نە کەسیش هەبوو ئەو ڕەوشتبەرزییەی گەلی کوردستان بۆ جیهان ڕوون بکاتەوە. لەگەڵ هەموو ڕێز و پێزانینێکم بۆ ماندێلا کە سەرکردە و تێکۆشەرێکی گەورەیە، بەڵام ماندێلا با لەزیندانی ئەبووغریب دا بوایە، ئینجا با ماندێلا بوایە. سەدان کەسی وەك ماندێلا لەناو ئەم میللەتە هەڵکەوتوون، بێ سەروشوون کران و لەناو تیزاب توانەوە کە بواری ئەوەیان نەبوو، یەك قسەش بکەن و کەسی خۆیان ببینن و وەسیەتی خۆیان بنووسن.

سەرەڕای ئەم هەموو تاوان و کارەساتانە، ئێمە چووینە بەغدا دانوستانمان لەگەڵ تاوانبارانی ئەو تاوانانەکرد. باوەڕ بفەرموون لە١٩٩١ دا ئەوکاتە بەرەی کوردستانی

بـوو، هەموومـان بەیەکـەوە بەشـدار بوویـن و چوویـن جارێـك جەنابـی مـام جـەلال چـوو، جارێـك مـن چـووم، لـە ڕەفتـارو گفتاریـان هەسـتمان دەکـرد چاکەیەکـی گـەورە بەرانبـەر بەئێمـە دەکـەن، کـە نامانگـرن و لەسـێدارەمان نـادەن، چاکـە دەکـەن لەگـەڵمان دادەنیشـن، ئنجـا وەرە لەگـەڵ ئـەو عەقڵیەتـە بـژی.

دوای سـاڵی ٢٠٠٣ ش، ئەگەر سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان نەبوایە، نەزەمینەسازی بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمـی بەعـس دەکـرا، نـە ئـەو پلانـەش بەئاسـانی جێبەجـێ دەکـرا. ئێمـە پێشـبینیمان دەکـرد برادەرانـی شـیعە جیاوازییـان لەگـەڵ سـوننەدا هەبێت، چونکە پێکەوەبوویـن، ئەوانیـش سـتەم لێکـراو بـوون، هیـچ کاتێکیـش فەتـوای ئایەتـوڵلا (سـەید موحسـینی حـە کیـم) لەبیـر ناکرێـت، هەڵوێسـتێکی مێژوویـی تۆمـار کـرد، ئێمـە هەتـا هەیـن سوپاسـی دەکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە ئەوانـەی ئێسـتا وا دەرنەچـوون؛ کەوتنـە پیلانگێـڕان لـەوەی چـۆن لەنـاو سـوپادا لەهەژموونـی کـورد بـدەن، لـەوەوە دەسـتیان پێکـرد. ماددەی ١٤٠ کـە دەبوایـە لەکۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٧ دا جێبەجـێ بکرێـت، جێبەجێیـان نەکـرد، خۆشـیان دەیانگـوت مـاددەی ١٤٠ مـردووە و تـەواو بـووە.

لەپرسـی دەسـتووردا، ئەگـەر خەڵکـی کوردسـتان نەبوایـە دەسـتوور لەگشتپرسـی دەرنەدەچـوو، بـەڵام چـۆن لـە کێشـەی سـنووری نێـوان تورکیـا و عێـراق ویلایەتـی مووسـڵ ڕزگار کـرا، دەسـتووریش ئـاوا ڕزگار کـرا. لەقۆناغـی یەکـەم ویلایەتـی مووسـل ڕزگار کـرا، لەقۆناغـی دووەمیـش دەسـتوورمان ڕزگار کـرد. لەدیباجـەی دەستووریشـدا هاتـووە؛ مانـەوەی عێـراق بەیەکپارچەیـی بەنـدە بەپابەنـدن بـوون بـەم دەسـتوورە. ئەوکاتـە شـەڕ لەسـەر چەسـپاندنی ئـەو بەندەکـرا. دروسـت بـۆ ئەوەبـوو، ئەگـەر کەسـانێك لەئایینـدەدا گلەییـان کـرد، بڵێیـن ئەمـە ئـەو دەسـتوورەیە و لەسـەر ئـەو بنەمایـە ڕێککەوتوویـن.

ئێسـتا باسـی ئـەوە دەکـەن هیـچ بەندێکـی دەسـتوور نییـە، مافـی گشتپرسـی بەئێـوە بـدات، ئـەدی کام بەنـدی دەسـتوور مافـی بەئێـوە دا نانـی خەڵکـی کوردسـتان ببـڕن؟ مـاددەی ١٤٠ پێشـێل بکـەن و بـەلاوەی بنێـن؟ کام مـاددەی دەسـتوور ڕێـی بەئێـوەدا تەقەمەنـی، فیشـەك، کەرەسـتە و بودجـەی پێشـمەرگە نەنێـرن؟ کـە لەدەسـتووردا هاتـووە بەشـێکە لەسیسـتەمی بەرگریـی عێـراق.

بینیتـان چـۆن بـەدوو کاتژمێـر یاسـای حەشـدی شـەعبییان تێپەڕانـد، بـەڵام دە دوازدە

ساڵە ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـتمان پـێ دەکـەن. لەکۆتاییشـدا نەیانهێشـت بـۆ پێشـمەرگە نەهیـچ یاسـایەك دەربچێـت، نەهیـچ پابەندییـەك لـەو ڕێککەوتنـەی لەبارەی پێشـمەرگەوە کـرا جێبەجـێ بکرێـت.

ئێسـتا بـاس لەزۆرینـەی سیاسـی دەکـەن، ئەسـڵەن خاڵـی هەرەگرنـگتر کـە تێکیـان دا و پێشـێلیان کـرد تەوافـق بـوو، بەتایبەتـی لەپرسـی گرنـگ و ستراتیژیـدا، کـە پەیوەندیـی بەهەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە.

زۆر ڕوونـە، ئەگـەر بەدەنگـدان بێـت لەپەرلەمـان ئێمـە ئەگـەر ٨٠ پەرلەمانتاریـشمان هەبێـت هەمیشـە دەدۆڕێیـن، هـەر کەمینەیـن و دەیدۆڕێنیـن. بەمـە ئێسـتا بەرگێکـی یاسایشـی بەبـەردا دەکـەن و دەڵێـن بڕیـاری پەرلەمانـە، هەمـوو شـتێکیان پێشـێل کـرد.

مـن لەمێـژە هەسـتم کـردووە عەقڵیەتەکـە نەگـۆڕاوە، بەتایبەتـی ئەوکاتـەی کێشـەی قەرەتەپـە هەبـوو، ئەمریـان کـرد تانـک بنێرنـە سـەر خانەقیـن. ئەوکاتـە چوومـە بەغـدا لەگـەڵ جەنابـی مـام جـەلال لەماڵـی (عەبدولعەزیـز حەکیـم خـوا لێیخـۆش بێـت) دانیشـتین، مالیکیـش کـە سـەروك وەزیـران بـوو لـەوێ بـوو، گوتـم فڵانەکـەس مەسـەلە ئـەوە نییـە تـۆ ٢٠ تانـك و ٣٠ تانـك جوولـە پـێ دەکەیـت و دەیاننێریـت بـۆ خانەقیـن، ئێمـە لـە ٩ هـەزار تانکـی سـەدام نەترسـاین، لـە٢٠ تانکـی شـکاوی تـۆش ناترسـین، کێشـە عەقڵیەتەکەیە. مادام ئـەو عەقڵیەتـە مابێـت کـە بـڕوای وا بێـت کێشـەکان بەتانـک و فڕۆکە چارەسـەر بـکات، ئـەوە جێـی مەترسییەکەیە، بەڵام ئـەو متمانەیەی کـە هەبوو، ئـەوە نەما.

زۆر هــەوڵمان دا لەگـەڵ بەغـدا، ئەمریـکا، هاوپەیمانـان، یەکێتیـی ئەورووپـا و وڵاتانـی هەرێمایەتـی، ئەگـەر چارەسـەرێکی ئـەم ڕەوشـە نەکرێـت، ئاخیـری قابیلی تەحەمـول نییە. بەجیددییـان وەرنەگـرت. دەیانگـوت کارتـی گوشـارە و بـۆ ئەوەیـە ئیمتیـاز و دەسـکەوت وەربگـرن، وەڵلاهـی هیـچ وا نییـە، نەکارتـی گوشـارە و نـە بـۆ ئیمتیازاتـە. ئێمـە دواش کەوتوویـن، دەبـا زووتـر ئـەو بڕیـارە بدەیـن.

ئەمـە بڕیـاری خەڵکـی کوردسـتانە، نەبڕیـاری تاکـە کەسـێکە، نـە هـی حزبێـك و دوو حزبـە. ئەمـە پەیوەندیـی بەچارەنووسـی هەمـوو گەلـی کوردسـتانەوە هەیـە. بەڕاسـتی لام سـەیرە هەندێـك خەڵـک و وڵات، دەڵێـن کاتـی ڕیفرانـدۆم نییـە و نابێـت، خـۆ کوفـر نییـە و گوناهمان نەکـردووە، مومارەسـەیەکی ئاشـتیانە و دیموکراتیانـەی خەڵکـی خۆمانـە. تـۆ

ڕێگری لەمافی گەلێك بکەیت، ئەوە تاوانە.

پاشان بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە، من تەسەور ناکەم ئەم ڕەوشە وا بمێنێت، پێش ئەوەی ڕەوشەکە تێک بچێت ئێمە دەبێت چارەسەرێك بدۆزینەوە و ڕێ لەکارەساتێکی دیکە بگرین. ئەگەر سبەی هاتن و بەئێمە بڵێن بگەڕێنەوە بۆ هێڵی سەوز، هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و سوپای سەدام، پێش ٢٠٠٣ کە ئەوان ئەوە بەسنووری هەرێمی کوردستان دەزانن، خەریکن ئەوە بکەن بەواقیعێك و بەسەر کوردستاندا بیسەپێنن، بڵێن ئەوە هێڵی ئێوەیە، بێن بڵێن لە کەرکووك، خانەقین مەخموور و شنگال دەربچن. ئەگەر دەربچیت چی بەبنەماڵەی شەهیدان و میللەت و ویژدانی خۆت دەڵێیت؟ دەرنەچیت، دەبێت شەڕ بکەین، بۆئەوەی ڕێ لەوە بگرین، دەبێت ئێمە هەوڵی خۆمان بدەین.

پار چووینە بەغدا لەگەڵ بەڕێز عەبادی، گوتم با جورئەتی ئەوەمان هەبێت کە ئێمە شکستمان هێنا و نەمانتوانی شەراکەتێکی ڕاستەقینە دروست بکەین، لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیشمان تاقیکردەوە، لەوە ناچێت ئەوە سەر بگرێت، وەرن با جورئەتی ئەوەمان هەبێت بڕیار بدەین ببینە دوو دراوسێی باش بەخۆشی و ئاشتییەوە یەکدی تەواو بکەین، نەك بەخوێنڕشتن و توندوتیژی.

من پێم وایە ئێمە دوو بژاردەمان لەپێشە، یان دەبێت هەنگاوێك بچینەپێش و ئایندەمان ڕوون بێت، یان دەبێت ڕازی بین بەوەی بەویستی خۆیان بەغدا چۆن حوکم بکات لە هەرێمی کوردستان، بەوە ڕازی بین. جاران بەڕێوبەری ئەمنی هەولێر فلان تکریتی دەبوو، ئێستا دەبێتە فلان مووسەوی و نەجەفی و حوسەینی، خواش قبووڵ ناکات دوای ئەو هەموو کارەساتە بگەڕێیتەوە بۆ زەمانی پێشوو، چۆن دەکرێت ئەمە ڕووبدات؟

ئەگەر بیریش لەوەبکەینەوە ئەم وڵاتانە چی دەڵێن. ئەمڕۆ شاندی ئێمە گەڕانەوە و هێشتا نەمدیون. بەدڵنیاییەوە لەگەڵ سەرکرایەتیی سیاسی کۆدەبنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامەکان دەکرێت، ٥٥ ماددەی دەستوور پێشێل کراون. ئەگەر بەڕێزتان سەیری بڕیاری ١٥١٤ی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن( **بنوارە پاشکۆکان**)، دەبینن چ مافێکی بەئێمە داوە، ئەگەر بڕواتان پێیە ئەوە مافی

ئێمەیە. ئەگەر بڕواتان پێی نییە، بۆ فێڵ لەمیللەتان دەکەن، بەغداش دەڵێت، هیچ ماددەیەکی دەستوور نییە پشتی پێ ببەستن (**بنوارە پاشکۆکان**). ئێمەش دەڵێین بەو ماددەیەی دەستوور کە ماددەی ١٤٠ تان پێشێل کرد و مافی پێشمەرگەتان زەوت کرد و بودجەی پێشمەرگەتان بڕی. ئێمەش بەو ماددەیەی دەستوور ڕیفراندۆم دەکەین. شەرمە ئەوان باسی دەستوور بکەن. هەرچی هەنگاوێکی ناویانە تێیدا دەستوور پێشێل کراوە، کەچی ئێستا دەستووریان بیر کەوتووەتەوە.

ئەگەر بەتەما بین وڵاتان بێن و بڵێن فەرموون سەربەخۆ بن، بەڕاستی ئەمە ئەستەمە. ئەوانیش دەوڵەتی پراگماتین و مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکەن کەس وەك برێمەر لەساڵی ٢٠٠٣ دژی پێشمەرگە و فیدراڵی نەبوو. لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا، ئەمریکا ڕێی نەدا ئەو سیناتۆرانەی هاوسۆزی کورد بوون بێن چاودێریی هەڵبژاردنەکە بکەن. سەرەتا هەموویان فیدراڵییان بەتاوان دەزانی، سەرەنجام مامەڵەیان لەگەڵدا کرد.

ڕاستە ڕەوشی ناوخۆ و بژێویی خەڵک و ناوماڵی کورد وەك پێویست نین، دەبێت هەوڵ بدرێت ئەمانە هەموو چارەسەر بکرێن، ئەمە دەرفەتێکە، بڕوای ئێمە وایە ئیشەڵلا هەڵەنەبین، ئەگەر ئەم دەرفەتە لەدەست ڕۆیشت، خوا دەزانێت کەی جارێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە.

ساڵی ٢٠١٥ چووینە ئەمریکا لەوێ بەدوورودرێژی باسی ڕەوشەکەمان کرد. (ئوباما) بەوردی گوێی گرت بوو، گوتی؛ من لەئازارەکانتان تێدەگەم، ڕێزم بۆ خواستی میللەتی ئێوە بۆ سەربەخۆیی هەیە، زۆریش خوشحاڵم کە ئێستا ئەولەویەتی هەموومان شەڕی داعشە، بەڵام ئەم دۆسیە لای (بایدنە کە جێگری سەرۆك بوو)، لەگەڵ ئەویش قسەمان کرد و گوتی؛ هەقی ئێوەیە، من دڵنیام لەتەمەنی خۆم و خۆت سەربەخۆیی کوردستان دەبینین، بەڵام من نەمگوتووە هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان ئەمریکا، یان دەوڵەتێک بەڵێنی پشتگیریی بەئێمە داوە، بەڵام کەسیش نەیگوتووە دژایەتیتان دەکەین، دەڵێن ئێستا تەرکیز لەسەر شەڕی داعشە و ئێستا کاتی نییە، بڕوامان وایە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش، ئەو پرسە ئەو بایەخەی نامێنێت. خۆزگە دوو ساڵ بەر لەئێستا بمانکردبا، زۆر زۆر ئاسانتر دەبوو. ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بین خەڵکی دیکە ئەو بڕیارەمان بۆ بدات، هەر لەچاوەڕوانیدا دەمێنینەوە.

دیسـان دەڵێـم ئەمـە بڕیـاری هەمـوو لایەنەکانـە، تکاتـان لـێ دەکـەم کـەس وا لێکـی نەداتـەوە، ئەمـە بڕیـاری کەسـێکە، یـان لایەنێکـە.

باسـی ئـەوە دەکرێـت دوا بخرێـت، نازانـم چـۆن دوا دەخرێـت؟ ئەگـەر بەدیلێکی باشتر هەبێـت، ئـەوە بابەتێکـی دیکەیـە، بـەڵام دوای بخـەن (ئێمـە) مـاددەی ١٤٠ جێبەجـێ دەکەیـن و هەندێـک پـارە بـۆ پێشـمەرگە دەنێریـن، دواتـر مانگێـک دوو مانـگ و پێنـج مانـگ بیـدەن و وەك جارانـی لـێ دەکەنـەوە. لەڕاسـتیدا دانوسـتان بـۆ ئیمتیـاز نەکـراوە، شـاندەکە پابەنـد بـووە و بەرپرسـانە دانوسـتانی کـردووە، قسـە لەسـەر ئەوەکـراوە، ئێمـە هەنگاو بۆ سـەربەخۆیی دەنێیـن، وەرن بـا ڕێـك بکەویـن، چـۆن دراوسـێیەکی بـاش بیـن، بـەڵام بـەوە هەندێـک پارەتـان بـۆ دەنێریـن و فلان شـتتان بـۆ دەکەیـن، ئـەوە ناکرێـت و ڕاسـتگۆییمان دەکەوێتـە ژێـر پرسـیارەوە. فەرموون ئێمـە بەرانبەر بەچـی دوای بخەین؟ چی بـاشتر هەیـە؟ ئێمـە کوفر و گوناهمان نەکردووە، خەڵکی ئێمـە بڕیاری خۆی دەدات و دەڵێن تەرکیـز لەسـەر داعـش نامێنێـت، ڕاسـت نییـە، تەرکیـز لەسـەر شـەڕی داعـش بـۆ نامێنـێ؟

لەبـارەی وڵاتانـی هەرێمییـەوە بـاس لەداخسـتنی سـنوور دەکرێـت، نازانـم دایدەخـەن یـان نـا، بـەڵام ئێسـتا وەك سـاڵانی شەسـت و حـە فتـا و هەشـتا و نـەوەدەکان نییـە، بەرژەوەندیـی زۆر دروسـت بـووە. هەرگیـز بڕواشـم بـەوە نییـە کەسـێك بێـت بیەوێـت بـەزۆر و هێـزی سـەربازی هەڕەشـەمان لـێ بـکات، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو موجازەفانـەی هەشـن، موجازەفـەی بڕیـاردان زۆر زۆر سـەلامەتترە لەموجازەفـەی چاوەڕوانـی.

بەنیسـبەت نـاو ماڵـی کوردیـش لەهەموو شـتێك گرنـگترە و هەنـگاوی باش نـراوە. پێمان خۆشە، هەموولا بەیەکەوە مل بدەینەبەر و ئەو کێشە و ناکۆکییانەی هەبوون، یان نەیهێڵین، یـان لایەنـی کـەم تەجمیدیـان بکەیـن، هەموو پێکـەوە هەوڵ بدەیـن بەیەکـەوە کار بکەین.

سـەبارەت بەڕەوشـی خەڵـک و هەرێمەوە، ئـەوە ناگونجێت دوور بـەدوور دژایەتی یەك بکەیـن، پێـم وایـە ئەمـە هەڵەیەکـی گەورەیـە، دەبێـت هەمـوو لایـەك هـەوڵ بدەیـن ئەمە چارەسـەر بکرێـت. لەبەرئـەوە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەمەوە کە مەسـەلەی دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم ناگونجێـت و واریـد نییـە، ئیشـەڵلا هەڵبژاردنیـش لەیەکـی یـازدەدا بکرێـت، بـۆ سـەرۆکایەتیی هەرێمیـش ئەمـڕۆ پەرلەمـان کۆببێتەوە حیزبـەکان بڕیار بدەن تـا یەکی یازدە کەسـێك دیـار بکـەن بـۆ سـەرۆکی هەرێـم، مـن سبەی دەور و تەسـلیمی لەگەڵـدا دەکـەم.

لەیەکـی یـازدەش کـێ خـۆی کاندیـد دەکات و کـێ دەرچـوو پیـرۆزی بێـت. ئەمـەش کێشـە نییـە و دڵنیاتـان دەکەمـەوە.

هـەر وەك خسـتمەڕوو شـاندی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەغـدا بـەر لەنیـو سـەعات گەڕاونەتـەوە، شـاندی پارتیـش چووەتـە سـلێمانی لەگـەڵ سـەرکردایەتیی گۆڕان دادەنیشـن. ڕەنگـە سـەردانی مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتـی بکـەن و لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـەش قسـە بکـەن. داوای سـەرکەوتنیان بـۆ دەکەیـن و ئیشـەڵلا بگەنـە ڕێککەوتـن و لێـك تێگەیـشتن، ئێمـەش ئەوەمـان دەوێـت.

خەسڵەت و سیمای دەوڵەتـی داهاتـووی کوردسـتان چـۆن دەبێـت؟ لەڕاسـتیدا دەبێـت بەهەمـوو مانایەکـی وشـە دەوڵەتـی میللـەت بێـت، نـەك هـی تاکەکـەس و تاکـە حیـزب. دەوڵەتیـك بێـت لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی پێـك بێـت، هەمـوو پێکهاتەکانـی ئایینـی و نەتەوەیـی تێیـدا یەکسـان بـن. دڵنیایـی تـەواو بەهەمـوو پێکهاتەکانـی دیکـەی کوردسـتان بدرێـت. کاتێـك ئێمـە بڵێیـن کێشـەی گەورەمـان ئەوەیـە، ناهێڵـن لەبەغـدا شـەریك بین، نابـێ ئێمـە لێـرەدا ئـەو دەرفەتـە نەدەیـن بـەو خەڵـک و نەتەوانـەی لەگـەڵ ئێمـەدا دەژیـن. بەپێچەوانەوە، دەبێـت زۆر زۆر خەڵکـی ئێمـە کراوەبـن بەرانبـەر بەیـەکتری، ناشـبێت بەهیـچ شـێوەیەك ڕێ بدرێـت ڕەگەزپەرسـتی و توندڕەوی لەئایینـدەی میللەتـی ئێمـەو دەوڵەتـی ئێمـەدا ڕێـی خـۆی بدۆزێتـەوە.

دەبێـت دەوڵەتێکـی دیموکراتـی مودێـرن بێـت، پاشـان خـوا ئـەو دەرفەتەشـی دا ئیشـەڵلا چۆنتـان پـێ خـۆش بـوو، وا دایتاشـن، چۆنتـان پـێ خـۆش بـوو، ئـاوای لـێ بکـەن.

ئـەو ڕۆژە لەخزمەتـی مامۆسـتایانی ئایینییـش گوتـم، ئەگەر سـەرکەوت؛ ئەم سـەرکەوتنە بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە و پیـرۆز بێـت. ئەگـەر خـوا نەخواسـتە شکسـتیش بـوو، تاوانەکـە هەمـووی لەئەسـتۆی مـن بێـت. مـن ئامـادەم باجەکـەی بـدەم، ئەگـەر ئەوکاتـە سـنووریش داخـرا بـۆ چـوار پێنـج ڕۆژ نامریـن لەبرسـان، سـزاکەی چـی بـوو بۆئـەوەی سـنوور بکرێتـەوە، مـن ئامـادەم سەریشـی لەسـەر دابنێـم.

# سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لەگـەڵ پێشـمەرگەی دێریـن و کەسـایەتی کۆمەڵایەتـی و ئایینـی و کاسـبکارانی شـاری هەولێـر

## دەستوور ڕێگە بە خەڵکی کوردستان دەدات ڕیفراندۆم بکات



٢٠١٧ ٨ ٢٢

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**برایانی بەڕێز، خوشکانی ئازیز، هەمووتان بەخێربێن سەرچاو.**

زۆر بەختـەوەرم کـە ئـەم دەرفەتـە ڕەخسـا بـە خزمەتـی ئێـوەی بەڕێز بگەیـن بۆئەوەی گـوێ لـە بۆچـوون و پێشـنیارەکانی ئێـوە بگریـن و بۆچوونـی خـۆشمان عـەرزی ئێـوە بکەیـن. هەروەهـا پرسـی ڕیفرانـدۆم کـە ئەمـڕۆ پرسـی هەمـوو تاکێکـی کـوردە، بۆتانـی شـی بکەینـەوە و ئـەو ڕوونکردنەوانـەی پێویـستن عـەرزی گەلـی کوردسـتان بکەیـن.

بـۆ گەلـی کوردسـتان ئـەو بڕیـارەی دا کـە بـەرەو ڕیفرانـدۆم بچـێ، وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەوەیـە، چونکـە لەگـەڵ بەغـدا هەمـوو ڕێگاکانـی ترمـان تاقیکـردەوە، بەداخـەوە هیچێـک لـەو ڕێگانـە ئەنجامـی نەبـوو، لامەرکـەزیمان تاقیکـردەوە، ئۆتۆنۆمـیمان

تاقیکردەوە، فیدراڵیمان تاقیکردەوە، بینیمان هەمووی ئەنجامەکەی بە لاوەنانی کورد و پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر ئێمە بۆ پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بەغدا بگەڕێینەوە، ئێمە بە دوو قۆناغدا تێپەڕین؛ قۆناغی یەکەم لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، تا ٢٠٠٣، قۆناغی دووهەم لە ٢٠٠٣ تا ئێستا، کاتێک ویلایەتی موسڵ لەنێوان حکوومەتی تورکیا و هێزی هاوپەیمانانی ئەو سەردەمە بوو بە کێشە، خەڵکی کوردستان ویلایەتی مووسڵیان ڕزگار کرد و دەنگیان دا و بوو بە بەشێک لە عێراق، بەڵام بەو مەرجەی لە حوکمدا هاوبەش بین، پێویست ناکات من بۆ ئێوە ڕوون بکەمەوە، خۆتان لەو کارەساتەدا ژیاون کە چ بە سەر ئێوە و ئەم میللەتە هات، هەر لە ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی، لە کۆی پێنج هەزار گوند، ٤٥٠٠ گوند وێران کران، باوەڕ بفەرموون ئەگەر شەڕی کوێت نەبوا ئەو پێنج سەت گوندەی ماشبوون، ئەوانیش نەدەمان، تەعریب گەیشتبووە دە کیلۆمەتری هەولێر، دوازدە هەزار گەنجی فەیلی لە تەمەنی هەژدە ساڵی تا سی ساڵی بێسەروشوون کران، دوای ڕووخانی ڕژێم دەرکەوت کە ساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵەیەکی زۆر لەو گەنجانە لە کارخانەکانی لای عەکاشەت و قائیم لەسەر سنووری سووریا و ئوردن چەکی کیمیاوییان لەسەر تاقیکراوەتەوە، دیسان هەشت هەزار بارزانی بێسەروشوون کران، لە ئەنفالە گەورەکەی ساڵی ١٩٨٨، سەت و هەشتا و دوو هەزار کەس کە بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ بوون بێسەروشوون کرد، ئینجا کیمیابارانی سەرتاسەری کوردستان و هەڵەبجە کە بوو بەسومبوڵی ئەو کارەساتەی بە سەر خەڵکی کوردستاندا هات کە بە چەند چرکەیەک پێنج هەزار ژن و منداڵ شەهید کران، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا لەڕاپەڕینی ١٩٩١دا جارێکی تر خەڵکی کوردستان سەلماندیان کە بە ڕاستی میللەتێکی ڕەوشتبەرزە، حەقە شانازی بە فەرهەنگی خۆیان بکەن. لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا دوو فەیلەقی جەیشی عێراقی تەسلیم بوون، هەموویان بەڕێزەوە ئیزن دران و هیچ تۆڵەیەکیشیان لێ وەرنەگیراوە. ئەمە نیشاندەری ئەو ڕەوشتەبەرزەی خەڵکی کوردستانە، بۆ گفتوگۆ چووین، بەڵام هەر سوودی نەبوو، عەقڵیەتەکە نەگۆڕا، ٢٠٠٣ گوتمان باشە ئەمە دەرفەتێکی ترە، هەموو دنیاش دەزانێ کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی زەمینەسازییەوە تاکوو شەڕ دەستی پێکرد و ڕژێم ڕووخا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەموو پێکەوە ڕۆڵێکی سەرەکیان بینی. کاتێک دەستوور هاتە پێش دیسان خەڵکی کوردستان دستووریان

ڕزگار کرد، ئەگینا لە ڕاپرسی دەرنەدەچوو، بێگومان لەکاتی داڕشتنی ئەم دەستوورە حیسابی هەموو ئەو شتانە کرابوو، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوان پەشیمان ببنەوە، یان پێشێلی بکەن، بەندێک لەناو دیباجەی دەستووردا هەیە کە دەڵێ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەندە بە پابەندبوون بەم دەستوورە.

ئێمە لیژنەیەکی یاساییمان دانا بۆئەوەی دیراسەتێکمان بۆ ئامادە بکەن، دەرکەوت لەو ماوەیە پەنجا و پێنج ماددەی دەستووری پێشێل کراوە. ئێستا زۆر جار گوێم لێ دەبێت دەڵێن، هیچ بەندێکی دستووری نییە ڕێگە بەخەڵکی کوردستان بدات ڕیفراندۆم بکەن، لەڕاستیدا دەستوور ڕێگای بە ئێمە داوە، بەتایبەتی ئەو بەندەی کە دەڵێ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بەندە بە پابەندبوون بەم دستوورە، ئەو بەندە ڕێگە بە ئێمە دەدا، چونکە ئیلتیزامی پێ نەکراوە. وەڵامی تر ئەمەیە؛ بەو بەندەی نانی خەڵکی کوردستانتان بڕی، ئێمەش بەو بەندە ڕیفراندۆم دەکەین. لە قۆناغی دووهەمیش کە گوتم دوای ٢٠٠٣ هەموو هەوڵێکمان دا کە دۆخێکی تازە لە عێراق دروست ببێت و هەموو خەڵکێک، هەموو پێکهاتەیەک، هەموو لایەنێک ئەرکی خۆی بزانێت و مافیشی دیار بێت، بەڵام دیسان کەوتنەوە پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی دستوور، ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرا، گوناهی خۆیانە، چونکە دەبوو ٢٠٠٧ تەواو ببێت، بەڵام خۆیان جێبەجێیان نەکرد و خۆشیان گوتیان ماددەی ١٤٠ مرد و تەواو بوو. لەبارەی پرسی پێشمەرگە ڕێککەوتن ئەوە بوو کە بە پێی دستوور پێشمەرگە بەشێکە لە دامەزراوەی بەرگری عێراق و دەبێ چەک و تەقەمەنی و بودجەی دابین بکرێ، بە داخەوە هیچیان نەکرد، بینیتان چۆن بۆ حەشدی شەعبی بە دوو کاتژمێر یاسایان هێنایە پەرلەمان و تێشیان پەڕاند و بودجەیەکی زەبەلاحیشان بۆی تەخان کرد، بەڵام نەیانهێشت یەک فیشەک و یەک دیناریش بۆ پێشمەرگە بێت. بێگومان ئەو هەموو خاڵانەن وایان کرد ئێمە نائومێد ببین. ڕاستە ئێستا پەیوەندی کەسی لەنێوان من و بەڕێز عەبادی پەیوەندییەکی دۆستانەیە و زۆریش باشە، بەڵام نە من هەتا سەر دەمێنم نە عەبادیش دەمێنێ، خۆی ئێمە ناتوانین پەیوەندی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەغدا بە پەیوەندی باشی نێوان هەرێم و بەغدا ببەستینەوە. ئەم سەرۆک وەزیرانە پەیوەندی باشە لەگەڵ هەرێم، یان میزاجی ناگونجێ لەگەڵ هەرێم، ئینجا تووشی کێشە ببین، ئەمە بە

میزاجـی کەسـی ناکـرێ، دسـتوورێک مافـی ئێمـەی دیـاری کـردووە، بـەڵام ئیلتیزامـی پـێ نەکـرا. ڕیفراندۆمیـش بڕیـاری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە، بڕیـاری لایەنـە سیاسـییەکانە. لـە ڕۆژی ٧ی حوزەیـران هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان کۆبوونـەوە و بڕیاریـان دا. باوەڕیـش بفەرمـوون، تـا ئێمـە نەچووینـە کۆبوونـەوە، مـن خۆشـم نەمدەزانـی و هیـچ یەکێکیـش لـە برادەرانـی حیزبەکانـی تریـش نەیاندەزانـی کـە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلـوول دەبێتـە ڕۆژی دیاریکردنـی ڕیفرانـدۆم، بـەڵام کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردن کـە ئەوانیـش بانگـی کۆبوونەوەکـە کراوبـوون، گوتیـان ئێمـە لـە ٢٠ی ئەیلـوول تـا ٣٠ی ئەیلـوول دەتوانیـن و ئامادەیـن ڕیفرانـدۆم بکەیـن، بۆیـە ڕۆژی ٢٥ دەستنیشـان کـرا.

ئەمـە ئامانجێکـی دێرینـە و لـە کۆنـەوە ئـەو سـەرکردانەی ئێمـە کـە خەباتیـان کـرد و شۆڕشـیان کـرد هەمـوو بـۆ ئـەوە بـوو کـە خەڵکـی کوردسـتان ڕزگاریـان ببێـت و بـە ئامانجـە گەورەکـەی بـگات، ئەویـش سـەربەخۆیی کوردسـتانە. بەڵـێ بـە پێـی بـارودۆخ و هەلومـەرج هـەر قۆناغێـک چارەسـەرێکی بـۆ دیـار کرابـووە و دروشـمێکی دیاریکـراوی هەبـووە. ئەوەبـوو لـە لامەرکەزییـەوە دەسـتی پێکـرد، پاشـان ئۆتۆنۆمـی، ئینجـا فیدراڵـی، بۆئـەوەی ئێمـە ڕێگـە لـە کارەسـاتێکی تـر بگریـن زۆر بـاشترە لـە ئێسـتاوە ئێمـە و بەغـدا لێـک تێکبگەیـن، پـار کـە چووینـە بەغـدا بـە ئەوانمـان گـوت ئێمـە نەمانتوانـی ئـەو هاوبەشـییە دروسـت بکەیـن کـە پێویسـت بـوو، مـادەم نەمانتوانـی وەرن بـا بیـر لـەوە بکەینـەوە چـۆن ببیـن بـە دراوسـێی یـەکتری.

هەڤاڵینـە برادەرینـە مـن ترسـی ئـەوەم هەیـە پـاش ماوەیەکی تر بێـن بڵێـن بگەڕێنەوە بـۆ هێڵـی سـەوز، هێڵـی سـەوز، تـا ٢٠٠٣ هێڵـی تەماسـی نێـوان پێشـمەرگە و جەیشـی سـەدام بـوو، خـۆ ئـەوە سـنووری کوردسـتان نییـە، هێڵـی سـەوز تەقریبـەن هەتـا ئـەم لای دیبەگـەش بـوو، دە کیلۆمەتـری باشـووری هەولێـر، ئەمـە سـنووری ئێمـە نییـە، ئێسـتا ئەوانـەی زۆرینـەن و ئێسـتا لـە بەغـدا حاکمـن ئـەو هێڵە بـە سـنووری کوردسـتان دادەنێن.

زۆریـان ئێسـتا بـە تەمـان، ئەمـە نـە شـیکردنەوەیە نـە پێشـبینییە، بەڵکـوو زانیارییـە، سـبەینێ دێـن پێمان دەڵێـن؛ دەبێـت بـۆ ئـەو هێڵـە بگەڕێنـەوە. واتە دەبێـت لـە خانەقین، کەرکـووک، مەخمـوور، شـنگار، زوممار و هەمـوو ئـەو ناوچانـە بکشـێنەوە و بـۆ ئـەو هێڵـە بگەڕێنـەوە کـە کاتـی خـۆی لـە نێـوان سـوپای عێـراق و پێشـمەرگەدا بـوو کـە دەبـوو

بە پێی ماددەی ١٤٠ ئەم ناوچانە چارەسەر کرابانە، کاتی خۆشی کە ڕەزامەندی کرا، لەبەرئەوە نەبوو کە ئێمە گومانمان لە ناسنامەی کوردستانی ئەم ناوچانە؛ چ خانەقینە چ کەرکووکە چ شنگارە چ مەخموورە هەبووە، بەڵام مادەم بۆ چارەسەری ئەم کێشانە ڕێگایەکی دەستووری و قانوونی هەیە، ئەوەمان پێ خۆشتر بوو. لەڕاستیدا ئێمە نەبووین ئەو ماددەیەمان جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بەغدا ئەو ماددەیەی جێبەجێ نەکرد، ئێستاش بەشی هەرە زۆری ئەو ماددەیە جێبەجێ بووە، چونکە داعش وای کرد بە دەست و بازووی پێشمەرگە جێبەجێ بکرێت. ئەگەر ئەم داوایە کرا، کێ بوێری ئەوەی هەیە، بڕیار بدات کە بەڵێ ئێمە دەکشێینەوە، یەکەم جار چ بە خۆت، چ بە خوای خۆت دەڵێی، چ بە خانەوادەی ئەو شەهیدانە دەڵێی چ بەو میللەتە دەڵێی، ئەو هەموو قارەمانە ئەو هەموو شەهیدە ئەو هەموو ئازیزەمان لە دەست دا، ئینجا جارێکی تریش پاشەکشە بکەین، ئەگەر پاشەکشە نەکەی تووشی شەڕ دەبیت، جا بۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەو شەڕە نەبین، لە ئێستەوە زۆر باشترە لەگەڵ بەغدا تێک بگەین، خوا نەخواستە، ئەگەر تووشی شەڕیش ببین، جارێکی تر بۆ فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی و ئەوانە، حەیفە خوێنی یەک کوڕی کورد بڕژێت. جا ئەوەبوو لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران ئەو بڕیارە درا کە بڕیارێکی بوێر و زۆر ئازانە و لە جێی خۆی بوو، هەروەها بۆ هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی لەو بڕیارە بەشدار بوون سەروەرییەکی گەورەشە، ئێستاش زۆر لایەن و زۆر دەوڵەت دێن دەڵێن، دوابخرێت و کاتی نییە. ئەمە سەد ساڵە بە ئێمە دەڵێن کاتی نییە، بە تایبەتی لەم ١٤ ساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەموو جارێ بە ئێمەیان گوتووە، لەبەر ئەم کێشەیە جارێ کاتی نییە، واتە ئەگەر وابێت بۆ ئێمە هیچ کاتێک کاتی نابێت. ئەوەم بە بیر دێنێتەوە، دەڵێن جارێک کابرایەک داوای کرد هەڤاڵێکی خۆی ببینێ، ئەویش هەموو ڕۆژەکانی هەفتەی بۆ ژمارد، گوتی فلان من لە شەممەوە تا ڕۆژی هەینی سەرقاڵم، جا هەر ڕۆژی دێی بەخێربێی واتە نەهێی. ئەمانەش وایان لە ئێمە کردووە، هەر کاتێ باسی ئەوە دەکەی، دەڵێن کاتی ئەوە نییە، ئێستا دەڵێن ئەمە تەرکیز لەسەر شەڕی داعش کەم دەکاتەوە، ئەمە ڕاست نییە، بەپێچەوانەوە تەرکیزەکە زیاتر دەکات، بۆیە مەحاڵە لە پرسی کاتی ڕیفراندۆم ٢٥ی ئەیلوول پاشەکشە بکرێ. مەگەر زەمانەتێکی نێودەوڵەتی زۆر زۆر بەهێزتر و گەورەتر و ئاسانتر لە ڕیفراندۆم بە خەڵکی کوردستان

بدرێ، ئەویش شتێکی وا دیار نییە، ئەگینا بەبەیاننامەی باڵیۆزێک و هاتنی وەزیرێک ئەم شتانە ناخوا، ئەمە ناکرێ، چونکە ئەمە بڕیارێکە دراوە و من دڵنیاشم بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەو بڕیارەن.

باسی ئەوە دەکرێ، سنوور دادەخرێت و پەلامار دەدرێین، واتە لەو قسانە هەیە، لەوانەیە خەڵکێک هەبێت بڕوای کرد بێت و خەڵکێک لەوە ترسا بێت. لەڕاستیدا بێ موجازەفە نییە، من ناڵێم موجازەفەی تێدا نییە، بەڵام باوەڕ بکەن؛ ئەو موجازەفەیە زۆر زۆر سەلامەترە لە موجازەفەی دانیشە و هیچ نەکە و چاوەڕوان بکە.

سەردەمیش؛ سەردەمی شەست، هەفتا و هەشتاکانیش نییە کە بەشێکی زۆرتان پێشمەرگە بوون و ئەو سەردەمەتان دیوە کە چەند سەخت و ناخۆش و بێ پشت و پەنا و بێکەس بووین، لەو سەردەمە دەبوایەوە بچیتە دەرەوە دە کاتژمێر لەگەڵ کابرایەک دابنیشی و باسی جیاوازی نێوان کوردستان و پاکستان و ئەفغانستانی بۆ بکەی بۆئەوەی تێبگەینی کوردستان چییە و پاکستان چییە. سوپاس بۆ خوا ئێستا ناوی پێشمەرگە بووەتە ناوێک لە کوردستان چەند بەرز و پیرۆزە؛ باوەڕ بکەن لە ئەورووپا و لە دەرەوە و لە ئەمریکاش وای لێهاتووە، هەموو خەڵکیش شانازی بە ناوی پێشمەرگەوە دەکات. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی شکاند، پێشمەرگە نەبوایە داعش دەگەیشتە ئەو شاخ و داخەی کوردستان، ئەوکات بە چ لێی دەردەچوو، کێ دەری دەکرد، خۆ ئەمە مەسەلە هەر ئەوە نییە بۆ سەر ئێمە خەتەر بێت، ئەمە بۆ سەر هەموو جیهان هەڕەشە و مەترسی بوو، ئەوەی سەیری هەواڵەکان دەکات، دەبینێت هەموو ڕۆژێ لە شارێکی ئەورووپی لە جادەیەک ترومبێلێ خۆی بە کۆمەڵێک خەڵک دەکێشێت، یان چەقۆکێشێک دێتە دەرێ و کۆمەڵە خەڵکێک دەداتە بەر چەقۆیان، واتە ئەمن و ئەمان لە لە ئەوڕووپا نەماوە. پێشمەرگە هەیبەت و ئەفسانەی ئەو تیرۆریستانەی شکاند، ئەمە دونیایەکی ترە جیهانێکی ترە، من باوەڕ ناکەم، جارێ مەسەلەی پەلاماردانی سەربازی مەحاڵە و مومکین نییە. لەبارەی داخستنی سنوور، بەرژەوەندییەکی زۆر لەنێوان هەرێم و دەوڵەتانی دەوروبەر دروست بووە، ئەگەر ئێمە زەرەر بکەین، خەڵکی تریش زەرەر دەکات. ئێمە حەز دەکەین پێش هەموو کەسێک لەگەڵ بەغدا بگەینە لێک تێگەیشتنێکی تەواو، هەروەها لەگەڵ ئێران و

تورکیا و هەموو دراوسێکانی خۆمان و لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی. کاتێک بە ئێمە دەڵێن کاتی نییە و نابێت، باشە ئەگەر سەربەخۆیی خراپە، بۆچی بۆ ئێوە باشە، بۆچی بۆ ئێمە خراپە، تا کەی ئێمە لەم مافە بێبەش بین، ئەو هەموو شەهید و قوربانیدانە بۆ چییە؟.

ئێستا دەرفەتێک هاتووەتە پێش، ئەو هەموو سەرکردانەی ئێمە لە سەدەی نۆزدەم و سەدەی ڕابردوو خەباتیان کردووە و تێکۆشان و ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانەی میللەتی ئێمە بۆ ڕۆژێکی وا بوو، بە باوەڕی ئێمە ئێستا دەرفەتە، چونکە کەس ناهێت بە ئێمە بڵێ فەرموو ئەمە سەربەخۆیی کوردستان دیارییە بۆ ئێوە، بەڵام لەکاتی فیدراڵی هەمان ئەم دەوڵەتانە بوون، دەیانگوت کاتی نییە و نابێت، بەڵام بوو بە ئەمری واقیع، لە کاتی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ دەیانگوت ئەمە چییە، ئەمە ئاژاوە لەناوچەکە دروست دەکات، بە پێچەوانەوە هەڵبژاردن بووە هۆی ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری لە دەوروبەری ئێمەش دروست ببێت، باوەڕ بکەن ئێستاش هەمان شتە. سەرەڕای هەموو ئەم پێشبینیانە، ئەگەر سەریگرت و پەنابەخوا سەریش دەگرێ، ئەمە بە ئیرادەی ئەم میللەتە بەندە. ئەگەر سەریگرت ئەمە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە و پیرۆز بێت. ئەوکاتە چ جۆرە دەوڵەتێکتان دەوێ، چ سستەمێکتان دەوێ، بە حەزی خۆتان ئەوهای داڕێژن، ئەگەر خوا نەخواستە بوو بە کێشە و سزادانیش من لە جیاتی هەمووتان بەرگەی سزاکە دەگرم و ئامادەم سەرم لەسەری دابنێم.

ئێمە دەمانەوێ بە هەموو مانای وشە دەوڵەتێکی دیموکراسی دابمەزرێنین، دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست ناکەین، هەموو ئەو پێکهاتانەی تر کە لە کوردستان دەژین، دەبێت لەگەڵ کورد یەکسان بن و دەبێت هەموو گرەنتیەکیشیان پێ بدرێت.

ئامانجی سەربەخۆیی ئامانجی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستانە و پەیوەندیشی بە چارەنووسی هەموو کەسێکەوە هەیە، لەبەرئەوە هەموو کەسێک مافی خۆیەتی و ئازادە لەوەی ئایا دەنگ دەدا یان نادات، بەڵام با ویژدانی خۆی بکا بە حەکەم، ئایا بۆ ئەو دەنگدان باشترە یان دەنگ نەدان، ئێمە دوو ڕێگەمان لە پێشە، یان دەبێت لەم دڵەڕاوکێیە دەروونییەی هەیە دەربچین و ئەو زەحمەت و ناخۆشی وماڵوێرانیەی کە ئێمە ئەم وەچەیە و وەچەی پێش ئێمە بینیویانە، دەبێت هەموو هەوڵێک بدەین

ئەمە بۆ وەچەی دوای ئێمە نەمێنێتەوە، با ئەوان بە ئیسراحەت بژین و بە خۆشی بژین، ئیتر بەس بێت، بەخوا تا نەبینە وڵاتێکی سەربەخۆ، مەحاڵە ئێمە ئایندەیەکی گەشمان هەبێت و هەمیشە گەردەنی ئێمە و نانی ئێمە لە دەستی خەڵکی تر دەبێت، بۆیە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کورد و کوردستانی هەیە، چونکە ئەمە نە بڕیاری حیزبێکە نە تاکێکە، بەڵکوو بڕیاری خەڵکی کوردستانە، بڕیاری هەموو حیزب و لایەنەکانە و دەستخۆشیان لێ دەکەین.

من ئومێدەوارم بە یەکڕیزی و بە ئیرادەیەکی بەهێز هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین، هەموو هەوڵێکیش دراوە و بەردەوامیش دەبین بۆئەوەی لە ناوخۆشماندا یەکڕیزی خۆمان بەهێزتر بکەین، ئەوەی ئامادەی ئەم ئامانجە بێت بەسەرچاو، ڕێگە کراوەیە بۆ هەموو لایەک. ئەگەر ئێمە سەربەخۆ بین ئابووریمان بە هێزتر دەبێت، دۆخی سەربازیمان بەهێزتر دەبێت، هەموو شتێکی ئێمە بەهێزتر دەبێت، بەڵام بەم شێوەیە نازانی پاش ماوەیەکی تر چی لێ دێ و دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێ، چونکە بڕیار بە دەست خۆمان نییە. من نموونەیەکی سادەتان بۆ دەهێنم، لە کاتی نووسینەوەی دستوور زۆر خاڵ بەسەر ئێمەدا تێپەڕین، ئەگەر فڕۆکەیەک لە ئەورووپاوە بێتە فڕۆکەخانەی هەولێر، ڕاداری کەرکووک کە سەر بە بەغدایە و کۆنترۆڵی ئاسمان دەکات، ئەگەر ئەو فڕۆکەیە خەریکی دابەزین بێت لە فڕۆکەخانەی هەولێر، ئەو ڕادارە دەتوانێت پێی بڵێت ناتوانیت دابەزیت و دەبێت بڕوات، فڕۆکەکە ناتوانێت دابەزێت، ئەمە نموونەیەکی سادەیە.

ئێمە لە زۆر دەرفەتی ژیان بێبەش بووین، چونکە خاوەن بڕیار نەبووین، بڕیاری ئێمە بە دەست خەڵکی تر بوو. ئێمە لەگەڵ برادەرانی خۆمان لە بەغدا زۆر هەوڵماندا هاوبەش بین، ئەوەی پەیوەندی بە خۆمانەوە بێت کە خاوەن بڕیاری خۆمان بین، بەداخەوە سەری نەگرت، ئێستاش باسی گفتوگۆی ماددەی ١٤٠ دەکرێ، ماددەی ١٤٠ داعش جێبەجێی کرد و تەواو، باسی بودجە دەکرێ کە وای لێ بێت، فلان ماددە وای لێ بێت. لەڕاستیدا ئێمە لەوە تێپەڕیوین کە شاندیش چووتە بەغدا، دوێنێ هاتووەتەوە. ئەو شاندە بۆ ئەوە نەچوو گفتوگۆ بکات لەسەر ئەوەی ئەم بودجەیەی ئێمە وا لێ بکەن، شاند بۆ ئەوە چوو، ئێمە ببینە دراوسێی باش لەگەڵ

یەکتری. ڕەنگە سبەینێ هەموو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەگەڵ شاندەکە دابنیشین، بێگومان هەموو بڕیار دەبێ بە کۆدەنگ بێت، واتە یەک تاکە کەس ناتوانێ، نە من دەتوانم، نە هیچ کەس ناتوانێ ئەو بڕیارە بدات، گوێیان لێ دەگرین، ئێستاش دووپات دەکەینەوە و پێمان خۆشە لەگەڵ بەغدا بگەینە لێک تێگەیشتن، ئەوە لە هەموو ڕێگا سەلامەتتر و باشترە، بەڵام بەغداش لەم ساڵانەی ڕابردوو ڕوویەکی وای پیشانی ئێمە نەداوە کە ئومێدێکمان بەوە هەبێت. لەڕاستیدا ئێستا کاتی بەڵێن و ئەم شتانە نەماوە، بڕوامان بە زۆر بەڵێنی بەغدا و دەوڵەتانی تریش کرد، دەرکەوت ئێمە دڵپاک بووین و نیەتمان پاک بوو، لەبەرئەوە، ئەو خەڵکەی بەڵێنیان بە ئێمەدا ئێستا کون بە کون لێیان دەگەڕێین، نازانین چشیان لێهاتووە، ئەوە باڵیۆزی ئەم دەوڵەتە و ئەو دەوڵەتە، ئەمانە نامەی نووسراویان بۆ ئێمە نووسی، بەڵام ئێمەش لەم دنیایە و لەم چەند ساڵەی مامەڵەمان لەگەڵ ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا بەشی خۆمان ئەزموونمان پەیدا کردووە. ئێستا دەرفەتێکی زێڕینە و نابێ ئەو دەرفەتە لە دەست خۆمان بدەین. من خۆم گەشبینم جارێکی تریش دەڵێمەوە موجازەفەی تێدایە، بەڵام لە موجازەفەی هیچ نەکەین، زۆر سەلامەتترە، کەسیش ناهێت بە ئێمە بڵێ فەرموو ئەمە دیاری بۆ ئێوە، بە خوا کاتی فیدراڵی و هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و بەرزکردنەوەی ئاڵاش دژ بوون، لە ئەنجامدا مامەڵەی لەگەڵ کرا، ئێستاش کە بە ئێمە دەڵێن کاتی نییە و لەبەرژەوەندی ئێوە نییە، ئەرێ لە کوێی دونیا هەیە کەسێک لە خاوەن ماڵ باشتر بزانێ بەرژەوەندی لە چی دایە؛ خەڵکی کوردستان خۆی باشتر دۆخی خۆی دەزانێ. ئەگەر سەربەخۆیی خراپە، بۆ ئێوە شۆڕشتان کرد، پێش هەموویان ئەمریکا. پاشان بە درێژایی مێژوو ئەزموونی هەموو ئەو وڵاتانە دەریخستووە، نە پێکەوەژیانی بە زۆر نە جیاکردنەوەی بە زۆر سەرناگرێ، فەرموو ئەمە ئەڵمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، دەوڵەتانی بەڵقان، ئەوەی بە زۆر پێکەوەبوون بە زۆر لەسەریان سەپێندرابوو کە دەوڵەتێک پێکبهێنن، کاتێک دەرفەتی خۆیان بینی جیابوونەوە. ئەوەتە چیک و سلۆڤاکیا و ئەڵمانیا یەک میللەت بوون، بەڵام بە زۆر لێکجیا کرابوونەوە، بەڵام کاتێک دەرفەتی خۆیان بینی جارێکیتر بوونەوە بە یەک وڵات و بە یەک میللەت، دەوڵەتانی بەڵقان هەمان شت کە دەرفەتی خۆیان بینی، هەر کەسە بەرەو چارەنووسی خۆی ڕۆیشت. بە درێژایی مێژوو غەدرێکی گەورە لە ئێمە کراوە،

جارێـک لـە ڕێککەوتنـی سـیڤەر(**بڕوانە پاشـکۆکان**) کاتێـک بەهۆیـەوەی کەمـە دەرفەتێـک بـۆ ئێمـە ڕەخسـا، بـەڵام هـەر زوو پەشـیمان بوونـەوە و جارێکـیتر کەوتینـەوە ژێـر ئـەو حاڵـەی کـە دەبێـت بڕیـار لـە چارەنووسـی ئێمـە هەمیشـە لـە دەسـتی خەڵکـی تـر بێـت.

ئـەوەی بڕیـار دراوە نـە گوناحـە نـە تاوانـە نـە تەجـاوزی هیـچ یاسـایەکمان کـردووە، بەڵکـوو بەپێـی بڕیـاری ژمارە ١٥١٤ی سـاڵی ١٩٦٠ی کۆمەڵەی گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکانە کـە چـۆن هەمـوو میللەتێـک مافـی ئـەوەی هەیـە چارەنووسـی خـۆی دیـار بـکات، باشـە ئەمـە بڕیـاری ئێوەیـە، بـۆ لـە بڕیـاری خۆتـان پەشـیمان بوونەتـەوە، هەروەهـا یەکێتـی ئەوڕووپـا و ئەمریـکا شـەو و ڕۆژ باسـی مافـی مـرۆڤ و دیموکراسـی دەکـەن، باشـە ئێمـە داوای چـیمان کـردووە کـە دژی مافـی مـرۆڤ و دیموکراسـی بێـت، پـێمان بڵێـن ئـەم بڕیـارە دژی ئەوەیـە میللەتێـک داوای چارەنووسـی خـۆی بـکات. لەبەرئـەوە ڕەنگـە ئـەم دەوڵەتانـە بڵێـن کاتـی نییـە و هەنـدێ جاریـش بگاتـە ئـەوەی خۆشـیان گیـف بکەنـەوە، بـەڵام بڕیـار، بڕیـاری خەڵکـی کوردسـتانە، ئەگـەر جێگـرەوەی باشترتـان هەیـە، وەرن بەخەڵکـی کوردسـتان بڵێـن؛ ئێمـە ئـەم جێگرەوەمـان هەیـە و قەناعـەت بـە خەڵکـی کوردسـتان بکـرێ، بـە سـەرچاو، بـەڵام تـا ئێسـتا جێگـرەوە دیـار نییـە، تەنیـا لـە سـەر میزاج و کاریگـەری فڵان وڵات، بـە خـوا بـە ڕای مـن بێـت بەرگـەی هەمـوو شـتێک دەگریـن، بـەڵام یـەک دەقیقـەش دواى ناخەیـن.

زۆر سـوپاس، بـا سـوود لـە کات وەربگیـرێ، ئەگـەر پرسیاریشـتان هەیـە، مـن لـە خزمەتـان دام، مەبەسـت لـەم کۆبوونـە بـۆ ئـەوە بـوو تـا ئـەو ڕوونکردنەوانانـە عـەرزی ئێـوەی بەڕێـز بکـەم.

دڵنیاشـم خەڵکـی کوردسـتان بـە بەڵـێ دەنـگ دەدات، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش هـەر کەسـێک ئـازادە دەنـگ بـە بەڵـێ بـدات، یـان نەخێـر، بـەڵام بۆچوونـی ئێمـە ئەوەیـە ئەمـڕۆ دەرفەتێکـە دەبێـت لـە دەسـتی نەدەیـن، ئینجـا بـژاردە لـە دەسـت خۆتانـە، چۆنتـان پـێ باشـە ئـەو بڕیـارە بـدەن و زۆر سـوپاس.

## سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستان

### لە بونیاتنانی هاوبەشی ڕاستەقینە شکستمان هێنا، وەرن بیر لەوە بکەینەوە چۆن دراوسێ و هاوپەیمانی یەکتر بین



**٢٢ـ٨ـ٢٠١٧**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز، زۆر زۆر بە خێربێن**

سوپاسی هەمووتان دەکەم کە زەحمەتتان کێشا و تەشریفتان هێنا، شانازیتان پێوە دەکەین و زۆریش خۆشحاڵین کە ئەم دەرفە ڕەخسا بۆئەوەی هەم گوێ لە بۆچوونەکانی ئێوە بگرین و ئەم ڕەوشەی تازە کە ئەمڕۆ هەیە بە تایبەتی، پرسی ڕیفراندۆم ئێمەش بۆچوونی خۆمانتان بۆ باس بکەین. ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێ، بۆ خەڵکی کوردستان ئەو بڕیارەی دا؟ ئایا ئەو بڕیارە تازەیە؟ من پێم وایە بڕیارەکە تازە نییە، زۆر کۆنە، بەڵام لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران هەموو لایەنەکان، هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لەو ڕۆژەدا بڕیاریان دا کە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول دەستنیشان بکرێ بۆ ڕیفراندۆم، بڕیارێکی بوێر و بڕیارێکی زۆر لە جێی خۆی بوو. من پێم وایە

درەنـگ بـوو، دەبـوو ئێمـە زۆر زووتـر ئـەو بڕیـارە بدەیـن، بـەڵام بـە هەرحـاڵ. ئەگـەر ئـەو پرسـیارە بکـرێ، بـۆ خەڵکـی کوردسـتان داوای ڕیفرانـدۆم و گۆڕینـی ئـەم دۆخـەی کـرد؟

ئەگـەر بـۆ مێـژوو بگەڕێینـەوە، ئێمـە لـە پەیوەندییەکانـی خۆمـان لەگـەڵ بەغـدا بـە دوو قۆناغـدا تێپەڕیـن؛ یەکێکیـان دوای شـەڕی یەکەمـی جیهـان تـا ٢٠٠٣، دووهەمیـان لـە ٢٠٠٣ تـا ئێسـتا. خەڵکـی کوردسـتان دووجـار عێراقیـان ڕزگار کـرد، جارێـک دوای تەواوبوونـی جەنـگ کێشـەی هـەرە گـەورە لەنێـوان هێـزی هاوپەیمانـان و تورکیـا لەسـەر ویلایەتـی مووسـڵ بـوو، ئـەو سـەردەمەش عێـراق سێ ویلایـەت بـوو (بەغـدا و بەسـڕە و مووسـڵ) خەڵکـی کوردسـتان دەنگیانـدا لەگـەڵ عێـراق بـن. ئایـا بڕیارێکـی ڕاسـت بـووە، ڕاسـت نەبـووە؟ مـرۆڤ ناتوانـێ ئێسـتا حوکـم لەسـەر ئـەو سـەردەمە بـدات، بـەڵام ئەگـەر خەڵکـی کوردسـتان نەبـا، عێـراق بەبـێ ویلایەتـی مووسـڵ دەبـوو، جـاری دووهەمیـش مەسـەلەی دەسـتوور، دیسـان ئەگـەر خەڵکـی کوردسـتان نەبـا دەسـتوور لـە دەنگـدان دەرنەدەچـوو. جـاری یەکـەم مەرجەکـە ئـەوە بـوو کـە پێکـەوە لـەم وڵاتـەدا هاوبـەش بیـن، بـەڵام بەشـی ئێمـە لـەو هاوبەشـیەدا، بەشـێکی زۆری ئێـوەش بەشـی خۆتـان لـەو کارەسـات و زوڵـم و غـەدرە بەرکەوتـووە کـە لـە ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکـوژی لـە خەڵکـی کوردسـتان کـراوە.

لەگـەڵ ئـەوەش هەمـوو هەوڵێکمانـدا جارێکـی تـر لاپەڕەیەکـی تـازە بکرێتـەوە، چووینـە بەغـدا. جەنابـی مـام جـەلال چـوو، مـن چـووم چەندیـن جـار وەفـد هاتـن و چـوون هیـچ سـوودێکی نەبـوو. لەڕاسـتیدا ئـەوەی تێبینـیمان دەکـرد وەکـوو فەزڵێکـی گەورەیـان بـە سـەر ئێمـەوە هەبـێ، چونکـە نامانگـرن و نامانکـوژن و قبـووڵ دەکـەن لەگـەڵ ئێمـە دانیشـن، بێگومـان لەگـەڵ ئـەم عەقڵیەتـە هیـچ نەدەکـرا.

دوای ٢٠٠٣ گوتمـان ئەمـە دەرفەتێکـی تازەیـە، ئـیتر دەتوانیـن عێراقێکـی فیدراڵـی دیموکـرات دروسـت بکەیـن و هەموومـان خەڵکـی عێـراق بـە هەمـوو پێکهاتەکانـەوە بـە هەمـوو نەتـەوە و ئاییـن و مەزهەبەکانـە، هـەر کەسـە ئەرکـی خـۆی و مافـی خۆشـی دیـار بـێ و بتوانیـن پێکـەوە برایانـە بژیـن، بـەڵام بـە داخـەوە هیـچ گۆڕانێـکمان لـە بەغـدا نەبینـی بەسـەر عەقڵییەتـی حاکمـدا هاتبـی، پێـشتر کیمیابارانـی خەڵکـی کوردسـتان کـرا و ئەنفـال کراویـن، لـە دوای ٢٠٠٣ نـان بـڕاو کرایـن، ئـەوەش ئەنفالێکـی تـر بـوو، هەمـوو

هەنگاوەکان ئەوە بوون کە ئەو هاوبەشیەی کە هەموومان بە تەما بووین پێکەوە دروستی بکەین، شکستیهێنا، هەر بۆیەش پارساڵ کە چووینە بەغدا و لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیران و هاوپەیمانی نیشتمانی، گوتمان برادەرینە ئێمە شکستمان هێنا لەوەی هاوبەشیەتێك دروست بکەین، وەرن با بیر لەوە بکەینەوە چۆن دراوسێ و دۆست و هاوپەیمانی یەکتر بین و تەواوکەری یەکتر بین. لەڕاستیدا مەبەستی ئێمە ئەوەیە؛ ڕێگری لە شتێکی خراپتر و ڕووداوی ناخۆشتر بکەین، چونکە من وای دەبینم و دەخوێنمەوە لە ئایندەدا ئێمەش قبووڵ بکەین خەڵکی تر قبووڵ ناکات ئەم دۆخە وا بمێنێ، دێن بە ئێمە دەڵێن بگەڕێنەوە بۆ هێڵی سەوز، هێڵی سەوز تا ٢٠٠٣ هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و جەیشی سەدام بوو، خۆ هێڵی سەوز سنووری کوردستان نییە، نەکشێیەوە دەبێتە شەڕ، بۆ ئەو هێڵە بگەڕێیتەوە تۆ چ بە خانەوەدەی ئەم هەموو شەهیدانە دەڵێی، چ بە خەڵکی خۆت دەڵێی، چ بە ویژدانی خۆت دەڵێی، بێگومان کە من دەڵێم عەقڵیەت، ڕەنگە هەندێ برادەر ئێستاش لە بەغدا هەبن جیاواز بن، بەڵام بەراورد ناکرێن، نابێ لە سەر میزاجی شەخسی، ئێمە چاوەڕوانی ئایندەی میللەتێک بکەین. ئەم سەرۆک وەزیران دۆستی منە و باشە، لەوانەیە بۆ ماوەیەک کێشە نەبێت، بەڵام یەکێکی خراپ بێت و دۆخەکە تێک بچێ. ئێمە دەبێ لەم دڵەڕاوکێیە ڕزگارمان ببێ. لای من زۆر سەیر بوو لە ٧ی ئاداری ٢٠٠٣ نامە لە (لیژنەی کاروباری شیمال) دەرچووە کە وا بزانم ئەو وەختە تەها جزراوی سەرۆکی لیژنەکە بوو کە خۆی دەیزانی چەند ڕۆژێکی ماوە و لادەدرێن و دەڕووخێن، فەرمانیان دەرکردووە نە کورد نە تورکمان بۆیان نییە لە کەرکووک نە خانوو نە زەوی بکڕن و بفرۆشن. لەو کارەساتانەی کە بەسەر خەڵکی کوردستانیش داهاتووە، هەر یەکە بەشی خۆی بەرکەوتووە، تورکمان بەشی خۆی بەرکەوتووە، ئاشووری بەشی خۆی بەرکەوتووە، سریان بەشی خۆیان بەرکەوتووە، ئێزیدیەکان هەمیشە هەر لە ژێر کارەسات و ئەوانە دابوون، لەبەرئەوە ئەمەی ئێمە دەیڵێین، حەقیقەت هەرگیز دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد نییە، چونکە ناکرێ. دەوڵەتێکە بۆ خەڵکی کوردستانە، بۆ کوردە بۆ تورکمانە بۆ عەرەبە، هەموو ئەوانەی لە کوردستانن، واتە بۆ ئاشورییە بۆ کلدانە بۆ سریانە بۆ ئەرمەنە بۆ هەموو پێکهاتەکانە.

ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئێمە هاتووتە پێش، سەرکردەکانی ئێمە کە بە درێژایی مێژوو

دروست بوونە، بۆ سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان خەباتیان کردووە، بەڵام ئەو دەرفەتەی ئێستا هاتووتە پێش، پێشتر نەبووە. ئێستاش ئەم کۆبوونەوەی ئێمە بۆ ئەوەیە؛ من هەندێ هەقیقەت بۆ بەڕێزتان ڕوون بکەمەوە، ئەوەی تر ئێوە ئازادن دەنگ بدە، یان نەیدەن. ئێوە بژاردەی تەواوتان هەیە، چۆن بڕیاری خۆتان دەدەن، بەڵام ئێمە بەکردەنی دەمانەوێ ئەو گلەیی و گازندەیەی ئێستا لە بەغدا و لە خەڵکی تر هەمانە، بۆ ئایندە ئەگەر خوا دەرفەتی دا دەوڵەتی کوردستان دروست بوو، نابێ ئەو گلەیی و گازندانە لای پێکهاتەیەکی کوردستان بمێنێ کە ئێمە خەڵکی تری پێ گوناهبار دەکەین و گلەیی لێ دەکەین. ئێمە دەبێ هاوبەشی یەکتری بین، برای یەکتری بین و دستوورێک بنووسرێتەوە کە بە هەموو شێوەیەک هەموو پێکهاتەکان لەم وڵاتەدا هاوبەش بن و ئێوە دڵنیا بن، ئەو گەرەنتیانەتان دەدەینێ لە نووسینەوەی دستوور ئێوە بەشدار دەبن و چ گەرەنتیەکیش بۆ ئێوە پێویست بێت کە پێکەوە بژین، ئەوە مەبەستی ئێمەیە. لەم وڵاتە پێکەوەژیان فەرهەنگێکی کۆنە و شانازی پێوە دەکەین و یەکێکە لەو شانازیانەی کە بە ڕاستی لە دەرەوەش پێی سەربەرزین، پێشتر جاری وا هەبووە لە یەک گوند مووسڵمانی تێدا بووە، مەسیحی تێدا بووە، جووشی تێدا بووە، کەسیش هەستی نەکردووە کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو بێ. ئێمە دەبێ ئەو فەرهەنگەی پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن دەوڵەمەندتر بکەین، ئەمە خاڵێکی بەهێزی ئەم وڵاتەیە؛ لە ڕووی نەتەوەییەوە، کورد هەبووە، تورکمان هەبووە، عەرەب هەبووە، ئاشووریی هەبووە، کلدان هەبوو، هەموو ئەم میللەتانە پێکەوە برایانە بووە، لەوانەیە لێرە و لەوێ کێشەیەک لەملا و لەلا ڕووی دا بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی گشتی تەماشای بکەین، دەبینین لەم ڕوویەوە مێژوویێکی پڕ لە سەروەریمان هەیە. دەبێ ئەمە دەوڵەمەندتر بکرێ.

بۆ ئەم مەبەستە شاند چووە بەغدا بۆئەوەی لەگەڵ برادەران لە بەغداش قسە بکەن و دوێنێ گەڕاونەتەوە، حەقیقەت تا ئێستا و دەرفەت نەبووە لەگەڵیان دابنیشین، بەڵام جارێکی تر سەرکردایەتی سیاسی لەگەڵیان دادەنیشینەوە بۆئەوەی گوێ بگرین چیان کردووە و چۆن بووە، لەڕاستیدا مەبەستی شاندی ئێمە بۆ بەغدا بۆ ئەوە نەبووە بچن گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن، ئایا فڵان مادده جێبەجێ دەکرێ و ئەمە دەدرێ، بەڵکو بۆ ئەوەبوو ئێمە چۆن ببینە دوو دراوسێی باش. لەوبارەوە ئێمە

ئەزموونێکی تاڵمان هەیە، زۆر گفت و بەڵێن بە ئێمە دراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، ئێستا دەتوانم لیستێکی دوور و درێژ باس بکەم بەڵام نامەوێ سەری ئێوە بێشێنم.

**دەربارەی هەڵوێستی دەوڵەتان**، من هیچ کاتێک نەمگوتووە فڵان دەوڵەت دێ و لاگیری ئێمە دەکات، بەڵام تا ئێستا هیچ دەوڵەتێکیش نەهاتووە بڵێ من دژم، تەنیا دەڵێن کاتی ئەو ڕاپرسییە نییە، کاتەکەی گونجاو نییە، چونکە تەرکیز لەسەر داعش کەم دەبێتەوە. جارێ من باوەڕم بەوە نییە کە تەرکیز لەسەر شەڕی داعش کەم دەبێتەوە، چونکە بە هیچ شێوەک تەرکیز کەم نابێتەوە، هەروەها کە دەڵێن کاتی نییە، پرسیار ئەمەیە؛ ئەی کەی کاتیەتی؟ ئەمە سەد ساڵە ئێمە چاوەڕوانین، ئەگەر ئێمە بە تەمای ئەوە بین خەڵکێکی تر و دەوڵەتانی تر بێن بڵێن فەرموو، ئەمە سەربەخۆیی بۆ ئێوە، بە خوا هەرگیزا و هەرگیز شتی وا نابینین، تۆ دەبێت داوای مافی خۆت بکەیت.

زۆرێک لەم دەوڵەتانە دژی فیدراڵی و هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و ئاڵا و زۆر شت بوون، بەڵام ئەنجام بوو بە ئەمری واقیع و مامەڵەشیان لەگەڵدا کرد. ئەمەش هەر بابەتێکە لەو بابەتەوە. بێگومان من ناڵێم بێ موجازەفەیە، بەڵام موجازەفەی چاوەڕوان کردن و نەهاوێشتنی ئەم هەنگاوە گەلێک مەترسیدار و گەورەترە. ئەگەر ئێمە چاوەڕوان بکەین و بڵێین با بزانین چۆن و چ دەبێت، من لەوە دەترسێم سبەینێ بێن و بە ئێمە بڵێن لەو شوێنانە دەرچن و بۆ هێڵی سەوز بگەڕێنەوە کە خۆیان پێی دەڵێن، هێڵی سەوز، حەتمەنیش وادەڵێن. باشە تۆ دەربچی چ بە ویژدانی خۆت بە خانەوادەی شەهیدان بەو میللەتە دەڵێی، دەرنەچی تووشی شەڕ دەبی، جا بۆئەوەی ئێمە ڕێگە لەم کارەساتە بگرین، لە ئێستاوە با بگەینە لێک تێگەیشتنێک و پێشمان خۆشە و هەمیشەش گوتومانە؛ ئێمە حەز دەکەین لەگەڵ بەغدا بە لێک تێگەیشتن و گفتوگۆ بێت، بۆئەوەی ئەوانیش ئیسراحەت بکەن، ئێمەش ئیسراحەت بکەین، فەرموو با بگەڕێینەوە سەد ساڵی ڕابردوو؛ نە ئەوان ئیسراحەتیان کرد، نە ئێمەش ئیسراحەتمان کرد، هەمیشە شەڕ و کوشتن بوو، واتە دۆخێکی وابوو، خۆ ئەگەر ئەوە نەبووا، هەردوولامان دەمانتوانی ببینە نموونە لەم ناوچەیە، بەڵام لەبەر ئەو شەڕ و کوشتنە، چی داهات هەبووە هەمووی بە ئاگر و ئاسن دراوە و بۆ وێرانکردنی وڵاتەکە بەکار هاتووە. لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا،

بێگومـان ئەگـەر ئێمـە دەوڵەتـی خۆمـان هەبێ، ئابوورییەکـی بەهێزتـر و سـوپایەکی بەهێزتـر و ئیمکانیاتێکـی باشترمـان دەبێـت، ڕاسـتە ئێسـتا هەنـدێ ئیمتیـازات هەیـە، بـەڵام بـە حەقیقـەت لەهەمـوو دەقیقەیـەک ئەگـەری ئـەو هەیـە ئـەو ئیمتیازاتانەمـان لـێ بستێننەوە، بـا نموونەیەکـی سـادەتان بـۆ بهێنمـەوە، هەمـوو دەقیقەیـەک ئـەو چاودێـرەی لـە کەرکـووک لەسـەر ڕادارە، دەتوانـێ هـەر فڕۆکەیـەک لـە ئەوڕووپـا لـە ئەمریـکا لـە ناوچەکـە بێـت و بیـەوێ بێتـە فڕۆکەخانـەی هەولێـر، دەتوانـێ پێـی بڵـێ دەبێـت بڕۆیـی و ناتوانیـت دابەزیـت، تایبـەت بـە قـەرز کـە لـە بانکـی نێودەوڵەتـی و سـندووقی نەختـی نێودەوڵەتییـەوە ئەمانـە هیچێکیـان بـە کوردسـتان ناگـەن، چونکـە دەڵێـن ئێـوە بەشـێکن لـە عێـراق و عێراقیـش بەشـی ئێمـە نـادات، لـە تەجهیزاتـی پێشـمەرگە، ئێمـە ڕێککەوتنمان هەبـوو کـە بودجـەی پێشـمەرگە بـەو پێیـەی بەشـێکە لـە دامـەزراوەی بەرگـری عێراقـی، بـە خـوا نەیانهێشـت فیشـەکێکمان بـۆ بێـت و دینارێکیشـیان نەنـارد، دەبـوو ٢٠٠٧ مـادەی ١٤٠ جێبەجـێ کرابـا، بـۆ جێبەجێـان نەکـرد؟ بـا گلەیـی لـە خۆیـان بکـەن، نـەک لـە ئێمـە، دەڵێـن مەسـەلەی ڕیفرانـدۆم ئـاژاوە دروسـت دەکات و ڕەوش تێـک دەدا، لەڕاسـتیدا مـن تێناگـەم هەرچەنـدی بیـر دەکەمـەوە قەناعـەت بـە خـۆم بکـەم، بەڵـێ ئەمـە کێشـە دروسـت دەکات، نازانـم چ کێشـەیەک دروسـت دەکات، میللەتێـک گوزارشـت لـە ڕای خـۆی بـکات چ زیانێکـی بـۆ دەرەوە بـۆ خەڵـک و ئەمانـە هەیـە، ئەگـەر ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ ئەزموونـی میللەتانـی تریـش، هیـچ ئەزموونێـک سـەری نەگرتـووە، ئەگـەر بـە زۆر بووبێـت، چ ئەگـەر بـۆ پێکـەوە بێـت، چ بـۆ جیابوونـەوە بێـت، فەرمـو ئەمـە وڵاتانـی بەڵقـان، چیـک و سـلۆڤاکیا و ئەڵمانیـا، ئێمـە خۆمـان وەکـو خەڵکـی کوردسـتان، گوتمـان ئارەزوومەندانـە لەگـەڵ بەغـدا پێکـەوە بیـن، بـەڵام ئـەوان هاوبەشـیان قبـووڵ نەکـرد و ئێمـە تۆمەتبـار دەکـەن و دەڵێـن هیـچ بەندێکـی دسـتووری ڕێگـە نـادات ڕاپرسـی بکـرێ. بەڵـێ لـە دیباجـەی دەسـتوور یـەک بەنـد هەیـە، دەڵـێ پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە گەرەنتییـە بـۆ ئـەوەی عێـراق بـە یەکپارچەیـی بمێنێتـەوە. پەنجا و پێنج ماددەی دستووری پێشـێل کـراوە. ئـەو دەسـتوورە مـاف بـە ئێمـە دەدا، چونکـە پێشـێلکراوە، ئێسـتاش ئێمـە نامانـەوێ بـە توندوتیـژی بێـت، دەمانـەوێ بـە گفتوگـۆ بێـت، بـەڵام گەیشـتووینەتە ئـەو قەناعەتـە ئەمـە چارەسـەرە، بـاوەڕ بکـەن بـۆ ئێمـە و بـۆ ئەوانیـش باشـە. هـەر وەکو باسـم کـرد، شـاندی ئێمـە گەڕاونەتـەوە، بـەڵام هێشـتان دانەنیشـتووین بزانیـن چیـان کـردووە.

بێگومـان ڕەنگـە لـە دانیشـتنی یەکەمیـش پێشـبینی ئـەوە نەکـرێ بگەنـە هیـچ ئەنجامێـک، بـەڵام ئێمـە لەگـەڵ ئەوەیـن گفتوگـۆ بـەردەوام بێـت و بـە هیـچ شـێوەیەک مەسـەلەی دواخسـتنی ڕیفراندۆمیـش جێـی قبـووڵ نییـە، چونکـە ئەمـە ڕاسـتوێژی میللەتـی ئێمـە و هەموومـان دەخاتـە بـەر پرسـیار، ئێمـە ئەزموونـی زۆرمـان هەیـە، زۆر بەڵێـن دراوە، ئـەم باڵیـۆز و ئەمیـتر، بـەڵام ئێمـە بەمـە ڕازی نابیـن، ئەگـەر ئـەو وڵاتانـەی دەڵێـن دەبـێ دوای بخـەن، دەبـێ جێگرەوەیـەک پێشکەشـی خەڵکـی کوردسـتان بکـەن کـە لـە ڕیفرانـدۆم بەهێزتـر بێـت. ئەگـەر جێگـرەوە پێشـکەش نەکـەن و هـەروا دوای بخەیـن، چونکـە تەرکیـز لەسـەر شـەڕی داعـش نامێنـێ، مـن بـەوە قایـل نیـم، پاشـان لام زۆر سـەیرە؛ بـۆ هەمـوو میللەتانـی دنیـا مافـی ئەوەیـان هەیـە گوزارشـت لـە ڕای خۆیـان و ئیـرادەی خۆیـان بکـەن، تەنیـا بـۆ ئێمـە کوفـرە، ئەمـە ناکـرێ، هەتـا کـەی ئێمـە ئەمـە قبـووڵ بکەیـن؟ مـن ڕێـزم بۆ ڕای هەمـوو ئـەو دەوڵەتانـەی دۆسـت هەیـە و ئیسـپاتیشمان کـرد ئێمـە هـۆکاری ئاسـایش و سـەقامگیری ناوچەکەیـن، بـۆ نموونـە خـوا نەخواسـتە ئەگـەر داعـش بگەیشـتبووانە ئـەو شـاخ و داخانـەی کوردسـتان بـە چ لـەو شـاخانە دەردەچـوو، ئـەوە سـاڵێکە خەریکـی بازێڕێکـی وەکـوو مووسـڵن، ئـەدی ئەگـەر ئـەم هەمـوو شـاخ و داخـە کەوتبـا دەسـتی ئـەوکات چ، واتـە دەبـێ مەمنوونـی پێشـمەرگە بـن، دەبـێ مەمنوونـی خەڵکـی کوردسـتان بـن کـە توانیـان مەترسییەکـی گـەورەی سـەر هەمـوو جیهـان لابـدات. بێگومـان بـە قسـە دەڵێـن ئێمـە ڕێزمـان بـۆ شـەهیدانی ئێـوە، پێشـمەرگە هەیـە، زۆر سـوپاس بـۆ ئـەم قسـە خۆشـانە، بـەڵام دەبێـت ئـەم خوێنـە بەرهەمـی هەبێـت، ئـەم خوێنـەی ڕژاوە بـۆ ئـەوە نییـە؛ ئێمـە جارێکـی تـر چاوەڕوانـی ئایندەیەکـی نادیـار بکەیـن. پێـش سـێ چـوار سـاڵ گوتـم، عێـراق بـەرەو هەڵدێـر دەچـێ و ڕەوشـەکە تێکدەچـێ، تکاتـان لـێ دەکەیـن بـە خۆتانـدا بچنـەوە، ئەگینـا دەبینـن خەڵکـی کوردسـتان بڕیارێکـی تـر دەدات، هەمـوو گوتیـان ئەمـە کارتـی فشـارە و بـۆ موزایەداتـە، هـەر یـەک بـە جۆرێـک قسـەی کـرد. ئەمـە بابەتێـک نییـە موزایـەدەی لەسـەر بکـرێ، ئەمـە بابەتێکـی زۆر گرنـگ و زۆر گەورەیـە، بابەتێکـە چارەنووسـی میللەتێـک، یـان چارەنووسـی ناوچەیەکـی پێـوە بـەستراوە، ئێمـە بـۆ کـەس هـۆکاری هەڕەشـە نیـن، بـە پێچەوانـەوە هـۆکاری سـەقامگیرین و پێـشمان خۆشـە پەیوەنـدیمان لەگـەڵ دراوسـێکانیشمان بـەردەوام بێـت، دەڵێـن لەوانەیـە سـنوور دابخـرێ، مـن تەمەنـا دەکـەم سـنوور دانەخـرێ، بـڕواش ناکـەم دابخـرێ، بـەڵام ئەگـەر

دابخرێ، هەر ئێمە زەرەر ناکەین، خەڵکی تریش زەرەر دەکەن، واتە ئێستا ساڵەکانی شەست، حەفتا و هەشتاکان نییە، ئەمە سەردەم و کاتێکی تازەیە، بەرژەوەندییەکان تێکەڵ بووە، پێویستیمان بە یەکتری هەیە، ناتوانین هەر وا یەکتری ڕەت بکەینەوە. لەوانەیە ئەو ڕەئیەکی هەبێت، باشە وەرە قەناعەتم پێ بکە، یان گوێ بگرە بۆ ئەوەی من قەناعەتت پێ بکەم، ئیتر لەزمانی هەڕەشە دەرچووە. لەڕاستیشدا زمانی هەڕەشە لە هیچ کەس قبووڵ ناکەین. خۆی بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، حەز دەکەم ئەو برادەرانەی بایەخ بە پرسە قانوونیەکان دەدەن، ئەو بڕیارە بخوێننەوە، چونکە لە هەموو ماڵپەڕەکانی سەر بە یو ئێن هەیە. ئەمە یو ئێن ئەمە یەکێتی ئەوڕووپا ئەمە ئەمریکا، باشە ئێمە شتێکمان کردووە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی قانوونی نێودەوڵەتی بێت؟، داوای شتێکمان کردووە لەگەڵ مافی مرۆڤ ناکۆک بێت؟، داوای شتێکمان کردووە پێچەوانەی دیموکراسی بێت؟، ئەگەر داوامان کردووە، فەرموو ئێمە داواکەی خۆمان دەکێشینەوە، ئەگەرنا ئێمە بە پێی ئەو بڕیارەی یو ئێن ئەو حەقەمان هەیە ئەو داوایە بکەین، دەبووا زۆر زووتر بیکەین. باشە یان دەبێت ئێوە بڵێن ئێمە پەشیمان بووینەتەوە لەو بڕیارەی خۆمان، یا دەبێت ئەو مافە بە ئێمە بدەن. یەکێتی ئەوڕووپا و ئەوانە هەموو ڕۆژێ دەڵێ مافی مرۆڤ دەبێت وابێت، باشە ئێمە مرۆڤ نین، ئێمەش مافمان هەیە. لەبەرئەوە من وای دەبینم ئەمە لەسەر مەسەلەی ئیرادەی میللەتی خۆمان وەستاوە، ئەگەر ئیرادەمان بە هێز بێت، خەڵکی تریش ڕێزت دەگرێ و مامەڵەت لەگەڵ دەکات، ئەوجا ڕای خۆی دەڵێ، ڕێزیشمان هەیە بۆ ڕای ئەوان، بەڵام مەرج نییە هەرچی ئەم دەوڵەتانە بڵێن، ئێمەش دەست لە سینگ بدەین و بڵێن باشە بەسەرچاو. ئێمەش ڕای خۆمان هەیە، بەرژەوەندی خۆمان هەیە. باشە لەبەرژەوەندی ئەمان نییە، لە بەرژەوەندی ئێمەش نییە دوا بکەوێت. ئاخیر لە بەرژەوەندی ئێمەش نییە ئەم ڕەوشە بەم شێوەیە بەردەوام بێ. خۆ ئێمە ناتوانین خۆمان بکەین بە قوربانی بەرژەوەندی خەڵکی تر، ئەوە نابێت، وەرەن دەبێت تەفاهوم بکەین، ئینجا ئەمە بڕیارێکە پاشەکشەی لێ ناکرێ، هەر وەکو گوتم مەگەر شتێکی لەوە بە هێزتر هەبێت؛ ئەویش تا ئێستا هیچ شتێک دیار نییە و مەرجیش نییە. ئەگەر خەڵکێک مەزەندە بکەن کە دەبێتە شەڕ، وەڵاهی شەڕ بەخەیاڵی ئێمەدا

نایێـت، ئێمـە ئـەوە دەکەیـن بـۆ ئـەوەی تووشـی شـەڕ نەبیـن و ئیشـاڵا هەرگیـز تووشـی شـەڕ نابیـن، مـن واش نابینـم یانـی ئەوانـەی زۆر مەترسـی ئەوەیـان هەیـە سـنوور دەگیـرێ دەبـێ ئەگـەر سـنووریش گیـرا، ئـەو وەختـە وەرن، مـن لـە هەمـوو کۆبوونەوەکانـی تریـش گوتوومـە خـۆ زۆر بـە ئاسـانی دەتوانـن سـنوورەکە بکەنـەوە و خەتاکـە و باجەکـەش مـن دەیـدەم هیـچ کێشـەم نییـە.

لەڕاسـتیدا دەشمانەوێـت سیسـتەمی داهاتـووی ئێمـە سیسـتەمێکی فیدراڵـی بێـت، پارێـزگای تـازە دروسـت بکـرێ، پێکهاتـەکان دڵنیـا بـن، تـا بیـر لـە مەسـەلەی سروودی ئـەی ڕەقیبیـش دەکەینـەوە، ئـەوە ئـی قۆناغـی خەباتـی ڕزگاریخـوای بـوو، تەنانـەت دەبێـت پێداچوونـەوە بـەو پرسـانەش بکرێـت، سروودی نیشـتیمانی دەبێـت سروودێـک بێـت گوزارشـت لـە واقیعەکـەی ئێسـتا بـکات، دەبێـت ئاڵایـەک بـێ تـەواو نوێنەرایەتـی واقیعـی ئێسـتا بـکات، مـادام ئێمـە داوا لـە پێکهاتـەکان دەکەیـن پێکـەوە بیـن و دەنـگ بـدەن و دەبێـت لـە هەمـوو شـتێکدا هاوبـەش بیـن، ئـەوەی کـە مـن مەبەسـتمە بیڵێـم بەتایبەتـی لەبـارەی پێکهاتەکـەن ئێـوە بـە بـە چ دڵنیـا دەبـن، بەڵـێ هاوبـەش دەبیـن و پەیمانتـان دەدەینـێ و ئیـش دەکەیـن بۆئـەوەی ئـەو خواسـتەتان جێبەجـێ ببێـت، ئـارەزوو ناکـەن پێکـەوە بیـن ئێـوە ئـازادن هـەر بڕیارێـک دەدەن چارەنووسـی خۆتانـە کەیفـی خۆتانـە، دەنـگ بـدەن ماڵتـان ئـاوا بێـت، دەنـگ نـەدەن دیسـان ئێـوە ئـازادن مـن تەنیـا مەبەسـتم ئـەوە بـوو ئـەم ڕاسـتیانە بـۆ ئێـوە ڕوون بکەمـەوە، ئـەوەی تـر خۆتـان خـاوەن بڕیـار بـن. ئێمـە حـەز دەکەیـن پێکـەوە بیـن، بـرا بیـن و پێکـەوە بژیـن، هەمـوو ڕێگایەکیـش دەگرینەبـەر بـۆ ئـەوەی ئـەو خواسـتە جێبەجـێ بکرێـت و لـە کوردسـتان ئـەم واقیعـە دروسـت بکـرێ، ئەگـەر دەزانـن شـتێکی تـر بـۆ ئاینـدەی ئێـوە باشـترە، دیسـان ئێمـە پشـتگریتان دەکەیـن و هەرگیـز دژی ئـارەزووی ئێـوە نابیـن و زۆر سوپاسـتان دەکەیـن.

## سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆکان

### ڕیفراندۆم موڵکی هیچ کەس و لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو موڵکی هەموو گەلی کوردستانە



٣٠- ٨- ٢٠١٧

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز و مامۆستایانی قەدرگران**

زۆر بەخێربێن و سوپاستان دەکەین کە تەشریفتان هێناوە و ئەو دەرفەتەتان بە ئێمەدا، ئەمڕۆ لە خزمەتتان بین. پێش هەموو شتێک دەمەوێ لە دڵەوە سوپاسی ئێوەی بەڕێز بکەم، هەرلەکاتی ڕاپەڕین و تا ئەمڕۆ وێڕای هەموو کۆسپ و تەگەرە و ناخۆشی و گرفتی ژیان و بژێوی، بەڵام نەتانهێشت خوێندن بوەستێ. ئەمەش هەم بۆ خۆتان سەروەرییەکی گەورەیە، هەم بۆ گەلی کوردستان شانازییەکی گەورەیە. بە ڕاستی شانازیتان پێوە دەکەین.

**بەڕێزان**، هەروەکوو هەمووتان ئاگادارن، بابەتی هەرە گرنگی ئەمڕۆ، بابەتی

ڕیفراندۆمە. گەلی کوردستان بۆ ئەو بڕیارەی دا؟ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ گەیشتە ئەو باوەڕە کە لە جیاتی گەلی کوردستان ئەو بڕیارە بدات؟ لەڕاستیدا ئەوە نییە کە لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران ئەو بڕیارە درابێت، زۆر لەمێژە کاری بۆ دەکرا، بەڵام لەو ڕۆژەدا بەشی هەرە زۆری حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبوونەوە و لەوێ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ڕایگەیاند؛ ئەوان ئامادەن لە ٢٠ی سێپتەمبەر تا ٣٠ی سێپتمبەر ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن، بۆیە لەوێ بڕیار درا کە ٢٥ی ئەیلوول ببێتە ڕۆژی ڕیفراندۆم بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئازادی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. ئەمەش ڕۆژێکی مێژوویی و بڕیارێکی مێژوویی و بوێریش بوو، هەروەها سەروەرییەکی گەورەشە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی لە وەرگرتنی ئەم بڕیارە بەشدار بوون.

بەڕێزان هەموو ڕێگاکان لەگەڵ بەغدا تاقیکرانەوە بۆئەوەی پێکەوە وەکوو دوو هاوبەش بژین. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بەغدا، من وای دەبینم کە ئێمە بە دوو قۆناغی سەرەکیدایە تێپەڕیوین. قۆناغێکی زۆر دوورودرێژ لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، واتە لە ١٩٢٠ەکانەوە تا ٢٠٠٣.

قۆناغی دووەم لە ٢٠٠٣، هەرچەندە ماوەکەی (چواردە ساڵە) کورتە، بەڵام پڕ لە ئەزموون و پەرەسەندنە، کە ئێمە دەبێ لە ئێوەی بەڕێز لە هەموو مامۆستایان فێرببین، بەڵام هەمووشتان دەزانن گرفتی هەرە گەورەی ناوچەکە لەنێوان تورکیا و عێراق لەسەر ویلایەتی مووسڵ بوو، کاتێک کۆمەڵەی گەلان هاتن و لەناو خەڵکی ناوچەکە ڕاپرسیان کرد، خەڵکی کوردستان بوو کە ویلاتی موسڵیان ڕزگار کرد، بەحساب بۆئەوەی لەگەڵ عێراق بێت، نەک لەگەڵ تورکیا. بێگومان زەحمەتە و ناشکرێ ئێستا ئێمە حوکم لەسەر ئەو بڕیارە و ئەو دەنگانە بدەین، نزیکەی پێش سەد ساڵە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە پێکەوە بین و هاوبەش بین. ئێوە خۆتان دەزانن بەشی ئێمە لەو هاوبەشییە بێجگە لەماڵوێرانی و کوشت و کوشتار و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباران، شتێکی ترمان نەدیت، لەگەڵ ئەوەش دیسان ئێمە هەر چووینە گفتوگۆ بۆ ئەوەی لاپەڕەیەکی تازە بکەینەوە، بەڵام هەر سوودی نەبوو. ٢٠٠٣ گوتمان ئەمە بۆ هەموو خەڵکی عێراق دەرفەتێکی تازەیە، لەوانەیە ئێمەی خەڵکی کوردستان سوود لەو دەرفەتە بکەین، عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی فرە لایەن دروست بکەین،

دەرفەتێکە بۆ هەموو لایەنەکان کە ئایندەیەکی گەش بۆ خۆمان دابین بکەین. خەڵکی کوردستان چ لە ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی ڕژێم چ بەشداری کردەکی لە ڕوخاندنی ڕژێم ڕۆڵی سەرەکی بینی. دوای ئەوەش لەکاتی نووسینەوەی دستوور، دیسان ئەگەر خەڵکی کوردستان نەبوایە دەستوور لە ڕاپرسییەکە دەرنەدەچوو. بێگومان ئێمە هەرگیز پێشبینی چاکەمان لە بەعس و ڕژێمانی تر نەکردووە، بەڵکوو پێشبینی ئەوەمان لێکردوون لەشکرکێشی بکەنە سەر کوردستان و بۆمبارانمان بکەن، بمانکوژن و بمانسووتێنن، بەڵام ئەمانەی تر بەحساب هاوپەیمانی ئێمە بوون، دۆستی ئێمە بوون و پێکەوە بووین، پێشبینی ئەوەمان لێ دەکردن، بێن لە جیاتی ئێمە بەرگری لە دۆزی گەلی کوردستان بکەن، بەڵام لەگەڵ گەیشتنە حوکم کە تەسەوریان کرد ئیتر حوکمەکەیان چەسپا، دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی تر ١٨٠ پلە جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەسەری ڕێککەوتبووین. لە هەموو شتێک گرنگتر، بەتایبەتی دوای ٢٠٠٣ ئەوەبوو کە ئێمە لەسەر پرەنسیپی هاوبەشی، هاوسەنگی و سازان ڕێککەوتین، بەڵام هەموو شتێکیان تێکدا، نە هاوبەشیان هێشت نە سازانیان هێشت نە هاوسەنگیشیان هێشت، دستووریان ژێر پێخست، ٥٥ ماددەی دەستوری هەیە، لیژنەیەکی یاسایی ئامادەیان کردووە کە هەمووی پێشێل کراوە. بێگومان لە هەمووشی مەترسیتر تێکدانی پرەنسیپی هاوبەشییە، بۆ ئێستا باسی زۆرینەی سیاسی دەکەن، ئەوە زۆر ڕوونە کە زۆرینەی سیاسی مانای چییە. بێگومان ئەگەر ئێمە بچینە ناو پەرلەمانی عێراق، لەوێ بڕیار بە دەنگی زۆرینە و کەمینە وەربگیرێ، هەمیشە ئێمە دۆڕاوین، خۆی ئەندامی پەرلەمانی ئێمە هەرچەند بێت، با ٦٠-٧٠-٨٠ بێت، لەوانەیە لە باشترین حاڵەتدا ٧٠ یان ٨٠ بێت. هەڵبەت ئەو شتانەی پەیوەندی بە خەڵکی هەرێمی کوردستانەوەیە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە دەبێت بە سازان بێت، نابێت هەروا بێت، بەڵام ئەمەیان تێکداوە، سازانیان تێکدا، بڕیار بوو لەناو سوپا و دامودەزگاکانی تری حکومەتی فیدراڵی هاوسەنگی تەواو هەبێت، بەتایبەتی ڕێژەی کورد لەناو ئەو دامودەزگانە ١٪ تا ٢٪یە زیاتر نییە، لە ٣٠٪ و٤٠ هاتووتە خوارێ بووە بە ئەو ڕێژەیە. دەبوایە ٢٠٠٧ مادەی ١٤٠ تەواو ببێ، خۆیان گوتیان ماددەی ١٤٠ مرد تەواو، خۆیان جێبەجێیان نەکرد، ئێستا باسی مادەی ١٤٠دەکەنەوە، باشە مادەیەکی مردوو، چۆن زیندوو دەکەنەوە.

هەروەهـا ڕێککەوتـن وابـوو بەشـی پێشـمەرگە لـە چـەک و تەقەمەنـی و بودجـە بێـت، بـەو پێیـەی پێشـمەرگە بەشـێکە لـە دامـەزراوەی بەرگـری عێراقـی، لەنێـوان ئێمـە و ئەمریـکا و بەغـدا ڕێککەوتنێکـی سـێ قۆڵـی هەبـوو، بـەڵام نەیانهێشـت یـەک فیشـە و یـەک دیناریـش بـۆ پێشـمەرگە بێـت، تەنانـەت ئـەو چەکانـەی ئەمریکییـەکان بـۆ پێشـمەرگەیان هێنابـوو هەمـووی کەوتـە دەسـتی داعـش، ئینجـا زۆر شـتی تـر هەیـە، مەسـەلەی بودجـە بڕیـن، گـریمان ناکۆکـی لەنێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا هەیـە، خەتاکـە هەرێمـە، بـەڵام چـۆن دەکـرێ و چـۆن دەبێـت سـەرۆک وەزیـران، وەک عـەرەب گوتەنـی بـە (جـــرت قلـــم )بێـت نانـی میلەتێـک ببـڕێ. ئـەو وەختـە مـن زۆر زۆر هـاوارم کـرد، ئەمـەش جۆرێکـە لـە ئەنفـال و ئەنفالێکـیترە ئەمانـە دەیکـەن، ئەنفالـی پێشـان خەڵکێکـی دیاریکـراوی شـوێنێک بـوو، بـەڵام ئەمـە شـیری منداڵیشـی بـڕی و منداڵیشـیان ئەنفـال کـرد، هەمـوو ماڵێکـی کوردیـان ئەنفـال کـرد.

مەسـەلە نییەتـە ئـەوەی نانـی خەڵـک ببـڕێ، مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەم خەڵکـە لـە برسـان بکـوژێ و بمـرێ. لـە هەمـوو ئەمانـە گرنـگتر ڕێککەوتنـی ئێمـە ئـەوە بـوو کـە لـە عێـراق دەوڵەتێکـی مەدەنـی، دیموکراتـی، فیدراڵـی دروسـت بکرێـت؛ بمانـەوێ یـان نەمانـەوێ، خەڵکـی تـر خـۆی گێـل بـکات، یـان نـا، بـەڵام ڕاسـتی ڕەوشـەکە ئەمـڕۆ لـە بەغـدا حکومەتێکـی ئایینـی و تایفـی حاکمـە و ڕۆژ بـە ڕۆژ ئەمـە پتەوتـر دەبێـت، نـە دیموکراتـی مـاوە، نـە فیدراڵـیش مـاوە. ئێمـە لامەرکـەزی، ئۆتۆنۆمـی، فیدراڵـیمان ئەزمـوون کـردووە. لەڕاسـتیدا گەیشـتینە ئـەو بـاوەڕە کـە سـوودی نییـە، چونکـە مەسـەلە فەرهەنگـە، نـە مەسـەلە شـتێکی تـرە و ناشـکرێ چارەنووسـی میللەتێـک بـە میزاجـی دوو کـەس و سـێ کـەس، یـان پەیوەنـدی نێـوان هەولێـر و بەغـدا، یـان سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆک وەزیـران یـا فڵان وەزیـر لەگـەڵ فڵان کـەس لـە بەغـدا باشـە یـان خراپـە، ببەسترێتـەوە. ئەگـەر بـاش بێـت هەندێـک ئیـش بـە تـکا دەڕوات، ئەگەرنـا هیـچ نـاڕوات، ئەمـە چـۆن دەبێـت و چـۆن دەکـرێ بـەم شـێوەیە ئیـش بەڕێوەبچـێ. مانگـی سـێپتەمبەری پـار کـە چووینـ بـۆ بەغـدا لەگـەڵ بەڕێـز عەبـادی و لەگـەڵ هاوپەیمانـی نیشـتمانی زۆر ڕاشـکاوانە ئـەو قسـانەمان کـرد و گوتمـان ئێمـە لـە دروسـتکردنی هاوبەشـی نێـوان خۆمـان شکسـتمان هێنـا، گوتـم مـادام وایـە وەرن بـا ببینـە دوو دراوسـێی بـاش، بـەردەوام بـوون لەسـەر ئەزموونێکـی شکسـتخواردوو کارەسـاتی بـە دوادێ، وەرن بـا شـێوازێکی تـازە تاقیبکەینـەوە، دواتـر

ئەمـە مافێکـی یاسـایی و ئاسـایی و دیموکراسـییە لـە میسـاقی نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەیـە، لـە بڕیـارەکان و یاسـا نێودەوڵەتییـەکان چەسـپێنراوە، لـە دیباجەکـەی دەسـتووری عێراقـدا هەیـە کـە دەڵـێ؛ پابەندبـوون بـەم دستورە، گەرەنتـی مانـەوەی عێراقـە بـە یـەک پارچەیـی، ئـێ وەڵاهـی هیـچ ئیلتـزام نەکـراوە.

لەبەرئـەوە ئەمانـە هەموویـان ئـەو مافـە بـە ئێمـە دەدات کـە ئەو بڕیـارە بدەیـن و ئەو بڕیـارەش دراوە و پاشەکشـەی لـێ ناکرێـت. ئێمـە زۆر هـەوڵمان دا و بەغـدا قبووڵـی نەکرد، خـۆ بـە زۆر نییـە ئێمـە چـارە ویـستراو نیـن، ئینجـا تـۆ بچـی بـە زۆر خـۆت بکەی بـە مێوان لـە بەغـدا، وەڵا مـن خـاوەن ماڵـم، خاوەنـی مـاڵ نیـم، کاکـە نەیانهێشـت خاوەنـی مـاڵ بیـن، دوای ئـەم هەمـوو ئەزموونـە تاڵـە هەمـوو لایـەک گەیشـتنە ئـەو قەناعەتـە کـە ئـەم بڕیـارە بـدرێ و ئەمـە بڕیـاری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە، بڕیـاری هەمـوو حیزبەکانـە، بڕیـاری هەمـوو تاکێکـی خەڵکـی کوردسـتانە، نـە بڕیـاری کەسـێکە و نـە بڕیـاری یـەک حیـزب و دوو حیـزب و سـێ حیزبـە، ئـەوەی لەگـەڵ ئـەوەش نەبێـت کەیفـی خۆیەتـی و ئـازادە، بـەڵام لـە هەمـوو دونیـا نییـە هەمـوو خەڵـک لەسـەر شـتێک کـۆک بێـت. لـە زۆر کۆبوونەوەکانیـش لەگـەڵ دۆسـتانی خۆمـان لـە دەرەوە، دەیانگـوت خەڵکـی کوردسـتان هەمـووی لەگـەڵ نییـە. ئـێ باشـە بـا تاقـی بکەینـەوە بزانیـن خەڵکـی کوردسـتان دەنـگ بـە بەڵـێ دەدا ، یـان نـە. ئەگـەر بـە بەڵـێ دەنگـی دا، ئـیتر دەبـێ ئـەوە جێبەجـێ بکـرێ، ئەگـەر گوتشـی نـا. خـۆ پاشـان خەڵکـی کوردسـتان بەرگـەی بەرپرسـیاریەتی بەڵێـی خۆیـان دەکـەن و چ دەبێـت بـا ببێـت، یانـی شـتێکی زۆر ئاسـاییە. هەروەهـا زۆر لـەو دۆسـتانەی ئێمـە، ئـەو دەوڵەتانـە هاتـوون، پێشـی هەفتـەی ڕابـردوو لەگـەڵ مێوانـی بـاڵا چەندیـن کۆبوونەوەمـان هەبـوو، کەسـیان ناڵێـن حەقـی ئێـوە نییـە و ئێمـە دژی پرەنسـیپەکەین و دژی مافـی ئێوەیـن، بۆچوونـی ئـەوان وایـە کـە هێشـتا شـەڕی داعـش تـەواو نەبوویـە، ئەگـەر ئەمـە ببێـت لەوانەیـە کێشـەی ناوخـۆ دروسـت ببێـت و تەرکیـز لەسـەر شـەڕی داعـش نەمێنـێ. ئەمـە خاڵـی هـەرە سـەرەکی ئەوانەیـە، بێگومـان لەڕاسـتیدا وا نییـە، کـە تەرکیـز نامێنـێ، بەڵکـوو تەرکیـز بـۆ شـەڕی داعـش چەندبـار زیاتـر دەبێـت و زەڕەیـەک کاریگـەری لـە هەڵوێسـتی ئێمـە نـاکات، هەروەهـا دەڵێـن ئەگـەر دوابخـرێ باشـە، چەنـد دوابخـرێ و بەرانبـەر بـەوە چـی؟ لەگـەڵ ئـەم مێوانانـە چ وەزیـری بەرگـری ئەمریـکا چ وەزیـری بەرگـری و وەزیـری دەرەوەی فەڕەنسـا چـی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا و شـاندی

ئێرانـی گفتوگۆیەکـی زۆر دووروردرێژمـان کـرد، نوێنـەری یەکێتـی ئەورووپـا، باڵیـۆزەکان کـە هاتوونـە، گوتـم باشـە ئێـوە جێگرەوەیەکتـان بـۆ ئێمـە هەیـە کـە هەمـان ئەنجـام بـدات، تـا ئێسـتا هیـچ جێگرەوەیەکیـان نییـە، هـەر قسـەیە دوا بخرێـت، پاشـان ئێمـە لـە گفتوگۆکانـدا بەشـدار دەبیـن و هانـی هەمـوو لایـەک دەدەیـن. لـەدوا دانوستانیشـدا ئـەم پرسـیار دێتـە پێـش، گفتوگـۆ بۆچـی، بـۆ ئـەوەی دوو سـێ وەزیـر و دوو سـێ بەڕێوەبـەری گشـتی بـە ئێمـە بـدەن. ئـەو قۆناغـە تـەواو بـووە، گفتوگـۆ لەسـەر ئـەوە ناکـرێ، گفتوگـۆ لەسـەر ئامانجـی ئـەو ڕیفراندۆمـە دەکـرێ، ئایـا ئـەو ئامانجـە چـۆن دێتـەدی، ڕیفرانـدۆم ئامـرازە، ڕیفرانـدۆم ئامانـج نییـە، بـۆ ئێمـە ڕیفرانـدۆم بـۆ ئەوەیـە خەڵکـی کوردسـتان نامـەی خـۆی بـە دونیـا بگەینـێ کـە ئەمـە بڕیـاری منـە، ئەگـەر جێگرەوەیـەک هەبێـت بـێ ڕیفرانـدۆم لەگـەڵ ئـەو بڕیـارەی خەڵکـی کوردسـتان مامەڵـە بـکات، وەکـوو عـەرەب گوتەنـی (خیـر علـی خیـر)، بـەڵام ئایـا ئـەوە دەکـەن؟ لەبەرئـەوە مـن حەزدەکـەم زۆر ڕاشـکاوانە بڵێـم، بەهیـچ شـێوەیەک ئێمـە لـە مەسـەلەی ڕیفرانـدۆم پاشەکشـە ناکەیـن و لـەڕۆژی خـۆی دەکـرێ، پێشـبینی ئـەوەشمان نییـە یـان نەبـووە. ڕۆژێکیـش لـە ڕۆژان مـن نەمگوتـووە ئـەم دەوڵەتانـە هەموویـان دێـن و بـە ئێمـە دەڵێـن فەرمـوو ئەمـە سـەربەخۆیی کوردسـتان دیـاری بـۆ ئێـوە، بـەڵام لەکاتـی هەڵبژاردنـی سـاڵی ١٩٩٢ و لـە ڕاگەیاندنـی فیدراڵـی و لـە مەسـەلەی بەرزکردنـەوەی ئـاڵا هەموویـان کردیـان بـە کێشـە، دواجـار مامەڵەیـان لەگـەڵ کـرد. ئێسـتاش قەناعەتـی مـن وایـە ناڵێـم بـێ موجازەفەیـە، بۆئـەوەی لەگەڵتـان ڕاسـتگۆ بـم، بـەڵام ئـەم موجازەفەیـە زۆر سـەلامەتترە لـە موجازەفـەی دانیـشتن و چاوەڕوانـی کـردن، مەبەسـتیش ئەوەیـە ئێمـە ڕێگـە لـە شـتی ناخـۆش بگریـن، بـاش سـبەینێ بێـن بـە ئێمـە بڵێـن لـە کەرکـووک و خانەقیـن و شـنگار و مەخمـوور و ئەمانـە دەربچـن، پـاش ئـەم هەمـوو شـەهید و ئـەم هەمـوو قوربانیـدان و ئـەم هەمـوو ماڵوێرانیـە، ئـێ دەرچیـن چ بـە خانـەوادەی ئـەم شـەهیدانە چ بـە ویژدانـی خۆمـان بڵێیـن، بمێنینـەوە لەوانەیـە تووشـی شـەڕ بیـن، جارێکـی تـر بۆچـی؟ بـۆ فیدراڵـی، پێـش فیدراڵـی ئۆتۆنۆمـیمان بینـی، لامەرکـەزیمان پێـش ئۆتۆنۆمـی تاقیکردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی تووشـی ئـەو کێشـانە نەبیـن، بـا لـە ئێسـتاوە ئێمـە لەگـەڵ بەغـدا و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش تێکبگەیـن، بۆئـەوەی ڕێگـە لـەم فتنانـە بگریـن کـە لـە پێشمانـە، دونیـاش گـۆڕاوە.

**بەڕێـزان،** ئەمـە نـە سـاڵی شەسـتەکان، نـە حەفتـاکان، نـە هەشـتاکانە، بەرژەوەنـدی

ئابـووری و ئاسـایش لـە دونیـا لـە ناوچەکـە لـە هەرێـم لەگـەڵ زۆر لایەنـیتر هەمـووی تێکـەڵ بـووە، واتـە بـەو ئاسـانییە نییـە کـە مەزەنـدە دەکـرێ، لەگـەڵ ئـەوەش دەبێـت بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئامـادە بیـن هـەر باجێـک پێویسـت بێـت دەبـێ بیدەیـن.

لەوانەیـە بـۆ ماوەیـەک هەنـدێ هەڵوێسـت و قسـەی توندمـان گـوێ لـێ ببـێ، بـەڵام ئـەوە ڕای خۆیانـە و ڕێزمـان بـۆ ڕای ئـەوان هەیـە، ئەمەش هەڵوێسـتی خەڵکی کوردسـتانە. لەڕاسـتیدا دەوڵەتـی ئاینـدەش، نابـێ دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی بێـت.

ئەمــە دەوڵەتــی کوردســتانە، بــۆ کــوردە، عەرەبــە، تورکمانــە، ئاشــوورییە، کلدانــە، سریانـە، ئەرمەنـە، بـە ڕاسـتیش دەبـێ نموونەیـی بێـت و ئـەو گلەیانـەی ئێمـە لـە بەغـدا و لـە خەڵکـی تـر هەمانـە، نابێـت ئێمـە ئـەوە دووبـارە بکەینـەوە، بەپێچەوانـەوە دەبـێ دەوڵەتێـک بێـت هەمـوو تێیـدا هاوبـەش بیـن و بـە دەوڵەتـی خۆیـان و ماڵـی خۆیـان و بـە موڵکـی خۆیانـی بزانـن، دەبـێ سیسـتەمێکی کۆمـاری دیموکراتـی پەرلەمانـی بێـت. پاشــان لەبــارەی دانانــی دەســتوور پێــم باشــە ئێمــە لەناوخۆمــان فیدراڵــی دروســت بکەیـن و هـەر پارێزگایـەک پەرلەمـان و حکومەتـی خۆجێـی خۆیـان هەبێـت و خۆیـان ئیـدارەی خۆیـان بکـەن، هەولێـر وەکـوو پایتەخـت بێـت، هەنـدێ پرسـی بنەڕەتـی، وەکـوو سیاسـەتی دەرەوە و سـوپا لـە پایتەخـت دەبێـت، ئـەویتر سـلێمانی، دهـۆک، کەرکـووک و هەڵەبجـە چۆنیـان بـوێ بـا وا ئیـدارەی خۆیـان بکـەن، دەبێـت سیسـتەمی ئابـووری تـازە دابنـرێ، واتـە دەبێـت لـە بنەڕەتـەوە هەمـوو شـتێک دابنـرێ. لەڕاسـتیدا مـن ئـەو ڕۆژەش بـە مامۆسـتایانی ئاینیـم گـوت و ئێسـتاش بـە بەڕێزتانیـش دەڵێـم، بـا خەڵکەکـە زۆر خـۆی تەنـگاو نـەکات، ئەگـەر ڕیفرانـدۆم سـەری گـرت، ئەمـە سـەرکەوتنێکی گەورەیـە خەونـی سـاڵەهای سـاڵ ئـەم میللەتـە دێتـەدی، ئەگـەر بـوو بـە کێشـە ئامـادەم و مـن باجەکـەی دەدەم. تـکام لـە ئێـوەی بەڕێـز لـە زانکـۆکان و مامۆسـتایانی بەڕێـز هەیـە، لـە ئێسـتەوە بـە بۆچوونەکانـی خۆتـان هاوکارمـان بـن کـە ئێمـە چ بکەیـن، واتـە ئـەو دسـتوورە و سیسـتەمی ئێمـە و ئاینـدەی ئێمـە چـۆن بێـت، هاوکارمـان بـن و پێشـنیارمان بـۆ بکـەن، ئەمـە چـۆن بکـرێ. ئەمـە هەمـووی بـە کۆمیتـەی بـاڵای ڕیفرانـدۆم دەدرێ بۆئـەوەی دیراسـەتی بکـەن، بـە تەئکیـد سوودیشـی زۆر دەبێـت، زۆرجـار مـن ئەمـەم لـە بەغـدا لـە کەسـانێک گـوێ لـێ بـووە و دەڵێـن ئـەم بڕیـارە دەسـتووری نییـە. لەڕاسـتیدا

بڕیارەکانی ئەوان دەستووری نەبوون، بە کام ماددەی دەستووری نانی خەڵکی کوردستانیان بڕی؟ ئێمە بە پێی ئەم بەندەی کە لە دیباجەی دستوردا هاتووە و بە عەرەبیە و من بە عەرەبیش دەیخوێنمەوە، "إنّ الالتزام بهذا الدستور يحفظُ للعراق اتحاده الحر شعبا وأرضاً وسيادةً"، ئێمە لەگەڵ عێراق لە ٢٠٠٣ یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەمان دروست کرد، ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەنووسێک لێی پرسیم و گوتی ئێوە دوای ٢٠٠٣ تاڕادەیەک شتێکی وەکوو دەوڵەتتان دروست کرد، گوتم بەپێچەوانەوە ئێمە پێش ٢٠٠٣ وەکوو دەوڵەت بووین، بەڵام دوای ٢٠٠٣ چووینە بەغدا و دەستمان لەو دەوڵەتە هەڵگرت. ئێستاش من دەڵێم؛ ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کرد، لەڕاستیدا چووینە بەغدا بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانە عێراقێکی فیدراڵی دروست بکەین، بەڵام ئەوان نەیانکرد. کاتی خۆشی کە گفتوگۆی دستور دەکرا، زۆر پێداگیری دەکرا کە بڵێن يحفظُ للعراق وحدته، گوتمان نە اتحاده، وحدته نییە، مادەم ئارەزومەندنەیە تۆش ئارەزومەندانە دەتوانی جیاببیەوە، ئەوە ئەزموونی چیک و سلۆڤاکیا، ئەو ڕۆژە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا کە هاتن گوتم؛ باشە بۆ ئێوە دژی جیابوونەوەی چیک و سلۆڤاکیا نەبوون، بۆ لە بەڵقان دژی ئەو هەموو دەوڵەتانە نەوەستانەوە کە لەیەکێتی سۆڤیەت جیابوونەوە، واتە تەنیا ئەمەی کورد تاوانە، ئێمە سەد ساڵە لەئەنجامی ئەو بڕیارانەی ئێوە لە سایکپیکۆ مەینەتی دەچێژین، ئیتر بەسە، ئێمە ناتوانین بەردەوام بین، نە تاوانێکمان کردووە نە کارێکی پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیمان کردووە، نە دژی دستووری عێراقیشە. ئێمە بە پێی ئەم بەندەی دەستوور دەتوانین ئەم بڕیارە بدەین، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەوان بە پێی کام ماددەی دستووری بودجەی خەڵکی کوردستانیان بڕی، چەک و تەقەمەنی پێشمەرگەیان دەست بە سەرداگرت، ماددەی ١٤٠یان جێبەجێ نەکرد و زۆر شتی تریش. جا لە بەر ئەوە بە ڕاستی لەڕووی قانوونیەوەش هەموو حەق لە لای ئێمەیە، بەڕاستیش بە هیچ شێوەیەک نابێت جارێکی تر ئێمە ئەزموونێکی شکشتخواردووی سەد ساڵە دووبارە بکەینەوە. ئەمە دەرفەتێکە من خۆم گەشبینم، بەڵام وەکوو عەرزم کردن موجازەفەشی تێدایە، بەڵام زۆر زۆر سەلامەتترە لە موجازەفەی چاوەڕوانی کردن. من قەناعەتیشم وایە کە زۆرینەی هەرە زۆر بە بەڵێ دەنگ دەدەن، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیتر هەموو شتێک لەگەڵ بەغدا تەواو دەبێت. هەر وەکوو گوتم ڕیفراندۆم ئامرازە، ئومێدەوارم

بەغداش لـەوە بـگات، ئەوکاتـە لەسـەر مەسـەلەی سنوور، ئـاو، نـەوت، غـاز و زۆر پرسـی تـر گفتوگۆیەکـی تـەواو دەکەیـن، هەروەهـا شـێوەی مامەڵـە و پرسـی دیکـە کاتـی دەوێت، ئێمـە بـە دڵێکـی زۆر فـراوان و بـە بـە مێشـکێکی کـراوە داخلـی ئـەو گفتوگۆیانـە دەبیـن، ڕیفرانـدۆم بـەو مانایـە نییـە کـە ڕۆژی ٢٦ پەیوەنـدی خۆمـان لەگـەڵ بەغـدا بپچڕێنیـن و ئـیتر هەمـوو شـت تـەواو، ناکرێـت، سـەد سـاڵە کێشـەمان هەیـە، دەبـێ بەهاوبەشـی چارەسـەری بکەیـن، ئێمـە نییەتـی چارەسـەرمان هەیـە، نییەتـی ئەوەمـان نییـە توندوتیـژی بـە کار بێنیـن، بـەڵام چوونـی وەفـدی ئێمـە جارێکـی تـر یـان چەندجـاری تـر یـان هاتنـی وەفـدی ئـەوان بـۆ ئـەوە بێـت قەناعەتمـان پـێ بکـەن چەنـد وەزیرێکـی زیـاد و قائیـد فیرقەیەکتـان دەدەینـێ. لەڕاسـتیدا ئـەو قۆناغـە تـەواو بـووە و قبووڵـی گفتوگـۆ لەسـەر ئـەوە ناکەیـن، بەڵکـوو گفتوگـۆ لەسـەر ئـەوە دەکەیـن چـۆن ببیـن بـە دوو دراوسـێی بـاش، یـان بـا ڕوونتر و ڕاشـکاوتر بیـن، چـۆن دەبینـە وڵاتێکـی سـەربەخۆ، بـەڵام بـە هەمـوو شـێوەیەک دۆسـت و هاوپـەیمان لەگـەڵ حکوومەتـی عێـراق، ئەگـەر ئـەوان حەزیـان کـرد ئەگـەر نەشیانویسـت ئەمـە بـۆ خۆیـان دەگەڕێتـەوە. بەڕاسـتیش دەبـێ هەمـوو تاکێکـی کـورد هـەر یـەک لـە ڕاسـت خـۆی، ناسـیاوی هەیـە، خزمـی هەیـە، شـەهیدی هەیـە، ئەنفالـی هەیـە، ئەوانـە بێنینـە و بەرچـاوی خۆمـان، کاتێـک کـە دەچـی دەنـگ دەدەی، ئەمـە شـادکردنی ڕۆحـی ئەمانەیـە، بـاوەڕ ناکـەم هیـچ ئەرکێـک لـەم ئەرکـەش پیرۆزتـر هەبێـت، ئـەوەی تریـش بـۆ هـەر کەسـێک قەناعەتـی چۆنـە، ئـەوە پەیوەنـدی بەخۆیـەوە هەیـە. لێرەشـدا بـە پێویسـتی دەزانـم پیرۆزبایـی لـە ئەنجومەنـی پارێـزگای کەرکـووک و هەمـوو ئەنجومەنەکانـی تـری قەزایەکانیـش بکـەم کـە زۆریـان نامەیـان نووسـیوە، ئەمـەش بڕیارێکـی بوێـر و پیـرۆز بـوو. لـە هەمـان کاتیشـدا تەئکیـد دەکەینـەوە هەتـا ئەوانـەی بایکۆتیشـیان کـردووە نابـێ پەیوەندیـان لەگـەڵ بپچڕێـت. کەرکـووک دەبـێ نموونـەی شـاری پێکەوەژیانـی کـورد، تـورکمان، عـەرەب، مەسـیحی بێـت و نابێـت لـە لایـەن ئێمـەوە کاردانـەوە دروسـت بێـت، خەڵکـی ئێمـە دەبـێ زۆر لەسـەرەخۆ بـن زۆر مەنتیقـی بـن، بەپێچەوانـەوە ئـەوان چەنـد خۆیـان دووربکـەن، دەبـێ تـۆ دەسـتی برایەتیـان بـۆ درێـژ بکـەی، ئێمـە بـرای یەکیـن و نابـێ بـە قسـەی ئـەم حیـزب و یـا ئـەم بەرپـرس کـە خـۆی کێشـە و عوقـدەی هەیـە، لێدوانـی ئاگـری و ئیسـتیفزازی بـدات، ئێمـەش تووشـی هەمـان کاردانـەوە ببن. ڕاسـپاردەی مـن بـۆ بـرادەران ئەوەیـە کـە لەمـە وریـا بـن، بەپێچەوانـەوە

دەبێ هەر بە گیانی برایەتی و پێکەوەژیان قسە بکەن. لە کۆتاییشدا، بێگومان یەک دوو ڕۆژمان بۆ جەژن ماوە، پیرۆزبایی جەژن لە ئێوەی بەڕێز و خانەوادەکانتان و خەڵکی کوردستان و هەموو مسڵمانانی جیهان دەکەم، پەنا بەخوا جەژنی داهاتوو جەژنی سەربەخۆیی کوردستان بێت.

## سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### دوای ئەوەی لە سەرشانی خەڵکی کوردستان حوکمیان کەوتە دەست، کەوتنە پێشێلکردنی دەستوور



٢٠١٧/٨/٣٠

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز، مامۆستایانی خۆشەویست**

بەخێرهاتنێکی گەرمی هەمووتان دەکەم و سوپاستان دەکەم کە تەشریفتان هێناوە. زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لە خزمەتی ئێوە داین. پێشەکی دەمەوێ لە دڵەوە سوپاسی ئێوەی بەڕێز بکەم، ئێوە ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەگەینن؛ ئەویش پێگەیاندنی نەوەکان و سەرکردەکانی داهاتووی ئەم گەلەیە، وێڕای ئەوەی لە ڕووی بژێوی و لە زۆر ڕووی ترەوە تووشی زۆر گرفت و کۆسپ و تەگەرە هاتوون، بەڵام هەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە تا ئەمڕۆ هیمەتێکی زۆرتان کرد و نەتانهێشت بۆ یەک

ڕۆژیش لە کوردستان خوێندن بوەستێ. بەڕاستی ئەمە بۆ خۆتان و میللەتەکەتان سەروەرییەکی گەورە و شانازییە، شانازیتان پێوە دەکەین، بە ڕاستی شایەنی ئەوەن هەمیشە بە سوپاس و پێزانینەوە باسی ڕۆڵی ئێوە بکرێت.

جارێک ساڵی ١٩٧٠ زانای گەورەی کورد، د. کامەران بەدرخان هاتە کوردستان، پرسیاری کرد چەند قوتابخانە هەیە و چۆنە، برادەران بۆیان باسکردبوو کە ئەوەندە قوتابخانە لە کوردستان هەیە، ئەوکاتە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بوو. ئەو وەختە چوونی مرۆڤ (ئەپۆلۆ) بۆ سەر مانگ باسێکی گەرم بوو. پاشان پرسیاری کرد و گوتی؛ ئێوە دەزانن مرۆڤ کەی چووەتە سەرمانگ؟ برادەرێک گوتی؛ بەڵێ ئەوەندەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٩ بوو. لە وەڵامدا گوتی نا، ئەو ڕۆژەی قوتابی دەچێتە پۆلی یەکەم و مامۆستا ئەلف بای پیشان دەدات، لەو ڕۆژەوە هەنگاو بۆ سەر مانگ دەنێت؛ کەواتە ئێوە ڕێنیشاندەری ئەوەن کە مرۆڤ بنێرنە سەر مانگ، بۆیە ئێوە زۆر بەنرخن.

**بەڕێزان،** ئێمە دەزانین مەسەلەی بژێوی مامۆستایان و توێژەکانی تریش تووشی خەلەل هاتووە. ئەمە کاری حکومەتە و دەبێت ڕوونی بکاتەوە، هەروەها دڵنیا بن هەموو هەوڵێک هەیە بۆئەوەی ئەم کێشەیە نەمێنێ و ناشبێت بمێنێ، بەڵام ئەمڕۆ باسی ئێمە، باسی ڕیفراندۆمە. بۆ ئەم بڕیارە درا و چۆن درا؟ ئەمە بڕیاری گەلی کوردستانە، بڕیاری بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسیەکانە، ئەمە نە بڕیاری تاکە کەسە، نە تاکە حیزب و چەند حزبێکە. ئەو بڕیارەی لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران درا کە هەموو لایەنەکان بەشدار بوون، بەم بڕیارە سەروەرییەکی گەورەیان بۆ خۆیان و حیزبەکانیان و میللەتەکەشیان تۆمارکرد.

بۆ ئەم بڕیارە درا، چونکە پێشتر هەموو ڕێگەکانی تر لەگەڵ بەغدا تاقیکرانەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. ئەگەر وەک خەڵکی کوردستان بۆ مێژووی پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بەغدا بگەڕێینەوە، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا ئەمڕۆ، دەتوانین بڵێین بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە. قۆناغێک لە دامەزراندنی حکوومەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ٢٠٠٣ دەست پێدەکات، لە قۆناغی یەکەم؛ دوای ئەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان هێزی هاوپەیمانان و تورکیا بوو بە کێشەیەکی گەورە، بڕیاردرا ڕاپرسی بکرێ، کاتێک

ڕاپرسیش کرا، خەڵکی کوردستان بەو مەرجە دەنگی بەوە دا لەگەڵ عێراق بێت کە ئێمەش لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردندا هاوبەش بین، بەڵام ئەوە خۆتان دەزانن، ڕەنگە بەشێکی زۆریش لە ئێوە هەر قوربانی ئەو بەشدارییە بێت کە بەهۆیەوە کەسوکار و خەڵکتان ئەنفال کرا بێت، شەهید کرا بێت، لە سێدارە درابێت. ئێوە دەزانن چ کارەساتێک بەسەر ئێمە هات، لە کۆی پێنج هەزار گوند، چوار هەزار و پێنج سەد گوندمان وێران کرا، ئەنفال کراین، ١٨٢ هەزار کەسمان کە بەشی هەرەزۆری ژن و منداڵ بوون، ئێستاش بێسەروشوونن، دوازە هەزار گەنجی فەیلی لە تەمەنی هەژدە ساڵی تا سی ساڵی بێسەروشوونکران، هەشت هەزار بارزانی بێسەروشوونکران، دواتر کیمیاباران لە هەڵەبجە تا زاخۆ، لەبەرئەوەی هەڵەبجە ژمارەی خەڵکێکی زۆری تێدا بوو، بوو بە سونبوڵی ئەو کارەساتەی کە بە سەر ئێمە هات. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەرگای گفتوگۆمان دانەخست و چووینە بەغدا و گفتوگۆمان کرد. هەروەها خەڵکی کوردستان ئەوپەڕی ڕەوشتبەرزی خۆی بەرانبەر جەیشی عێراقی پیشانیان دا، کاتێک لەڕاپەڕین دوو فەیلەقی جەشی عێراقی کە ئەو هەموو تاوانەیان کردبوو کەوتە دەست خەڵکی کوردستان، بەڵام ڕێزیان لێگیرا و ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە ناو ماڵی خۆیان، هیچ کەسیش سوکایەتی بەکەسێک نەکرد، باسی ئاشتەوایی لە باشووری ئەفریقیا دەکرێ، بەڕاستی ئەوەی خەڵکی کوردستان کردی، من باوەڕ ناکەم لە هیچ وڵاتێکی دنیا ئەمە کرا بێت، ئەو ڕەوشتبەرزییەی خەڵکی کوردستان پیشانیاندا، کەی لە باشووری ئەفریقیا چەکی کیمیایی دژی خەڵک بەکارهاتووە کەی خەڵک ئەنفال کراوە. من زۆر ڕێزم بۆ ماندێلاو بۆ هەموو سەرکردەیەک هەیە کە خزمەتی میللەتی خۆی کردووە و سمبوڵی میللەتی خۆیانن، ئەوانە لام زۆر بەڕێزن، بەڵام با ماندێلا لە زیندانی ئەبوو غرێب با، ئێوە دەزانن چەند تێکۆشەری کورد وەک ماندێلا لە زیندانی ئەبوغرێب بێسەروشوون کران و نەیانهێشت کەس بزانێ ئێسک و پروسکیشیان چیلێهات. ئەو دەرفەتەی مەندێلا هەیبوو، ئەگەر زۆر لەو تیکوشەرانەی خەڵکی کوردستان، لە زیندانەکانی بەعس ئەو دەرفەتەیان هەبا، بەخوا وەکوو ماندێلا دەبوو، لە هەموو ڕوویێکەوە ئێمە مێژوویێکی پڕ لەسەروەریمان هەیە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە لەگەڵ جەنابی مام جەلال و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چووینە بەغدا و گفتوگۆمان کرد.

بـە داخـەوە، ئـەوەی تێبیـنمان کـرد، وەک ئـەوە بـوو ئەوانـە وەکـوو فەزلێـک لەسـەر ئێمـە بکـەن کـە نامانگـرن و لـە سـێدارەمان نـادەن. ئـەو قۆناغـە ڕۆیشـت، قۆناگـی دووهـەم لـە ٢٠٠٣وە دەسـت پێـدەکات کـە هەمـوو کـەس دەزانـێ هـەر لە زەمینەسـازی بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێـم و لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیش ئێمـە زۆر بەهێـز تێیـدا بەشـدار بوویـن، مەزەندەمـان دەکـرد ئەمـە بـۆ هەمـوو خەڵکـی عێـراق، نـەک تەنیـا بـۆ خەڵکـی کوردسـتان دەرفەتێکـی تازەیـە کـە لـە سـەر بنەمـای دیموکراسـی، فیدراڵـی حکوومەتێکـی مەدەنـی عێراقێکـی تـازە دروسـت بکەیـن، بـەڵام پـاش ماوەیـەک شـتێکی دیکەمـان بینـی، بەداخـەوە ئێسـتا دەڵێـم؛ ئـەوکات ئێمـە هەڵەمـان کـرد، چونکـە چەنـد ڕۆژێـک پێـش، ڕۆژنامەنووسـێک پرسـیاری لـێ کـردم و گوتـی؛ ئێـوە دوای ٢٠٠٣ وەکـوو دەوڵەتـی سـەربەخۆتان لێهاتـووە. گوتـم بـە پێچەوانـەوە ئێمـە پێـش ئـەوە وەکـوو دەوڵەتـی سـەربەخۆ بوویـن، بـەڵام ئارەزوومەندانـە چوویـن و گوتمـان لەگـەڵ بەغـدا عێراقێکـی تـازە دروسـت بکەیـن، بـەڵام شکسـتمان هێنـا. هەروەهـا لـە قۆناغـی یەکەمیـش شکسـتمان هێنـا، چونکـە نەمانتوانـی هاوبەشـی ڕاسـەقینە دروسـت بکەیـن.

ئەوانـەی لەسـەر شـانی ئێمـە هاتنـە سـەر حوکـم کـە دەڵێـم لـە سەرشـانی ئێمـە، واتـە لـە سەرشـانی خەڵکـی کوردسـتان، دوای ئـەوەی بینییـان حوکـم لەدەسـتیانە، کەوتنـە پێشـێلکردنی دەسـتوور، چـۆن خەڵکـی کوردسـتان ویلایەتی مووسـڵیان خسـتە سـەر عێراق، ئەوهـاش لـە ڕاپرسـیدا دەسـتووریان ڕزگار کـرد، ئەگینـا دسـتور لـە ڕاپرسـیدا دەرنەدەچـوو. بـە شـێوەکی دوور لـە وەفـا و نان و نمەک دسـتووریان پێشـێل کـرد و کەوتنـە دژایەتیکردنی خەڵکـی کوردسـتان، لـە ٢٠٠٨ لـەوە دەسـتیان پێکـرد دەبابـە بنێرنـە خانەقیـن و قەرەتەپـە، ئینجـا پێـداوەرە تـا گەیشـتە ئـەوەی دەسـت بەسـەر بەشـی پێشـمەرگە لـە چـەک و تەقەمەنـی بگـرن، نەیانهێشـت مـاددەی ١٤٠ جێبەجـێ ببێـت، ڕەنگـە ئێـوەش گوێتـان لـێ ببوویـت زۆرێـک لەوانـە زۆر بـە بەشـانازیەوە دەیانگـوت، ئێمـە نەمانهێشـت مـاددەی ١٤٠ جێبەجـێ ببێـت، مـاددەی ١٤٠ مـرد تـەواو. ئـەوەش یەکێـک بـوو لـە هەڵەکانـی ئەوکاتـی خۆمـان، چونکـە مـاددەی ١٤٠ بـۆ ئـەوە نەبـوو کـە گومانمـان لـە ناسـنامەی ئـەو شـوێنانە هەیـە. بەڵـێ ئـەو وەختـە بـۆ هەمـوو لایـەک وا بـاش بـوو کـە مـادەم ڕێگـەی دسـتووری و یاسـایی هەیـە، بـا بـەو شـێوەیە چارەسـەر بکـرێ، بـەڵام ئـەوان خۆیـان نەیانکـرد. هەروەها مەسـەلەی پێشـمەرگە، پاشـان بڕینـی بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەوەش ئەنفالێکـی

تـر بـوو بەرامبـەر بـە خەڵکـی کوردسـتان، هەنـدێ لایـەن و کـەس دەڵێـن، ئاخـر ئێـوە نەوتتـان نـارد. ئێمـە دوای ئـەو بڕیـارە، نـەک پێـشتر نەفتەکەمـان هەنـاردە کـرد، ئـەوە هەڵەیـە. گرنـگ، ئەوانـەی ئێمـە مەزەندەمـان دەکـرد هاوپەیمانـی ئێمـەن، بـەڵام لەوەشـدا بـە هەڵـەدا چوویـن، چونکـە هاوپـەیمان دەرنەچـوون.

زۆر هــەوڵ دراوە، لامەرکـەزی و ئۆتۆنۆمـی و فیدراڵـیمان تاقیکـردەوە، بـەڵام هیچیـان سـەری نەگـرت. ئایـا ماقووڵـە ئێمـە لـەو دەوامەیـە بـەردەوام بیـن و هـەر لـە دڵەڕەوکێـدا بیـن و ئایندەیەکـی نادیـار و ئەزموونێکـی شکسـتخواردووی سـەد ساڵە، هەمیشـە هـەر دووبـارە بکرێتـەوە و دووبـارە بکرێتـەوە.

ئەگـەر لـە بیریشـتان بێـت ئەمـە ئـی ئەمـڕۆ نییـە، لـە ٢٠١٢ جارێـک گوتـم بارودۆخـی عێـراق بـەرەو هەڵدێـر دەچـێ، ئەگـەر بـە خۆیانـدا نەچنـەوە، دواتـر لەوانەیـە ڕووبـەڕووی بڕیارێـک ببنـەوە بـە خەیاڵیانـدا نەیێـت، کـەس بـە هەنـدی وەرنەگـرت، هەنـدێ جـار وا لێکدەدرایـەوە کـە کێشـەی کەسـیم لەگـەڵ فڵانـە کـەس هەیـە. لەڕاسـتیدا مـن کێشـەی کەسـیم لەگـەڵ کـەس نییـە، بـەڵام کـە ئـەم شـتانەم بینـی کـە بەتەمابـوون دەبابـە بنێرنـە خانەقیــن، ئــەوە بــۆ مــن زەنگــی مەترســی بــوو، چونکــە هەمــان عەقڵیەتــە، مــادەم عەقڵیەتـی چارەسـەری کێشـە بـە دەبابـە و بـە فڕۆکـە و بـە تۆپخانـە مـاوە، ئەمـە ترسـناکە. گرنـگ زۆر هــەوڵ و تەقـەڵا درا، بـەڵام هیـچ سـوودی نەبـوو، دەبـوو ئێمـە یـان دەسـت لـەم دۆخـە هەڵگریـن و بەغـدا بێـت بـە کەیفـی خـۆی حوکمـی ئێمـە بـکات، یـان دەبێـت شـێوازێکی تـازە بـۆ پەیوەنـدی خەڵکـی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا بدۆزینـەوە. لێـرەدا حەقیقەتێـک هەیـە، ئێمـە ئارەزوومەندانـە چووینـە بەغـدا، ئەگینـا ئێمـە دوو نەتـەوەی جیاوازیـن، دوو جوگرافیـای جیاوازیـن، دوو مێـژووی جیاوازیـن و دوو کەلتـووری جیاوازیـن، بـەڵام ئارەزوومەندانـە چوویـن و گوتمـان؛ باشـە مـادەم وایـە بـا بزانیـن ئـەم دەرفەتـەش بـەرەو کـوێ دەچـێ، ئـەوە بـوو گەیشـتینە ئـەوەی نانبـڕاو کرایـن و بـە هەمـوو شـێوەیەک دژایەتـیمان کـرا، لـە هەمووشـی گرنـگتر ڕۆژ بـە ڕۆژ پرەنسیپی هاوبەشـی، هاوسـەنگی و سـازانیان نەهێشـت کـە ڕێککەوتنـی بنەڕەتیـش ئـەوە بـوو شـێوەی حوکمڕانـی لـە عێراقـی تــازە، دەبێــت حکومەتێکــی مەدەنــی، دیموکراتــی و فیدراڵــی بێــت. ئێمــە هەموومــان دەبینیـن، ڕاسـتە بـە نـاوی شـتیتر دەڵێـن، بـەڵام بەکردەنـی حکوومەتێکـی ئایینـی تائیفییـە

و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەمە زیاتر دەچەسپێت. زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ و دەڵێن هیچ ماددەیەکی دەستووری نییە ڕێگە بە خەڵکی کوردستان بدات ڕیفراندۆم بکات، لە دیباجەی دستووری عێراق داهاتووە کە بە عەرەبی دەڵێ، إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعبا وأرضا وسيادة، ناڵێ وحدتە، بەڵکوو دەڵێ اتحاده الحر. کاتی خۆشی کە ئەم بڕگەیە لەدەستوور داڕێژرا، پێنج شەش ڕۆژ شەڕی لەسەر کراوە، تاکو ئەمە چەسپێنرا، واتە یەکیەتیەکی ئارەزوومەندانە بووە، نەک لەسەر ئێمە سەپێندرابێت، تەنانەت ئەگەر باسی دستووریش بکەن، ئێمە بە پێی ئەم ماددەیە دەتوانین، ئەگینا فەرموون تەماشای بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی نەتەوەیەگرتووەکان بکەن، هەموو وردەکارییەکی تێدایە و ئەوپەڕی ماف بە ئیمە دەدات کە ئەم بڕیارە بدەین. تەماشای ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بکەن کە کاتی خۆی بۆ سەرپەرشتی ڕاپرسی ویلایەتی مووسڵ هاتبوو، زۆر بەڕوونی باسی ئەوە دەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە؛ ئەوان بە چ ماددەیەکی دەستووری ئەم هەموو غەدرەیان لە خەڵکی کوردستان کردووە، لیژنەیەکی یاسایی دیراسەتیان کردووە تا ئێستا ٥٥ ماددەی دەستووریان پێشێل کردووە، تەنانەت لە شەڕی دوایی مووسڵ ڕێککەوتنمان کرد، بۆ خۆشتان دەزانن ئەگەر پێشمەرگە نەبا، هەرگیز نەیاندەتوانی مووسڵ ڕزگار بکەن، بەڵام لەو ڕێککەوتنەش زۆر پێشێلکاری کرا، واتە تەماشای هەر هەنگاوێکیان دەکەی پێشێلکارییەک دەکرێ. بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێزیش تا کاتژمێر حەوت و هەشتی ئەم بەیانییە، لەو شەڕانەی لەم حەفتا و دوو کاتژمێرەی ڕابردوو لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لە ناوچەی نێوان تەلەعفەر و شنگار و باکووری تەلەعفەر کراوە تا کاتژمێر حەوتی بەیانی ١٧٢ تەرمی داعش کەوتووتە دەستی پێشمەرگە و بەردەوامیشە، لەوانە هێشتا زیاتریش بکوژرێن، ئێمە هەموو دەرگامان بۆ کردنەوە، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکە گروپێکی حەشدی شەعبی سەر بە شیعەکانیان هێناوە و لە حەمدانیە لە ناوچەی تلکێفیان داناوە، هەموو ڕۆژێکیش ئەگەری ئەوە هەیە فتنەیەک دروست بکەن، بە ڕاستی لەبەرئەوە ئێمە گەیشتینە قەناعەت کە ئێمە ناتوانین چیتر لەم دۆخەدا بەردەم بین، بۆیە ئەو بڕیارەی لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران درا، بڕیارێکی بوێر و لە جێی خۆی بوو، هەرگیز پاشەکشەی لێ ناکرێ، ئەگەر لێدوانێکتان لەملاو لەولا بیست، لەڕاستیدا ئەمە بڕیاری میللەتە، کەس ناتوانێ و کەسیش بۆی نییە بڕیاری

ئـەوە بـدات و بڵـێ ڕیفرانـدۆم دوادەخرێـت، جـارێ نـە تاوانمـان کـردووە نـە پێچەوانـەی هیـچ قانوونێـک ئـەو بڕیارەمـان داوە، بەڵکـوو مافێکـی سروشـتی خۆمانـە. هەروەهـا دەبێـت زۆر وازح بیـن، ئێمـە دەمانـەوێ دەوڵەتێـک بێـت بـۆ هەمـوو پێکهاتـەکان، نـەک دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی تەنیـا بـۆ کـورد، ئـەو دەوڵەتـە بـۆ کـوردە بـۆ عەرەبـە بـۆ تورکمانـە بـۆ ئاشـوورییە بـۆ کلدانـە بـۆ سریانـە بـۆ ئەرمەنـە و دەبـێ هەمـوو تاکێـک و پێکهاتـەکان چ لـە ڕووی نەتەوەیـی چ لـە ڕووی ئاییـن و مەزهەبـەوە ئـازاد بـن، بێگومـان بۆچـوون وایـە دواتـر دەبـێ دسـتوورێکی تـازە بـۆ کوردسـتان دابنرێ.

هەرچەنـدە ئەوکاتـە میللـەت بڕیـاری خـۆی دەدات، بـەڵام دیسـان دەبـێ سیسـتەمێکی فیدراڵـی بێـت. ڕاسـتە هەولێـر بـۆ هەنـدێ پرسـی سـەرەکی وەکـو سـوپا و سیاسـەتی دەرەوە و سیاسـەتی دارایـی پایتەختـە، بـەڵام سـلێمانییە، کەرکووکـە، دهۆکـە و هەڵەبجەیە، لەوانەیـە پارێـزگای تریـش دروسـت بکرێـت، دەبێـت سیسـتەمێکی فیدڕاڵـی بێـت و ئەوانـە خۆیـان ئیـدارەی خۆیـان بکـەن.

باسـی مەترسـیەکان دەکـرێ. بـە ڕاسـتی مـن ناڵێـم موجازەفـەی تێـدا نییـە، بـەڵام بـاوەڕ بکـەن موجازەفـەی بڕیـاردان زۆر سـەلامەتتر و کـەم مەترسـیترە لـە موجازەفـەی دانیشتن و چاوەڕوانیکـردن، ئەمـە سـاڵەکانی شەسـت و حەفتـا و هەشـتاکان هەتـا نەوەدەکانیـش نییـە، دنیایەکـی تازەیـە و زۆر بەرژەوەنـدی تێکـەڵ بوونـە و لەوبـارەوە ئەزموونیـشمان هەیـە. لـە کاتـی هەڵبژاردنـی سـاڵی ١٩٩٢دا زۆر لایـەن دەیانگـوت نابێـت بکـرێ، بـەڵام کـرا و مامەڵەشـیان لەگـەڵ کـرد، هەروەهـا کاتـی فیدراڵـی زۆرکـەس دژی بـوون، دواتـر مامەڵەیـان لەگەڵیـدا کـرد. ئێسـتاش لـەو هەمـوو کۆبوونەوانـەی لـەم دوو هەفتـەی ڕابـردوو کردوومانـە، کـە مێوانـی گرنگیـش بـوون، وەکـو وەزیـری بەرگـری ئەمریـکا، وەزیـری بەرگـری و دەرەوەی فەڕەنسـا، نوێنـەری یەکێتـی ئەوڕووپـا و وەزیـری دەرەوەی تورکیـا و شـاندێکی ئێرانـی و زۆر لـە باڵیـۆزەکان، کـەس ناڵـێ ڕیفرانـدۆم مافـی ئێـوە نییـە، کـەس ناڵـێ سـەربەخۆیی مافـی ئێـوە نییـە، بـەڵام دەڵێـن کاتەکـە گونجـاو نییـە. باشـە بـۆ گونجـاو نییـە؟ لەگـەڵ ئەوانـە زۆ گفتوگۆمـان هەبـووە، گوتمـان بـەس پـێمان بڵێـن؛ باشـە ئێسـتا گونجـاو نییـە، کـەی گونجـاوە؟ دەبێـت جێگرەوەیەکـی بـاشتر بـۆ دواخسـتنی هەبێـت. ئەگەرنـا بۆچـی دوابخرێـت. دەڵێـن تەرکیـز لەسـەر شـەڕی داعـش کـەم دەبێـت،

گوتم ئەمە بیانوویەکی زۆر لاوازە و لە جێی خۆشیدا نییە. بە پێچەوانەوە ئێمە بەڵێن دەدەین لەشەڕی داعش بەردەوام دەبین، ئەگەر پێمان بکرێ زۆر توندتریش لە جاران، ڕیفراندۆم خۆی ئامرازە، بڕیاری خەڵکی کوردستان ئامرازە بۆئەوەی بە هەموو دونیا بگەینێ، من بڕیارم داوە و ئەمەیە چارەنووس، دوای ئەوە ئێمە لەسەر سنوور، ئاو، نەوت و گاز و لەسەر زۆر کێشەی تر لەگەڵ بەغدا دەکەوینە گفتوگۆی جدی. مادام نەمانتوانی دوو هاوبەشی باش بین. لەڕاستیدا دەمانەوێ بەوپەڕی دۆستانەوە دوو دراوسێی زۆر باش بین و هاوکار و تەواوکەری یەکتر بیین، دەمانەوێ پەیوەندییەکی وا لەگەڵ بەغدا دروست بکەین و هەماهەنگی لەنێوان جەیشی عێراقی و پێشمەرگە هەبێت و ئەگەر ئەوان ڕازی بن بەردەوام دەبێت، ئێمە پێمان خۆشە و ڕازیشن، واتە نامانەوێ توندوتیژی ڕووبدات، ئێمە دەمانەوێ بەدیالۆک بە لێکتێگەیشتن بێت، بەڵام ئەگەر ئەوان هەر ئینکاریان کرد ئەوکاتە کێشەی خۆیانە. من جارێکیتر دەڵێم بە هیچ قیمەتێک ڕیفراندۆم دوا ناخەین و من لە هەموو کۆبوونەوەکانی پێش ئێستاش گوتوومە، ئێستاش دەیڵێمەوە؛ ئەوە مافێکی ئاساییە و مافێکی یاساییە، دەبووا زۆر زووتر ئەوەمان کردبا، ئەگەر سەریگرت، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە و پەنا بەخوا خەڵکی کوردستان ئیتر هەتا هەتا بۆ خۆیان ڕزگاریان دەبێت و تەواو. ئەگەر بوو بە سزادان، من ئامادەم و باجەگەی دەدەم، ئیتر با کەس خۆی نەترسێنێ.

ئەو بڕیارەی دوێنێی پارێزگای کەرکووکیش جێی خۆشحاڵییە و پیرۆزبایییان لێ دەکەین، لە هەمان کاتیشدا داوایان لێ دەکەین بەرامبەر بە برایانی عەرەب و تورکمان و ئەوانەی بایکۆتیان کردووە، هیچ تووشی کاردانەوە نەبن، ئەوان چەند خۆیان دوورەپەرێز بگرن، با ئەوان هەر بە دوایاندا بچن و دەستی برایەتیان بۆ درێژ بکەن، کەرکووک دەبێت ببێتە نموونەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، نابێ لە بەرامبەر ڕەفتارێکی هەڵەی ئەملا یان ئەولا تووشی کاردانەوە ببن. لە کۆتاییدا، وێڕای ئەوەی دەزانم زۆر کێشەتان هەیە، ڕەنگە ناڕەحەتیش بن و حەقی خۆتانە، بەڵام پرسی ڕیفراندۆم تێکەڵی هیچ شتێکی تر نەکرێ، ڕیفراندۆم لە حکومەت لە پەرلەمان و لە هەموو شتێک گرنگترە، نابێ هیچ شتێک ببێتە کۆسپ لە ڕێگەی ئەوە. دوای ئەوە دەبێت سیستەمێکی تازە بێت کە سوود هەم لە ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی حکوومەتی هەرێم، هەم سوود لەئەزموونی خەڵکی

تــر و پســپۆری زۆر گــەورەش وەربگریــن.

پەنــا بەخــوا لــەو حکوومەتــەی داهاتــوودا هیــچ کەموکوڕییەکــی نابێــت، یــەک دوو ڕۆژیــش بــۆ جــەژن مــاوە، بــەم بۆنــەوە ڕێگــەم بــدەن پیرۆزباییەکــی گــەرم لــە ئێــوە و خانەوادەکانتــان و لــە هەمــوو موســڵمانانی کوردســتان و عێــراق و جیهــان بکەیــن، پەنــا بەخــوا جەژنــی داهاتــوو، جەژنــی ســەربەخۆیی کوردســتان دەبــێ.

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕۆشنبیر ونووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی کوردستان

### لە مەسەلەی ڕیفراندۆم نابێت کەس بێلایەن بێ، چونکە ئەمە پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە هەیە



٢٠١٧/٩/٦

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی خۆشەویست**

بەڕێزان زۆر بەخێربێن و زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ ئەم دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا لە خزمەت ئێوەی بەڕێز دابین کە ئێوە نوخبە و دروستکەری ڕای گشتی میللەتەکەن، هەروەها وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند ڕۆڵی ئێوە ڕۆڵێکی یەک جار زۆر گرنگە، بۆیە من پڕ بە دڵ سوپاستان دەکەم کە تەشریفتان هێناوە و چاوەڕوانی زۆریشمان لە ئێوەی بەڕێز هەیە. من لە ساڵانی ڕابردوو زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، بەڵام باوەڕ بکەن، لەم چەند ڕۆژانەی کە ئەم کۆبوونەوانە ئەنجام دەدرێن، کۆبوونەوەی زۆر دڵخۆشکەرن، چونکە هەنگاو بەرەو ئامانجە مەزن و گەورەکە دەنێین، بەڕێزان بابەتی ڕیفراندۆم کە هەم لە کوردستان و تاڕادەیەک لە ناوچەکە بە گشتی و لە دونیاش بابەتی ڕۆژە.

کاتێک ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ڕابردوو، هێز و حزب و لایەنە کوردستانییەکان پێکەوە ئەو بڕیارە بوێرەیان دا کە لە ٢٥ی سێپتەمبەر ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێ، لەجیاتی هەموو خەڵکی کوردستان لایەنە سیاسییەکان ئەم بڕیارەی دا، ئەمە بڕیاری کەسێک و حیزبێک و دوو حیزب و دوو کەس نییە. من ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی ئەو ڕۆژە، ئەو بڕیارە مێژوویەیان دا کە بەمە سەروەرییەکی

گەورەیـان بـۆ میللەتەکەیـان و بـۆ شەخسـی خۆشـیان و بـۆ حیزبەکانیشـیان تۆمـار کـرد، خۆزگـە زووتـر ئـەو بڕیـارە درابـا، چونکـە ئێمـە دواکەوتوویـن، بەهەرحـاڵ ئێسـتاش کـە ئـەو بڕیـارە دراوە، پەنـا بەخـوا پاشەکشـەی لـێ ناکـرێ و ئومێدەواریـن ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەر هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات و بـۆ هەمـوو جیهـان ئیسـپات بـکات کـە بەڵـێ ئەمـە خواسـتی گەلـی کوردسـتانە.

بـۆ ئێسـتا ئـەم بڕیـارە درا، ئەمـە تـازە نییـە، ئەمـە چەنـد سـاڵە باسـی ئـەوە دەکـرێ. ئێـوەی بەڕێـز لـە هەمـوو کەسـێکی تـر زۆر بـاشتر دەزانـن کـە هەمـوو ڕێگاکانـی دیکـە تاقیکراونەتـەوە، هـەر لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی کـە دەوڵەتـی تـازەی عێـراق دامـەزراوە لەسـەر بنەمـای هاوبەشـی بـوو. لـە ٢٠٠٣ شـەوە، دیسـان بـە هەمـان شـێوە لـە ٢٠٠٣ ئێمـە وەکـوو هەرێمـی کوردسـتان کـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بوویـن چووینـە بەغـدا کـە ئەمـە دەرفەتێکـی تازەیـە تـا عێراقێکـی فیدراڵـی دیموکـرات دروسـت ببێـت و هـەر کـەس ئـەرک و مافـی خـۆی بزانێـت. بەشـی ئێمـە لـە قۆناغـی یەکەمـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق تـا ٢٠٠٣ خۆتـان لـە هەمـوو کـەس بـاشتر دەزانـن چ کارەسـات بەسـەر ئـەم میللەتـەدا هـات لـە ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکـوژی و وێرانکردنـی شـار و دێهات، دوای ٢٠٠٣یـش گوتمـان ئەمـە دەرفەتێکـی تازەیـە، هاوپەیمانانـی ئێمـەن، بەداخـەوە پـاش ماوەیـەک دەرکـەوت کـە نـە شـەراکەت هەیـە، نـە تەوافـق ما نـە فیدراڵیـەت ما نـە تەوازن مـا، ئـەو دەسـتوورەی ئەگـەر خەڵکـی کوردسـتان نەبـا لـە لـە ڕاپرسـیەکە دەرنەدەچـوو، بـەڵام ئـەو دەسـتوورەش پێشـێل کـرا. بۆیـە خەڵکـی گەلـی کوردسـتانیش ئـەو بڕیـارەی دا. مافـی چارەنـووس بـە پێـی هەمـوو بەڵگەنامەکامـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و یاسـا نێودەوڵەتییـەکان مافێکـی یاسـایی و ئاسـاییە. ئێمـە هەڵەیـەکمان نەکـردووە، کارێـکمان نەکـردووە کـە دژی یاسـای نێودەوڵەتـی بێـت، ئەوانـەی ئێسـتا لەسـەر ڕیفرانـدۆم نیگەرانـی خۆیـان دەردەبـڕن کـە کێشـە دروسـت دەبێـت، دەبوایـە پێـشتر زۆر جـدی تـر بێهاتبانـا پێـش، ڕەنگـە لـەدەرەوە و ناوخـۆشمان زۆر کـەس هەبێـت و مەزەنـدەی کـردووە، ئەمـە موزایەداتـە، ئەمـە کارتـی فشـارە، لەڕاسـتیدا نـە کارتـی فشـارە و نـە موزایەداتـە، ئەمـە مافێکـی یاسـایی و ئاسـایی گەلـی کوردسـتانە کـە پێـشتر هـەر دوامـان دەخسـت و هەڵەمـان کـرد، مـن ئێسـتا ئیعـتراف دەکـەم و دەڵێـم ئێمـە ٢٠٠٣ هەڵەیەکـی گەورەمـان کـرد بـەو شـێوەیە و بـەو نییـەت پاکـی و بـەو دڵپاکییـە چووینـە بەغدا.ئەوانـە دەبایـە لـە

٢٠٠٨ەوە بێنە پێش کە بە زمانی تانک و تۆپ و فڕۆکە قسە لەگەڵ کوردستان کرا و هەڕەشە کرا، دەبوایە ئەوکاتە بێنە پێش کە نانی خەڵکی کوردستانیان بڕی، ئەوکاتە هەموو بێدەنگ بوون، باشە دەبێت چ چاوەڕانییەکیان لە میللەتێک هەبێت کە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لیژنەیەک دروست کرا بۆئەوەی دەستنیشانی ئەو پێشێلکاریانە بکەن کە لەلایەن بەغداوە لە دەستوور کراون، دەرکەوت تا ئێستا پەنجا و پێنج ماددەی دستووری پێشێل کراوە و هەرچی ڕێککەوتنێک کە کردوومانە، من بیرم نایە یەک ڕێککەوتنیش تا سەر بەردەوام بووبێت و پێشێل نەکرابێت. لە ٢٠٠٧ لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت غاز ڕێککەوتنمان کرد، خۆیان نەیانکرد، لەسەر ئەوە ڕێککەوتنمان کرد کە پێشمەرگە بەشێکە لە دامەزراوەی بەرگری عێراقی کە بەشی لە چەک و تەقەمەنی و بودجە هەبێت، بەڵام نەیانهێشت یەک فیشەکیش بۆپێشمەرگە بێت و یەک دیناریش بودجە بۆ پێشمەرگە بێت، لە شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ دیسان ڕێککەوتن هەبوو، هەم دیسان پێشێلکاری زۆر زۆر ترسناک ڕووی دا و تا ئێستا ئێمە باسمان نەکردووە، بێگومان جەیش نا، ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان جەیش و پێشمەرگە هەبوو ئیلتیزامی پێکراوە، بەڵام هەندێک لە حەشدیەکان پێشێلکاری زۆر زۆر ترسناکیان کردووە و لەوەش ناچێت ئەوان گوێ بە قسەی فەرماندەی سەربازی و هیچ کەس بدەن، ئەوان هێزێکی سەربەخۆن، بێگومان هەموویان نە، بەڵکوو ئەوانەی هەموو ڕۆژێ هەڕەشە و گەفوگوڕمان لێ دەکەن.

ئەگەر تەماشای دەستووری عێراقی بکەین هەر ئەو دەستوورە ڕێگەمان پێ دەدات ئەو ڕیفراندۆمە ئەنجام بدەین، ئەمە ئەو دەقەیە کە لە دیباجەی دستوردا هاتووە "إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعباً وأرضاً وسيادةً" ئەگەر باش دیقەت بکەن، دەڵێ اتحاده الحر، ناڵێ وحدته الحر، لەکاتی داڕشتنی دستووریشدا گفتوگۆیەکی زۆر دورودرێژ لەسەر وحدتە و اتحادە کرا، پاشان ئێمە ئارەزوومەندانە چووینە بەغدا، بەڵام ئەوان هاوبەشیان قبووڵ نەکرد، مادام هاوبەشیان قبووڵ نییە، ناشبێ گلەیی بکەن کە مادام یەکێتی ئارەزومەندانەیە، ئەوکاتە جیابوونەوەش ئارەزومەندانەیە، ئێمە نامانەوێ بە توندوتیژی و بە شەڕ و خوێنڕشتن و ئەوانە بێت،

هەرگیـز بیریـش لـەوە ناکەینـەوە.

لـە مادەیەکـی دی دەڵـێ؛ "جمهوریـة العـراق دولـة اتحادیـة واحـدة، مسـتقلة، ذات سـیادة کاملـة. نظـام الحکـم فیهـا جمهـوري نیـابي (بـرلماني) دیمقراطي. هـذا الدسـتور یضمن وحـدة العـراق..." ئێسـتا دەوڵەتـی عێـراق بـەم شـێوەیە کـە هەموومـان دەبینیـن، ڕەنگـە خەڵکێـک پێشـی ناخـۆش بێـت و تـووڕەش بـن، بـەڵام ئەمـە حەقیقەتەکەیـە، ئێسـتا لـە عێراقـدا دەوڵەتێکـی ئایینـی مەزهەبـی حوکـم دەکات. ئێسـتا لە بەغـدا زۆر باسـی زۆرینەی سیاسـی دەکـرێ، زۆر ڕوون ئاشـکرایە مەبەسـت چییـە لـە زۆرینـەی سیاسـی، نموونەیەکـی بچـووک، دەیانەوێـت بڕیارەکانـی خۆیـان بـە یاسایی ڕەنگڕێـژ بکەن کـە ئەمە هەمـووی لە پەرلەمانـەوە تێپەردەبـێ. مەسـەلەی حەشـدی شـەعبی و ئـەو قانوونـەی کـە بـۆ حەشـدی شـەعبی دەرچـوو بـە دوو سـێ کاتژمێـر بـە ملیارەهـات دۆلار و چـەک و تەقەمەنـی بـۆ تەرخـان کـرا، بودجـەی پێشـمەرگە کـە لـە دستووریشـدا هەیـە، بـەڵام ئـەوەی حەشـدی شـەعبی لـە دەسـتووریش نەبـوو، لە دەسـتووردا هەیە پێشـمەرگە بەشـێکە لە دامـەزراوەی بەرگـری عێراقـی، بـەڵام نەیانهێشـت یـەک فیشـەک و یـەک دینـار بـۆ پێشـمەرگە بێـت، ئەمەیـە زۆرینـە کـە بـەو شـێوەیە مامەڵـە لەگـەڵ ئێمـە بکـەن و بڵێـن ئەمـە پەرلەمـان بڕیـاری داوە، بێگومـان ئەگـەر بـۆ ئـەم سیسـتەمە بگەڕێنـەوە، ئێمـە لـە هەمـوو شـتێکدا دۆڕاویـن. ئێمـە چەنـد پەرلەمانتارمـان دەبێـت، زۆر زۆر بـا ٧٠-٨٠مـان هەبـێ بـا سـەدمان هەبـێ، بـەڵام ڕێککەوتنەکـە لەسـەر سـازان و هاوبەشـی و هاوسـەنگی بـوو، لەگـەڵ ئـەو شـتەی پەیوەنـدی بـە هەرێمـی کوردسـتانە نابێـت بکەوێتـە دانگدانـی زۆرینـە، واتـە ئەگەر وابێـت ئێمـە هەمیشـە دەدۆڕێیـن، یانـی پێشـێلکردنی دستور لـە گرنگتریـن بەندەکانیـدا.

لـەم ماوەیـەدا لـەزۆر لایـەن و دەوڵەتـان و دۆسـت و هاوپەیمانانـەوە فشـارێکی زۆر هەبـوو بۆئـەوەی ڕیفرانـدۆم دوابخـرێ، پـێمان گوتـن بـە دیلتـان بـۆ ئەمـە چییە، باشـە ئێوە داوامـان لـێ دەکـەن ڕیفرانـدۆم دوا بخەیـن، چتـان بـۆ خەڵکـی کوردسـتان پێیـە، هەرگیـز هیـچ بـە دیلێکیـان پـێ نەبـوو، تـا ئەمـڕۆش بەدیلێکیـان پـێ نەبـووە، لەبەرئـەوە ئێمـەش سـوورین لەسـەر ئـەوەی کـە لـە ڕۆژی ٢٥ی سـێپتەمبەر ڕیفراندۆمـی خۆمـان دەکەیـن.

بـا بێینـە سـەر جـۆری ئـەم دەوڵەتـە. بێگومـان ئەمـە بۆچوونـە و وەکـو پێشـنیارە، ئەگەرنـا بڕیـاری کۆتایـی خەڵکـی کوردسـتان دەیـدات، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا بیـری لـێ

دەکرێتەوە، یان پێشنیار کراوە، دەوڵەتی کوردستان لەسەر بنەمای هاوبەشی و یەکسانی و هاوڵاتیبوونە بۆ هەموو پێکهاتەکان و هەموو نەتەوە و ئایینەکان و زامنکردنی مافەکانیان بە دەستوور، هەروەها سستەمێکی کۆماری دیموکراتی فیدراڵی بێت، بە هەموو پێوەرێک دەوڵەتی دامەزراوەیی بێت. لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم بڕیار درا لیژنەیەک بۆ ئامادەکردنی جاڕنامەی پرنسیپە دستوورییەکان دروست بکرێت، خەریکە کارەکانی تەواو دەکات. لەگەڵ ئەوەش دیسان جارێکی تر دەڵێم، بڕیاری کۆتایی بڕیاری گەلی کوردستان، بەڵام ئەمانە هەمووی وەکوو پێشنیار و بۆچوونێکن.

لەبارەی ئایندەوە، دەبێ لە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بەردەوام بین و بە هیچ شێوەیەکیش بیر لە توندوتیژی نەکرێتەوە و دەبێ لێک تێگەیشتن هەبێت و ئومێدەوارین بەغداش هەروا بیربکاتەوە، ئەوانەی دەڵێن گفتوگۆ بەردەوام بێت و بەس نابێ ڕیفراندۆم بکرێ. من هەرگیز تێناگەم، نە ئەوانەی دەرەوە، نە ئەوانەی ناوخۆ نە ئەوانەی لە بەغدا، ئەرێ ڕیفرۆندوم چ گوناهی تێدایە؟ ڕیفراندۆم میللەتێکە گوزارشت لەڕای خۆی دەکات، وەرن گفتوگۆ دەکەین و لەسەر ئایندە پێکدێین، لەسەر سنووره لەسەر نەوتە، لەسەر ئاوە، بەڵام گەڕانەوە بۆ قۆناغی ڕابردوو، ئەمە مەحاڵە، گفتوگۆ بۆ ئەوە نییە بچن دوو سێ وەزیری زیادمان بدەنێ، یان دوو سێ دەستکەوتی بچووک بچووکمان بدەنێ، لەوە دەرچووە، ئیسپات بوو هەرکاتێک دەسەڵات هەبێت، فەرهەنگی حاکم ئەوەیە، بەرانبەری خۆی قبووڵ ناکات، دستوریش هیچ سەنگێکی نەماوە، چونکە دستوور پێشێلکرا و کەسیش نەهات پێیان بڵێن بۆ ئێوە ئەو دەستوورەتان پێشێل کرد، لەبەرئەوە گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە، چۆن ئێمە ببینە دوو دراوسێی باش، ئومێدەوارم بەغدا ئەمە قەبووڵ بکات، ئەگەر قەبووڵی نەکرد، ئەوە بابەتێکی ترە، وەک عەرەب گۆتەنی لکل حادث حدیث.

دۆستانی دەرەوەمان زۆر باسی ئەوەیان دەکرد لەوانەیە ڕیفراندۆم ببێتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی داعش نەمێنێ، بەپێچەوانەوە تەرکیز زۆر زیاتر دەبێت و زۆر لەجاران گەرمتر دەبین، چ پەیوەندی بەوە هەیە، بەڕاستی ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، دووپات لەوە دەکەینەوە کە هەرگیز هەڵوێستی ئێمە لە شەڕی دژی تیرۆریستان گۆڕانی بە سەردا نایەت، بەڵکوو ئێمە زیاتر ئامادەین، ئەگەر پێمان

بکرێ لە هەر کوێ بێت شەڕی تیرۆریستان دەکەین.

خاڵی تر ئەوەیە کە پابەندبوونێکی تۆکمە بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بکرێ. بێگومان کە بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆتان لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەوشەکە باشتر دەبێت، لەڕووی ئابووریی و سیاسی و ئاسایشەوە. بەمانە هەمووی دەرفەتێکی باشتر بۆ ئەم میللەتە دێتە پێش کە ڕەوشی خۆی باشتر بکات و لە ئایندەی خۆی دڵنیا بێت. ئێستا ئێمە هەموو لە دڵەڕەوکێدایین، نازانین سبەینێ چمان بەسەر دێ، ئەم دەستکەوتانە دەمێنن یان نامێنن، کەی پەلامارمان دەدەن، باشە تاکەی ئەم میللەتە هەر لەم دۆخەدا بژێت، ئێستا دەرفەتە، ئەگەر ئەم دەرفەتە لە دەستچوو خوا دەزانێ ئایا جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە، یان نا.

لەگەڵ دراوسێکانمان، ئێمە پێمانخۆشە ئەوپەڕی دۆستایەتی و هاوکاریمان هەبێت. لەم ٢٥ ساڵەی ڕابردوو ئیسپات بوو کە ئێمە لەناوچەکەدا فاکتەری ئەمن و ئاسایش بووین، ئێمە بۆ هیچ لایەک هەڕەشە نەبووین، لەبەرئەوە ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەو پەیوەندییانە بەردەوام بن، ئومێدەواریشین بەردەوام بێت. ئەم ڕۆژە لەبارەی برایانمان کوردی فەیلی باسێک کرا، من نازانم چۆن لەباشووری عێراق و لە بەغدا ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام کوردستان ماڵی خۆیانە، وڵاتی خۆیانە، ئەگەر تووشی چەوسانەوە بوون، کوردستان ماڵی خۆیانە بەخێربێن سەر سەر و سەر چاوان، ماڵی خۆیانە و هەموو تەرتیباتێکشیان بۆ دەکەین.

پێزانینی زۆرم بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان هەیە بەرامبەر بەم قەیرانە داراییە، دەزانم تووشی ئازارێکی زۆر هاتوون. هەر لە ئێستاوە دەبێ حکومەتی هەرێم هەموو توان و هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆئەوەی چارەسەرێک بدۆزێتەوە، هاوکات داواشم لە حیزبەکان ئەوەیە، هاوکاری حکوومەت بن بۆئەوەی چارەسەر بدۆزنە، نەک هەر ڕەخنەگرتن و ڕەخنەگرتن.

ڕۆڵی ئێوەی بەڕێز ڕۆڵێکی گرنگە، ئێوە ڕای گشتی دروست دەکەن، ئەمە دەرفەتێکە بۆ گەلی کوردستان ڕەخساوە. ئەمە نە موڵکی حزبێکە نە موڵکی کەسێکە، ئەمە موڵکی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستانە. ئێمە دەبێ پابەندبین بەو فەرهەنگەی کە شانازی پێوە دەکەین، ئێمە بەو پێکەوەژیانە شانازی دەکەین کە

بەمیـرات لـە مێـژوو بـۆ ئێمـە ماوەتـەوە، چ لـە ڕووی نەتەوەیـی چ لـە ڕووی ئایینـی چ لـە ڕووی مەزهەبـی، بۆیـە مـن ئـەو داوایـەم لەبەڕێزتـان هەیـە کـە ڕۆڵـی خۆتـان ببینـن، خەڵکەکـە تێبـگات کـە ئەمـە بـۆ هەمـوو تاکێکـی کـورد و کوردسـتانی مەسـەلەیەکی چارەنووسسـازە، بـا ئـەم دەرفەتـە لـە کیـسمان نەچـێ، بێگومـان لـە کارتـی دەنگـدان بـە بەڵـێ، یـان نەخێـر هاتـووە کـە، ئەمـە ئەوپـەڕی دیموکراتیەتـە، حـەق بـە خەڵکـی خـۆت دەدەی بڵـێ ئـا یـان نـا. ئـەوەی بڵـێ نـا، دەبـێ خـۆی پاشـان وەڵامـی میللەتەکـەی خـۆی بداتـەوە. مـن خـۆم پێشـبینیم نەدەکـرد کاتێـک دەرفەتێکـی وا بـۆ خەڵکـی کوردسـتان بێتـە پێـش، کەسـێک بێـت و بڵـێ نەخێـر. بـە ڕاسـتی بەهانەگرتنـی دی، ئەمـە هەمـووی بـێ بنەمایـە، بـە هەرحـاڵ ئەوانـەی هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی دەکـەن، ئەوانـەی ئێشـوئازاری ئـەم میللەتەیـان دیـوە و خۆشـیان ئێشـوئازارەکانیان چێشـتووە، پێـم وایـە دەزانـن قـەدری ئـەم دەرفەتـە چەنـدە، بۆیـە مـن داواتـان لـێ دەکـەم قەڵەمـی خۆتـان، قسـەی خۆتـان، هونـەری خۆتـان بخەنـە خزمەتـی ئـەم ئامانجـە پیـرۆزە، بۆئـەوەی هەمـوو دنیـاش بزانیـت کـە بەڵـێ ئـەم میللەتـە ئـازادی دەوێـت، سـەربەخۆیی دەوێـت. شـتێکی ئاساییشـە ئەگـەر هەندێـک خەڵـک بڵێـن نـا، کەیفـی خۆیانـە.

بێگومـان ڕۆڵـی ئافرەتـان، ڕۆڵێکـی سـەرەکییە، دیسـان ئـەو داوایـەم لـەو خوشـک و دایکانـەش هەیـە کـە لـە هانـدان و تێگەیاندنـی خەڵـک ڕۆڵێکـی زۆر کاریگەریـان هەبێـت، مـن دەزانـم جەماوەرێکـی زۆری بێلایـەن هەیـە حیزبـی نیـن و لـە هەڵبژاردنـی حیزبـی و پەرلەمـان کەیفـی خۆیانـە بەشـدار بـن، یـان بەشـدار نەبـن، دەنـگ بـە کـێ دەدەن، بـەڵام لـە مەسـەلەی ڕیفرانـدۆم نابێـت کـەس بێلایـەن بـێ، چونکـە ئەمـە پەیوەنـدی بـە چارەنووسـی هەمـوو تاکێکـی ئـەم وڵاتـە هەیـە. بۆیـە مـن ئومێـدەوارم ئـەو بەڕێزانـەش لـە مەسـەلەی ڕیفرۆنـدۆم بێلایـەن نەبـن، دەبـێ لایەنـی بەڵـێ بگـرن، چونکـە چارەنووسـی خۆیـان دیـاری دەکـەن.

لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم بەوپـەڕی ڕێز و پێزانیـن بۆ ڕۆڵـی پێشـمەرگە قارەمانەکان، ئاسـایش، پۆلیـس، چ لـە تێکشـکاندنی داعـش، چ لـە پاراسـتنی ئەمـن و ئاسایشـی وڵاتەکـە، بـە دڵنیایـەوە لـە ئایندەشـدا هـەر ئەوانـە ئـەم وڵاتـە دەپارێـزن. ئومێدەواریـن کـە دەوڵەتـی سـەربەخۆیان بـوو، ئـیتر ببنـە خاوەنـی چـەک و تەقەمەنییەکـی وا کـە زۆر

جیاواز بێـت لـەوەی کـە بـە ئیـرادەی خۆیـان توانیـان گەورەتریـن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی جیهـان بشـکێنن، بـەو چەکانـەی کـە مـن لـە گفتوگۆکانـی خۆمانـدا لەگـەڵ هاوپەیمانـان و ئەوانـە، تەحـەدام دەکـرد ئەگـەر لەشـکرێکی تـر لـە دنیـا بیتوانیبـا بـەو ئیمکانیاتـەی لـە دەسـتی پێشـمەرگە بـوو ئـەو شـەڕە بـکات کـە پێشـمەرگە کـردی.


داواش لـە هەمـوو ڕێکخـراوە بیانییـەکان، ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی دەکەین، بێـن چاودێـری پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم بکـەن، پێشـوازییان لـێ دەکەیـن و بـە خێرهاتنیـان دەکەیـن و داواشـیان لـێ دەکەیـن بێـن.

زۆرجـار ئـەو مەترسـیانە دەخرێنـە بـەر بـاس؛ لەوانەیـە سـنوور بگیرێـن، زۆر لـەو قسـانە دەکـرێ، مـن هیـچ وەختێـک نەمگوتـووە کـە موجازەفـەی تێـدا نییـە، موجازەفـەی تێدایـە، بـەڵام بـاوەڕ بفەرمـوون، موجازەفـەی چاوەڕوانـی گەلـێ مەترسـیدارتر و ترسـناکتر و کوشـندەترە لـەو موجازەفەیـەی تـۆ بڕیـار بـدەی، لـەم بیسـت سـاڵەی ڕابـردوو زۆر دەرفەتمـان بـۆ هاتـە پێـش و لـە دەسـتماندا، ڕەنگـە ئەمـە دوا دەرفـەت بێـت. جارێـکتر دەڵێـم خۆزگـە چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتا ئێمـە ئـەو بڕیارەمـان دابـا، بـەڵام یـەک حەقیقـەت هەیـە دەبـێ ئێمـە هەمـوو بزانیـن، ئێسـتا سـاڵەکانی شەسـتەکان و حەفتـاکان و هەشـتاکان نییـە، زۆر بەرژەوەنـدی تێکـەڵ بـووە، دونیـا گـۆڕاوە ڕەوشـەکە گـۆڕاوە، واتـە کوردسـتان ئەوەنـدە کارتێکـی لاواز نییـە کـە هـەر کەسـێک بیـەوێ بـە کەیفـی خـۆی یـاری پـێ بـکات، ئێمـە نابـێ خۆمـان بـە لاواز بزانیـن. ڕەنگـە ئەگـەر وای لێهـات ئێمـە زەرەر بکەیـن، بـەڵام خەڵکـی تریـش زەرەر دەکات. شەخسـی مـن ئومێـدەوارم و قەناعەتشـم وایـە کـە لەوانەیـە ماوەیـەک هەندێـک نـاڕازی بـن و گەفوگوڕمـان لـێ بکـەن، هـەوڵ بـدەن کۆسـپ و تەگـەرە دروسـت بکرێـت، بـەڵام هەمـوو خەڵـک بەرژەوەنـدی خـۆی دەوێ، ئـەم دەوڵەتانـەش هەمـوو دەوڵەتـی پراگماتیـن، سـەرەنجام لەگـەڵ ئەمـری واقیـع مامەڵـە دەکـەن، بـەڵام ئەگـەر ئێمـە چاوەڕوانـی ئـەوە بیـن هەمـوو دەوڵەتانـی دەوروبـەری ئێمـە، ئەوڕووپـا و ئەمریـکا هەمـوو بڵێـن زۆر باشـە فەرمـوو، وەڵاهـی تـا ئـەو دونیایـە هەیـە، ئێمـە ئـەوە نابینیـن، ئینجـا ئەگـەر بـە چاوەڕوانییـەوە ئـەوە بیـن خەڵکـی ڕازی بێـت، ڕازی نابـن. بـۆ فیدراڵیـش ڕازی نەبـوون، زۆرێـک لەمانـەی ئێسـتا مامەڵەیەکـی زۆر زۆر دۆسـتانەش لەگـەڵ هەرێـم دەکـەن، بـۆ هەڵبژاردنـی ١٩٩٢ش ڕازی نەبـوو، بـۆ مەسـەلەی

ئـاڵا ڕازی نەبـوون، زۆر شـت هەبـوو ڕازی نەبـوون، بـەڵام میللەتێـک دەبێـت خـۆی بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات، پێشـم سـەیرە زۆرجـار دەڵێـن ئەمـە کاتـی ئـەوە نییـە، کاکـە خەڵکـی کوردسـتان خـۆی خـاوەن ماڵـە، باشـە چـۆن دەبـێ یەکێـک لـە ئەورووپـا بێـت و پێـت بڵـێ کاتەکـە گونجـاو نییـە، بەراسـتی مـن تێناگـەم. مـن نامـەوێ زۆر کاتـی ئێـوە بگـرم، ئەگینـا چەندیـن نموونـە هەیـە، ئێمـە زۆر بەڵێـنمان پێـدراوە و یەکێکیـش جێبەجـێ نەکـراوە، لـە بەرئـەوە ئێمـە ناتوانیـن چیـتر چاوەڕوان بیـن، یـان دەبـێ دەسـت لـە هەمـوو شـتێک هەڵگریـن، ڕازی بیـن بـە قـەزا و قـەدەر و بـە هەرچـی بـە سـەرمان دێـت و تـەواو، یـان دەبـێ لـەم قۆناغـە دەرچیـن. مـن دڵنیـام ناهێڵـن ئـەم وەزعـە بـۆ ئێمـە بمێنێـت، بەڵام نازانـم پـاش چەنـدی تـر، ئینجـا پێـش ئـەوەی وای لـێ بێـت بـا هەمـوو مەسـەلەکان سـاف بن، ئێمـە و بەغـدا تێکبگەیـن. لـە بیریـشمان نەچێـت دەسـتکەوتی ئێسـتا و دەسـتکەوتی داهاتـوو بەرهەمـی خوێنـی شـەهیدانە و تەنیـا سـەربەخۆیی گیانـی ئـەوان شـاد دەکات و برینـی کەسـوکاریان و دۆسـت و میللەتیـان سـاڕێژ دەکات، ئەگینـا شـتێکی تـر نـا.

**زۆر زۆر سوپاس**

## سەرۆک مەسعود بارزانی لە شاری کەرکووک لەگەڵ نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکان کۆبوویەوە



ڕۆژی سێشەممە ١٢ی٩ی٢٠١٧ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری کەرکووک لەگەڵ نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بە ئامادەبوونی بەڕێزان کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک بەڕێوەچوو، سەرۆک بارزانی بە وردی باسی لە بڕیاری گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرد و جەختی کردەوە؛ ئەوە بڕیاری گەلی کوردستانە، نەک یەک یا دوو حزب و یەک کەس، هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد؛ ڕیفراندۆم لەکاتی خۆیدا بەڕێوە دەچێت و هیچ دواخستنێک لە ئارادا نییە.

سەبارەت بەو هەڕەشانەی لەبارەی کەرکووکەوە دەکرێن، سەرۆک بارزانی جەختی کردەوە کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە و وەک شارەکانی تر بەشداریی ڕیفراندۆم دەکات و وەکچۆن تائێستا لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزراوە، لەمەودواش دەپارێزرێت و وەک شاری پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانیش دەمێنێتەوە.

سەرۆک بارزانی داوای لە لایەنە سیاسییەکانی کەرکووک کرد بۆچوونی خۆیان

بخەنـەڕوو و نوێنەرانـی لایەنـە سیاسـییەکانی کەرکـووک جەختیـان کـردەوە کـە هەموویـان بەیەکڕیـزی و یەکهەڵوێسـتی پشـتگیریی ڕیفرانـدۆم دەکـەن و دڵنیاییشـیان دا کـە خەڵکـی کەرکـووک بـێ دوودڵـی بەشـداری لـە ڕیفرانـدۆم دەکـەن و سـەردەکەوین.

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەکانی کەرکووک

### ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کورد، تورکمان، کلدان، ئاشووری، عارەب و تەواوی پێکهاتە و ئایینە جیاجیاکانی ترە



٢٠١٧/٠٩/١٢

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز**

زۆر زۆر سوپاستان دەکەین کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ئێمە ڕەخساند جارێکی تر بێین لە کەرکووکی خۆشەویست بە خزمەتی ئێوەی بەڕێز بگەین.

مەبەست لەم دیدارە بەئامادەبوونی برایانی بەڕێز کاک کۆسرەت و برایانی عەزیز، بۆ ئەوەیە باسی ئەم ڕەوشە تازەیە بکەین و بۆچوونی خۆمان بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون بکەینەوە، ئەگەر پرسیارێکتان هەبێ وەڵامتان بدەینەوە.

من هەندێکی بە کوردی قسەی دەکەم و هەندێکیش بە عەرەبی، دەبێ کەرکووک هەمیشە لەڕووی ئایینی، نەتەوەیی و مەزهەبی وەک نموونەی پێکەوەژیان بمێنێتەوە و دەبێ ئەم بەرنامەیە قوڵتر و بەهێزتر بکرێت. کەرکووک بەوە جوانە کە هەموو پێکەوە کورد، عەرەب، تورکمان، کلدان و ئاشووری، هەموو ئایین و مەزهەبەکانی تر تێیدا دەژین. ئێمە هاتووین بۆ ئێوەی بەڕێز ڕوون بکەینەوە، بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم دراوە، ڕیفراندۆم یان گشتپرسی بڕیاری کەسێک و حزبێک و دوو حزب و سێ حزب نییە، بەڵکوو بڕیاری گەلی کوردستانە کە بڕیاری هەمووتانە، بەتەنیاش بڕیاری کورد نییە.

بـۆ ئـەم بڕیـارە دراوە؟ ئـەم بڕیـارە بۆیـە درا، چونکـە هەمـوو ڕێگـەکان تاقیکرانـەوە سـوودی نەبـوو، هەروەهـا بـۆ ئەوەیـە ڕێگـە لـە شـتی ناخـۆش بگریـن. بـە داخـەوە نەمانتوانـی هاوبەشـییەکی ڕاسـتەقینە دروسـت بکەیـن، مـادام هاوبەشـی ڕاسـتەقینەش دروسـت نابێـت، مانـای ئەوەیـە، ئەگـەر ڕێگایەکـی تـر نەدۆزینـەوە، ڕەنگـە شـتی زۆر نەخـۆش ڕوو بـدات.

**خوشـکان و برایـان و شـێخە بەڕێـزەکان**، هاتنـی ئێمـە بـۆ کەرکـووک بـۆ ئەوەیـە؛ گـوێ لـە بۆچـوون و تێبینیەکانتـان بگریـن و لـە ڕوانگـەی خۆمـان ڕوونـی بکەینـەوە کـە ڕوانگەمـان لـە سـەر بڕیـاری ڕیفرانـدۆم و پێشـکەوتنەکانی ئـەم دواییـە چییـە؟

لـە دەسـتپێکدا ڕوونـی دەکەینـەوە کـە ئەمـە بڕیـاری کەسـێک، یاخـود پارتێـک و دوو پـارت و سـێ پـارت نییـە، ئەمـە بڕیـاری تـەواوی گەلـی کوردسـتانە، نـەک تەنیـا گەلـی کـورد، بەڵکـوو بڕیـاری گەلـی کـورد، تـورکمان، کلـدان، ئاشـووری، عـارەب و تـەواوی پێکهاتـە و ئایینـە جیاجیاکانـی تـرە. دەزانیـن هـەن ڕێگـری دەکـەن و لەگەڵیـدا ناکۆکـە، ئەمـەش سروشـتییە. ئێمـە ڕێـز لـە تـەواوی بۆچوونـەکان دەگریـن، لـە هەمانکاتیشـدا دەمانەوێـت و پێشـبینی دەکەیـن، ئەوانـی تریـش ڕێـز لـە بۆچـوون و ڕوانگـە و بڕیـاری زۆرینـەی گەلـی کوردسـتان بگـرن. پێویسـتە کەرکـووک وەک نموونـەی برایەتـی و پێکەوەیی نەتـەوە و ئایینـە جیاجیـاکان بمێنێتـەوە و ڕێگـە بـە هیـچ لایەنێـک نادەیـن بـۆ پێکانـی ئامانجـە سیاسـییەکانی، پێچەوانـەی ئـەو پرەنسـیپ و بەهایانـە بجوولێتـەوە.

گەلـی کوردسـتان ئـەوەی سـەلماندوە کـە گەلێکـی ئاشـتیخوازە، چێـژ لـە باشتریـن و ڕەفتـاری جـوان وەردەگـرێ، ئـەوەشمان لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی سـاڵی ١٩٩١ سـەلماند.

**خوشـکان و ئامادەبووانـی بەڕێـز**، ئێـوە دەزانـن ئـەوەی گەلـی کورسـتان لەسـەر دەسـتی ڕژێمـە یـەک لـە دوایەکـەکان لـە مەینەتـی و کارەسـاتەکانی کیمیابـاران و ئەنفـال و تاوانەکانـی تـر و کۆمەڵکـوژی ڕووبـەڕووی بوونەتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـێ فەیلەقـی تـەواوی جەیشـی عێـراق خۆیـان ڕادەسـتی گەلـی کوردسـتان و هێزەکانـی پێشـمەرگە کـرد، بـەڵام گەلـی کـورد و پێشـمەرگە بەوپـەڕی برایەتـی و مرۆڤانـە مامەڵـەی لەگەڵیانـدا کـرد، ئـەوەش ڕەفتارێکـە ئێمـە شـانازی پێـوە دەکەیـن، هـاوکات داوا دەکەیـن ئـەو پرەنسـیپ و بەهانـە بپارێزرێـن و بهێڵدرێنـەوە.

بۆچـی بڕیـار لـە ڕیفرانـدۆم درا؟ چونکـە لـە ڕابـردوودا هەمـوو هەوڵـەکان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق شکسـتیان هێنـا، سـەرەڕای ئـەو هەمـوو تاوانـکاری و کارەسـات و مەینەتیانـەی ڕووبـەڕووی گەلـی کـورد کرایـەوە، سـاڵی ١٩٩١ سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان چـووە بەغـدا تـا گفتوگـۆ لەگـەڵ ڕژێـم بـکات و تەوقەمـان لەگـەڵ ئەو دەسـتانە کـرد کـە تاوانیـان دەرهـەق گەلـی ئێمـە ئەنجـام دابـوو. هـەوڵمان دا لاپەڕەیەکـی نـوێ بکرێتـەوە، چونکـە ئـەو قوربانییانـە لـە پێنـاو کەسـێک نەبـوون، بەڵکـوو ئـەو قوربانییانـە؛ قوربانـی گەلێکـی سـتەمدیدەی قوربانیـدەرەوە بـوو. هەنـگاوی داهاتـووش ئـەوە بـووە کـە بـێ دوودڵـی لاپەڕەکـی نـوێ هەڵبدەینـەوە. هەرگیـز شـەڕ بژاردەیەکـی پێشـینەی ئێمـە نەبـووە، هەرگیـز بیرمـان لـە شـەڕ نەکردووەتـەوە. دوای ٢٠٠٣ هەمـووان چاوەڕێـی باشترمـان لـە عێـراق دەکـرد و پـێمان وابـوو ئـەوەی هیوامـان بـۆی دەخواسـت بەدیدێـت، ئـەو دەرفەتەمـان بـۆ گەلـی کوردسـتان و عێـراق بـە دەرفەتێکـی زێڕیـن زانـی، بـۆ ئـەوەی خۆیـان بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن و بـە دەسـتی خۆیـان عێراقێکـی فیـدراڵ و فـرە ڕەنـگ و فـرە نەتەوەیـی و دیموکراسـی بونیـات بنێینـەوە، لە هەنـگاوە دەسـتپێکەکانی ئـەو حکوومەتـەی ئێمـە خوازیـار بوویـن بـاشتر بێـت، لەیادمـە لەکاتـی کـە ئەنجومەنـی بەڕێوەبـردن دامـەزرا، بـە هەمـوو قەناعـەت و متمانەیـەک، ئـەوکات گوتـم بـۆ یەکەمیـن جـار لـە ژیانـی خـۆم هەسـتم کـرد کـە بەشـێکم لـەو وڵاتـە و بەغـدام بـە پایتەختـی خـۆم زانـی، بـەڵام لەڕاسـتیدا لـە قۆناغەکانـی دواتـر ڕێگەیـان نـەدا بـەو شـێوەیەی چاوەڕوانمـان دەکـرد بارۆدۆخـە بـەردەوام بێـت. تێبینـی ئەوەمـان کـرد وەکـوو کـورد و کوردسـتانییەکان بـە هیـچ شـێوەیەک لـە بەغـدا ویـستراو نیـن و ڕەت دەکرێینـەوە. ئێسـتا ئێمـە لەگـەڵ حکوومەتێکـی فیدراڵـی دیموکراسـی لـە ململانێـدا نیـن، بەڵکـوو ئێمـە ڕووبـەڕووی وڵاتێکـی ئایینـی و تائیفـی دەبینـەوە، ئەمـەش پێچەوانـەی پرەنسـیپەکانە و بارودۆخـی عێراق بەرگـەی ئـەوە ناگرێـت وڵاتێکـی تائیفـی بەڕێـوەی ببـات، یاخـود وڵاتێکـی ئایینـی بێـت، چونکـە وڵاتێکـی فرەئایینیـە و لـە دەسـتور هاتـووە، عێـراق وڵاتێکـی فـرە ئاییـن، فـرە نەتـەوە و فـرە مەزهەبـە و پێویسـتە دەوڵەتێکـی مەدەنـی بێـت کـە مافـی تـەواوی پێکهاتـەکان لـە وڵاتەکـەدا پارێـزراو بێـت. ناکرێـت هەنـدێ لایەنـی ئیسلامـی خۆیـان بـە سـەر لایەنـە مەسـیحیەکان بسـەپێنن، ناشـکرێت ناسـنامەی عەرەبـی بـە سـەر کـورد و تورکمان بسـەپێندرێت، پێچەوانەکەشـی ڕاسـتە. هەوڵمان دا ناسـنامەیەکی عێراقی دروسـت

بکەیـن کـە نوێنەرایەتـی هەمووممـان بـکات، بـەڵام ئـەوە ڕووی نـەدا؛ کەواتـە چارەسـەر چییـە؟ ئایـا تەنیـا ئەوەیـە لـە هاوبەشـییەکی پەراوێزخـراو و تاکلایەنـە بـەردەوام بیـن؟ دەکـرێ چاوەڕوانـی تەقینـەوەی بەرمیلێـک بـاروت بیـن، یاخـود بـەدوای ڕێگەچارەیەکـی نـوێ بگەڕێیـن؟ دوای ئـەو هەمـوو ئەزمـوون و سـەربوردەیەی لـە ڕابـردوو لەگـەڵ بەغـداد هەمووممـان تاقیکردووەتـەوە و دەبینیـن شکسـتیهێناوە، بۆیـە لـە ٧ی حوزەیـران بـە کـۆی گشـتی ئـەو بڕیـارە درا بۆئـەوەی گەلـی کوردسـتان بەتێکڕایـی لـە ڕیفراندۆمێکـدا بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدات، هەروەهـا سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیەنێـت. ئێسـتا هەندێـک بـاس لـەوە دەکـەن کـە ئەمـە پێچەوانـەی دەسـتوورە، بـەڵام دەسـتوور لـە دیباجەکەیـدا دەڵێـت؛ پابەنـد بـوون بـە دەسـتوور وا دەکات یەکێتـی ئارەزوومەندانـە عێـراق بپارێزێـت دەسـتوور ئـەوە دەڵێـت کـە عێـراق یەکێتیەکـی ئارەزوومەندانەیـە، لـە ڕاسـتیدا کاتێـک سـاڵی ٢٠٠٥ ئـەو بەنـدەش داڕێـژرا ئێمـە مەبەسـتمان ئەوەبـوو عێـراق، عێراقێکـی فیدڕاڵـی بێـت، فیدڕاڵیەکـی ئارەزوومەندانـە و ئازادانـە کـە هـەر کاتێـک ئـەو بنچینانـە یاخـود فیدراڵیـەت شکسـتیهێنا، پێویسـتە شـێوازێکی تـر و ڕێگەچارەکـی تـر بدۆزرێتـەوە. ڕیفرانـدۆم بـۆ ئـەوە نییـە نەخشـە دابڕێژینـەوە، دەبێـت ئەمـە ڕوون بکرێتـەوە چ لـە کەرکـووک بێـت، یاخـود ناوچەکانـی تـر، هیـچ کەسـێک بڕیـار لـە چارەنووسـی خەڵکـی کەرکـووک نـەدات، بێجگـە لـە خەڵکـی کەرکـوک خـۆی نەبێـت.

لـە هەمانـکات ناکرێـت ڕێگـە بـە هـەر لایەنێـک بدەیـن ڕێگـری لـە خەڵکـی کەرکـووک بکـەن بڕیـار لـە چارەنووسـی خۆیـان بـدەن. ئێمـە ڕێـز لـە بڕیـاری خەڵکـی کەرکـووک دەگریـن و پێویسـتە ئەوانـی تریـش ڕێـز لـە بڕیـاری خەڵکـی کەرکـووک بگـرن. ڕیفرانـدۆم بـۆ نەخشەکێشـانی نـوێ نییـە، بەڵکـوو بڕیـاری خواسـتی گەلـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە دەسـت بـە دانوسـتانێکی جـدی دەکەیـن، بـۆ ئـەوەی بـە چارەسـەرێکی وا بگەیـن کـە بەرژەوەنـدی هەمـووان لەبـەر چـاو بگرێـت و داکۆکـی لـە برایەتـی گـەلان بکرێـت. دەزانیـن لـە کوردسـتان عـەرەب دەژیـن و پێویسـتە لـە چوارچێـوەی کوردسـتاندا تـەواوی مافەکانیـان پارێـزراو بێـت و هەمـوو بەهـا و مـاف و بەرپرسـیارەتێکیان هەبێـت. ئەمـە هەنگاوێـک نییـە بۆئـەوەی بەتەنیـا تایبەتمەنـدی بـە گەلـی کـورد ببەخشـێت، بەڵکـوو ئەمـە گوزارشـت لـە خواسـتی گـەل بـە تـەواوی پێکهاتەکانـی لـە کـورد، عـەرەب، تـورکمان، کلدانـەکان، ئاشـوورییەکان و تـەواوی ئایینەکانـی تریـش دەکات. بـە داخێکـی

زۆرەوە نـاوە نـاوە هەڕەشـەی منداڵانـە دەبیسـتین کـە بـاس لـە هەڵگیرسـانی ئاگـر و جەنـگ دەکـەن. لـە ڕاسـتیدا ئەمانـە فەرامـۆش دەکەیـن هیـچ گرنگییەکـی وایـان پـێ نابەخشـین، بـەڵام ئامـۆژگاری ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـە ئـەو جـۆرە قسـانە دەکـەن، بیـر لـە خۆیـان بکەنـەوە، ئایـا ئەوانـەی پێـش خۆیـان چیـان لەشـەڕ دەسـتکەوت، بێجگـە لـە تـاوان و کارەسـاتی مـەزن، ئێمـە هەرگیـز بیـر لـەوە ناکەینـەوە یـەک گوللـە بتەقێنیـن، بـە هەمـان شـێوەش لـە بەرانبەرەکەمـان پێشـبینی و چـاوەڕوان ناکەیـن، بـەڵام ئەگـەر کەسـێک وا بیـر بکاتـەوە، دەتوانێـت هەڕەشـەمان لـێ بـکات، ئـەوە نابـێ چـاوەڕوان بـکات ئێمـە دەستەوەسـتان دەوەسـتین و بەرگـری لـە خۆمـان ناکەیـن. لەوکاتـە ئێمـە مافـی داکۆکـی کـردن و پاراسـتنی خۆمـان پەیـڕەو دەکەیـن، برایـان دڵنیاییتـان دەدەمـێ و دووپاتـی دەکەمـەوە بڕیـاری سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان ئەوەیـە، بـە ویسـتی خـوا کاتێـک گەیشـتینە قۆناغـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی داهاتـوو، دەبێـت دەوڵەتـی هەمـووان بێـت. بێجگـە لـەوەش لێـرەوە لـە بەردەمـی خـوا و ئێـوە بەڵێـن دەدەیـن و دووپاتـی دەکەینـەوە کـە هەمـوو هەوڵـەکان چـڕ دەکرێنـەوە، دەسـتوور ئێـوە دارێـژەر و نووسـەری بـن ،هەمـووان بـە مـاف و دەسـتکەوتەکان ئاشـنا بـن و دەوڵەتێکـی مەدەنـی بێـت و تێیـدا یەکسـانی و دادپـەروەری فەراهـەم بێـت و دەوڵەتێکـی فیدڕاڵـی بێـت، هـەر پارێزگایـەک خـۆی بەڕێوببـات و کاروبارەکانـی خـۆی ڕایـی بـکات. ئـەوەش پشـت بـە دەسـتووری داهاتـوو دەبەسـتێت کـە لەلایـەن ڕۆڵەکانـی گەلـەوە بڕیـاری لـێ دەدرێـت، هەروەهـا بـە تایبەتـی دووپـات لـە کەرکـووک دەکەمـەوە، چونکـە ئێمـە گرنگـی زیاتـر بـە کەرکـووک دەدەیـن، هەروەهـا هەندێـک لەسـەر پرسـی کەرکـووک تۆمەتـی ناڕاسـت فـڕێ دەدرێـت، کەرکووکیـەکان بڕیـار لـە لـە چارەنووسـی خۆیـان دەدەن، هیـچ کـەس ناتوانێـت لـە دەرەوەی کەرکـووک شـێوازێکی فەرمانڕەوایـی بـە سـەر کەرکووکیـەکان بسـەپێنێت.

لـە کۆتاییـدا داوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخـوازم، هەروەهـا خوازیـارم توانیبێتـم بـە پێـی پێویسـت وێنەکـە ڕوون بکەمـەوە و سڵاوتـان لـێ بێـت.

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا و شنگال

## ئەم دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتی یەکسانیی و هاووڵاتی بوونە، نەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی کورد



**١٦/٩/٢٠١٧**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**ئامادەبووانی بەڕێز.**

زۆر خۆشحاڵم لەو بارودۆخە هەستیارەدا لەگەڵ ئێوەی بەڕێز کۆدەبمەوە، خۆشحاڵییەکی زۆر گەورەیە لە دڵم کە لەگەڵ ئەو کۆمبوونە پیرۆزە کۆببمەوە، بەوەی لەچەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی پێکدێت. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە کەوا ئەو کولتوورەی لەسەری گەورەبووین و پەروەردەبووین، کولتووری پێکەوەژیان و خۆشەویستی و قبووڵ کردنی بەرانبەر و هەبوونی ئازادیی ڕەهایە بۆ هەر کەسێک، سەبارەت بەهەڵبژاردنی هەر ئایین و مەزهەبێك کە باوەڕی پێیە، بەپیادەکردنی سرووتی ئایینی وەك ئەوەی باوەڕی پێیەتی. پێشم وایە ئەمە یەکێکە لەو دەسکەوتە مەزنانەی لەباب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، پێویستە ئەو کولتوور و عەقڵیەتە بپارێزین کە گەل و وڵات دەپارێزێت.

لەهەمـوو شـوێنێکدا کاتێـك کەسـێک یـان تایفەیـەك یـان نەتـەوە و مەزهەبێکـی دیـاری کـراو، وا دەزانـی تەنیـا ئـەو ڕاسـتە و بەرانبەرەکـەی خـۆی ڕەت دەکاتـەوە و بەکافـری دەزانـی، بەواتـای نەبوونـی سـەقامگیری دێـت لـەو وڵات و لـەو شـوێنەدا؛ واتـە ڕووخانـی پێکەوەژیـان و لێبوردەیـی واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت؛ وڵات تووشـی کارەسـات و گرفـت دەبێـت، وەك لـەزۆر شـوێن تێبینـیمان کـرد. بۆیـە لـە پێویسـتییە هـەرە سـەرەکییەکانە ئـاگاداری ئـەو کولتـووره بیـن و بیپارێزیـن، شـانازی بەیـەکترەوە بکەیـن.

ئەمـڕۆ پرسـی ڕیفرانـدۆم گرنگتریـن پرسـی سـەر گۆڕەپانـی سیاسـییە. ئـەم بابەتـە پەیوەندیـی بەهەمـوو تاکێکـی ئـەو کۆمەڵگەیـەوە هەیـە، پرسیار لێرەدا ئەوەیـە بـۆ ئـەو بڕیارەدرا و کێ ئــەم بڕیــارەی دا؟

ئـەم بڕیـارە بەکۆدەنگـی درا، هەمـوو پێکهاتەکانـی نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبیـی گەلـی کوردسـتان لـەو بڕیـارەدا بەشـدار بـوون و ئـەم بڕیـارە بەکۆدەنگـی درا، هیـچ کاتێـك نەمـان گوتـووە ئەمـە بڕیـاری یـەك تاکەکـەس و یـەك حـزب و دوو حیزبـە، بـەڵام بۆچـی ئـەو بڕیـارەدرا؟ لەبەرئـەوەی هەمـوو هەوڵەکانـی پێشـوو شکسـتیان هێنـا، هەمـوو شـێوازێکمان لەگـەڵ بەغـدا تاقیکـردەوە، لامەرکـەزی و ئۆتۆنۆمـی و فیدراڵـی. لەئەنجامـدا هەموویـان شکسـتیان هێنـا. ئەگـەر بـارودۆخ ئـاوا بـەردەوام بـێ، ترسـی ئـەوەم هەیـە تووشـی هەندێـك گرفـت و ڕووداو بیـن کـە هیـوادارم نەیـان بینیـن.

زۆر سـەیرە ئـەو هەسـتیاری و ئینکارییـە، ببینیـن بـەوەی ڕێ نادرێـت گەلێـک بەشـێوەیەکی ئـازاد تەعبیر لەویسـت و خواسـتی خـۆی بـکات بـۆ بڕیاردانـی چارەنـووس. ئەمـە مومارەسـەیەکی دیموکراسـیی مرۆیـی و ئاشـتیخوازانەیە، کەواتـە زەرەر لەکوێیـە؟ ئـەو مومارەسـە دیموکراسییە هەڕەشـە لەکێ دەکات؟ ڕاسـتی ئەوەیـە، تەنیـا دەگەڕێینەوە سـەر یـەك خـاڵ، ئەویـش ئینکارکردنـی مافـی گەلێکـە نەوەك شـتی دیکـە. کاتێکیـش داوای دواخسـتنمان لـێ دەکـەن، هیـچ گومانتـان نەبـێ ئـەوەی ئەمـڕۆ لەگـەڵ ڕیفرانـدۆم نەبـێ، سـبەش لەگەڵـی نابێـت.

ڕیفرانـدۆم بەواتـای دیـاری کردنـی سـنوور نایـەت، بەڵکوو دەرگا بـۆ دیالۆگـی جیـددی و بونیاتنـەر دەکاتـەوە، بـەدڵ و بیـری کـراوە بۆئـەوەی پەیوەندییەکـی دراوسـێیەتیی باش و ئیجابـی لەنێوانمانـدا دروسـت بێت، چونکە نەمانتوانی هاوبەشـی ڕاسـتەقینە بونیـات بنێین.

پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە، ئایـا دەکـرێ ئیدیعای هاوبەشـی و برایەتـی لەو وڵاتـەدا بکەین؟ کەچـی لەڕاسـتیدا ئێمـە بـۆ هەمـوو شـتێک هەمیشـە لەشـەڕ و ناکۆکیداین؟ یان شـێوازێکی دیکـەی ژیـان و پەیوەنـدی ڕێـز لەیەکترگرتـن و هـاوکاری بدۆزینـەوە؟ کامیـان بـاشترە؟

وەك گوتـم ڕیفرانـدۆم واتـای دیـاری کردنـی سـنوور نایـەت، بەهیـچ شـێوەیەکیش بەواتـای سـەپاندنی نەتەوەیـەك نایـەت، دژی نەتـەوە و ئایینـی دیکـە کـە ئیـرادەی بەسـەر هەمـووان دەسـەپێندرێت. ناوچەکەتـان ناوچـەی دەشـتی نەینـەوا یەکێکـە لـەو ناوچانـەی کـە تەرکیـزی زۆری لەسـەر دەکرێـت، بووەتـە نموونەیـەك بـۆ برایەتـی و پێکەوەژیـان و فـرە نەتەوەیـی و ئایینـی و مەزهەبـی، ئێـوە بڕیـار لەویسـت و چارەنـووس و ئاییندەتـان دەدەن. هیـچ کاتێـك هیـچ شـێوازێکی ژیانتـان بەسـەردا ناسـەپێنین، بەهـەر شـێوەیەکیش بێـت و هـەر کەسـێکیش چـی بـکات و چـی بڵێـت، ئێمـە هیچتـان بەسـەردا ناسـەپێنین. هەڵبـەت لەهەمـان کاتیشـدا، ڕێ بەکەسـانی دیکـەش نادەیـن بێـن و بەقۆسـتنەوەی ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتا، شـێوازی دیکەمـان بەسـەردا بسـەپێنن، بڕیـار، بڕیـاری ئێوەیـە. ئێـوە بڕیـار دەدەن چیتـان دەوێـت، لەگـەڵ کـێ دەبـن و چـۆن دەتانـەوێ ژیانـی خۆتـان بەسـەر ببـەن و بـەچ شـێوەیەك.

ئەمـڕۆ هاتمەلاتـان بۆئـەوەی بەڕاشـکاوی قسـەتان لەگـەڵ بکـەم، ئێـوە هەمـوو ئازیـزی ئێمـەن و بەڵێنتـان پـێ دەدەیـن، ئەگـەر دەوڵەتـی کوردسـتانتان هەڵبژارد، پشـت بەخوا بێگومـان بـن لـەوەی ئـەم دەوڵەتـە دەبێتـە دەوڵەتێکـی یەکسـانی و هاووڵاتـی بـوون، نـەك دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی کـورد، دەبێتـە دەوڵەتێـک بـۆ کـورد و عـەرەب و تـورکمان و موسـڵمان و مەسـیحی و ئێـزدی و هەمـوو نەتـەوە و ئایینـەکان، ئەگـەر شـێوازێکی تایبەتتـان بەخۆتـان هەڵبـژارد، ئەوکاتیـش لاریمان نییـە دەتانـەوێ لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق بـن، ئەوسـاش ئـەوە بڕیـاری ئێوەیـە.

مـن هاتمـە لاتـان پێتـان بڵێـم هیـچ کەسـێک نییـە شـێوازێکی دیاریکراوتـان بەسـەر بسـەپێنێت، بەڵکـوو خۆتـان بڕیـار دەدەن. ئەگـەر بڕیـاری ئەوەتـان دا لەگـەڵ کوردسـتان بـن، ئامادەیـن هەمـوو گەرەنتییەکتـان پـێ بدەیـن کـە خۆتـان داوای دەکـەن. هـاوکات گەرەنتـی و بەڵێنتـان پـێ دەدەیـن، ئەگـەر شـێوازێکی تایبەتتـان هەڵبـژارد، ئێمـە کارئاسـانیتان بـۆ دەکەیـن و یارمەتیشـتان دەدەیـن.

هەڵبەت گرنگ ئەوەیە پەرەسەندنی بارودۆخ هەر چۆنێك بێت، پێویستە گیانی برایەتی و خۆشەویستی و هاوکاری پارێزراو بێت، ئەگەر ناکۆکی لەنێوان سیاسەتمەداران هەبوو، وەك ئەوەی ئێستا لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هەیە، ناکرێ ئەم ناکۆکییە بەسەر پەیوەندیی نێوان گەل و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکاندا بشکێتەوە. بەڵێ کەسانێك هەن هەوڵی ئەوە دەدەن بارودۆخ بەرەو ئاقارێکی ترسناك ببەن، زمانێکی هەڕەشەئامێز بەکار دێنن و زمانێکی زۆر نزم لەقسەکردن بەکار دێنن، بۆیە ناکرێ بەدوای ئەو هەوڵە نەزۆکانەدا بڕۆین.

ئێمە لەگەڵ عەرەب براین لەگەڵ تورکمان براین، ئێمە لەهەموو شتێکدا برا و دۆست و هاوکارین، لەگەڵ مەسیحی ئێمە براین. کاتێک ئاماژە بەم دەستەواژانە دەکەم، بەواتای ئەوە نییە، ئەوانی دیکە ڕەت دەکەمەوە، برایانی شەبەك بۆ نموونە لەڕووی نەتەوەییەوە کوردن، بەڵام لەڕووی مەزهەبەوە شیعە و سوونەیان تێدایە. ئەمەش خۆیان لەو بڕیارە ئازادن و هیچ کەسێك ناتوانێت دەست لەو پرسەدا وەربدات، کاکەیی مەزهەبی خۆیان هەیە، بەڵام بەنەتەوە کوردن. کاتێکیش باسی عەرەب و تورکمان دەکەم، واتای ئەوە نییە ئەو برایانە لەیاد بکەم، بەڵام کە باسی ئایین و مەزهەب دەکەین ئەوە بۆ کاکەیی و ئیزدی و شەبەك، مەسەلەیەکی دیکەیە.

ئێمە بەئەزموونی زۆر تاڵ تێپەڕین، هیوام نەدەخواست بارودۆخ بگاتە ئەو ڕادەیەی کە دەیبینین. قەسەم بەخوا ئەگەر بمزانیبا و دڵنیابام بەوەی ئەو بارودۆخە وای بەسەر نایەت و باشتر دەبێت و پەلاماری کوردستان نادرێت، لەوانەیە لەژیان لەگەڵ عێراق بەردەوام باین، سەرەڕای هەموو گرفت و تەنگ و چەڵەمەیەك، بەڵام زۆر باش دەزانین ئەو کەسانەی ئەمڕۆ بڕیار بەدەستن، نییەتیان چییە و چییان بۆ ئێمە شاردووەتەوە.

ئەوان دەیانەوێ بگەڕێینەوە هێڵی سەوز ئەو ناوەی (بریمەر) کاتی خۆی بەکاری هێنا، دەزانن هێڵی سەوز چییە؟ ئەمە هێڵی تەماسی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقە لەسەردەمی بەعسدا، ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەبێ بگەڕێینەوە ئالووکا و بەمووشەکی هاوەن بمانێرنە ئەوێ ئەگەر پێیان خۆش بێت، ئەگەر بۆ گاڵتەش بێت، لەهەر کاتێك بیانەوێ دەتوانن بەبێ هیچ ماندووبوونێك چەند

مووشـەکێکی هـاوەن ئاڕاسـتەی شـاری دهـۆك بکـەن. هێڵـێ سـەوز سـنووری کوردسـتان نییـە و ئـەو سـنوورەش قبـووڵ ناکەیـن، لەهەمـان کاتیشـدا ڕیفراندۆمیـش سـنوور دیـاری نـاکات، بەڵکـوو بەتەفاهـوم و دیالـۆگ و ویسـتی خەڵکـی ناوچەکـە دیـاری دەکرێـت.

نامـەوێ زۆر بـۆ کـەم بڵێـم، یانیـش باسـی ڕابـردوو بکـەم، کەچـی تێیـدا ڕووی دا، بـەڵام ئەزموونـی تـازەی ئـازاد کردنـی مووسـڵتان بـۆ بـاس دەکـەم، کاتێـك بـەری دوو سـاڵ بـاس لەئـازاد کردنـی مووسـڵ و ناوچەکانـی دیکـەی پارێـزگای نەینـەوا کـرا، چەندیـن گفتوگـۆی سـێ قوڵـی لەنێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا و هاوپەیمانـان کـرا، بەتایبەتـی ئەمریـکا.

مـن لـەزۆر لـەو دیدارانـەدا بەشـدار بـووم، پێشـنیاری ئـەوەم بـۆ هەمـووان کـرد، بەوەی پلانـی سیاسـی و ئیـداری هەبێـت شـان بەشـانی پلانـی سـەربازی، چونکـە بارودۆخـی مووسـڵ و پارێـزگای نەینـەوا لەهەمـوو پارێزگاکانـی دیکـەی عێـراق جیـاوازە. لەپارێزگاکانی دیکـە گرفتـەکان سیاسـین و تەنیـا بـۆ پۆسـت و دەسـکەوتن، بـەڵام ناکۆکییەکانـی مووسـڵ زۆر قـووڵ و کۆنـن. چەندیـن گرفـت و جیاوازیـی ئایینـی و نەتەوەیـی و مەزهەبـی هەیـە. کـوردی شـیعە و سـوننە هـەن، عەرەبـی شـیعە و سـوننە هـەن، تورکمانـی شـیعە و سـوننە هـەن. مەسـیحی هـەن بەکلـدان و سریـان و ئاشـووری و ئەرمەنـەوە، ناوچەکـە پێویسـتی بەشـێوازێکی تـازە هەیـە کـە لەگـەڵ تایبەتمەندییەکەیـدا بگونجێـت.

لەسـەرەتادا ئـەوان بـەو پێشـنیارە ڕازی بـوون، بـەڵام کاتێـك جێبەجـێ کردنـی پلانـە سـەربازییەکە نزیـك بـووەوە، بینیـم پشـت گـوێ خسـتنێکی نیمچـە ڕەهـا بـۆ ئـەو پلانـە سیاسـی و ئیدارییـە هەبـوو، تەرکیـز کـردن تەنیا لەسـەر پلانـە سـەربازییەکە بـوو. کاتێکیش باسـی تێبینییەکانـی خۆمـم کـرد و پێویسـتیی پلانـی دووەممان دووپـات کـردەوە، گوتیـان کاتەکـە تەنگـە بـا پلانـە سـەربازییەکە تـەواو بکەیـن.

پـاشتر گوتیـان کۆمیتەیـەك پێـك دێـنین، کۆمیتەیەکـی بـاڵا بـۆ یارمەتیدانـی ئەنجوومەنی پارێـزگا و ئیـدارەی خۆجێیـی پارێزگاکـە، لەهـەر کاتێـك کـە گرفتـی گـەورە ڕووی دا کـە چارەسـەرەکەی لەتوانـای حکومەتـی ناوخۆیـی ئەوانـدا نەبێـت، ئێمـە هـاوکار دەبیـن، گوتمـان باشـە خـراپ نییـە.

ڕێککەوتـن وا بـوو، تەنیـا هێـزی سـەربازی بچنـە ناوچەکـەوە لەپـای هەسـتیاریی نێـوان دانیشـتووانی ناوچەکـە، ئەرکـی پێشـمەرگەش دیـاری کـرا و ئەرکەکەیـان بەباشتریـن شـێوە

بەجێگەیانـد. کلیلەکانـی شـارمان دایـەوە دەسـتی سـوپای عێـراق. مـن زۆر خۆشـحاڵم بـەوەی هاوکارییەکـی زۆر قـووڵ لەنێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق بەدیهـات، کـە لەبـاوەڕی کەسـدا نەبـوو، ئەمـەش بـەردەوام دەبێـت و پەرەسـەندنی بـارودۆخ هـەر چۆنێـك بێـت، پێویسـتە هـاوکاری نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق هـەر بمێنێـت.

لەبـارەی حەشـدی شـەعبییەوە دوو جـۆر حەشـد هـەن؛ یەکیـان لەشـەڕ و قوربانیدان بەشـدار بـوو، ڕۆڵێکـی جوامێرانەیـان لـەدژی داعـش گێـڕا، جۆرەکـەی دیکـە پێچەوانـەی تـەواوی ئـەوەی یەکەمـە، ئـەوان بـەدەر لەدیسـپلینن پابەنـدی هیـچ یاسـا و ڕێسـایەك نابـن، ئەوانـە ئێسـتا لەشـەڕدا دەیـان بینیـن، مـن گوێـم لـێ بـووە موسـڵمانی شیعە و سـوننە هەبـن، بـەڵام قـەت گوێـم لـەوە نەبـووە، مەسـیحی و ئیزدیـی شـیعە و سـوننە هەبـن. ئـەوان خەڵکـی ناوچەیـان کـردە حەشـد و لەبازگەکانیـان دانـا، ئەمـەش بـۆ خـۆی لـەدژی ڕێککەوتنـی نێوانمـان بـوو، بەهیـچ شـێوەیەك لەگـەڵ ئـەو خاڵانـە ناگونجێـن کـە لەسـەریان ڕێککەوتیـن و پێشـێلکارییەکی زۆر ترسـناکە دەرهـەق بەڕێککەوتنـی نێوانمـان.

ئـەوان بەئـارەزووی خۆیـان خەڵـک دەبەنـە نێـو شـارەکان و خەڵـک دەخەنـە دەرەوە. ئێمـە ئـەو قوربانیانەمـان بـۆ ئـەوە نـەدا کـە چەنـد گرووپێکـی دوور لەدیسـپلین بارودۆخی نەینـەوا و شـاری مووسـڵ کـۆنترۆڵ بکـەن.

پەیوەندیـی نێـوان مـن و بـرای بەڕێـزم سـەرۆك وەزیـران عەبـادی، پەیوەندییەکـی باشـە، بـەڵام ناکـرێ پەیوەندیـی نێـوان گەلـی کوردسـتان و بەغـدا لەنێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا، بەپەیوەندیـی نێـوان دوو کـەس ببەسترێتـەوە. لەوانەیـە مـن سـبەی بمـرم، لەوانەیـە بەیەکـەوە بمریـن. ناکـرێ چارەنووسـی گـەلان بـەدوو کـەس ببەسترێتـەوە، ئەگینـا هیـچ گرفتـم لەگـەڵ بـرای بەڕێـزم عەبـادی نییـە و تەفاهومـی زۆرمـان لەنێونـدا هەیـە. زۆریـش پاڵپشـتیمان لێـی کـرد و تـا پـێمان کـرا لەگەڵـی بوویـن و پاڵپشـتی بوویـن، بۆیـە دەڵێـم دیالـۆگ ڕێـی هـەرە ڕاسـتە، بـەڵام ئـەو دیالۆگـەش بـۆ ئـەوە نییـە بگەڕێینـەوە سـەر ئەزموونـی فاشـیلی پێشـوو، کـە چەندیـن دەسـکەوتی بـێ واتـا وەربگریـن، چونکـە وامـان بـۆ دەرکـەوت کـە دەسـکەوتەکان هەموویـان پووچـن.

ئـەوان دەڵێـن ئێـوە سـەرۆک کۆمـار و وەزیرتـان هەیـە، ئەگـەر سـەرۆک کۆمـار توانـای دامەزراندنـی یـەك پولیسـی هەبـوو، مـن دەڵێـم زۆر باشـە. دەسـەڵاتی چـی و دەسـکەوتی

چـی؟ دواتـر مافـی گـەلان بـە وەزیرێـك و دوو وەزیـر و چەنـد وەزیرێـك نایەتـەدی، بەڵکـوو ئەمـە سیسـتەمێکی تـەواوە دەبـێ جێبەجـێ بکرێـت، بـەڵام بـا سـەیری پەرلەمانـی فیدراڵـی بکەیـن ببینیـن بەچـی کۆتایـی پـێ هـات؟

ئێمـە پێـش و پـاش ڕووخانـی ڕژێـم و لەکاتـی داڕشـتنەوەی دەسـتووریش لـە ٢٠٠٥دا، لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتیـن عێـراق ببێتـە دەوڵەتێکـی مەدەنـی دیموکراتـی فیـدراڵ فرەنەتـەوە و ئاییـن و مەزهـەب، بـەڵام ئـەوەی ئەمـڕۆ دەیبینیـن تـەواو پێچەوانـەی ئـەو هەمـوو دەسـتەواژانەیە، یـەك گـرووپ دەسـتی بەسـەر هەمـوو شـتێکدا گرتـووە و تـەواوی بارودۆخـی عێراقیـان لەبـەر دەسـتدایە، ئەمـەش قابیلـی قبـووڵ نییـە.

ئـەوان باسـی زۆرینـەی سیاسـی دەکـەن، ئەمـەش بەواتـای ئـەوە دێـت یـەك لایەنـی دیاریکـراو ویسـتی خـۆی بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا بسـەپێنێت. بارودۆخـی ئێسـتاش بەرگەی ئـەو پرسـە ناگرێـت، عێـراق هێشـتا نەبووەتـە دەوڵەتێکـی مەدەنـی دیموکراتـی فیـدراڵ، تـا ئـەو پرەنسـیپە بێتـە ئـاراوە، هێشـتا گرفتی زۆرمان مـاون.

ئـەوان هاوبەشـی و تەوافـوق و هاوسـەنگییان پێشـێل کـرد، ئێسـتاش باسـی دەسـتوور دەکـەن و تـازە بەبیریـان دێتـەوە دەسـتوور لەسـاڵی ٢٠٠٥ دا داڕێـژرا، بـەڵام ئـەوان کـە بەپێشـێل کردنـی دەسـتوور تاوانبارمـان دەکـەن، مـن پرسـیاریان لـێ دەکـەم: ئایـا بـەچ ماددەیەکـی دەسـتوور ئێـوە نانـی خەڵکـی کوردسـتانتان بـڕی؟ ئایـا هیـچ ماددەیەکـی دەسـتووری هەیـە ڕێ بەحکومەتـی عێـراق بـدات نانـی خەڵکـی کوردسـتان ببڕێـت؟ ئەمـە تاوانێکـە هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ئەنفالـدا نییـە، بەڵکـوو ئەنفالێکـە لەجۆرێکـی دیکـە.

دەسـتوور دەڵێـت پابەندبـوون بـەم دەسـتوورە، یەکێتیـی ئارەزوومەندانـەی خەڵکـی عێـراق دەپارێزێـت. سـەرنج بدەنـە وشـەی یەکێتیـی ئارەزوومەندانـە (اتحـاده الحـر)، ئەمـە واتـای چییـە؟ واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە یەکێتییەکـی ئارەزوومەندانـە لەنێـوان پێکهاتەکانـی نەتەوەیـی و ئایینیـدا هەیـە بـۆ پێکهێنـان و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی دیموکراتـی فیدراڵـی مەدەنـی.

ئێسـتا ئێمـە هیـچ حکومـەت و پەرلەمانێکـی فیدراڵـیمان نییـە، بەڵکـوو پەرلەمـان بـووە ئامرازێـك بـۆ پێشـێل کردنـی مافـی ئەوانـی دیکـە، بـووە بـە ئامرازێـك بەدەسـتی کەسـانی قیـن لـەدڵ و شـۆڤینی بـۆ ئەشـکەنجەدانی خەڵکـی دیکـە لـەڕووی ئایینـی و

مەزهەبییـەوە. ڕۆژانـە بڕیـاری لـەم جـۆرە دەردەکـەن، بـەڵام ئەگـەر بـارودۆخ گەیشـتە ڕادەیـەك تەحەمـولی نەکەیـن، پێیـان دەڵێیـن؛ بڕیارەکانتـان ناگاتە کوردسـتان و بەئـارەزووی خۆتـان بڕیـار بـدەن. ئەمـە نییەتـی ڕاستەقینەی شـاراوەی ئـەوان دیـاری دەکات بەرانبـەر بەگەلـی کوردسـتان.

ڕیفرانـدۆم، بەڕێـزان، بڕیـاری گەلێکـە نـەك یـەك کـەس، وەکـوو پێتانـم گـوت ئێمـە زۆر دواکەوتیـن لەجێبەجـێ کردنـی ئـەم هەنـگاوە. ئەگـەر بەدیلـی بـاشتر هەبوایـە بـۆ ڕیفرانـدۆم، ڕەنگـە ڕازی بووینایـە، چونکـە ڕیفرانـدۆم هـۆکارە ئامانـج نییـە، بـەڵام هیـچ کەسـێک بەدیلـی بـاشتری بـۆ ئێمـە نەهێنـا، قسـە هەیـە، بـەڵام ئـەو قسـانە بەزمانێکـی جـوان و ڕازاوە داڕێـژراون، هیـچ پابەندبوونێکیـان تێـدا نییـە و ئامانـج ناپێکـن.

هەڵبـەت، ئێمـە ئامادەیـن دوای ڕیفرانـدۆم بەعەقـڵ و دڵـی کـراوە، بچینە نێـو گفتوگۆی جیـددی، لەکاتـی پێویسـتیش لـەڕووی سـەربازی و ئەمنییـەوە لـەدژی تیـرۆر هـاوکاری بەغـدا دەبیـن، تـا دەگەینـە ئەنجامـی کۆتایـی لەبارودۆخـی هاوبەشـی فاشـیلەوە بـۆ دراوسـێیەتییەکی سـەرکەوتوو. ئێمـە تـا ئـەوکات هەمـوو ئەرکێکـی سەرشـانمان جێبەجـێ دەکەیـن، هەمـوو توانایـەك تەرخـان دەکەیـن و هەماهەنگیـی نێـوان سـوپا و پێشـمەرگە دەپارێزیـن. هاوکاریـی نێـوان مـن و عەبادی بـەردەوام دەبێت و هاوکاریی نێـوان حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و بەغـداش بـەردەوام دەبێـت، تـا کوردسـتان سـەربەخۆ دەبێـت.

ئەوەیـە ئێمـە هیـوای بـۆ دەخوازیـن و نازانـم لەبەرچـی ئـەو هەمـوو هەڕەشـەیە لەئێمـە دەکرێـت؟ ئێمـە نامانـەوێ پەنـا بـۆ توندوتیـژی ببەیـن. لەنـاوەوە و دەرەوە هەڕەشـەمان لـێ دەکرێـت، ئێمـە تاوانمـان نەکـردووە و کاری نایاسـاییمان نەکـردووە. بـا سـەیری بڕیارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بکـەن، پێیـان دەڵێیـن؛ بەدروشـمەکانتاندا بچنـەوە کـە ئێـوە ئیدیعـای دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ و مافـی گـەلان دەکـەن، ئەمـە ڕا دەربڕینـە. لەبەردەوام بوونی ئـەو بارودۆخـە بێـزار بوویـن. بڕیـار، بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە، لەگـەڵ ڕێزمـان بـۆ بۆچوونـی هەندێـك کـەس، بـەڵام کـە بـارودۆخ بگاتـە ئاسـتێك کـە شـەرعیەتی ڕیفرانـدۆم بکەوێتـە گومانـەوە، ئـەم پرسـە بەهیـچ شـێوەیەك قابیلـی قبـووڵ نییـە، شـەرعیەت لەکـەس وەرناگریـن، بەڵکـوو لەمیللەتـی کوردسـتان و خوێنـی شـەهیدانمان وەری دەگریـن.

هـەر دەوڵەتێـک مافـی خـۆی هەیـە ناڕەزایـی دەرببڕێـت. بـا بڵێـن ئێمـە لەدژیـن، یانیـش بڵێـن جـاری کاتـی نییـە، بـەڵام ئەگـەر ئێسـتا تـۆ پێـی قایـل نەبـی، ئـەدی دواتـر چـۆن پێـی قایـل دەبێـت؟ بـەڵام هیـچ کاتێـك لەهیـچ کـەس و دەوڵـەت و لایەنێکـی قبـووڵ ناکەیـن، بڵێـن ئـەم پرسـە شـەرعی نییـە.

داوام لێتـان هەیـە، بـارودۆخ هـەر چۆنێـك بێـت گیانـی برایەتـی و خۆشەویسـتی و پێکەوەژیـان بپارێـزن کـە شـانازییان پێـوە دەکەیـن و ئامادەین هەموو ئەو شـتانەی لەسـەر شـانمانە بـۆ پاراسـتنی ئـەو بارودۆخـە پێشکەشـی بکەیـن. دواجـار خۆتـان چارەنووسـی خۆتـان هەڵدەبژێـرن، لەگـەڵ کـێ دەبن و چۆن دەژیـن.

# وتارە جەماوەرییەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

# ئاهەنگــی جەمــاوەری ئاکــرێ بــۆ پشــتگیریی لــە ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی کوردســتان

## بۆ سەربەخۆبوون هەر بەهایەک پێویست بێت لازمە بیدەین



٢٠١٧/٠٩/١٣

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**خوشک و برایانی خۆشەویست**

**جەماوەری دەڤەری ئاکرێ و بەردەرەش**

سڵاوی خـوا لەئێـوە هەمـووان بێـت، زۆر سوپاسـی ئێـوە دەکـەم بـۆ ڕەخسـاندنی ئـەو دەرفەتـە، هەروەهـا سوپاسـی ئێـوە دەکـەم بـۆ تەحەمولتـان بـەو گەرمایـە.

**خوشك و برایانی بەڕێز..**

بابەتـی گەرمـی ئەمـڕۆ بـۆ ئێمـە هەمـووان، بابەتـی ڕیفراندۆمـە، هـەر کەسـێک پرسـیاری ئــەوە دەکات کــە بۆچــی بڕیــاری ڕیفرانــدۆم درا؟

پێش هەر شتێک بڕیاری ڕیفراندۆم، بڕیاری تاکە کەسێك تاکە حزبێك و دوو حزب و سێ حزب نییە، بڕیاری گەلی کوردستانە و لەڕێی نوێنەری ئەوانەوە، کە هەموو حیزبەکانی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کوردستان تێیدا بەشداربوون. بڕیارێکی مێژوویی بوو، ئەگەر پرسیار بکرێت بۆچی ئەو بڕیارە درا؟ وەڵام، چونکە هەموو ڕێیەکی دیکە تاقیکرایەوە، هیچ ئەنجامی نەبوو.

لامەرکەزی تاقیکرایەوە و شکستیهێنا، ئۆتۆنۆمی تاقیکرایەوە و شکستیهێنا، گەلی کورد هەموو هێز و توانای خۆی بۆ فیدراڵی خەرج کرد، تاکوو لەدوایساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس عێراقێکی تازە دروست بکرێ، دیسان سوودی نەبوو. دەبێ هەر یەکێک لەئێمە ئەو پرسیارە بکات؛ ئەرێ بۆ ئەو هەموو هەوڵەدرا و سەری نەگرت؟ چونکە عەقڵیەتی حاکم لەعێراقدا، ئەو عەقڵیەتە نییە کە هاوبەشی قبووڵ بکات.

من ناچمە سەر ماوەی ڕابردوو و باسی مێژووی ڕابردووی پەیوەندیی کوردستان لەگەڵ بەغدا ناکەم، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانەوە لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە عێراق لەنێوان کورد و عەرەب و سەرجەم پێکهاتەکان بەشەراکەت بێت، ئەمما پشکی ئێمە لەو شەراکەتە هەمووان دەزانن، ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و وێران کردنی گوندەکانی کوردستان بوو.

پاش ٢٠٠٣ پێمان وابوو هەلێکی تازەیە کە عێراقێکی نوێ دێتە دامەزراندن، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ بۆمان دەردەکەوێت کەعەقڵیەتی تازەش ئەو عەقڵیەتە نییە شەراکەت قبووڵ بکات.

کاتی ئەوە هاتووە گەلی کوردستان بڵێت ئیدی بەسە، جەزائیر (**بڕوانە پاشکۆکان**) یان لۆزان یان سایکس-پیکۆ بێن چارەنووسی ئێمە دیاری بکەن کاتی ئەوە هاتووە گەلی کوردستان خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

پاش ئەو هەموو شەهید و ماڵوێرانی و ئیش و ئازارەی ئەو میللەتە کێشای هێشتا خەڵکێکی دیکە مافی ئەوەندەشی پێ ڕەوا نابینی کە تەنیا بڵێ من دەمەوێ سەربەخۆ بم. زۆر سەیرە لەدەرەوە خەڵک و دۆستانی ئێمە و کەسانی دیکەش دەڵێن کاتی نییە. لەڕاستیدا ئەوە پرسیارێکی گەورە دروست دەکات ئەدی کەی کاتیەتی؟ ئەوە ١٠٠ ساڵە ئێمە چاوەڕێین، دیارە لەفەرهەنگی ئەو خەڵکانەدا ئەو ڕۆژە نییە

کە بۆ گەلی کوردستان کاتێکی گونجاو بێت. ئەگەر ئێمە چاوەڕێ بین، دیاریی سەربەخۆ بوون بۆ ئێمە بێنن، هیچ جارێك ئەوە نابینین.

ئێمە وەڵامی ئەوانەمان دایەوە، باشە، داوای دواخستنی ڕیفراندۆممان لێ دەکەن، کەواتە بەدیلی ئێوە چییە؟ باوەڕ بکەن بەدیلێکیان نییە کە خەڵکی کوردستان متمانە و باوەڕیان پێ بێت. ئەگەر بەدیلێك بێنن کە ئەو ئامانجە بەدەست بێنێت، چونکە ڕیفراندۆم ئامانج نییە و ئامرازە بۆ سەربەخۆ بوون، ئەگەر ئەوان ڕێیەکی کورتتر و باشتریان بەئێمە نیشان بدایە کێشە نەبوو، بەڵام هیچ ڕێیەك نییە، ئەوەی ڕیفراندۆم قبووڵ نەکات، واتە شتێکی دیکەی لەژێر سەردایە.

ئێمە تاقیکردنەوەمان بینیوە، کاتێکی زۆر و بەو هەموو پەیوەندییەش کە زۆر بەڵێن دران و هیچیان جێبەجێ نەکران، بۆ سەربەخۆبوون هەر بەهایەك پێویست بێت لازمە ئێمە بیدەین. من ناڵێم بێ موجازەفەیە، بەڵام باوەڕ بکەن، موجازەفەی چاوەڕێ بوون زۆر مەترسیدارترە لەموجازەفەی ئەوەی بڕیاری خۆمان بدەین. هیچ میللەتێك سەربەخۆییان وەك دیاری وەرنەگرتووە، دەبێ خەباتی بۆ بکەین، ئەو قوربانییەی میللەتی ئێمە داویەتی زۆر گەورەیە، بەشی ١٠٠ سەربەخۆبوون خۆێنمان داوە.

باوەڕ ناکەم پێویستی بەوەبێت کە داواتان لێ بکەین ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول بچن دەنگ بدەن. دیسان بۆ وەبیر هێنانەوەتان دەڵێم، دەنگی ئێوە گیانی شەهیدان شاد دەکات، دەنگی ئێوە کۆتایی بەئەنفال دێنێت، جارێکی دیکە ئەو میللەتە ئەنفال و کیمیا باران ناکرێت و گوندەکانمان وێران ناکرێن.

ئێمە نامانەوێت هیچ دوژمنایەتییەك دروست ببێت، پاش ڕیفراندۆم ئێمە ئامادەین دەرگای گفتوگۆیەکی دۆستانە بکەینەوە و بگەینە ڕێککەوتنێکی زۆر ڕێکوپێك لەبارەی بابەتی سنوور و ئاو و نەوت و غاز و هەموو بابەتەکان. زۆر دەڵێن ڕەنگە ڕیفراندۆم ببێتە هۆی کێشە و پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ بەغدا نەگۆڕێت. باوەڕ بکەن مەترسیی گەورە ئەوەیە؛ ئێمە لەو قۆناغە نەچینە دەرەوە و شەڕی داعش زەڕەڕەیەك ناگۆڕێ و هەڵوێستی ئێمە هەمان هەڵوێست دەبێ و گۆڕانی بەسەردا نایەت. پێشمەرگەی ئێمە بۆ دنیای سەلماند کە ئەوان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند.

ئەوانەی داوای دواخستنی ڕیفراندۆم دەکەن با دوای ڕیفراندۆم لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ

بکـەن، گفتوگـۆ پێـش و دوای ڕیفراندۆمیش بەردەوام دەبێت، ئـەمما ئەگەر دەرگایان لەئێمە گـرت، دواتـر ئـەو لایەنانـەی ئـەو هەنگاوەیـان نـاوە دەبـێ بەرپرسیاریتی لەئەسـتۆ بگـرن.

ئێمـە نامانەوێـت خوێـن بڕژێـت و دوژمنایەتـی ببێـت. ڕاسـپاردەی مـن بـۆ ئێـوە هەمـووان ئەوەیـە کـە برایەتیـی میللەتـان بپارێزرێـت، ئەگـەر بیسـتتان و بینیتـان کەسـێك لێـرە و لـەوێ لەسـەر شاشـەی تەلەفزیـۆن گـەف و هەڕەشـەی کـرد، بەڵـێ کەسـانێك کـە جـاران زگیـان برسـی بـوو و ئێسـتا تێر بوون، دێـن گەفوگوڕ دەکـەن، بـەڵام گەفوگوڕیان هیچ بەهایەکـی نابێـت. برایەتیـی کـورد و عـەرەب، کـورد و تـورکمان، کـورد و ئاشـووری و کلدان و سریـان و ئەرمـەن ئازادیـی هەمـوو ئاییـن و مەزهەبـەکان دەبێـت پارێـزرا و بێـت، ئەوەی پێچەوانـەی مێـژوو و مرۆڤایەتـی و دیموکراسـی هەنـگاو بنێێـت، خـۆی پەشـیمان دەبێتەوە.

جارێکـی دیکـە دەیڵێمـەوە ئێمـە نیازمـان نییـە شـەڕی کـەس بکەیـن و هەڕەشـەش ناکەیـن، ئێمـە دەسـتی برایەتـی بـۆ هەمـوو لایـەك درێـژ دەکەیـن، ئـەمما ئەگـەر کەسـێک بیەوێـت خـۆی تاقـی بکاتـەوە و بـەزۆر ئیـرادەی میللەتـی ئێمـە بشـکێنێت ئـەوە مەیـدان بـا خـۆی تاقـی بکاتـەوە.

**خوشک و برایانی بەڕێز**

ئەزموونێکـی تـاڵمان هەیـە، کـەس حـەز نـاکات دۆخەکـە تێکبچێـت. زۆر دەڵێـن دەسـکەوتی زۆر بەدەسـت هاتـوون، بـەڵام ئـەو دەسـکەوتانە بـە چ بەهایـەك بەدەسـت هاتـوون؟ کەسـێک خێـری پـێ کردوویـن، یـان بەخوێنـی ئێمـە بەدەسـت هاتـوون؟ مـن هیـچ گومانـم لـەوەدا نییـە کـە نیـاز هەیـە ئـەو دەسـکەوتانە تێـك بـدەن.

دوێنـێ ئەزموونێکـی زۆر بـاش بـوو کـە ئەوانـەی باسـی زۆرینـەی سیاسـی دەکـەن، ئەوانـە ١٠ سـاڵە ئـەو یاسـایانەیان دەرنەکـرد کـە پێویسـتە بـۆ پێشـمەرگە دەربچێـت، هەروەهـا پێشـمەرگەیان وەك بەشـێك لەسیسـتەمی بەرگریـی عێـراق هەژمـار نەکـرد، بـەڵام بـەدوو کاتژمێـر یاسـایان بـۆ حەشـدی شـەعبی دەرکـرد، دوێنـێ بەنـاوی زۆرینـەی سیاسـییەوە دژی هەبوونـی میللەتـی کـورد، هاتـن بڕیـار بەسـەر ئێمـە دا بسـەپێنن، دەبێـت پەرلەمانـی عێـراق بـە بڕیارەکـەی خۆیـدا بچێتـەوە، چونکـە ئیـرادەی کـورد بـەوان ناشـکێندرێت.

ئێمـە دەمانەوێـت بەخۆشـی و برایەتـی و تەفاهـوم لێـك تێبگەیـن، وەك بـرای بـاش بین و دراوسـێی بـاش بیـن، بـراش کـە بەیەکـەوە هـەڵ ناکـەن ماڵـی خۆیـان جیـا دەکەنـەوە. ئـەوە ١٠٠ سـاڵە ئێمـە دەڵێیـن بەبرایەتـی، ئێمەیـان کوشـت و ئەنفالیـان کردیـن، هـەر چووینـەوە بەغـدا، خەڵکـی کوردسـتان دەسـتووریان دەربـاز کـرد، بـەڵام مـادام ئـەوان شـەراکەتیان قبـووڵ نەکـرد، ئێمـەش خزمەتـکاری قبـووڵ ناکەیـن. ئەگـەر دوو بـرا بووینایـە و شـەریك بووینایـە، ڕەنگـە بەمـڕۆ نەگەیشـتایە، بـەڵام کاتێـك ئـەوان ئەوەیـان قبـووڵ نەکـرد، بـا گازانـدە لەخۆیـان بکـەن.

لەکۆتاییـدا سڵاوی گـەرم بـۆ گیانـی شـەهیدانی کوردسـتان و هەمـوو پێشـمەرگە قارەمانـەکان و هەمـوو گەلـی کوردسـتان دەنێـرم، هـەر بەختـەوەر بـن.

# زاخۆ

## کەرنەڤالێ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### کەس سەربەخۆیی بەدیاری بۆ ئێمە ناهێنێت کەسیش خۆی بۆ ئێمە تووشی کێشە ناکات، دەبێ ئێمە داوای سەربەخۆیی بکەین



**١٤/٩/٢٠١٧**

**بەناوی خوای گەورەو دلۆڤان**

**خوشک و برایان**

ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژە کە من جارێکی دی لەزاخۆی دەلالم، پێش هەر شتێک ئەو یاریگایەتان لێ پیرۆز دەکەم، یەکەم جارە من دێم ئەو یاریگایە دەبینم، ئیشەڵلا زاخۆ و هەموو شارەکانی کوردستان لەپێشکەوتن و خۆشی و ئارامیدا دەبینین.

**خوشک و برایانی بەڕێز**

من نەهاتووم بو زاخۆ تا داواتان لێ بکەم دەنگ بۆ سەربەخۆ بوونی کوردستان بدەن،

چونکـە ئێـوە پێویسـتیتان بەهیـچ کـەس نییـە پێتـان بڵێـت دەنگ بـدەن، بەڵام بـاوەڕ بکەن مـن بیـری ئێـوەم کـرد و ویسـتم بێـم هـەوای زاخـۆ هەڵمژم، تا سـەر لەنـوێ گەنـج ببمەوە.

ئەمـڕۆ بابەتـی گرنـگ بـۆ ئێمـە و هەمـووان بابەتـی ڕیفراندۆمـە، بڕیـاری ڕیفرانـدۆم، بڕیـاری یـەك کـەس، هـی حزبێـك و چەنـد حزبێـك نییـە، بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە. لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە٧ی حوزەیرانـدا بەمەردانـە بڕیـاری خۆیـان دا کـە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلـوول بچینەسـەر سـندووقەکان و چارەنووسـی خۆمـان دیـاری بکەیـن.

بـۆ ئـەو بڕیـارە درا؟ ئـەو بڕیـارەدرا، کاتێـک هەمـوو ڕێگەکانـی دیکـە شکسـتیان هێنـا، دەسـتوور پێشـێل کـرا، شـەراکەت و تەوافـوق و هاوسـەنگی نەمـان و گەڕانـەوە بـۆ بیدعەیەکـی نـوێ. دوێنـێ زۆرینـەی سیاسـی پشـتی پـێ بـەسترا، دوو نموونـەی زۆر ڕەشـی زۆرینـەی سیاسـیمان بینـی، یەکەمیـان بەپێـی دەسـتووری عێـراق، پێشـمەرگە بەشـێکە لەسیسـتەمی بەرگـری عێـراق، ١٠ سـاڵە خەریـك بوویـن لەپەرلەمانـی عێـراق یاسـایەك بـۆ پێشـمەرگە دابنـدرێ و چـەك و بودجـە بـۆ پێشـمەرگە بێـت، بـەڵام ئـەم دەسـت و ئـەو دەسـتیان بەئێمـە کـرد و جێبەجێیـان نەکـرد، بـەڵام بـەدوو کاتژمێـر یاسـای حەشـدی شـەعبییان دەرباز کـرد و بڕێکـی یەکجـار زۆری چـەك و تەقەمەنییـان خستنەدەسـت.

دوێنـێ پەرلەمانـی عێـراق بەزۆرینـەی سیاسـی بڕیارێکـی ڕەشـی لـەدژی کوردسـتان دەرکـرد، کـە ئـەوە مافـی ئـەوان نییـە، ئەمـڕۆش بڕیارێکـی دیکەیـان لـەدژی کەرکـووك دەرکـرد کـە هەرگیـز ئـەوە جێـی قبـووڵ کـردن نییـە.

ئەمـڕۆ پێـش ئـەوەی بێمـە خزمەتتـان شـاندێکی هاوپەیمانـان کـە لەنێویانـدا نوێنـەری سـەرۆکی ئەمریـکا، باڵیـۆزی ئەمریـکا و بەریتانیا و نوێنـەری نەتەوەیەکگرتـووەکان لەبەغدا هاتبـوون و چەنـد کاتژمێرێـك گفتوگۆمـان کرد، ئـەوان بۆچوون و پێشـنیازی خۆیـان هەبوو، ئێمـە گـوێمان گـرت، ئێمـەش بۆچـوون و هەڵوێسـتی خۆمـان بـاس کـرد. هەڵوێسـتی ئـەوان دیـارە و دەڵێـن؛ ئێمـە لەگـەڵ مافـی گەلـی کوردسـتانداین، بـەڵام بەبۆچوونمـان کاتەکـە بـۆ ڕیفرانـدۆم گونجـاو نییـە، نـەوەك کێشـە ڕووبـدات، ئێمـەش دەڵێیـن چـی دیکە ڕوودەدات؟ ئێمـە گوتمـان ئەگـەر بەدیلێکـی بـاشتر هەبێـت، گەلـی ئێمـەش ڕازی دەبێـت، ئـەمما ئەگـەر بەدیـل نەبـێ، ئێمـە ڕیفراندۆمـی خۆمـان دەکەیـن و چـی دەبـێ بـا ببـێ.

چەنـد ڕۆژە لەگەڵیـان لەسـەر هێڵیـن. ئەنجوومەنـی ئاسایشـیش هاتوونەتـە سـەر هێـڵ،

ئەگـەر ئامانـج تەنیـا دواخسـتنی ڕیفرانـدۆم بێـت، ئـەوا ڕیفرانـدۆم دوا ناخـرێ، ئەگەرنـا دەبـێ بەدیلێکـی بـاشتر هەبێـت.

**خوشک و برایان**

بابەتەکە ئیرادەیە ئەگەر ئیرادەی ئێمە بەهێز بێت و ئامادە بین باجی پێویست بۆ سەربەخۆ بوون بدەین، لەو باوەڕەدام و گومانم نییە کە سەربەخۆیی مسۆگەرە و بەدەست دێت.

کـەس سـەربەخۆیی بەدیـاری بـۆ ئێمـە ناهێنێـت کەسـیش خـۆی بـۆ ئێمـە تووشـی کێشـە نـاکات، دەبـێ ئێمـە داوای سـەربەخۆیی بکەیـن، دەبـێ خـۆشمان بـۆ هەمـوو ئەگەرێـک ئامادەبکەیـن، بـاوەڕ بکـەن، ئەگـەر بمانزانیبـا ئـەو دۆخـەی لەکوردسـتان هەیـە دەمێنێـت، ئێمـە کێشـەمان نەبـوو، بـەڵام ئـەوان ئەگـەر شـتێکیان بێتەدەسـت ئـەو دۆخەمـان نایەڵـن و تێکـی دەدەن.

ئێسـتا دەسـتووریان بیـر دێتـەوە و دەڵێـن فلانـەکار دەسـتووری نییـە، ئەو دەسـتوورە لە ٢٠٠٥ەوە هەبوو و ئەوان لەبیریان کرد و پێشـێلیان کرد، بۆچی باسـی ئەو دەسـتوورە ناکەن کـە دەڵێ پابەند بوون بەو دەسـتوورە یەکێتیـی ئارەزوومەندانەی خاکی عێراق دەپارێزێت؟"

لەپـاش ٢٠٠٣ بەنیازێکـی پـاك چووینـەوە بەغـدا، گوتمـان عێراقێکی فیـدراڵ و دیموکرات دروسـت دەکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە ئەوانـەی وامـان زانـی هاوپەیمانمانـن، بـێ وەفاییـان کـرد. ئێسـتا حکومەتێکـی فیدراڵـی و دیموکـرات لەعێراقـدا نییـە، بەڵکـوو حکومەتێکـی ئایینیـی مەزهەبـی لەعێراقـدا حوکـم دەکات، خەڵکـی دیکـە قبووڵـی دەکات، ئێمـە قبووڵـی ناکەیـن، چونکـە ئێمـە بەئارەزوومەندانـە چوویـن، کاتێـك شـەراکەت سـەری نەگـرت، کەس ناتوانێت بەسـەرماندا بیسـەپێنێت. لەیـەك ماڵـدا ئەگـەر دوو بـرا پێکـەوە نەگونجـان، ماڵـی خۆیـان دەکـەن. ئـەوە سـەد ساڵە ئێمـە دەڵێیـن برایـن و لەعێراقـدا پێکەوەیـن، بەڵام لـەو ١٠٠ سـاڵەدا، نەئێمـە و نەئەوان خۆشـیمان نەبینی، ئەرێ کامیان باشـە؟ ئێمە جیابینەوە و ببینـە دراوسـێ؟ یـان ئـەو دۆخـە بـەردەوام بـێ و هیـچ لایەکیـشمان خۆشـی نەبینیـن؟

لـە ٢٠٠٣ ئێمـە هەڵەمـان کـرد کـە چووینـەوە بەغـدا، بـەڵام ئـەوەی چـوو ناگەڕێتـەوە، دەبـێ بیـر لەئاییـنـدە بکەینـەوە، مـن ئـەو ئاییندەیـە تەنیـا لـەوەدا دەبینـم کـە لەگـەڵ بەغـدا ببینـە دوو دراوسـێ. دەبینیـن ڕۆژ بەڕۆژیـش هەنـگاوی خـراپتر و ڕەشتر لەلایـەن

پەرلەمانــی عێراقــەوە دێتەهاویــشتن، ئــەو دۆخــەی پەرلەمانــی عێــراق هیــچ بوارێــك بــۆ گفتوگــۆ نایەڵێــت. ئەوەیــە زۆرینــەی سیاســی هەرچییەکیــان بوێــت بۆیاغێکــی پەرلەمانــی لــێ بــدەن و بەنــاوی یاســاوە بەســەرمانیدا بســەپێنن، ئێمــە ناچــار نیــن ئــەوە قبــووڵ بکەیــن.

ســووکایەتی کــردن بەرانبــەر بەگەلــی کوردســتان زیــادی کــردووە، بەزمانێکــی زۆر نــزم دەدوێــن. زۆر ســەیرە کاتێــك میللەتێــك داوای مافــی خــۆی بــکات، بڵێــن تاوانــە و پێچەوانــەی دەســتوورە، بــەڵام ئەنفــال و وێــران کردنــی شــار و گونــد و کیمیابــاران و نــان بڕینــی میللەتێــك، تــاوان نییــە.

وەفــا باشتریــن ســیفەتە بــۆ هــەر مرۆڤێــک، هەندێــك زماندرێــژ لەبەغــدا پەیــدا بوونــە، هێشــتا نــان و ئــاوی کوردســتان لەزگــی ئەواندایــە، کەســێك وەفــای نەبێــت دەســتی لــێ بشــۆن. پێــش چەنــد ڕۆژێــك، خــۆم ســەیری تەلەفزیۆنــم دەکــرد کەســێکی عــەرەب کــە هیــچ جارێــك کــورد زیانــی بــۆی نەبــووە، نازانــم لەئەســڵدا عەرەبــە، یــان نــا دیبەیتێکــی لەگــەڵ کوردێــك هەبــوو، بەداخــەوە کوردەکەمــان عەرەبیشــی بــاش نەدەزانــی زۆر بــێ ئەدەبانــە بەغرووریکــی دوور لەهەمــوو لۆژیکێــك، دەیگــوت کــورد چیــن و کێــن؟ قســەی مرۆڤێکــی وەهــا هیــچ بەهایەکــی نییــە، بــەڵام ئەمــە دەبێتــە فەرهەنگێــك.

وەڵام بــۆ ئــەو کەســە و هەمــوو ئەوانــەی وەك ئــەو بیــر دەکەنــەوە، ئێمــە گەلــی کوردســتانین، ئێمــە ئەوانەیــن کــە ئێــوە ١٠٠ ســاڵە هــەوڵ دەدەن نەمانهێڵــن ئێمەتــان ئەنفــال و کیمیابــاران و کۆمەڵکــوژ کــرد، کاتێــك قەومــاش ئێــوە کەوتنــە دەســت گەلــی کوردســتان و ئێمــە ئێوەمــان حەوانــدەوە، ئێمــە ئەوەیــن؛ ئــەو کەســە بــەو کــوردەی گــوت، ئێمــە خاوەنــی دیرۆکــی دە هــەزار ســاڵ و خاوەنــی شارســتانییەتی ســۆمەرین، بــەڵام ئایــا ئــەو شارســتانییەتە ئەوەیــە کــە ئێســتا مافیــا حوکــم دەکات؟ ئێــوە نــەوەی پیغەمبەرتــان هێنــا و ســەرتان بــڕی، خــۆ کــورد ســەری نــەوەی پیغەمبــەری نەبــڕی.

ئێمــەش پێیــان دەڵێیــن؛ ئێمــە ئەوەیــن کــە پێشــمەرگەی قارەمــان مەزنتریــن ڕێکخــراوی تیرۆریســتی تێکشــکاند و ناوبانگــی گەیشــتە زۆر شــوێنی جیهــان، ئێمــە دەزانیــن زۆر بــرای ئێمــەی عــەرەب خــاوەن ویژدانــن، لەگــەڵ ئــەو بۆچــوون و فەرهەنگــەدا نیــن، ئــەوە فەرهەنگــی زگ برســییەکانی دوێنــێ و تێرەکانــی ئەمڕۆیــە. ئێمــە هەڕەشــە لەکــەس ناکەیــن، زۆریــش پــێمان ناخۆشــە، دڵۆپــە خوێنێکــی یــەك کــەس بڕژێــت، بــەڵام پەیامێــك

بـۆ هەموو لایەك، ئـەوەی بیەوێـت بـەزۆر هەڕەشـە لـە گەلـی کوردسـتان بـکات، ئـەوە مەیـدان بـا خۆیـان تاقـی بکەنـەوە.

**خوشک و برایان..**

ئێمــە دوو ڕێمان لەبــەر دەمــە، یــان ژێردەســتی یــان ســەربەخۆیی. خوێنــی ئــەو ڕۆڵانــەی هاتنــە ڕژان مافــی ١٠ ســەربەخۆیی هەیــە نــەك یەکێــك، ئــەو زەحمەتییــەی گەلـی کوردسـتان کێشـای، ئـەو ماندووبوونـەی پێشـمەرگە بینـی، مافـی ١٠ سـەربەخۆیی هەیـە، بۆیـە بـاوەڕم وایـە هیـچ کەسـێکی خـاوەن غیـرەت ژێردەسـتی قبـووڵ نـاکات.

**خوشک و برایان**

نابێـت داوا کردنـی مافـی ئێمـە فەرهەنگـی دەوڵەمەنـدی ئێمـە تێـك بـدات، پێویسـتە ئێمـە لەسـەر برایەتیـی کـورد، عـەرەب، تـورکمان، کلـدان، ئاشـووری سریـان و ئەرمـەن بـەردەوام بیـن، دەبـێ لەسـەر ئازادیـی ئایینـی و مەزهەبـی بـەردەوام بیـن، نابێـت بەهیـچ شـێوەیەك نـە بـێ ڕێـزی بەرانبـەر کـەس بکرێـت، نـە ئـاڵای کـەس بسـووتێندرێت، سـووتاندنی ئـاڵا ڕەفتارێکـی خراپـە و دوورە لـە ڕەوشـت و ڕەفتـاری ئێمـە، تکاتـان لـێ دەکـەم خۆتـان لـەو کارانـە بـەدوور بگـرن، لەگـەڵ دراوسـێکاندا ئـەوە ٢٥ سـاڵە ئێمـە سـەلماندمان کە دۆسـتین و هۆکاری ئەمن و ئاسـایش و سـەقامگیرین بۆ خۆمان و ئەوانیش.

ئیرادەتـان بەهێـز بێـت، هیـچ گومانتـان نەبێـت ئایینـدە بـۆ ئێمەیـە، تەنیـا ئیـرادەی ئێـوەی زاخـۆی دەلال هێنـدەی هەمـوو کوردسـتانە.

لەکۆتاییدا ئاماژە بەشیعرێکی زانای مەزن مەلای جزیری دەدەم

**پشــتێ نادیــن دوو هــەزار خەنجــەر و تیــر و ڕم و خشــت**

**مــە ســەری دانییــە ڕێ و ب خــودەدێ بــە ســتیە پشــت**

ئێمە پشتمان بەئێو بەستووە، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان

سڵاو بۆ پێشمەرگەی قارەمان

بۆ جەماوەری خۆشەویست و ئازیزی زاخۆی دڵ و ڕوح.

هەر بژی کورد و کوردستان

## ئامێدی

## کەرنەڤاڵی جەماوەری بۆ پشتگیریی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### وێ فەترێ هەتا دەستوور هاتیە سیاغەکرن، بۆ مەعلوماتێن وە ٣٦ ساروخ ل مقەرێ مە دان



**٢٠١٧/٠٩/١٥**

**ب ناڤێ خودایی مەزن و دلۆڤان**

خوشک و برایێن خۆشتڤی، زۆر زۆر سوپاسیا وە دکەم بۆ ڤێ دەرفەتا خۆش، هەر وەختەکی فرسەت بۆ مە رێك بکەڤیت وەیێن بەڕێز ببینین بۆ مە خۆشترین وەختە، من ب فەر زانی کو ب خزمەتا وە بگەهم بۆ هندێ ل سەر بابەتێ ڕیفراندۆمێ ئەو تشتێ کو لازم بیت بۆ هەوە بێتە رون کرن، ڕەنگە گەلەك وێ پرسیارێ بکەن و بێژن بۆ بڕیار هاتەدان ڕیفراندۆم بهێتەکرن، بۆ نوکە ئەو بڕیار هاتەدان؟ بەرسڤا ڤێ پرسیاری حەقیقەت ئەم زۆر تەخیرین پێدڤی بوو مە وەکو گەلێ کوردستانێ، زوتر ئەڤ بڕیارە دابا.

**بۆچ ئەڤ بڕیارە هاتەدان؟**

چنکـو ئەسـلێ خـۆ هـەر ل ڕۆژا کـو دەولەتـا عێراقـێ هاتیـە دامەزرانـدن، پشـتی جەنـگا جیهانیـا ئێکـەم ل سـەر وێ بنەمایـێ هاتەدامەزرانـدن کـو شـەراکەت دناڤبـەرا کـورد و عـەرەب و هەمـوو پێکهاتەییێـن دی هەبیـت، هیـن بخـو دزانـن پشـکا مـە ل وێ شـەراکەتێ چ بـوو، چ ب سـەرێ مـە ئینـا، چ کارەسـات ب سـەرێ ڤـی مللەتـی ئینـا.

دەڤـەرا ئامێدیـێ ئێکـە ژ وان شـاهدێن زینـدی، کا چ کارەسـاتەك ب سـەرێ گەلـێ کوردسـتانێ هـات، گونـد بـۆ مـە نەهـێلان، ئەنفـال کـرن، کیمیابـاران کـرن، گوندێـن مـە وێـران کـرن، هێشـتا جەنابـی وان نەڕازینـە، ئەگـەر ئـەم دەعـوا حەقـێ خـۆ بکەیـن.

پشـتی ٢٠٠٣ی کـو ڕژێما بەعـس ڕووخـا مەگـوت دەرفەتـەکا تازەیـە بـۆ مـە هەموویـان، بـۆ کـوردان و بـۆ عەرەبـان ،تورکومانـا، کلدانـا ئاشـوریا، سریانـا، ئەرمەنـا، موسـلمانا، مەسـیحیا، ئێزدیـا، هەمـی دیـن و مەزهەبـا، دا عێراقـەکا تـازە دروسـت بکەیـن ل سـەر بنەمایـێ برایەتـی و یەکسـانی و شـەراکەتێ، ئـەو کارەسـاتێن بـەری نهـا ب سـەرێ هەمـوو مللەتـی هاتیـن، جـارەکا دی دووبـارە نەبنەڤـە ب ئنییەتـەکا پاقـژ و ب دلەکـێ پاقـژ چووینـە بەغـدا، بـۆ هنـدێ کـو وێ عێراقـێ دروسـت کەیـن، ئـەمما پشـتی ماوەکـێ کێـم بـۆ مـە دەرکەفـت کـو هەمان فەرهەنـگ و هەمـان ئەقلیەتـە.

مشـکیلا سـەرەکی و مـەزن ئەڤەیـە برادەرێـت مـە ل بەغـدا شـەراکەتێ قەبـوول ناکـەن، پشـتی ڤـان هەمـوو کارەسـاتێن ب سـەر مللەتـێ کوردسـتانێدا هاتیـن، پشـتی ئـەڤ هەمـی شـەهیدێن قەهرەمـان، وەڵلا پـا ئەمیـش خزمەتکاریـێ بـۆ وان قەبـوول ناکەیـن، شـەراکەت نەهـێلا، تەوافـق نەهـێلا، هەڤسـەنگی نەهـێلا، ب موجبـی دەسـتووری ئـەو دەسـتوورێ کـو پێشـێل کـری، پێشـمەرگە بەشـەکە ل مەنزومـا بەرگریـا عێراقـێ، ١٠ سـالان ئـەم د مفاوزاتـادا بوویـن دگـەل وان کـو قانوونەکـێ دەرکـەن حەقـێ پێشـمەرگەیی بـدەن ل چـەك و تەقەمەنـی و بودجـەی، نەکـر و ب دوو سـەعەتان قانـوون بـۆ حەشـدا شـەعبی دەرکـرن.

وەختـێ دەسـتوور هاتیەدانـان د سـالا ٢٠٠٥ێ، ئـەز ب خـۆ ٥٣ ڕۆژان ل بەغـدا مامەڤـە، وێ فەتـرێ هەتـا دەسـتوور هاتیـە سـیاغەکرن، بـۆ مەعلوماتێـن وەش ٣٦ سـاروخ ل مقـەرێ مـە دان، هێنگـی وێ فەتـرا کـو ئـەز ل وێـرێ حەرەسـێت مـن

شـەهید بـوون، بریندارێـش بـوون. ئـەمما ئـەم هـەر مابنەڤـە ل بەغـدا بـۆ هنـدێ دا دەسـتوورەکێ وە بهێتـە سـیاغەکرن کـو ئەمیـش ئیسـتیراحەتێ بکەیـن و خەلکـێ دیـش ئیسـتیراحەتێ بکـەت، هـەر کەسـەك مافـێ خـۆ و ئەرکـێ خـۆ بزانیـت.

ئـەمما دەسـتوور بـەس بـۆ فەترەیەکـێ بـوو هەتـا پێـت خـۆ قاییـم کریـن، ئەوێـت کـو مـە تەسـەور دکـر هەڤپەیمانێـت مەنـە، مـاددا ١٤٠ مـە قەبیـل کـر بـوو ئـەو ناوچێـت کـو ئـەو دبێنـێ (متنـازع علیهـا) و ئـەم دبێنـێ ناوچێـت کوردسـتانێ یێـن دەرڤـەی هەرێمـێ، نـە ل بـەر هنـدێ مـە شـکەك هەبیـت کـو کوردسـتانییەتا ڤـان دەڤەرانـە، ئـەمما مـادەم ڕێکـەك هەیـە ب دەسـتووری ب یاسـایی ئەڤـە بێتـە حەلکـرن، مـەش ئـەو پـێ خـۆشتر بـوو، مـە نەڤێـت مشـکیلە دروسـت ببن، مـە دڤێـت هـەر وەختـێ مەجـال هەبیـت ب ڕێکـەکا ئاشـتییانە و لێکتێگەهـشتن و ب ڕێـز لێکگرتـن. وەڵلا مـە ئـەو چارەسـەر پـێ خـۆشترن ئـەمما هـەر وان ب خـۆ مـاددا ١٤٠ جێبەجـێ نەکـر، دڤیـاب نیهایەتـا سـالا ٢٠٠٧ ی مـاددا ١٤٠ تەمـام ببـا، وان ب خـۆ گـوت مـاددا ١٤٠ مـر. ئەڤـرۆ کـو بەحسـی مـاددا ١٤٠ دکـەن و بەحسـی دەسـتووری دکـەن ل نەچاریـە کـو بەحـس دکـەن نەکـو ئەگـەر بـاوەڕی پـێ هەبـا بـەری نوکـە دا جێبەجـێ کـەن، دەسـتوور ئـەو دەسـتوورە کـو ئـەو ب شـەڤ و ڕۆژ نوکـە دبێـژن ئـەڤ بڕیـارا خەلکـێ کوردسـتانێ نەیـا دەسـتوورییە. ئـەرێ ئـەڤ هەمـوو بڕیارێـن هنگـو دایـن، ئـەڤ هەمـوو غـەدر و زولما هنگـو ل خەلکـێ کوردسـتانێ کـری، هنگـو نانـێ خەلکـێ کوردسـتانێ بـڕی، هنگـو ب کام دەسـتوور ئـەڤ قـەرارە دا..؟

ل دیباجـا دەسـتووریدا کـو ئـەو پێدخـورن و دبێـژن مـە مخالفـا دسـتووری یـا کـری وا چ قیمـەت بـۆ وی دەسـتووری نەهێلاینـە، د وی دەسـتووریدا فەقەرەیـا هـەی زۆر زۆر یـا ڕوون و ئاشـکرایە چـاوا ب عەرەبـی هاتییـە نڤیسـین ئـەز دێ وەسـا خوینـم (ان الالتـزام بهـذا الدسـتور یحفـظ للعـراق اتحـاده الحـر) ئەوێـن عەرەبیـزان زۆر بـاش مەعنـا وێ تێدگەهـن (اتحـاده الحـر) یەعنـی چ، یەعنـی ئارەزوومەندانـە، مـە ئیختیـار یـا کـری ئـەم دێ دگـەل براییـن خۆییـن عـەرەب ژیـن، لـێ وان برایەتی قەبـوول نەکـر، وان شـەراکەت قەبـوول نەکـر، مـادەم هویـن قەبـوول نەکـەن پـا دێ ڕێکێـش بـەردەن و خـۆ نـەڕازی نەکـەن هـەر ئێـك ل مـالا خـۆ، ئـەم دۆسـتین ئێـك و براییـن ئێکیـن.

بەحسی زۆرینا سیاسی دکەن، نوکە ئەڤ بیدعەیەیا ئینایەدەرێ، زۆرینا سیاسی یەعنی نەهێلانا پەرلەمانێ فیدراڵی، یەعنی ڤەگەڕیان بۆ پەرلەمانێ مەجموعەیەکا شوڤینیان هەر وەکو ئیسبات کر، ئیسبات کر ل نەدانا حەقێ پێشمەرگەی، نەهێلانا دەرچوونا قانوونەکێ بۆ پێشمەرگەی کو ب دوو سەعەتان بۆ حەشدا شەعبی دەرکر، هەر وەکو بەری دووسێ ڕۆژان قانوون دەرکر و بڕیار دەرکر دژی ڕیفراندۆمێ، دوهی بڕیار دەرکر دێ پاریزگارێ کەرکووکێ لادەن چونکی هەڵوێستەکێ نەتەوەیی و نیشتیمانی نیشان دا، ڤێجا بەرسڤا مە بۆ وان ئەوە، ئەو پەرلەمانێ کو ب ڤی شکلەیی بیت و ب ڤی ناڤێ زۆرینێ هەر چ تشتێ دژی گەلێ کوردستانێیە ل سەر مە فەرز کەت، ئەمیش دێ بێینە وان قەرارێن وە ناگەهنە کوردستانێ و خۆ ماندی نەکەن.

نوکە دێ بێنە مە هەکە هەر دێ ڕیفراندۆمێش کەن بەس لازمە ڤەگەڕێینەڤە بۆ خەتێ کەسك، خەتێ سەوز هوین دزانن خەتێ سەوز کییە؟ خەتێ سەوز ئەو خەتێ تەماسێ بی یێ کو هەتا ڕووخانا ڕژێما بەعس سالا ٢٠٠٣ ی، خەتا تەماسێ بی بەینا پێشمەرگەی و جەیشێ عێراقی، یەعنی ڤەگەڕێڤە بۆ نك ئالوکا ل دهۆکێ، فەگەڕێڤە بۆ ١٠ کیلومەترا جنوبێ هەڤلێرێ، کەرکووك هیچ، خانەقین هیچ، شنگال هیچ، زوممار هیچ، مەخمور هیچ، ئەڤا هەمیا دڤێت تو بەردەی، هەمی شەهیدێن مە بین کو مە داین بۆ خاترا ڤێ ڕێبازێ بۆ سەرکەفتنێ و سەرخۆبوونا کوردستانێ، بەس ئەڤ شەهیدێن کو د ڤێ شەڕێ داعشدا هاتینەدان و ئەڤ هەمی ناوچێت کو ئەو ڕەڤین و تەسلیم کری، پێشمەرگەیی ئازاد کرن ب خۆینا خۆ، هنگ دزانن کانێ مە چ قەهرەمان ژدەست دان، مە چ عەزیز ژدەست دان هەتا ئەڤ ناوچەیە هاتینە پاڤژکرن، پاشیش کێ گوتیە ئەڤە سنوورێ کوردستانێیە، ئەم د حازر نینین یەك دەقیقەش مناقشێ ل سەر ڤی سنووری بکەین.

خوشك و برایێن بەرکەفتی، مە دوو ڕێك یێن ل پێش، یان دێ بن دەستێ قەبوول کەین یان دێ بەرەڤ سەرخۆبوونێ چین، مە هەمی ڕێك تەجروبە کرن خودێ ل سەر شاهدە مە ب نییەتەکا پاڤژ مە ڤیا دەستێ

برایەتیێ بۆ هەموویان درێژ کەین، مە لامەرکەزی تەجروبە کر، ئۆتۆنۆمی تەجروبە کر، فیدرالی تەجروبە کر، ئەڤە نەتیجێ وێیە. پرسیار ئەرێ گەلو ئەم جیرانێن باش بین و دۆستێت ئێك و هەڤکارێت ئێك بین باشترە یان نەخێر؟ ئەم برایێن ئێکین و ب زۆر دێ د ئێك حەوشدا بین، هەموو ڕۆژان دێ ب حەفکا ئێکودوڤە بین، نە ئەو ئیستراحەتێ بکەن و نە ئەم، کی باشترە؟

موجازەفە بەلێ موجازفە یا تێدا، بەس باوەڕ بکەن موجازفا چاڤەڕێ بین پێنگاڤێ نەهاڤێژین، پێنگاڤێن پێویست ئەو موجازەفە گەلەك خەتەرترە ل وێ کو تو بڕیارێ بدەی، مەسەلە لێرەدا ئیرادەیە لازمە ئیرادا گەلێ کوردستانێ یا ب قوەت بیت، ئیرادا وەیا ب قوەت بیت، وەختێ ئیرادەیا ب قوەت بیت دەسکەفتیش یێ مسۆگەرە، دێ هێتە دەست.

هەلوێستێ دەولی، ئەکید هنگ هەمی موتابعا ئەخبارا دکەن، مەسەلا ڕیفراندۆمی یا بۆیە بابەتەکێ زۆرێ گرنگ ل سەر هەمی میدیایا جیهانیدا، قەت مە نەگوتیە ئەڤ دەولەتە یان ئەو دەولەتە وەعدێ دایە مە و دێ هێت دێ بۆ مەسەرخۆەبوونێ ب دیاری ئینیت.

ئەگەر ئەم ل هیڤیا هندێ بین ئەڤ دەولەتە دێ هێن بێنە مە فەرموون گەلێ کوردستانێ ئەڤە سەرخۆەبوونا هنگو، وەڵا هەتا ئەم د ساخین و هەتا دنیا هەی، ئەم وێ نابینین، تو لازمە دەعوا حەقێ خۆ بکەی، خوینا گەلێ کوردستانێ دای پشکا دە سەرخۆەبوونایە نە یەك سەرخۆەبوونێ.

کەسەك نەهاتییە ئەڤ دەولەتە بێنە مە ئەم دژی حەقێ وەینە، ئەم دژی سەرخۆەبوونێینە، ئەم دژی ڕیفراندۆمێینە، بەس دێ بێژن ئەڤە وەخت نییە، باشە کەنگی وەختە بێژنە مە؟ چ جەواب ڤێنینە بەس داخازێ دێ ل مە کەن تەئجیل کەن، دوهیش وەفدەك ل نك من بوو هەر ل سەر وی بابەتی ئەز یەك تکایێ دێ ل هنگو کەم، یەك هیڤیێ دێ ل وە کەم، زۆر خۆ ب ئەخبارێن تێلەڤزیونا و ئاخفتنا ڤەی و یێ دی زۆر خۆ پێ مشەوش نەکەن، هەتا ئەڤرۆ ئەو بەدیلێ کو جهێ ڕیفراندۆمێ ڤەگریت، بۆ مە ئەو بەدیل نییە و بۆ مە نەهاتییە.

ڕیفراندۆم وەسیلەیە، ڕیفراندۆم ئامرازە بۆ سەرخۆەبوونێ، ڕیفراندۆم هەدەف

نییـە بـۆ مـە، ڕیفرانـدۆم وەسـیلەیە، سـەرخۆبوون هەدەفـە بـۆ مـە، كـەرەم كـەن باتـی ڕیفراندۆمـێ وی بەدیلـی بـۆ مـە بینـن، ڕیفرانـدۆم ئەسـلەن پێویسـت ناكـەت ئـەمما ڕیفراندۆمـێ تەئجیـل كـەن دێ ڤـێ بـۆ هنگـو بێژیـن و دێ ڤـێ كەیـن، مـە وەعـد زۆر یێـت گوولـێ بوویـن، چ وەعدیـش نەئینایـنـە جـێ، ڕیفراندۆمـێ تەئجیـل ناكەیـن چونكـی مـن وەیـێ بیسـتی، مـن یـێ بیسـتی كـو تەقریبـەن دوودلییـەك یـا پەیـدا بـووی ل نەتیجـێ ئاخفتنێـت ئەڤـی و یـێ دی و یـێ دی. شـەرعیەت، خەلكـێ كوردسـتانێ دێ شـەرعیەتێ دەتـە ڕیفراندۆمـێ نـە ل دەرڤـە دێ شـەرعیەتێ دەنـە مـە.

پرسـیارا مـەش بـۆ وان ئـەوە یێـت بێنـە مـە ڕیفراندۆمـێ تەئجیـل كـەن چ بـەدیلاش نـەدەن، یـا كا مەبادئێـت هنگـو ؟ كا ئـەو ئیدیعایـا هنگـو یـا مافـێ مرۆڤـا؟ كا ئـەو ئیدیعایـا هنگـو یـا حقوقێـن ئینسـانان؟ كا ئـەو ئیدیعایاتێـن هنگـو بێـن دیموكراسـی؟ مـە تەسـەور دكـر دێ پاداشـتێ گەلـێ كوردسـتانێ نەتیجـێ خوینـا ڤـا هەمـی شـەهیدان كـو ئسـتورا داعشـا پێشـمەرگا تێكشـكاند، دێ هێـن بێـژن گەلـێ كوردسـتانێ حەقـێ وەیـە مـادەم ئـەو معـارزێ بكـەن، ئەمیـش هنـدە حسـابێ بـۆ ڕەئیـا یـەك بەشـەری ناكەیـن.

دوماهیـێ مـن دڤیـا ئـەز بێـژم تەوسـیا مـن ئـەوە خۆڕاگـر بـن، گوهـێ خـۆ نەدەنـە قەسـە و قەسـەلوك و تەسریحاتێـت ئـەڤ و یێـن دی، ئیـرادا وەیـا ب قـوەت بێـت، ئـەم دێ بـەرەڤ ڕیفراندۆمـێ چیـن وە ئیشـەڵلا دێ گیانـێ شـەهیدێن خـۆ شـاد كەیـن، دێ دلـێ دایكێـت شـەهیدان خـۆش كەیـن، دێ قـەرێ وان شـەهید و وان قەهرەمانـان خـودێ فەرسـەتێ بـدەت بدەینەڤـە، ئەویـش تەنیـا سـەرخۆبوونە، ئەگـەر نـە سـەری دێ ل سـەر دانێین وەكـو وان شـەهیدان.

پاراسـتنا مەبادئێـت خـۆ لازمـە تەسریحاتێـت نـزم و ئیسـتیفزازی كەسـەک ل بەغـدا یـان هـەر جهەكـێ تەئسـیری ل وە نەكـەت. مەسـەلا پێكڤەژیانـێ و برایەتیـا مـە وەكـو مللەتـێ كـورد و عـەرەب و تـوركمان، ئازادیـا دیـن و ئایینـان، موسـلمان، مەسـیحی، ئیـزدی، ئەڤـە بەشـەكن ل فەرهەنگـێ مـە ل تەئریخـا مـە، لازمـە بمینـن بەشـەك ل خۆینـا مـە هەتـا كـو ژیـان د گیانـێ مـەدا بیـت. لازمـە ئـەم پابەنـدی ڤـان بنەمایـا نەبیـن، نابیـت ڕێكـێ بـدەن تشـتێ غەلـەت بێتەكـرن، ئالایـێ چ دەولەتـا و چ كەسـاش

نەهێنــە ســوتن، چونکــی ڕەفتــارەکا غەلەتــە ڕەفتــارەکا دویــرە ل ڕەوشــتێ بــەرزێ گەلــێ کوردســـتانێ.

مــن دڤێــت ئــەز وە دلنیــا بکــەم کــو ئــەڤ بڕیــارە بڕیــارەکا بوێــر بــی، ڕۆژا ١٧ای حوزەیرانــێ بڕیــارا خەلکــێ کوردســـتانێیە بڕیــارا هەمــی حیزبێــت کوردســـتانێیە، بڕیــارا تاکــە شــەخس نییــە، بڕیــارا یــەك حــزب دوو حیــزب نییــە، ئــەوێ کــو نەڤــێتن ڤــێ شــەرەفێ بەشــدار بــیتن ئــەو بــۆ وی مەتروکــە ب کەیفــا خۆیــە، ئــەمما ئەڤــە بڕیــارا گەلــێ کوردســـتانێیە.

دوماهیــێ سلاڤــا دهنێریــن بــۆ گیانــێ پاقــژێ شــەهیدێن کــورد و کوردســـتانێ، شــەهیدین ئازادیــێ ل هەمــی جیهانــێ سلاڤ بــۆ پێشــمەرگێت قەهرەمــان، سلاڤ بــۆ وە جەمــاوەرێ دەڤــەرا ئامێدیــا تێکۆشــەر و قەهرەمــان، هــەر بــژی کــورد و کوردســـتان، زۆر ســوپاس و ئینشــەڵلا دەولەتــا داهاتــی، دەولەتــا فیدراڵــی و دیموکراتــی دێ بیــت بــۆ مــە هەموویــان بــێ فــەرق و جوداهــی و ب یەکســانی کــورد و عــەرەب و تــورکمان و موســـلمان و مەســـیحیان هەمــوو ڤێکرا، زۆر ســوپاس.

## دهۆک

## کەرنەڤاڵی پشتگیریی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### ئەم خیانەتێ ل خوینا شەهیدێت خۆ ناکەین، ئەم بندەستیێ قەبوول ناکەین



٢٠١٧/٠٩/١٦

**بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان**

جەماوەرێ پارێزگەها دهۆکا خۆڕاگر، سلاڤێت خودێ ل وە بن، نزانم چەوا تەعبیرێ ل خوشحالییا خۆ بکەم کو ئەز وە تبینم، جاڤێ خودێ وە بیت، ئەز بێژم پارێزگەها دهۆکێ، پێرێ زاخۆ، دوهی ئامێدیێ و ئەڤرۆ دهۆکێ، کۆمبوونا جەماوەرێ شێخان و سمێلێ دگەل دهۆکێ، وە بڕیارا خۆ دا ئەز بێژم ئێدی ڕیفراندۆم لازم نییە، وە بڕیارا خۆ دا یا دیش ب پێویست نابینم بێژمە وە بێژن بەلێ، چونکی وە گوت بەلێ، پێشەکی ب پێویست زانم سوپاسێت بێ پایان پێشکەشی وە بکەم، خەلکێ دەڤەرا دهۆکێ، پارێزگەها دهوکێ بۆ ئەو ڕۆلێ مرۆڤدوستییێ وە دیتی چ ل پێشوازییا ئاوارا و چ ل پشتیوانییا جەبهەی و پشتیوانییا پێشمەرگێت قەهرەمان وەختێ کو ڕووبرووی بوونەڤە دگەل تیروریستێت داعش، سوپاسییا وە دکەم، وە سەرێ مە بلند کر.

**خوشک و برایێت خوشتڤی**

بڕیارا ڕۆژا ٧ێ حوزەیرانێ بڕیارا گەلێ کوردستانێیە نە بڕیارا شەخسەکێ، بڕیارا گەلێ کوردستانێیە کو بێژن بەلێ بۆ سەرخۆبوونێ، هێزێن نشتیمانپەروەرێن کوردستانێ ل هەمی نەتەوا و ئایینا کۆمبوون و بڕیارا خۆ دا، کو ڕۆژا ٢٥ێ ئەیلوولێ خەلکێ کوردستانێ بچنە سەر سندوقا و بێژن بەلێ، بەلێ بۆ سەرخۆبوونێ، بۆ ئەڤ بڕیارە هاتەدان؟، ئەگەر ئلتیزام ب دەستووری هاتبا کرن، ئەگەر شەراکەت قەبوول کربا، ڕەنگە نەگەهشتبا ئەڤرۆ، ئەمما دەستوور پێشێل کر و ئێخستە بن پێت خۆ، شەراکەت نەهێلا، تەوافوق نەهێلا، هەڤسەنگی نەهێلا، مە گوت بەلکی پشتی کو ڕژێما بەعس ڕووخیایی سالا ٢٠٠٣ێ دەرفەتەکا تازە بۆ هەمی خەلکێ عێراقێ هاتە پێش، کو ئەم خەلکێ کوردستانێش ڕۆلێ خۆ تێدا ببینین عێراقەکا تازە دروست بکەین، عێراقەکا فیدرالا دیموکرات، ئەمما زۆر پێنەجوو و دەرکەفت کو هەمان فەرهەنگە، فەرهەنگێ کو قەبوول ناکەن خەلکێ کوردستانێ شریک بن ل بەغدا، مە گوت عەقڵ بیەتا ئەنفالچییا خلاس بووە ل بەغدا، بەس ب شێوەیەکێ دی دیسان ئەنفالاکا دی سەرێ خەلکێ کوردستانێ هینا، وەختێ نانێ خەلکێ کوردستانێ بڕی، لازم بی وێ ڕۆژێ وا زانیبا کو چ عیلاقا مە و وان پێکڤە نەما، وان شەراکەت قەبوول نەکر نەک مە، ئەگەر تەماشای دەستوورێ عێراقێ بکەن، دەستوورێ عێراقێ دبێژیت (ان الالتزام بهذه الدستور یحفظ للعراق اتحاده الحر) یەعنی ژیانەکا ئارزومەندانە یا پێکڤە مەیا ئختیار کری دگەل بەغدا، وەختێ وان ئەو قەبوول نەکر لازمە ئەو قەبوول بکەن کو ببینە جیرانێت ئێکودو، مادەم شەراکەتێ قەبوول نەکەن ئەمیش خزمەتکارییێ قەبوول ناکەین، بڕیار ئەو بوو دەولەتەکا مەدەنی یا فیدرالی، دیموکراتی ل عێراقێ بێتە دامەزراندن، ئەڤرۆ ئەم پێت ڕوبرووی دەوڵەتەکا ئایینی یا مەزهەبی بووین نە دەولەتەکا دیموکراتی و فیدرالی، فیدرالیێ ئەسلەن چ مەعنا نەماینە ل بەغدا. بەهانە هاتە گرتن کو وەختێ بەحسێ ڕیفراندومێ بێتە کرن ئەڤە بڕیارا شەخسەکێیە یان حزبەکێیە یان یا چەند حزبایە، ئەڤە مەعلوم بوو ئەڤە نە بڕیارا شەخسەکێیە و نە بڕیارا حزبەکێیە و دوو حزبا و سێ حزبایە، ئەڤە بڕیارا گەلێ کوردستانێیە، بەهانە گرتن کو پەرلەمانێ کارا نییە و پەرلەمانی بڕیار نەدایە، ئەز وەختەکێدا کو دەستخوشییێ ئەندامێت پەرلەمانێ کوردستانێ کەم کو

دوینـێ کۆمبووویـن و بڕیـارەکا مێژوویـی دا، دەستخوشـییێ لـێ دکـەم و پیرۆزباهیـێ ل گەلـێ کوردسـتانێ و ل وان کـەم، ئەڤـە پەرلەمانێـش بڕیـار دا، ئەڤـە پەرلەمانێـش بڕیـار دا کا چ بەهانێـت دی مایـنـە.

**خوشک و برایێت خوشتڤی**

وەختـێ کـو ئـەم بێهیڤـی بوویـن چ ڕێـک نەمـان، پـار ئـەم وەڤـدەکا مـەزن یـا هەمـی هێزێـت سیاسـییێت کوردسـتانێ چوویـنـە بەغـدا و بـەری کـو سـەفەرا بەغـداش بکەیـن چەنـد جـارا مـە کۆمبوونێـت کریـن گـەل تەحالفـا نشـتیمانی و مـە یـێ گوتیـێ وەرن دا ب جورئـەت بڕیـارێ بدەیـن چونکـی شـەراکەتێ فەشـەل ئینـا، وەرن دا بینـە جیرانێـت بـاش، برایێـت ئێـک بیـن و هاوکارێـت ئێـک بیـن، ئەمـا مـە پێچێنابیـت ئـەم و هنـگ پێکڤـە بژیـن، خەتـا هنگویـە نـە یـا مـە، وەرن دا ببینـە جیـران، کەسـەکێ ل وان نەرازیبوونـا خـۆ دیـار نەکـر، هەتـا ب عەرەبـی هنـدەک ل وان و مەسـئولیت وان گوتـی باشـە بلا (تسریـح بإحسـان) بیـت، ئەمـا جهـێ داخێیـە کـو ئەڤـرۆ یـێ ب زمانەکـێ تەهدیـد یێـت ئاخڤـن و بەحسـی دەسـتووری دکـەن کـو ئـەڤ بڕیـارە نەیـا دەسـتوورییە، ئـەو دەسـتوورێ وان پیشـێل کـری، ئـەم تەهدیـدا کەسـەکی ناکەیـن و حەزیـش ناکەیـن کەسـەک تەهدیـدا ل مـە بکـەت، زمانـێ تەهدیـدێ چ نەتیجـە نابـن، وەرن دا پێکڤـە ڕونێیـن، برایەتـی و خوشـی و ب تەفاهـوم تێکبگەهیـن.

بدعەیـەکا دی نوکـە یێـت تینـەدەرێ، بدعەیـەکا نـوی بەحسـا زۆرینـا سیاسـی دکـەن، نوکـە بەحسـێ زۆرینـا سیاسـی دکـەن، زۆرینـا سیاسـی ئـەم زۆر بـاش تێدگەهیـن یەعنـی چ، زۆرینـا سیاسـی یەعنـی ڤەگەڕیـان بـۆ خۆسـەپاندنێ، یەعنـی بـۆ ئینـکارا شـەراکەتا گەلـێ کوردسـتانێ دگـەل بەغـدا، نوکـە نـە پەرلەمانـێ فیدرالییـە، پەرلەمانەکـە نوکـە یـێ کەفتییـە دەسـتێت مەجموعەیـەکا شـوفینییا، زۆرینـا سیاسـی بدعەیەکـە دڤێـن شـەڕێ ئیـرادێ دگـەل مـە بکـەن، دگـەل خەلکـێ کوردسـتانێ و ئـەم پەیمانـێ دەینـە گەلـێ کوردسـتانێ و خوینـا شـەهیدێت خـۆ، قـەت و قـەت ئیـرادا مـە ناشـکێت بەرامبـەر ب ئیـرادا هیـچ کەسـەکێ، ئەڤـرۆ پێـدا هیـچ ئعتیبـارەک بـۆ بڕیارێـت پەرلەمانـێ شـوفینییا عێراقـێ نینـە ل نـک هـەرێما کوردسـتانێ، هـەر وەختەکـێ مـن یـێ گوتـی، هەمـی وەختەکـێ کەسـەک یـان دەولەتـەک ل دەرڤـە ناهێـت بێژیتـە مـە ئەڤـە سـەرخۆبوون بـۆ وە گەلـێ کوردسـتانێ.

**گەلی خوشک و برایا**

دزانـن مـە دوو ڕێـک یێـت پێـش، یـان بندەسـتی یـان سـەرخۆبوون، ئـەم خیانەتـێ ل خوینـا شـەهیدێت خـۆ ناکەیـن، ئـەم بندەسـتیێ قەبـوول ناکەیـن، شـەڕە ئیرادەیـە و ئـەز بـاوەرم ئیـرادا ڤـی گەلـەی ئیـرادا ڤـی جەمـاوەرەی ل هەمـی چـەک و هێزەکـێ هێزتـر و قووەتـرە. جاڤەڕێیـا مـە دگـەل دەولەتێـت دوسـت، دەولەتێـت دوسـت و هەڤپەیمان دیسـا بەحسـا ڕیفراندۆمـێ یـێ هاتییـە کـرن، نـە ل نوکـە بەلکـی هەیڤـا ٥ سـالا ٢٠١٥ێ مـن ڕوبـرووی دگـەل سـەرۆکێ ئەمریـکا بەڕێـز بـاراک ئوبامـا ئـەڤ مەوزوعـە مـن یـێ بەحـس کـری ل وایـت هـاوس و دگـەل هەمـی ئـەڤ دەولەتێـت ئەوروپـی، دەولەتێـت دەرڤـە، دەولەتێـت ئەقلیمـی، تەبیعـی هەلوێسـتێت جـودا جـودا یێـت هەیـن، ل وا هەلوێسـتێت کـو بێـژن ئەڤـە نـە وەختـێ ڕیفراندۆمێیـە هەتـا کـو دگەهیتـە وێ هەلوێسـتێ کـو دبێـژن ئـەم دژی ڕیفراندۆمێینـە، هەتـا هەلوێسـتێ کـو دبێـژن ئـەم دژی مەبدەئـێ ڕیفراندۆمێینـە، تەوەقوعـا مـە ل دوسـتێت مـە یێـت دەرڤـە ئـەو بـوو کـو بێـن، چونکـی وەختـێ کـو تێـن گاڤـەکا خـوش دێ بەحسـێ قەهرەمانییـا پێشـمەرگەی کـەن، قەهرەمانییا گەلی کوردسـتانێ کـەن، زۆر باشـە ئـەم مەمنونیـن، ئەمـا ئـەم چاڤەڕێینـە ل وان کو قـەدرێ خوینا شـەهیدێت مـە بگـرن، قـەدرێ زەحمـەت و ماندیبوونـا گەلـێ کوردسـتانێ بگـرن، ئەگـەر سیاسـەتێت وان، بەرژەوەندیێـت وان ڕێکێـش نـەدەن عەلەنـی و ب ئاشـکەرا بێـژن ئـەم پشـتیوانێت ڕیفراندۆمێینـە ئـەم پشـتیوانێت مافێـت ڕەوا یێـت گەلـی کوردسـتانێینە، ئـەو کەیفـا وانـە، بـەس بـۆ وەختـێ ڕازیبوونـا ڤـی لایـەی یـان لایـێ دی بەرپرسـەکێ دەرڤـە بێـت ببێژیـت ئەڤـە نەیـا شـەرعییە و نەیـا دەسـتوورییە، قـەت ئـەم ڤـێ ل کەسـەکی قەبـوول ناکەیـن، شـەرعییەتا ڕیفراندۆمـێ ئـەم ل جەمـاوەرێ کوردسـتانێ وەرتگریـن، ئـەم ل خوینـا شـەهیدێت خـۆ وەرتگریـن نـە ل خەلکەکـێ دی، دەولەتـا داهاتییـا کوردسـتانێ ئینشـەللا دێ دەولەتـەکا مەدەنـی بیـت، دەولەتـا هەمـی پێکهاتـا بیـت، دەولەتـا کـوردا و عەرەبـا، تورکومانـا، ئاشـوریيا، کلدانـا، سریانـا، ئەرمەنـا، یـا هەمـی دیـن و مەزهەبـا بـێ فـەرق و جوداهـی و چ زەمانەتەکیـش بڤێـن، ئـەم حازریـن وا زەمانەتـا بـۆ دابیـن بکەیـن، مـە چ موشـکیلێت قەومـی، نـە موشـکیلێت دینـی و نـە موشـکیلێت مەزهەبـی دگـەل کەسـەکی نینـە، موشـکیلا مـە دگـەل دەولەتێـت حاکـم بووینـە، ئـەو دەولەتێـت کـو هاتییـە سـەر حوکمـی ل عێراقـێ، ئـەو حکومەتێـت هاتییە سـەر حوکمی، موشـکیلا مە دگـەل وان بووینە.

بەرهنـدێ پێتڤییـە خوشـک و برایێـت بەرکەفتـی ئـەو فەرهەنگـێ دەولەمەنـدێ کـو خەلکـێ کوردسـتانێ پـی هاتییە ناسـین و جهـێ شـانازییەکا مەزنـە، فەرهەنگـێ پێکڤەژیان، فەرهەنگـێ یەکـدو قەبوولکـرن، فەرهەنگـێ ئازادییـا هەمـی دیـن و مەزهەبـا، فەرهەنگـێ قەبوولکرنـا برایەتییـێ دگـەل هەمـی قەومێـن دی، لازمـە ئـەڤ فەرهەنگـە بێتـە پـاراستن و رجائـێ وە دکـەم چ سـڤکاتی نەهێنـە کـرن بەرامبـەر چ پیروزییێـت مللەتێـت دی، چ بێرێـزی نەهێنـە کـرن بەرامبـەر ئالاییێـت چ وڵاتەکـی، بـاوەر بکـەن ئەگـەر مـە قەناعـەت هەبـا مـە بـاوەری هەبـا، کـو ئـەڤ وەزعـێ هـەرێما کوردسـتانێ دا هـو مینیـت، ڕەنگـە ڕۆژا ٧ێ حوزەیرانـێ ئـەو بڕیـار نەهاتبـا دان، بـەس وە قەناعـەت هەبیـت یێـت هەیـن ئەڤـرۆ ل بەغدا هەمـوو بەرنامـێ وان ئـەوە کـو ئـەڤ وەزعـێ هـەرێما کوردسـتانێ تێکبـدەن و ئـەو دەسـتکەفتی یێـت هەیـن جـارەکادی وان ل مللەتـێ کـورد بسـتینەڤە، ڤێجـا بـەری کـو ئـەو وێ پلانـی بەرامبـەر خەلکـێ کوردسـتانێ جێبجـی بکـەن، خەلکـێ کوردسـتانی بڕیـارا خـۆ دا، ئەمیـش چییێـت دی قەبـوول ناکەیـن، بندەسـتیێ ئـەم قەبـوول ناکەیـن، پلانگیرییێ دژی ئاینـدێ مـە، ئـەم زمانـێ تەهدیـدێ بـکار نائینیـن بەرامبـەر ب کەسـەکی، ئـەم حەزیـش ناکەیـن کـەس زمانـێ تەهدیـدێ بەرامبـەر مـە بـکار بینیـت، ئـەم دی بێژیـن بـەس، ئەم دێ مافـی بەرگرییـێ ل خـۆ بـکار دئینیـن نەکـو ئـەم دەسـتدرێژیێ کەینـە سـەر هیـچ لایەکـی.

دیسـان نوکـە خالـەکا دی یـا زۆرا گرنـگ کـو دبێـژن لازمـە ڤەگەڕێنەڤـە بـۆ خەتـا سـەوز، ئایـا هنـگ زانـن خەتـا سـەوز یەعنـی چ، خەتـا سـەوز ئـەو خەتـا تەماسـێ کـو ل وەختـێ خـۆ بەینـا پێشـمەرگەی و سـوپایێ عێراقـێ، وەختـێ ڕژێما بەعـس، یەعنـی بێنـەڤ ئالـوکا هەرچـی گاڤـا عەقـڵ ێ وان بـڕی و دلـێ وان خاسـت سـێ و چـار گولـە توپێـت هاونـی ل دهۆکـێ وەرکـەن و بێنـە بـن هەڤلێـرێ هەرچـی گاڤـا عەقـڵ ێ وان بـڕی سـێ چـار سـارۆخا هەڤلێـرێ وەرکـەن و هـو تەهدیـدا مـە بکـەن، بەلـێ، بەلـێ دبێـژن ڤەگەڕێـن بـۆ سـنووری خـۆ، یەعنـی سـنوورێ کوردسـتانێ ئـەو خەتـێ سـەوزە، ئـەم حـازر نینـە یـەک دەقیقـەش موناقەشـێ سـەر ڤـێ سـنوورەی بکەیـن، چونکـی ئەڤـە نـە سـنوورێ کوردسـتانێیە، ڕیفراندۆمیـش سـنوورێ کوردسـتانێ تەحدیـد ناکـەت، ڕیفرانـدۆم وەسـیلەیە بـۆ تەعبیـرێ ل ڕەئیـا خـۆ، ئەگـەر حـازر بـن و رازی بـن ئـەم دێ کەڤینـە گفتوگۆیـەکا جدی و دوسـتانە بـۆ هنـدێ تەحدیـدا سـنوورا بێتـە کـرن، سـەر مەسـەلا ئاڤـێ، سـەر مەسـەلا نەفـت و غـازێ، سـەر ڤـان هەمـی مەسـائێلا ئـەم دێ زۆر جـدی هاریـکار بیـن، ناوچێـت

دەرڤـەی سـنووریٚ هـەرێما کوردسـتانێ و ئـەو ناوچـە ئـازادن، ئـەم هیـچ زۆرییەکـێ ل وان ناوچـا ناکەیـن، ئـەو ب خـۆ دی بڕیـارێ ل چارەنڤیسـا خـۆ دەن، ئەوێـن کـو دیعایەتـا بـەلاڤ دکـەن کـو ئـەم دێ ئیرادەیـەکا موعەیـەن فـەرز کەیـن ل سـەر پێکهاتەیێـن دی، حەقیقـەت نـە ئەسـل بـۆ هەیـە و نـە ئەسـاس بـۆ هەیـە.

نسبەت دەروجیرانـا، نسـبەت جیرانیـت مـە، مـە دڤێـت باشتریـن علاقـات مـە هەبـن، مـە نەڤێـت علاقاتێـت مـە تێکبچـن، و ئـەم تەوەقوعـێ ناکەیـن ئـەو دژی حـەق و حقوقێت مـە ڕاوەستن و ئەڤـە ٢٥ سـاڵە مـە ئیسـبات کـر کـو ئـەم عاملـێ ئاشـتیێی و خوشـییێ و خێرێینـە پێکڤـە، بـۆ وان و بـۆ مـەش، خـوزی مـن زانیبـا ئەڤـە کەنگـی هـو پـەروش بووینـە بـۆ یەکپارچەییـا خـاکا عێراقـێ، بـۆ دەسـتووریٚ عێراقـێ، بـۆ قانوونێـت عێراقـێ، کـو بـەس ئەڤـە مـن زانیبـا دا زۆر بـاش بیـت، دگـەل جیرانـا مـە دڤێـت مـە باشتریـن پەیوەنـدی هەبـن، مـە نەڤێـت چ نەخۆشـی بەینـا مـە و جیرانێـت مـە ڕووی بـدەن، ئەڤـە ٢٥ سـالە مـە ئیسـبات کـر کـو ئـەم عاملـێ خێرێینـە، ئـەم عاملـێ ئاشـتییێینە، پێکڤـە ژیانێینـە، ئـەم تەهدیـد نینـە بـۆ کەسـەکێ، بـەس تشـتێ سـەیر نـک مـن خـوزی مـن زانیبـا کەنگـی وەرە هنـدە پەروشـن بـۆ یەکپارچەییـا خـاکا عێراقـێ، سیادا عێراقـێ، دەسـتووریٚ عێراقـێ، ئەڤـە نـک مـن یـا سـەیرە، ڤـا ڕۆژا هنـدە موهیـم بـووە نـک جیرانێـت مـە.

سوپاسـییا هەڤپەیمانـا کەیـن بـۆ ئـەو هاریکارییـا وان بـۆ مـە کـری و ئـەم تەئکیدێـش کەیـن ئـەم دێ بـەردەوام بیـن، ئـەم سوپاسـییا هەڤپەیمانـا کەیـن، ئەمریـکا و هەمـی هەڤپەیمانێـت وان بـۆ هاریکارییـا وان بـۆ مـە کـری ل شـەڕێ داعـش و لێـرەدا ئـەز پێویسـت زانـم سوپاسـێت خـۆ بـۆ هەمـی پێشـمەرگێت قەهرەمـان بنێـرم بـۆ کەرامـەت و شـەرەفا گەلـی کوردسـتانێ پاراسـتی، ئـەو چەکـێ پێشـمەرگەی شـەڕ پـێ کـری و داعـش پـێ شـکاندی ئـەز بـاوەر ناکـەم هیـچ جەیشـەک دنیایێـدا ب وی چەکـی بکاریـت دوژمنەکـی وەکـو داعـش بشـکێنیت، جـارەکای دی دێ دووبـارە کەمەڤـە، ئـەم سوپاسـییا هەڤپەیمانـا دکەیـن بـۆ ئـەو هاریکارییـا پێشـمەرگا کـری وەختـێ کـو گەلـی کوردسـتانێ تووشـی هێرشـا دڕندانەیـا داعشـا بـووی، ئـەم سوپاسـییا وان کەیـن، سوپاسـییا ئەمریـکا و هەمـی هەڤپەیمانێـت وان و ئـەم چ جـارا وی هەلوێسـتی بیـر ناکەیـن، ئەمـا د عەینـی وەختیشـدا بـۆ هەمـی دنیایـێ ئیسـبات بـوو کـو پێشـمەرگێت قەهرەمـان چەکەکـێ زۆر

یـێ کێـم ئسـتورا داعـش تێکشـکاند و ئەڤـە فەخـر و شـانازییە بـۆ گەلـێ کوردسـتانێ.

مـن دڤیـا ئـەز ئیشـارەتی بدەمـە وێـش، هـەر زرۆفەکـی و هـەر وەزعەکێـدا تەنسـیقا بەینا پێشـمەرگەی و جەیشـێ عێراقـی دێ یا بـەردەوام بیت دژی تیرورێ، هـەر تەتەوراتێت تێنـە پێـش ئـەو تەنسـیق و ئنسـیجاما کـو درسـت بـووی بـەری نوکـە مـە دڤێـت ئـەم وێ بپارێزیـن، ئـەز دگـەل بەرێـز عەبـادی سـەروک وەزیـران موتەفقیـن کـو ئـەم تەنسـیق و هاروکارییـا بەینـا پێشـمەرگەی و بەینـا جەیشـی بپارێزیـن و ئەڤـە د مەسـلەحەتا هـەم کوردسـتانێدایە و هـەم مەسـلەحەتا عێراقێدایـە، وەخـت یـێ هاتـی و وەختـە ئێـدی بێژیـن بەسـە مـە نەڤێـت جـارەکا دی بێینـە ئەنفـال کـرن، بێینـە کیمابارانکـرن، بێینـە کۆمەڵکـوژ کـرن، مـە دڤێـت جیلـێ داهاتـی ب ئـازادی و خوشـی و بەختـەوەری بژیـن، وەختـێ هاتـی کـو بێژیـن ئێـدی بەسـە مـە نەڤێـت چیـدی ئەنفـال، کیمابـاران، کۆمەڵکـوژی. ئـەو باغـێ کـو ب خوینـا هزارهـا شـەهیدا هاتییـە ئاڤـدان، وەختـە بـەرێ وی باغـی بچنیـن، بـەرێ وی باغـی یـێ هاتـی.

دوماهیـێ مـن دڤێـت ئـەز بێـژم هەتـا ئەڤـرۆ ئـەو بەدیلـێ کـو جهـێ ڕیفراندۆمـێ بگریتەڤـە بـۆ مـە، ئـەو بەدیـل بـۆ مـە نەهاتییـە، بـەر هنـدێ ڕۆژا ٢٥ێ ئەیلوولـێ هەرنـە سـەر سـندوقا و قـەرارا خـۆ بـدەن، لێـرەدا ب پێویسـت زانـم سپاسـییا خوشـک و برایێت مە یێـت عەزیـز و بەرکەفتـی کوردێـت تاراوگـەی بکـەم کـو ئەویـش مـل ب ملـێ جەمـاوەرێ کوردسـتانێ ڤـە ل کوردسـتانێدا یێـت خزمەتـا نیشـتیمانێ خـۆ دکـەن و عەدالەتـا دۆزا گەلـێ خـۆ ب ئەوروپـا و خەلکـێ جیهانـێ گەهینـن، دوماهیـێ سلاڤێـت گـەرم بـۆ هەمـی جەمـاوەرێ کوردسـتانێ، بـۆ وەیێـت خوشـتڤی، سلاڤ بـۆ گیانـێ شـەهیدێن قەهرەمـان، سلاڤ بـۆ پێشـمەرگێت قەهرەمـان، بەختـەوەر بیـت گەلـێ کوردسـتانێ و دێ جـارەکا دی ڤەگەڕێمەڤـە بـۆ شـعرەکا جزیـری کـو دبێژیـت:

**پشـت نادەیـن دوو هـزار خەنجـەر و تیـر و رم و خشـت**

**مـە سـەرێ دانییـە ڕێ و ب خـودێ بەسـتییە پشـت**

## سۆران

## کەرنەڤاڵی پشتگیری کردن لەڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ، پەرلەمانێکە لەنێوان کۆمەڵە تاقمێکی مەزهەبی و شۆڤینی دابەش بووە



١٩/٩/٢٠١٧

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**خوشک و برایانی بەڕێز**

**جەماوەری تێکۆشەری چۆمان و ڕواندوز و مێرگەسۆر**

پر بەدڵ سوپاستان دەکەم، ئەمڕۆ یەکێکە لەخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم، چونکە ئەمڕۆ لەگەڵتان کۆدەبینەوە، بەڵام لەبەردەمم سەری بەردی و حەسەن بەگ و سەرتیز و زۆزك و هەندرێن و کۆڕەك دەبینم، یادی شۆڕشی ئەیلوول کە زۆر لەو قارەمانانەی بەخوێنی خۆیان ئەو شاخانەیان پاراست. لەسەرتاسەری کوردستانەوە

هەمـوو قارەمانـەکان ئەمڕۆیـان بـۆ ئێمـە دروسـت کـرد.

خۆشەویسـتان بەڕاسـتی ئێـوە بەکـردەوە ڕیفراندۆمـی خۆتـان کـرد، ئـەوەی چەنـد ڕۆژ پێـش ئێسـتا لەپارێـزگای دهـۆک و کەرکـووك و ئێسـتاش لەگـەڵ ئێـوەی بەڕێـز لەدامێنـی چیـای زۆزک و هەندریـن و گـۆڕەز، ئەمـە ڕیفراندۆمـە. ئـەدی ئـەوە چییـە؟ ئـەم ناوچەیـە مەڵبەنـدی شـۆڕش و خاوەنـی سـەدان شـەهیدی قارەمانـە، بۆیـە کـە جەمـاوەری ئـەم دەڤەرانـە بێـن و بـەم حەماسـەتەوە لێـرە کۆببنـەوە، بەڕاسـتی ئەمەیـە سـەروەری، ئەمەیـە خۆشتریـن ڕۆژ لەژیانـدا.

خۆشەویسـتان بـۆ بڕیـاری ڕیفرانـدۆم درا؟ جـاری دەبـێ ئەوە بزانیـن بڕیـاری ڕیفراندۆم بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە، هـی هەمـوو حیزبـە تێکۆشـەر و خەباتگێڕەکانـە، بـەوەی ڕۆژی ٧/٦ بڕیاریـان دا ڕیفرانـدۆم بکـرێ، ئەمـەش بڕیارێکـی بوێر و مەسـئوولانەبوو. دەستخۆشـی لەهەمـوو ئـەو حیزبانـە دەکـەم، ئـەم بڕیـارە، بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە، هـی تاکەکەسـێک و تاکەحزبێـك و چەنـد حزبێـك نییـە، هـی هەمووکانـە.

بۆیـە بڕیـاری ڕیفرانـدۆم درا، چونکـە هیـچ ڕێیەکی دی لەبـەردەممان نەمایـەوە، هەموو ڕێگاکانمـان تاقـی کـردەوە، لـە لامەرکەزییـەوە بگـرە، تـا دەگاتـە ئۆتۆنۆمـی و فیدراڵی، بەڵام بەداخـەوە لەگـەڵ فەرهەنگێـك ڕووبـەڕوو بووینـەوە کـە بـڕوای بەهیـچ یەکێـك لەمانـە نەبـوو. بڕوایـان بەپێکەوەژیـان نییـە، بڕوایـان بـەوە نییـە لایەنـی دیکـە قبـووڵ بکـەن.

پێـش ئـەوەی مـن بێمـە سـەر بابەتەکـە، مـن داواتـان لـێ دەکـەم، تەنیـا ئاڵایەك کـە لەم بۆنەیـەدا بـەرز بکەنـەوە، ئاڵای کوردسـتانە، ئاڵای حیزبـەکان بێننەخوارێ بەهی پارتیشـەوە. تەنیـا وێنـەی شـەهید و ئەنفالیـش دەتوانن بـەرز بکەنەوە، وێنەی کەسـان بـەرز نەکەنەوە.

ئێسـتا مولاحەزەیەکیـان بـۆ هێنـام و دەڵێـن؛ نـاوی سـیدەکانت لەبیرچـوو، مـن نـاوی سـیدەکانم لەبیـر نەچـووە، مـن وەکـوو قەزا حیسـابم کـرد، چۆمـان و ڕواندوز و مێرگەسـۆر، ئەگینـا هەمـوو شـوێنەکان بـۆ مـن شـوێنی پیـرۆزن، سـیدەکان و حاجـی ئۆمـەران و دۆڵـی ئاکۆیـان، شـێخ زادە و خواکـوڕك و بـارزان و مێرگەسـۆر و مـزووری هەمـووی وەکـوو یەکـن.

خۆشەویسـتان هەمـوو هەوڵـیکمان دا بۆئـەوەی لەگـەڵ بەغـدا بگەینـە چارەسـەرێك، لەگـەڵ هەمـوو لایەنـەکان باسـی ڕیفرانـدۆم کـراوە، چەنـد سـاڵ پێـش ئێسـتا زۆر هەوڵمان

دا بگەینــە ڕێککەوتنێــك. لەســاڵی ٢٠١٥ دا لەواشــنتن لەکۆشــکی ســپی، لەگــەڵ خــودی جەنابــی ســەرۆکی ئەوکاتــی ئەمریــکا بەڕێــز (ئوبامــا) ئــەو بابەتەمــان ڕووبــەڕوو بــاس کــرد.

پــار، دروســت لــەم مانگــە، وا بزانــم هــەر لــەم ڕۆژە، یــان ســبەینێیە، دیســان دەبێتــە یەك ســاڵ کــە بەشــاندێکی گــەورەوە چووینــە بەغــدا لەگــەڵ خــودی جەنابــی ســەرۆک وەزیــران و لەگــەڵ هاوپەیمانیــی نیشــتیمانی و هەمــوو لایەنەکانــی دیکــەی سیاســیی عێــراق، پێمان گوتــن، برادەرینــە شــەراکەت شکســتیهێناوە، وەرن بــا جورئەتــی ئەوەمــان هەبێــت پێکــەوە بڕیــار بدەیــن، ببیــن بەدراوســێی بــاش، چونکــە شــەراکەت شکســتیهێنا.

ئەوکاتــە زۆر نــەرم بــوون، هەتــا مــن لەبیرمــە یەکێــك لەســەرکردەکانیان گوتــی، ئێمــە حــەز ناکەیــن بگاتــە ئــەو ڕادەیــە، بــەڵام ئەگــەر هــەر چارەنەبــوو بــا تسریــح باحســان" بێــت، دروســت ئــەم دەســتەواژەیەی بەکارهێنــا، یانــی بەخــۆشی لێــك جیــا ببینــەوە.

بۆیــە ئــەو بڕیــارەدرا، چونکــە شــەراکەتیان قبــووڵ نەکــرد، دەســتووریان پێشــێل کــرد، تەوافــوق نەمــا، تــەوازن نەمــا، بڕیــار بــوو بودجــە و چــەك و تەقەمەنــی بەشــی پێشــمەرگە بــدەن، یــەك شــتیان بــۆ پێشــمەرگە نەنــارد، بــەڵام بینیتــان بــەدوو ســێ ســەعات، پەرلەمانــی عێراقــی فیــدراڵ، کــە ئێمــە بەفیدراڵــی نازانیــن، پەرلەمانێکــە لەنێــوان مەجمووعــە تاقمێکــی مەزهەبــی و تاقمێکــی شــۆڤینی تەقسیم بــووە، بەدوو ســەعات یاســای حەشــدی شــەعبییان تێپەڕاند، بەڵام بە١٠ ســاڵ ئەم دەســت و ئەو دەســتیان کرد، یاســای پێشمەرگەیان تێنەپەڕاند.

بودجــەی هەرێمیــان بــڕی، بڕینــی بودجــەی هەرێــم ئەنفالێکــی دی بــوو، نییەتەکــە وەکــوو ئەنفالێکــی دی بــوو کــە بەســەر خەڵکــی کوردســتانیدا بهێنــن، ئەمانــە هەمــوو وایــان کــرد کــە بیــر لــەوە بکرێتــەوە، ئێمــە عیلاجێکــی دی بکەیــن.

بــاوەڕ بکــەن، ئەگــەر دڵنیــا باینــا، ئەگــەر زانیمانبــا ئــەو وەزعــە وەکــوو خــۆی دەمێنــی، دیســان ئێمــە ڕازی بوویــن، بــەڵام بــەوەش ڕازی نابــن بەئێمــە دەڵێــن دەبــێ بگەڕێنــەوە بــۆ ســنووری هێڵــی ســەوز، ســنووری هێڵــی ســەوز ئــەو ســنوورەبوو کــە خەتــی تەماس بوو لەبەینــی پێشــمەرگە و ســوپای عێــراق، هــی ســەردەمی ســەدام. وەڵا ئەمــە خۆشــە، ســنووری کوردســتان بەخەتــی ســەوز دابنێــن یانــی بەهــاوەن لەهەولێــر بــدەن، بەهــاوەن لەدهۆکیــش بــدەن، چــۆن ئێمــە ئــەو ســنوورە قبــووڵ دەکەیــن، چونکــە حەقیقــەت ئەمــە ســنووری کوردســتان نییــە.

لەهەمـان کاتـدا ڕیفرانـدۆم سـنوور دەسـت نیشـان نـاکات، بەگفتوگـۆ ئێمـە سـنوور دەسـت نیشـان دەکەیـن، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئێمەحـازر نیـن موناقەشـەی ئـەو سـنوورە بکەیـن کـە ئـەوان پێـی دەڵێـن خەتـی سـەوز، ئـەوە نەسـنووری کوردسـتانە و نەسـنووری کوردسـتانیش دەبـێ.

هەڵوێسـتی کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی و بەغـدا لەڕیفرانـدۆم، مـن بەدەرفەتـی دەزانـم هـەم بـۆ ئێـوە و هـەم بـۆ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانی ڕوون بکەمـەوە؛ ئێمـە لەگـەڵ گەلێـک لەوڵاتانـی جیهـان ئـەو بابەتەمـان بـاس کـردووە، هـەروەك پێـش ئێسـتاش باسـم کـرد، لەگـەڵ بەغـداش بـاسمان کـرد بـوو، هەموویـان زۆر نـەرم بوون، بـەڵام ئـەم فەترەیەی دوایـی، وەکـوو دەبینیـن گۆڕانێـك بەسـەر هەڵوێسـتیاندا هاتـووە. پرسـیار ئەمەیـە، بـۆ گـۆڕان بەسـەر ئـەم هەڵوێسـتەدا هـات؟ جـاران کـەس بەجیددیـی وەرنەگرت بوو کـە ئەمە بڕیارێکـی جیددییـە و جێبەجـێ دەکـرێ. نەکۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی نەبەغـدا، هەندێـك دەیانگـوت ئەمـە کارتـی گوشـارە و هەندێـك دەیانگـوت بـۆ ئەوەیـە لەقەیرانێـك دەربـاز بن، هەریەکـە بـۆ خـۆی تەفسـیرێکی دەکـرد. پاشـان دڵیـان بـەوە خـۆش کـرد کـە لەنـاو خۆیانـدا تەبـانین، ڕێـك ناکـەون و نایەڵـن ڕیفرانـدۆم ببـێ، لەبەرئـەوە بـا ئیهمالیـان بکەیـن.

هەڵبـەت، یەکێـك لەنیعمـەت و دەسـکەوتەکانی ڕیفرانـدۆم بـۆ هەمـوو جیهـان دەرکـەوت کـە بڕیـاری ڕیفرانـدۆم، بڕیـاری گەلـی کوردسـتانە، بڕیـاری تاکـە شـەخس نییـە. یەکڕیزیـی گەلـی کوردسـتان گەڕایـەوە، پەرلەمـان کاراکرایـەوە کـە زۆر جـار بەهانەیـان بـەوە دەگـرت. ئێسـتا هەمـوو جیهـان دەزانـێ، بەڵـێ بڕیـاری ڕیفرانـدۆم بڕیـاری هەمـوو خەڵکـی کوردسـتانە و سـوورە لەسـەر بڕیـاری خـۆی.

ئێسـتا زۆر باسـی دەسـتووری عێـراق دەکـرێ؛ ئـەو دەسـتوورەی هـەر زوو پێشـێلیان کـرد، بـەڵام بەپێـی ئـەو دەسـتوورە، ئێمـە مافـی ڕیفرانـدۆممان هەیـە. ئەوانـەی ئێمـە تۆمەتبـار دەکـەن بـەوەی ئێمـە دەسـتوورمان پێشـێل کـردووە و هەنگاوێـکمان نـاوە لەگـەڵ دەسـتووردا ناگونجـێ، ئاشـکرایە لەدیباجـەی دەسـتوورەکەدا هاتـووە دەڵـێ "ان الالتـزام بهـذا الدسـتور یحفـظ للعـراق اتحـاده الحـر"، ئەوانـەی عەرەبیزانـن زۆر بـاش تێدەگـەن (الاتحـاد الحـر) یانـی پێکەوەژیانێکـی ئارەزوومەندانـە، ئێمـە ئارەزوومەندانـە لەگـەڵ بەغـدا ئیختیارمـان کـرد پێکەوەبیـن. عێراقێکـی تـازە عێراقێکـی فیـدراڵ، عێراقێکـی

دیموکـرات، عێراقێکـی مەدەنـی دروسـت بکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە ئێسـتا دەبینیـن دەوڵەتێکـی نەمەدەنییـە، نەفیدراڵـە، نەدیموکراتـە، دەوڵەتێکـی دینـی مەزهەبییـە.

هەروەهـا ڕیفرانـدۆم وای کـرد دۆزی گەلی کوردسـتان جارێکی دیکە بچێتـەوە لووتکەی ئەولەویەتـی ئەجێنـدای نێودەوڵەتی، هەموو جیهان ئێسـتا هاتووەتەسـەر خەت.

خۆشەویسـتان ڕیفرانـدۆم ئامـرازە نـەك ئامانـج، ئێمـە ڕیفرانـدۆم ناکەیـن بۆئـەوەی بڵێـن ڕیفراندۆمیـان کـرد. ڕیفرانـدۆم بـۆ ئەوەیـە بەهەمـوو جیهـان بگەیەنیـن ئێمـە سـەربەخۆییمان دەوێـت. هەمیشـە گوتوومانـە ئەگـەر بەدیلێـك هەبێـت جێـی ڕیفرانـدۆممان بـۆ بگرێتـەوە، هیـچ موشـکیلەمان نییـە، بـەڵام ئەگـەر بەدیلێك نەبێ وەك ڕیفرانـدۆم، مەحاڵـە ڕیفرانـدۆم دوا بخرێـت.

ئێسـتا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هاتوونەتـە سـەر خـەت، هەنـدێ ئەفکاریـان هێنـاوە، هەنـدێ نامەیـان هێنـاوە؛ حەقیقـەت زمانەکـە جیـاوازە لەگـەڵ جـاران، بەوپـەڕی ڕێـز و بایەخـدان بـەدۆزی گەلـی کوردسـتانەوە داڕێـژراون، بـەڵام کێشـەی ئێمـە لەگـەڵ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی نییـە، کێشـە لەگـەڵ بەغدایـە، دەبـێ لەگـەڵ بەغـدا ئێمـە بگەینـە ئەنجـام، ئەویـش بـەم شـێوەیە دەبـێ ڕێککەوتنێکـی دوو قوڵـی لەنێـوان هەولێـر و بەغـدا بکـرێ، ئەگـەر ڕێککەوتنەکـە کـرا بەشـێوەیەك کـە جێـی ڕیفرانـدۆم بگرێتـەوە، ئـەو وەختە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، ئەمریـکا و ئەورووپـا و یووئێـن)، پشـتیوانی لـەو ڕێککەوتنە بکەن و گەرەنتـی بـدەن کـە ئـەم ڕێککەوتنـە جێبەجێ دەکرێ. ئەمـە جێی ڕیفرانـدۆم دەگرێتەوە، بـەڵام تـا ئێسـتا مـن ڕاسـتگۆیانە پێتـان بڵێـم، بەغـدا تـا ئـەو ئەندازەیـە نەهاتووەتـە پێش.

خۆشەویسـتان ئەگـەر تـا دوو تـا سـێ ڕۆژی تریـش ئەو بەدیلەمان بەدەسـت گەیشـت، خـۆ ڕۆژی ٢٥ی ئەیلـوول ئاهەنـگ دەگێڕیـن، ئەگـەر ئەو بەدیلەمان بەدەسـت نەگەیشـت، ڕیفراندۆمـی خۆمـان دەکەیـن. هەرچەندە(بەکردەنـی) ڕیفراندۆمتـان کـرد، مافـی خۆمانـە ئـەم جـارە دەبـێ گەرەنتیـی کۆنکریتـی هەبـێ، چونکـە سـاڵانی ڕابـردوو بەئەزموونێکـی زۆر تاڵـدا تێپەڕیویـن، مافـی خۆمانـە بـڕوا بەهیـچ بەڵێنێکـی زارەکـی نەکەیـن، یـان هیـچ نامەیەکـی مەتاتـی (ناڕوون). دەبـێ بەزمانێـك بنـووسرێ کـە هیـچ کەسـێک نەتوانـێ نـە لێـی ڕا بـکات نـە تەفسـیری بـۆ بـکات.

ئێمـە سـەربەخۆییمان دەوێـت، گفتوگـۆی ئێمـە لەگـەڵ بەغـدا بـۆ ئـەوە نییـە، ئـەو

وەزیرەمـان بـۆ بگەڕێننـەوە و لێـرە ئـەو مودیـر عامەمـان بـۆ دابمەزرێنـن و لێـرە بودجـە بدەنـەوە. ئـەو قۆناغـە تێپـەڕی و تـەواو بـوو. بەڕاسـتی مـن ئێسـتا هەسـتی پـێ دەکـەم لـەدوای ٢٠٠٣ پـاش ئـەم هەمـوو ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکوژییـە هەڵەمـان کـرد چووینـەوە بەغـدا، بـەڵام بەنییەتێکـی پـاك و بەدڵێکـی سـاف چوویـن، کەچـی بەدەمییـەوە نەهاتـن و پەسـندیان نەکـرد. ئێمـە یـەك پارچەیـی عێـراقمان تێـک نـەداوە، خۆیـان تێکیـان دا. ئێمـە چوویـن بۆئـەوەی ببینـە شـەریك و بـرا لەگەڵیـان لەبەغـدا، ئـەوان قبووڵیـان نەکـرد، ئێمـەش خزمەتـکاری کـەس ناکەیـن؛ هەڵـەی دووهـەم کـە بودجـەی هەرێمیـان بـڕی، یانـی تـەواو دەبووایـە ئەوکاتـە ئیعلانـی بکەیـن، بـەڵام حەقیقـەت ئـەو وەختـە نیمچـە هەڵەیـەك بـوو، چونکـە شـەڕی داعـشمان بەسـەردا سـەپێندرا، پـێ ڕانەگەیشـتین، ئەگینـا دەبووایـە ئـەو وەختـە ئیعلانـی بکەیـن.

بەداخـەوە، هێشـتا لای گەلێـك کـەس لەبەغـدا فەرهەنگـی ئەنفـال و قبـووڵ نەکردنـی شـەراکەت لەگـەڵ نەتـەوە و پێکهاتەکانـی دی زاڵـە. مافـی خۆمانـە داوای گەرەنتیـی تـەواو بکەیـن، مافـی خۆمانـە ئـەو پرسـیارە بکەیـن، ئەگـەر ئێسـتا ڕیفرانـدۆم قبـووڵ نەکەن، ئەدی پـاش دوو سـاڵی دی چـۆن قبووڵـی دەکـەن؟ تـا وەختیـش بـڕوات لەبەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتاندا نییـە. فەرمـوون تەماشـای بڕیارەکانـی پەرلەمانـی بەغـدا لەگـەڵ مەحکەمـەی ئیتیحـادی بکـەن، هەمـووی لـەدژی گەلـی کوردسـتانە. تەبعـەن بـۆ خۆیـان چـی دەڵێـن با بیڵێن، بـەڵام بڕیارەکانیان نایەنە کوردسـتان، لەکوردسـتانیش جێبەجێ نابـن، بـەڵام نییەتەکە نیشـان دەدات کـە نییەتیان چییە بەرانبەر بەکوردسـتان، ئـەوە گرنگە.

لەگـەڵ دراوسـێکانمان، ئێمـە زۆرمـان پـێ خۆشـە هـەر وەك ئـەو ئەزموونـەی ٢٥ سـاڵی ڕابـردوو ئێمـە فاکتـەری خێـر بوویـن، فاکتـەری ئەمـن و ئاسـایش بوویـن، لەمـە بـەدواش پێمان خۆشـە هـەر وا بیـن و پەیوەنـدیمان دۆسـتانە بێـت. ئێمـە هەڕەشـە نیـن بـۆ کـەس و ناشـبین بەهەڕەشـە بـۆ هیـچ کەسـێک. مـن دۆسـتانە داوا لەدراوسـێکانمان دەکـەم، بەزمانـی هەڕەشـە قسـەمان لەگـەڵ نەکـەن، چونکـە هەڕەشـە لەهیـچ کەسـێک قبـووڵ ناکەیـن. ڕیفرانـدۆم کۆتایـی دونیـا نییـە، بـۆ خاتـری خـوا ئـەو هەمـوو گوشـارە دێنـن، ڕیفرانـدۆم دەرفەتێکـە بـۆ ئـەم گەلـە ڕەخسـاوە بۆئـەوەی تەعبیـر لـەڕای خـۆی بـکات، دوای ئـەوە فەرمـوون وەرن دەکەوینـە گفتوگـۆ، چ وەختێـك پێویسـتە، ئێمـە ئـەو بەڵێنـەش

دەدەیـن هەمـوو گرفتـەکان چارەسـەر دەکەیـن.

شـەراکەت شکسـتیهێنا، دراوسـێتییەکی دۆسـتانە و برایانـە دادەمەزرێنیـن. پەیوەندیـی ئاییندەمـان لەگـەڵ بەغـدا ئێمـە دەبینـە قووڵایـی ئـەوان، ئەوانیـش دەبنـە قووڵایـی ئێمـە، لەهەمـوو هاوکارییـەك لەگـەڵ یـەکتری بـەردەوام دەبیـن، بـەڵام ئینـکاری حەقـی میللەتـی ئێمـە لـەوەی تەعبیـر لـەڕای خـۆی بـکات، زوڵمێکـی گەورەیـە و قبـووڵ ناکرێـت. دەبـێ هەرێـم و بەغـدا بەگفتوگـۆ کێشـەکان چارەسـەر بکـەن. ئێمـە دژی توندوتیژییـن، بیریـش لـەوە ناکەینـەوە ڕۆژێـك لـەڕۆژان هێـز دژی هیـچ کەسـێک بـەکار بێنیـن، بـەڵام جارێکـی دیکـەش دەیڵێمـەوە، ممارەسـەی مافـی خۆمـان دەکەیـن، ئەگـەر تەعـەدا لەئێمـە کـرا، بەرگـری لەخۆمـان دەکەیـن.

شـێوەی دەوڵەتـی داهاتـووی کوردسـتان، تەبعـەن ئـەوە دەمێنێتـەوە بـۆ ئـەو لێژنەیەی کـە بـۆ دەسـتووری دەوڵـەت دادەنـدرێ، بـەڵام ئـەوەی پێشـنیار کـراوە، دەبـێ دەوڵەتێکـی فیدراڵـی دیموکراتـی پەرلەمانیـی مەدەنـی بێـت، مافـی هەمـوو پێکهاتەکانـی ئایینـی و نەتەوەیـی پارێـزراو بێـت. مـن تەوسیەشـم بـۆ ئێـوە و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان ئەوەیـە، لەوانەیـە هەندێـك تونـدڕەو لەنـاو عەرەبـەکان بەزمانێکـی نـزم قسـەی ناشـیرین بکـەن، یـان لەوانەیـە تەعـەدا لەهەنـدێ کـوردی فەقیـری بـێ دەسـەڵات لەبەغـدا، یـان لەکـووت یــان شــوێنی وا بکــەن. تکاتــان لــێ دەکــەم ئــەو ئەخلاقــە بــەرزەی پێشــانی هەمــوو جیهانتــان دا، لەســاڵی ١٩٩١ ســێ فەیلەقــی جەیشــی عێــراق تەســلیم بەئێــوە بــوون، جەمـاوەری کوردسـتان بەڕێـزەوە ناردیانـەوە، کـە هـەر ئـەو جەیشـەبوو ئەنفالیـان کـردن، کیمیـا بارانیـان کـردن، دێهاتەکانیـان سـووتاند، هیـچ نەمـا نەیکـەن، بـەڵام ئێـوە ڕەوشـتێکی ئەوەنـدە بەرزتـان نیشـان دا کـە هەمـوو دونیـا بـەو ڕەوشـتەی ئێوە سەرسـام بوو. ئێسـتاش زۆر لەبرایانـی عـەرەب ئاوارەبـوون و لەکوردسـتانن، ئـەوان بـرای ئێمـەن، میوانـی ئێمـەن، ڕێزیـان بگـرن، ئەگـەر لەشـوێنێکی دیکـە لەعێراقدا کاری هەڵـە بەرانبـەر بەکوردێـک کـرا، نابـێ بەهیـچ شـێوەیەك ڕێـگا بـدرێ لێـرە کاردانەوەیەکـی وا نیشـان بدرێـت، ئەمـە نابێـت بەهیـچ شـێوەیەك، ڕەوشـتی بـەرزی خۆتـان بپارێـزن. ئەگـەر کێشـە لەگـەڵ حکومەتێـك هەیـە، ئـەوە کێشـەی نێـوان دوو میللـەت نییـە، ئێمـە و عـەرەب و تـورک و فـارس هەمـوو بـرای یەکیـن. لەناوخـۆی خۆمانـدا کـورد و تـورکمان و عـەرەب و ئاشـوور و کلـدان و

سریـان و ئەرمـەن، ئێمـە بـرای یەکیـن، دەبـێ دیـن و هەمـوو مەزهەبێـك ئـازاد بێـت. ئەمەیـە کـە ئێمـە سـەر دەخـات و ئیحتیرامـی دونیـاش بەدەسـت دینێـت.

لەکۆتاییـدا بەقـەد قورسـایی ئـەم چیایانـە سڵاو بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدان دەنێریـن، سڵاو بـۆ پێشـمەرگە قارەمانـەکان دەنێریـن.

سڵاو بـۆ ئێـوەی خۆشەویسـت و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان هـەر شـاد و سـەرفراز و سـەرکەوتوو بن.

## سلێمانی

## کەرنەڤاڵی پشتگیریی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### دوای ڕیفراندۆم بەهاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئامادەی گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە و دۆستانەین لەگەڵ بەغدا



**٢٠١٧/٠٩/٢٠**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

سلێمانی، جەماوەری شاری شێخ مەحموود، نالی، پیرەمێرد، بێکەس، مەحوی و سالم، شاری هەڵمەت و قوربانی، پایتەختی ڕۆشنبیری، چ ڕۆژێک لەم ڕۆژە خۆشترە بۆ من، چ شانازییەک لەوە گەورەترە بۆ من کە ئەمڕۆ پێکەوە لەم شارە خۆشەویستە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان. من هەمیشە دڵنیابووم کە سلێمانی هەمیشە پێشەنگە لە خەبات و تێکۆشان، لە ساڵی ١٩٢٥ و ١٩٣٠ و ١٩٦٣ تەحەددای سەدیق مستەفایان کرد و گەنجەکانی سلێمانی مەردانە بەرامبەر بە سەدیق مستەفا وەستان و مردنیان هەڵبژارد، بەڵام قبوڵیان

نەکـرد لەبەرچـاوی دوژمنێـک سـووکایەتی بـە وێنـەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی بکـرێ.

سـلێمانی مەڵبەنـدی کوردایەتییـە، لـە سـاڵی ١٩٤٣ بارزانـی لـە سـلێمانییەوە گەڕایـەوە ناوچـەی بـارزان، بـە هـاوکاری و پشـتیوانی شـێخی نەمـر و مەلیکـی گەورەمـان شـێخ مەحمـوود. مـن دڵنیـام ئەمـڕۆش ئێـوە پێشـەنگ دەبـن کـە لـە ٢٥ی مانـگ بڵێـن بەڵـێ بـۆ سـەربەخۆیی، مـن دڵنیـام سـلێمانی قـەت قبـوڵ نـاکات نـە مەحکومـی کـەس بێـت و نـە سوخرەکێشـی کـەس بێـت.

بابەتـی ڕیفرانـدۆم ئەمـڕۆ بابەتـی سـەرەکییە، بووەتـە ئەجێنـدای کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، دەبینـن لـە کۆبوونـەوەی کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـاس باسـی هەرێـم و کوردسـتانە، ئەمـە بەرهەمـی خوێنـی شـەهیدانە، ڕەنجـی ئێوەیـە، ئەمـە ئەنجامـی یەکڕیـزی و ئیـرادەی بەهێـزی گەلەکەمانـە، ڕیفرانـدۆم بڕیـاری گەلی کوردسـتانە، بڕیـاری یـەک حیـزب و دوو حیـزب و سـێ حیـزب نییـە.

بـەڵام بـۆ ئـەم بڕیـارە درا؟ چونکـە بەغـدا هاوبەشـی نەهێشـت، دەسـتووری پێشـێل کـرد، ئەمـڕۆ کـە باسـی ئـەو دەسـتوورە دەکـەن، هـەر ئـەو دەسـتوورە ڕێگـەی بـە ئێمـە داوە ڕیفرانـدۆم بکەیـن. لـە دیباجـەی دەسـتوورەکەیاندا هاتـووە "ان الالتـزام بهـذا الدسـتور یحفـظ للعـراق اتحـادە الحـر" دەڵـێ (اتحـادە الحـر)، واتـە پێکەوەژیانێکـی ئارەزوومەندانـە بـووە، ئێمـە دوای ٢٠٠٣ بـە ئـارەزووی خۆمـان چووینـەوە بەغـدا بـۆ ئـەوەی عێراقێکـی دیموکراتـی فیـدراڵ و دەوڵەتێکـی مەدەنـی دروسـت بکەیـن، بـەڵام بەداخـەوە هیـچ ئیلتیزامێکیـان بـەو هەمـوو ڕێککەوتنانـە و بـەو دەسـتوورەوە نەکـرد، بۆیـە گەلـی کوردسـتان ناچاربـوو بڕیـاری دیکـە بـدات.

بڕیاربـوو لـە عێـراق دەوڵەتێکـی دیموکراتـی فیدراڵـی دروسـت بکـرێ، بـەڵام بەداخـەوە ئەمـڕۆ ئێمـە دەبینیـن دەوڵەتێکـی ئایینـی مەزهەبـی حاکمـە لـە عێـراق، کە ئەمـە ناگونجێ لەگـەڵ ئـەو بنەمایانـەی ئێمـە لەسـەری ڕێککەوتیـن، خەڵکێـک دەیانگـوت ڕیفرانـدۆم ڕای دوو حیـزب و سـێ حیزبـە و هـی هەمـوو گەلـی کوردسـتان نییـە، لەسـەرەتاوە وا هەسـتیان دەکـرد ئەمـە تەنهـا کارتێکـی فشـارە بـەکاردێ، بۆیـە زۆر گرنگیـان پـێ نـەدا، ئەگینـا زۆر لەمێـژە ئـەم بابەتـە لەگـەڵ کۆمەڵـگای نێودەوڵەتـی بـاس دەکـرێ، تەنانـەت پارسـاڵ کاتێـک بـە وەفدێـک چووینـە بەغـدا پـێمان گوتـن: "برادەرینـە وەرن بـا ببینـە

دراوسێیەکی باش". ئەو وەختە ڕای هەموویان زۆر نەرم بوو، بەڵام هەندێکیان تووشی وەهم بوون، وایانزانی ئێمە لەنێوخۆماندا تەبانین و دووبەرەکی دروست دەبێ، بەڵام هەموویان بەهەڵەداچوون، زانیان خەڵک و جەماوەری کوردستان بۆ پرسی نەتەوەیی و سەربەخۆیی، هەموومان یەکین، یەک حیزبین و یەکدەنگین، ئەمڕۆ بۆ سەربەخۆیی هەموومان لەژێر چەتری حیزبی کوردستانین.

ئێستاش کە بینیان یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی هەیە و پەرلەمان کاراکرایەوە، ئیتر هیچ بەهانەیەکیان نەماوە، نیبەتی هەمولایەک دەرکەوت، کە بەغداش بینی هەڵوێستی نێودەوڵەتی تۆزێک توندتر بووە، ئەوانیش تەشجیع بوون کە هەموو پێشنیارێک ڕەت بکەنەوە، ئەگینا ڕیفراندۆم ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی پیرۆز؛ ئەویش سەربەخۆییە.

لە کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم باس لەوە کراوە کە ئەگەر بەدیلێکی باش هەبێ لە جێگەی ڕیفراندۆم، گەلی کوردستان قبوڵی دەکات، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئیستا ئەو بەدیلە نەهاتووەتە دەست، ڕیفراندۆم هەنگاوێکی یاسایی و ئاساییە، تاوان نییە، گەلێکی غەدرلێکراو دوای ١٠٠ ساڵ چەوساندنەوە و زوڵم داوای سەربەخۆیی دەکات، ئێمە پێمانوایە ڕەنگە زۆریان بەهەڵە تێگەیشتبن، ڕیفراندۆم کۆتایی دونیا نییە، بڕیاری گەلی کوردستانیش نییە کۆتایی بە هەموو شتێک بێنی، ناشبێ ڕێگە لە گەلی کوردستان بگیرێ تەعبیر لە ڕای خۆی بکات، ئێمە ئامادەین دوای ڕیفراندۆم بکەوینە گفتوگۆیەکی جدی و ڕاستگۆیانە و دۆستانە لەگەڵ بەغدا و بەهاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین، ئەگەر وەختیشی پێویست بێت ساڵێک ئەوپەڕی دوو ساڵ دەتوانین لەم ماوەیەدا هەموو گرفتەکان چارەسەربکەین، ئینجا بە خۆشی بڵێین خوداحافیز و بڵێین ١٠٠ ساڵە داواتان لێ دەکەین هاوبەش بین ئێوە قبوڵتان نەکرد، ئێستاش با دراوسێی یەکدی بین. خودا حافیز، برای ئێوەین دۆستی ئێوەین ئێوەش برای ئێمە بن، قوڵایی ئێوەین و ئێوەش قوڵایی ئێمە بن، بەڵام قبوڵ نەکردنی ڕێفراندۆم ئەمە مانایەکی زۆری هەیە، واتە ئینکاری مافی تۆ دەکەن، ئێمە دەمانەوێ جارێکیتر کوردستان کیمیاباران و ئەنفال نەکرێ، هەڵەبجە و غەیری هەڵەبجە شەهید نەکرێ، هەرگیز نابێ ئەو دیمەنانە

لەبیربکەیـن کـە دایـک بەسـەر کۆرپەکەیـدا کەوتـووە و بـە ژەهـری کیمیایی شـەهیدبوون، نابـێ ئـەم دیمەنانـە لـەم وڵاتـە دووبـارە ببنـەوە.

جەمـاوەری خۆڕاگـر و تێکۆشـەری سـلێمانی، هەڵەبجـە و ڕاپەڕیـن، ئێمـە لـە ٢٠٠٣ هەڵەیەکـی گەورەمـان کـرد گەڕاینـەوە بەغـدا، ئێمـە وەکـو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆمان هەبـوو، بـەڵام بەنییەتێکـی پـاک گەڕاینـەوە، تـا عێراقێکـی فیدراڵـی دیموکـرات دروسـت بکەیــن، بــەڵام بەداخــەوە لــە بەغــدا تەنیــا دەموچــاو گــۆڕاون ، ئەگینــا فەرهەنگــی قبوڵنەکردنــی لایەنــیتر هەمــان فەرهەنگــە.

خوێنـی لاوان و ڕەنجـی ئـەم گەلە پێش سـەدەی ڕابردووش بۆ سـەربەخۆیی بووە، سـەید عوبەیـدوڵڵای نەهـری، شـێخ عەبدولسـەلام، شـێخ ئەحمـەدی بـارزان، شـێخ مەحمـوودی حەفیـد، شـێخ سـەعید، سـەید ڕەزا، قـازی و بارزانـی هەموویـان بـۆ سـەربەخۆیی خەباتیـان کـردووە و ئـەم ڕێگایـە ئـەوان نەخشـاندوویانە.

خۆزگـە ئێسـتا بـرای بەڕێـزم جەنابـی سـەرۆک مـام جـەلال تەندروسـتی ڕێگـەی دابـا پێکـەوە ئـەم ئەرکەمـان هەڵگرتبـا، کـە زۆر ئاسـانتر و سـەرکەوتووتر دەبـوو، لێـرەوە سڵاوی بــۆ دەنێــرم و تەمەننــای شــیفای بــۆ دەکــەم و پێــی دەڵێــم هەرگیــز برایەتیــت و ڕۆڵــی گــەورەت لەیادناکــرێ، بــرای خۆشەویســتم ســەرۆک مــام جــەلال.

هەموومـان لـە یـەک کەشـتیداین، ڕاسـتە جیاوازییـە سیاسـییەکان زۆر ئاساییە و زۆریش خۆشـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی کـێ زیاتـر و بـاشتر خزمەتـی گەلەکـەی بـکات، بـەڵام نـەک بـۆ ملشـکاندنی یەکـدی و ڕێگەخۆشـکردن بـۆ دووژمنـان و ناحـەزان بـۆ ئـەوەی درز دروسـت بکـەن و خەنجەرمـان لـە پشـتەوە لـێ بـدەن. ئێسـتا لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر پێویسـتمان بـە یەکڕیزیـی و برایەتییـە، کوردسـتان بـۆ هەمـوو ئاییـن و مەزهـەب و نەتەوەکانـە.

لـە کۆتاییـدا یـەک دونیـا سوپاسـی ئێـوەی بەڕێـز و خۆشەویسـت دەکـەم، هەمیشـە بیروبـاوەڕم بــە کــورد و کوردســتان بەهێزبــووە، بــەڵام بەڕاســتی ئەمــڕۆ بیــر و بــاوەڕی منتــان ئەوەنــدەی دیکــە بەهێزترکــرد.

## هەولێر

## کەرنەڤاڵی پشتگیریی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان

### چ گوناهی تێدایە میللەتێک بڵێت: من دەمەوێت ڕێگەم بدەن سەربەخۆ بم. نابێ ئەمەش بڵێی!



٢٠١٧/٠٩/٢٢

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

خوشک و برایانی بەڕێز، سوپاسی بێ پایان بۆ ئێوەی خۆشەویست، جەماوەری شاری هۆلاکۆ بەزێن هەیە، شاری ڕەسەن. ببوورن دەزانم ئەمە چەند سەعاتێکە ئێوە لەبەر ئەم گەرمایە لێرە چاوەڕوانن. بەڵام بۆ سەربەخۆیی هەموو فیداکارییەک ئاسانە. سوپاسی ماندووبوونتان دەکەم و دەشزانم هەولێر هەر هەولێرە.

ئازیزان: ئەمڕۆ کە لێرە کۆبووینەتەوە، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە یەک دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.

ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارە بکەن، بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دا؟ ئێمە چەند ساڵێکە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ئێمە لەگەڵ بەغدا چیتر ناتوانین بژین. زۆر هەوڵمان دا، لەگەڵ هەموو لایەنەکان، لەگەڵ خودی بەغدا، چارەسەرێک بۆ ئەو گرفتانە بدۆزینەوە کە هەن. ئیلتزام بە دەستوور بکرێت، هاوبەشی قبوڵ بکەن هەروەکوو لەسەری ڕێککەوتبووین، بەڵام بەداخەوە نە هاوبەشی ما، نە دەستوور ما، لەو دەستوورەشدا هاتووە: "ان الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر" ناڵێ وحدتە، دەڵێت اتحادە، واتە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە.

ئێمە وامان دەزانی دوای ٢٠٠٣ دەرفەتێکی تازەیە بۆ هەموو خەڵکی عێراق کە عێراقێکی تازە دروست بکەینەوە و خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی، ئێمە وامانزانی وێرانکردنی ٤ هەزار و ٥٠٠ گوند، بێ سەروشوونکردنی ١٢ هەزار گەنجی فەیلی، ٨ هەزار بارزانی، ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کەس لە ساڵی ١٩٨٨، کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرتاسەری کوردستان، ئێمە وامانزانی ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر کوردستاندا هاتوون، ویژدانی جیهانیان هەژاندووە و بەغدای تازەش ئەم هەموو کارەساتانە بۆ گەلی کوردستان قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە، هەر پاش ماوەیەکی زۆر کورت بۆمان دەرکەوت کە زۆرێک لەوانەی ئەمڕۆ لە بەغدا دەسەڵاتدارن نەک هەموویان، زۆریان تەنیا دەموچاویان گۆڕاوە، ئەگینا هەڵگری هەمان عەقڵییەتی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانن.

لە ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٥ دوای ئەوەی دەستوورێک بۆ عێراق نووسرایەوە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان، بەڵام گەلی کوردستان لە دەنگداندا ئەو دەستوورەی ڕزگارکرد، ئێمە پێی ڕازی بووین، بەڵام بەغدا ئیلتزامی پێنەکرد، شەراکەت نەما، دەستوور نەما، ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ نەکرا، بەپێی دەستوور دەبووایە چەک و بودجەی پێشمەرگە بێت، بەڵام یەک فیشەکیان بۆ پێشمەرگە نەنارد، بڕینی بودجە، ئەویش بەشێوەی خۆی ئەنفالێکی دیکە بوو بەرامبەر کورد کرا.

بڕیاربوو دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراق دروست بکرێت، بەڵام پرسیار لەهەموو کەسێک دەکەم، ئایا ئەمڕۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراق حاکمە یان دەوڵەتێکی مەزهەبی؟.

تا ئەمڕۆش لە کاتێکدا کە پێشمەرگە قارەمانەکان لەوپەڕی ناخۆشی و سەختیدا بوون و لە شەڕێکی سەختی تیرۆریستانی داعشدا بوون، ئەگەر بارێکی چەک بۆ پێشمەرگە بهاتبایە دەبوو بچێتە بەغدا و لەوێ بیپشکنن، ئەگەر ئەوان ڕازی نەبووبان فیشەکێکیش بۆ پێشمەرگە نەدەهات، ئەوەبوو حاڵی ئێمە بەدەست بەغداوە.

کاتێک باسی ڕیفراندۆم کرا، نەک لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران، ئەو بڕیارە درا، پێشتر زۆر باس کرا، لەگەڵ هەموو لایەنەکان، پێمان گوتن بەجیدی وەری بگرن، ئەمە مەسەلەیەکی جیدییە، ئێمە بێتاقەت بووین، ماندووبووین، ناتوانین لەمشێوە

پەیوەندییە لەگەڵ بەغدا بەردەوام بین، بەڵام بەهەندیان وەرنەگرت، زۆرێکیان وایان دەزانی ئەمە کارتی فشارە، یان هەندێکجار دەیانگوت ئەمە بۆ دەربازبوونە لە قەیرانی ناوخۆ. کاتێک لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران بڕیاری ڕیفراندۆم درا کە بڕیارێکی بوێرانە بوو، من جارێکیتر دەستخۆشی لە هەموو ئەو حیزب و لایەنانە دەکەم کە ئەو بڕیارەیان دا، ئینجا هەموو لایەنەکانی دەرەوە و لە بەغداش هەندێکیان پێیانوابوو کە لەنێوخۆماندا دووبەرەکی دروست دەبێت و هەر خۆبەخۆ ناهێڵین ئەم پرۆسەیە سەربگرێت، بۆیە دیسان جارێکی دیکەش بە هێندیان وەرنەگرت و گرنگییان پێ نەدا.

ئەو ڕۆژەی بڕیارەکە (بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم) درا، ئەم لایەنانەی هەڕەشەمان لێدەکەن، ڕۆژێک نەهاتن بڵێن: بۆ ئەمەتان کرد؟ ئەرێ ڕێگەچارەیەکی دیکە هەیە؟ بەڵام کەوتنە تەهدید و داوای نەهێشتنی ڕیفراندۆم، ئێستاش ڕیفراندۆم لەدەستی من و حیزبەکان و هەمووان دەرچووە و کەوتووەتە دەستی ئێوە (خەڵکی کوردستان).

پێشان هەڵوێستی نێودەوڵەتی زۆر نەرم بوو، زۆر سەیرە لای من تائێستاش کەس ناڵێ ئێمە دژی ڕیفراندۆمین و دەڵێن کاتەکەی گونجاو نییە، بەڵام بەڕاستی ئێمە نازانین ئەو ڕۆژەی کە گونجاوە، ڕۆژی بەختی کوردستان کەیە؟ ئەمە ١٠٠ ساڵە ئەو ڕۆژە نەهات، بەغداش بەو هەڵوێستەی دەرەوە تەشجیع بوو، ئەگینا پارساڵ وەکو ئەمڕۆژانە ئێمە بە شاندێکی گەورە چووینە بەغدا، هەڵوێستی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا زۆر نەرم بوو، ئێستاش بووەتە قەزیەی جەماوەر و لەدەست ئەشخاس و ئەحزاب دەرچووە. شەو و ڕۆژ داوای دواخستنی ڕیفراندۆممان لێدەکەن، فشار بەردەوامە، دەڵێن ڕیفراندۆم دوابخەن، پاشان لەگەڵ بەغدا دەست بە گفتوگۆیەکی کراوە بکەن، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەزموونێکی شکستخواردوو، ئێمەش دەڵێین ئامادەین بۆ گفتوگۆیەکی زۆر جددی و بە دڵێکی ساف و بە مێشکێکی کراوە، بەڵام دوای ٢٥ی ئەیلوول.

تازە زۆر درەنگە و کات بۆ ئەو جۆرە قسانە نەماوە، سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانەش دەمەوێت یەک شت بە خوای خۆم و بە ئێوەش بڵێم، من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزای میللەتی خۆم بکەم.

ئێستا حیساب بۆ خواستی گەلەکەمان نەکا، کە زۆر زۆر بە ئاشتی و دیموکراتیانە

تەنیـا داوای ئـەوە دەکات: ڕێگـەم بـدەن دەنگـی خـۆم بـدەم، چیـم دەوێـت؟ تەنانـەت ئـەوەشمان پـێ ڕەوا نابینـن، چەنـد بیـری لێدەکەمـەوە بـۆ قبوڵـی ناکـەن، وەڵڵاهـی بـەڕای مـن هۆکارەکـەی تەنیـا ئەوەیـە دەیانەوێـت ئیـرادە و کەرامەتـی ئێمـە بشـکێنن، ئەگینـا هیـچ شـتێکی دیکـە نییـە. ئایـا چ گوناهـی تێدایـە میللەتێـک بڵێـت: مـن دەمەوێـت ڕێگەم بـدەن سـەربەخۆ بـم. نابـێ ئەمـەش بڵێـی!

پاشـان ڕیفرانـدۆم بـۆ دەستنیشـانکردنی سـنوور نییـە، بـۆ سـەپاندنی ئـەرزی واقیـع نییـە، هەنـگاوی یەکەمـە، گەلێـک دەڵێـت: مـن دەمەوێـت سـەربەخۆ بـم. خواسـت و داواکاری ئێمـە لـە بەغـدا و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ئەوەیـە، لـەدوای ٢٥ی ئەیلـوول وەرن گفتوگۆیەکـی جـددی بکەیـن لەسـەر سـنوور، لەسـەر ناوچـەکان، لەسـەر نـەوت، لەسـەر غـاز، لەسـەر ئـاو و لەسـەر هەمـوو شـتێک. بەڵام پێمان بڵێن ئێسـتا و لـە ئاینـدەش هەموو داواکارییەکـی ئێـوە قبـوڵ نییـە، پێمان بڵێـن بگەڕێنـەوە بـۆ هێڵی سـەوز، کـە بـۆ زانیاریتان هێڵـی سـەوز ، هێڵـی تەمـاس ئەوەبـوو کـە لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق لـە سـەردەمی سـەدام هەبـوو. واتـە بگەڕێنـەوە بـۆ نزیکـی قوشـتەپە تـا هەرکاتێـک بیانـەوێ بـە تۆپخانـە لـە هەولێـر بـدەن. نـە ڕیفرانـدۆم سـنووری کوردسـتان دەستنیشـان دەکات و نـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژانیـش قابیلـی قبوڵـە بـۆ یـەک دەقیقەیـش لەبـارەی سـنووری کوردسـتان گفتوگـۆ لەگـەڵ هیـچ لایەنێکـدا بکەیـن لەسـەر خەتـی سـەوز کـە خۆیـان پێیدەڵێـن.

ئێمـە ئامادەیـن و بەجیـدی بـەردەوام دەبیـن لـە هـاوکاری لەگـەڵ سـوپای عێـراق و هاوپەیمانـان لـە دژی تیرۆریسـتانی داعـش شـەڕ بکەیـن. لێـرەدا سوپاسـی هاوپەیمانانیـش دەکـەم لەکاتـی شـەڕی ئێمـە لەگـەڵ داعـش یارمەتـی ئێمەیـان داوە.

بەڕێـزان مەینەتـی و کارەسـاتی گەلـی ئێمـە چیرۆکێکـی زۆر قووڵـە. لەوەتـەی دەوڵەتـی تـازەی عێـراق دامـەزراوە، ئێمـە هـەر دەڵێیـن برایـن، بـا بـرا بیـن، با شـەریک بیـن. لەکوێی دونیـا دیوتانـە میللەتێـک ١٨٢ هـەزار کەسـی بێسەروشـوون کرابێـت کـە بەشـی هـەرە زۆریـان ژن و منـداڵ بـوون، گەنجەکانـی فەیلـی و بارزانییـەکان بـردران بـۆ ناوچەکانـی عەکاشـات و قائیـم، تاقیکردنـەوەی چەکـی کیمیاییـان لەسـەر کـراوە. لەکوێـی دونیـا هەیـە دەوڵەتێـک میللەتـی خـۆی بـە ژەهـری کیمیایـی ئیبـادە کردبێـت، ئینجـاش بچینـەوە و بڵێیـن: ئێمـە بـرای یەکیـن و دەسـتی برایەتیتـان بـۆ درێـژ دەکەیـن، ئەوانیـش پێمان بڵێـن:

ملتـان بشـكێ، بڕۆنـەوە ئێـوە نانـی ئێمـە دەخـۆن.

هـەر لـە شـەڕی داعـش تـا ئەمـڕۆ ١٧٨٩ قارەمـان شـەهید بـوون و ١٠ هـەزار و ١٩٩ قارەمانیـش برینـدار بـوون، کـە زۆریـان ژیانیـان لـێ تاڵبـووە، وایـان لێهاتـووە ناتوانـن بژیـن، بـە جۆرێـک پەکیـان کەوتـووە وەکـو شـەهید وان.

زۆر لـەو دۆسـتانەی دەرەوە کـە دەهاتنـە لامـان مـاوەی نیـو کاتژمێـر هـەر ستایشـی قارەمانێتـی پێشـمەرگەیان دەکـرد، بـە هەقیقەتیـش وایـە، ئـەوەی پێشـمەرگە کـردی، مـن تەحـەدا دەکـەم سـوپایەکی دیکـە لـە هەمـوو جیهـان هەبێـت بتوانێـت بـەو چەکـەی پێشـمەرگە ئـەو دوژمنـە بشـکێنێت. کـوا دەبابـە و مودەرەعـە و تۆپی گەورە کە بـە ئێمەیان داوە؟ ئـەوەی هەمانبـووە ئەوەبـووە کـە لـە سـوپای سـەددام دەسـتمان کـەوت، ئەویـش هەمـووی کـۆن و بێکەلکـە، بـەڵام پێشـمەرگە بەکاریهێنـا و ئەفسـانەی داعشـی تێکشـکاند.

ئێمـە گەلێکـی بەوەفایـن، بـەڵام جارێکـی دیکـە دەڵێـم، سوپاسـی هاوپەیمانـان دەکەین کـە هاوکارییـان کردیـن، بـەڵام ئێمە خوێـنمان دا. بەڵـێ زۆر ستایشـی پێشـمەرگەیان دەکرد، بـەڵام ئێسـتا قبـوڵ ناکـەن دایـک و کەسـوکاری شـەهیدانی شـەڕی داعـش، شـەهیدانی ئەنفـال، پاشماوەکانـی ئەنفـال، کیمیابـاران و هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بێـن و تەنیـا ئـەوە بڵێـن، تەنیـا دەمانەوێـت سـەربەخۆبین. لێیـان گەڕێـن بـا ڕای خۆیـان دەرببـڕن، پاشـان ئەنفالێکـی ترمـان بکەنـەوە.

مـن لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانـم باسـی چاوپێکەوتنێکـی خۆمتـان لەگـەڵ سـەرۆک بـوش بـۆ بکـەم. سـاڵی ٢٠٠٦ جـۆرج بـوش، سـەرۆکی ئەمەریـکا هاتـە قاعیـدەی ئەسـەد لەسـەر سـنووری سـووریا و ئـوردن لـە پارێـزگای ڕومـادی، داوایـان کـرد منیـش چوومـە ئـەوێ، هەمـوو سـەرکردایەتی عێراقـی هاتبـوون. بـوش زۆر قسـەی کـرد و پاشـان ڕووی لەمـن کـرد و گوتـی: ئێمـەی خەڵکـی تێکسـاس و ئێـوەی خەڵکـی کوردسـتان زۆر وەکـو یەکیـن، هـەردووکمان ئازایـن، نەوتمـان هەیـە، ئـاڵای خۆمـان هەیـە، مەردیـن، بـەڵام هەردووکیـشمان عاقڵیـن. ئێمـە بینـیمان ئەگـەر لەگـەڵ واشـنتن بیـن بەهێزتـر دەبیـن، ئێـوەش بینیتـان ئەگـەر لەگـەڵ بەغـدا بـن بەهێزتـر دەبـن، منیـش پێمگـوت؛ جەنابـی سـەرۆک وەڵڵا ئـەوەی بەغـدا بەسـەر ئێمـەی هێنـاوە، واشـنتن بەسـەر ئێـوەی تێکساسـی هێنابـا، بـە حەیاتـت نەدەچوویتـە واشـنتن.

بەڵـێ ئێمـە چووینـەوە بەغـدا، بـەڵام فەرهەنگێکیـان دروسـت کـردووە، کـە لـە هەڵبـژاردن نزیـک دەبـن، کامەیـان زیاتـر جنێـو بـە کوردسـتان بـدات، هەڕەشـە بـکات، نکۆڵـی لـە مافـی خەڵکـی کوردسـتان بـکات، دەنگـی زیاتـر دێنێـت، دە وەرە لەگـەڵ کۆمەڵگایەکـی وا پێکـەوە بـژی.

لـە ٢٠٠٣ەوە هەرچـی بـە ئێمەیـان گـووت، گوتمـان باشـە و هەرچـی بەڵێنێکیـان پێداین جێبەجێیـان نەکـرد و هەمووشـی بـە زیانـی ئێمـە تـەواو بـوو. ئێسـتاش چەنـد دوابکەویـن ئێمـە زەرەرمەندیـن. بۆیـە هەرچـی زووتـرە دەسـتی ئـەم گەلـە خـۆش بێـت، دەسـتی ئێـوە خۆشـبێت، ڕۆژی ٢٥ی مانـگ بڕۆنـە سـەر سـندوقەکانی دەنگـدان و چارەنووسـی خۆتـان دیـاری بکـەن، ئـەوەی لەگـەڵ ئەمـە بـێ، ئـەوە سـندوقەکان، ئـەوەی بشترسـێت بـا نەچێـت یـان بـا بڵـێ نەخێـر.

لـە ڕاگەیێنـدراوی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتیـدا هاتـووە، نیگەرانـن لـەوەی تەرکیـز لەسـەر شـەڕی داعـش نەمێنێـت، هەروەهـا ئـاوارەکان ناتوانـن بگەڕێنـەوە. مـن لێـرە بـە نـاوی پێشـمەرگە قارەمانەکانـەوە و بـە ناوی گەلـی کوردسـتانەوە بـە ئەنجوومەنی ئاسـایش دەڵێـم: ئێمـە دووپـات دەکەینـەوە لـە شـەڕی دژی داعـش سـوورتر دەبیـن، زیاتریـش لـە جـاران شـەڕی داعـش دەکەیـن.

بەنیسـبەت ئاوارەکانیـش، ئـەو ئاوارانـەی لـە کوردسـتانن، میـوان و بـرای ئێمـەن، تەوسـیەی مـن بـۆ هـەر هەمووتـان ئەوەیـە وەکـو چـاوی خۆتـان بیانپارێـزن، ڕێزیـان بگـرن، کێشـەی ئـاوارەکان لـە کوردسـتان نییـە، لـە فەللوجەیـە، لـە تکریتـە، لـە بەغدایـە، بـا لـەوێ بگەڕێنـەوە، ئەگینـا ئێمـە چ کێشـەمان نییـە.

دراوسـێکانمان، برادەرینـە ئـەوە ٢٥ ساڵە، ئایـا بەس نییە بۆئـەوەی بۆتـان دەرکەوێت کە ئێمـە هـۆکاری هەڕەشـە نیـن بـۆ ئێوە. بـۆ پێکـەوە دانەنیشـین و هەرچی گرفت و مەترسـی هەیـە بـەلاوەی بنێیـن؟ بۆ بە زمانی هەڕەشـە قسـەمان لەگەڵ دەکەن، چ سـوودێکی هەیە؟

زۆرێـک دەپرسـن. بەڵـێ، تـۆ داوای سـەربەخۆیی بکەیـت موجازەفـەی تێدایـە. بـەڵام دانیشـی و چـاوەڕوان بـی چ دەبـێ؟ یـان خەڵکـی تـر بڕیـار لـە چارەنووسـی تـۆ بـدات، ئـەو موجازەفەیـە مردنـە، مەرگـە، سـەدجار لـەوە خەتەرتـرە تـۆ موجازەفـە بکەیـت و بڕیـاری خـۆت بـدەی.

سیسـتەمی ئایندەمـان، بەشـێوەیەک دەبێـت کـە ئـەو فەرهەنگـە دەوڵەمەنـدەی خەڵکـی کوردسـتان دەوڵەمەندتـر بکرێـت. دەوڵەتـی هەمـوو پێکهاتـەکان دەبـێ، دەوڵەتی هەمـوو نەتـەوە و ئایینـەکان و مەزهەبـەکان، دەوڵەتێکـی دیموکراتـی، فیدراڵـی، پەرلەمانی دەبێـت، کـە مافـی هەمـوو لایـەک زامـن بێـت.

لێـرەدا دەمەوێـت ئامـاژە بـە ڕۆڵـی پێشـمەرگە قارەمانـەکان بکـەم، پێشـمەرگە قارەمانـەکان، چ ئەوانـەی شـەهید بـوون و ئەونـەی برینـدار بـوون، یـان ئەوانـەی ئەمڕۆ لـە سـەنگەرەکان دەسـتیان لەسـەر میلـی تفەنگـە بـۆ ئـەوەی هەمـوو بۆنـەکان بـە ئـازادی پێکـەوە کۆببینـەوە، مـن دڵنیـام هـەروەک چـۆن لـە ١٩٦١ەوە نەیانهێشـت کوردسـتان بکەوێتـە دەسـتی دوژمـن، ئەگـەر بـۆ ماوەیەکیـش کەوتبێتـە دەسـت دوژمـن، قـەت نەیانهێشـتووە دوژمـن لـە کوردسـتان ئیسـراحەت بـکات. دڵنیـام ئەمـڕۆ و لـە ئاینـدەش پێشـمەرگە قارەمانـەکان ناهێڵـن کوردسـتان بکەوێتـە دەسـتی دوژمنـان.

قارەمانێتـی پێشـمەرگەکان و خۆڕاگریـی ئێـوەی جەمـاوەری کوردسـتان، لـە هەمـوو هێزێـک بەهێزتـرە. بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبێـت بـۆ هەمـوو باجێـک ئامـادە بیـن، چونکـە ئێمـە لـە دووڕیانێکدایـن، یـان ژیانـی بندەسـتی هەڵدەبژێریـن، یـان ژیانـی سەربەسـتی و سـەربەخۆیی.

باجـی ژیانـی بندەسـتی لەدەسـتدانی ئیـرادە و کەرامەتـە، بـەڵام دەژی. باجـی سـەربەخۆیی و سەربەسـتی، سـەرفرازی و شـەرەفە، بـەڵام مومکینـە بمریـن.

لـەم ڕۆژانـەی کۆتایـی حەمـەن ئێـوەش زۆر گوێتـان لـە هەڕەشـەی جۆراوجـۆر بـووە. هەڕەشـە دەکرێ کە سـزامان دەدەن. وەڵامی منیش ئەوەیە؛ ئەوە سەد ساڵە گەلی کوردستان سـزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێرنەبوون لە سـزادانی خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر پێتانخۆشە دیسـان بگەڕێنـەوە بـۆ سـزادان، واز لـە خەڵکـی کوردسـتان بێنـن، وەرن مـن سـزا بـدەن.

مـن سوپاسـی هەمـوو حیـزب و لایـەن و پێکهاتـەکان دەکـەم، بـۆ ئـەو جـۆش و خرۆشـەی کـە مـن دەیبینـم، بـۆ ئـەو هەڵوێسـتە نیشـتمانپەروەرانەی کـە مـن دەیبینـم. جەمـاوەری خۆڕاگـر سوپاسـی ئێـوە دەکـەم، بەڕاسـتی ئێـوە ڕیفراندۆمتـان کـرد، ئەمـە ڕیفراندۆمـە.

لـە کۆتاییـدا سڵاو دەنێریـن بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدان، بـۆ پێشـمەرگە قارەمانـەکان، بـۆ ئێـوەی خۆشەویسـت و هەمـوو جەمـاوەی کوردسـتان. هەربژیـن و هـەر سـاخ بـن. جارێکـی دیکـەش دەڵێـم شـەرەفمەندین، هەولێـر هـەر هەولێـرە...

# پەیامەکان بۆ ڕای گشتی و ڕەوەندی کوردستان لە هەندەران

## پەیامێك بۆ ڕای گشتی

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لە سیاسی و کاربەدەستانی عێراقی بۆ دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم و مافەکانی گەلی کوردستان باسی دەستوور و پابەندبوون بە دەستوور عێراق دەکەن. زۆر باشتر دەبوو ئەم بەڕێزانە بە وردی دەستووری عێراق ببینن چونکە لە دیباجەی دەستووردا بە ڕوونی هاتووە پابەندبوون بە دەستوور زامنی مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا پابەندی دەستوور بوون؟ بە دەیان نموونە هەیە کە پێشان دەدات حکوومەتەکانی عێراق پابەندی ئەو دەستوورە نەبوون کە خەڵکی عێراق دەنگی پێ دابوو. بە پێچەوانەی دەستوور لە سوپای عێراقدا پارسەنگ تێکدراوە و کورد پەراوێز خراوە ئەوە لە حاڵێکدابوو کە پێشمەرگە بناغەی سەرەکیی سوپای عێراقی لە دوای ۲۰۰۳ پێکهێنا.

لە سلکی دیپلۆماسی و کاروباری دەرەوەدا بە هەمان شێوە کار بۆ گۆشەگیرکردن و دەرکردنی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکرێت. چەندین ساڵە پێشمەرگە ئابلۆقە دراوە کە بەشێك بووە لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق. ئەوە جگە لە پشتگوێخستنی ماددەی ۱٤۰ و پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئیتحادی، ئەو ئەنجوومەنەی زامنی تەوافوق و تەوازونی ناو پێکهاتەکانی عێراقە. بە پێچەوانەی دەستوور هەوڵ دراوە بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی پێشێل بکرێن، یان جێبەجێ نەکرێن. کار گەییشتە ئەوەی نانی خەڵکی کوردستان بە نووکە ئیمزایەك ببڕن و نەشمانبینی هیچ لایەنێکی سیاسی یان ناوەندێکی ئایینی ئیدانەی ئەو بڕیارە نادەستوری و نامرۆڤانەیە بکات کە قووتی خەڵکی کوردستان و شیری منداڵی کوردستانی بڕیوە. بە پێی کام یاسا و کام ماددەی دەستوور حکوومەتی عێراقی ئەو مافەی هەیە ئیجرائاتی نایاسایی دەرهەق گەلی کوردستان بکات؟

لە لایەکی دیکەوە لەپێناو شەراکەتی نێوان پێکهاتەکاندا عێراق پێویستی بە بنەمای تەوافوق بوو، بەڵام ئەو تەوافوقەشیان تێکدا و ئێستا بانگەشە بۆ زۆرینەی سیاسی دەکەن، زۆر چاکیش دەزانین مەبەستیان لە زۆرینەی سیاسی چییە کە لە

ڕاستیدا نەهێشتنی شەراکەت و پەراوێزخستنی پێکهاتە سەرەکییەکانی ترە.

بە هەموو لایەکیش ڕادەگەیێنین کە ڕیفراندۆم مافێکی سرووشتیی گەلی کوردستان و هەموو گەلانی جیهانە و ئەو مافە سرووشتیە دەبێ مومارەسە بکرێت و بۆچی تەنیا ئەو مافە لە گەلی کوردستان حەرام بکرێت؟

ئێمە ئیلتزاممان هەیە بەرانبەر خوێنی شەهیدانمان و ڕای گشتی و داوکارییە ڕەواکانی گەلەکەمان. بۆیە لەو مافەی خۆمان پاشگەز نابینەوە و گەلی کوردستان ئەو مافە سرووشتییەی خۆی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی پیادە دەکات، چونکە نامانەوێ ئەزموونی تاڵ و شکستخواردووی پێشوو دووبارە بکەینەوە. بە باشی دەزانین هەردوولا دراوسێی یەکتر و قووڵایی ستراتیژیی یەکتر بین و وەك برا و دۆست هاوکار و هەماهەنگ بین لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

ئەو سەردەمەیش بەسەرچوو بە زمانی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە دژی مافی ڕەوای گەلی کوردستان بوەستنەوە و حەزیش ناکەین کەس ئەو زمانە بەکار بهێنێ. گەلی کوردستان ئاشتی و برایەتیی دەوێت بەڵام زمانی هەڕەشە و ئینکار لە کەس قبوڵ ناکات.

**مەسعود بارزانی**

**١٩ی تەمووزی ٢٠١٧**

## پەیامێک بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە کۆڵن- ئەڵمانیا

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

ئامادەبووانی بەڕێز

خوشك و برا خۆشەویستەكانم

جێگەی خۆشحاڵی و ئومێدێکی زۆرە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەندەران بۆ پاڵپشتیکردنی سەربەخۆیی گەلەکەمان لێرەدا کۆبوونەوتەوە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم. دەنگی ئێوەی سەربەرز پشتگەرمی و هێز دەداتە خوشك و براکانتان لە کوردستان.

ئەمڕۆ میللەتەکەمان لەبەردەم قۆناغێکی زۆر هەستیارادایە، لە ٢٥ی سێپتەمبەری داهاتوو ڕیفراندۆم دەکرێت بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بنێت.

بڕیاری ڕیفراندۆم بڕیاری گەلی کوردستانە، بڕیاری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستانە و سەروەرییەکی گەورەی دیکەیە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا.

ڕیفراندۆم ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتر کە سەربەخۆییە، ئەمەش تەنها بۆ خەڵکی کورد نییە، بۆ هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لە کوردستاندا دەژین.

گەلەکەمان لە باشووری کوردستان بە مەرجی شەراکەت ژیانێکی ئارزوومەندانەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هەڵبژارد. دوای سەد ساڵ بەشی گەلی کوردستان لەو شەراکەتە نەهامەتی و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و قڕکردن بوو. هەموو هەوڵەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بێ ئاکام بوون و ئەو مافانەی کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە کە ژیان و ئازادییە، لێمان زەوت کرا، گەلی کوردستانیش ژێردەستەیی و پاشکۆیەتی قبوڵ نییە، بۆیە لەئێستادا بەهەمان شێوازی مەدەنییانە و دیموکراتیانە خەڵکی کوردستان لە بەردەم دوو بژارەدا دەبێت، یان مانەوە لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە هەمیشە هەوڵی سڕینەوەمان دەدات، یان هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازی.

وێـرای هەمـوو ئـەو نەهامەتییانـە کـە حکومەتەکانی عێـراق بەسـەر کوردسـتانیان هێنا، لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس کوردسـتان هەمـوو هەوڵێکـی خسـتەگەڕ بـۆ بنیاتنانـی عێراقێکـی تـازەی فیدراڵـی و دیموکراتـی لەسـەر بنەمـای شـەراکەت و تەوافـوق، بـەڵام هەوڵـەکان هیـچ ئاکامـی نەبـوو، ڕێککەوتـن کـرا و پێشـێل کـرا، یاسـا دەرکـرا و جێبەجـێ نەکـرا، دەسـتوور ئیلتزامـی پێـوە نەکـرا و پێشـێل کـرا، تاکـو گەیشـتە ئـەوەی نانـی خەڵکـی کوردسـتان ببـڕن. هێشـتا فەرهەنگـی نکۆلیکـردن و بـە پاشـکۆدیتنی گەلـی کوردسـتان باڵادەسـتە. فەرهەنگێـك کـە شـەراکەت قبـوڵ نـاکات. گەلـی کوردسـتان لـە مانـەوە لەگـەڵ دەوڵەتـی عێـراق نائومێـد بـووە و چـیتر نایـەوێ ئەزموونـە شکسـتخواردووەکانی ڕابـردوو دووبـارە بکاتـەوە و ناچاریـش نییـە، تاهەتایـە پاشـکۆ بێت و چاوپۆشـی لـە مافەکانی بکات.

ئێمـە داوای شـتێکی ئاسـایی و یاسـایی دەکەیـن. گەلـی کوردسـتان دەیـەوێ لەڕێگـەی ئاشـتی و دوور لـە توندوتیـژی بـە مافەکانـی خـۆی بـگات و باشتریـن پەیوەنـدی لەگـەڵ بەغـداو دراوسـێکان و وڵاتانـی ناوچەکـە هەبێـت. ئامانجـی ڕیفرانـدۆم گەیاندنـی پەیـام و ویسـتی هاووڵاتیانـی کوردسـتانە بـە جیهانیـان کـە سـەربەخۆیی و ئاشـتی دەوێـت. گەلـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی بتوانـێ خـۆی بپارێـزێ و لـە ئاشـتیدا بژییـت و بـەرەو پێشـەوە بچێـت پێویسـتی بـە سـەربەخۆییە. گەلـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی بتوانـێ خـۆی لـە شـەڕ و کێشـەکان لەگـەڵ عێراقـدا بپارێزێـت دەبـێ خاوەنـی سـەروەریی خـۆی بێـت. بۆیـە بـاشتر وایـە کوردسـتان و عێـراق ببنـە دوو دراوسـێی بـاش تـا کێشـەی گەورەتـر لەنێوانیانـدا روونـەدات و چـیتر هەردوولامـان لـە گێـژاوو لـە دڵەڕاوکێـدا نەژیـن.

**ئازیزانم ..**

میللـەت ڕا و هەڵوێسـت و ڕێـزی خـۆی هەیـە و دەبێـت ئـەو هەلـە بـە خەڵکـی کوردسـتان بدرێـت بڕیـاری خـۆی بـدات و گوزارشـت لـە ڕای خـۆی بـکات. تاکـە دەرمانـی هەمـوو ئازارەکانمـان و تاکـە زامـن بـۆ دووبارەنەبوونـەوەی کارەساتەکان ئەوەیـە، بـەرەو سـەربەخۆیی هەنـگاو بنێیـن.

شۆڕشــەکانی گەلەکەمــان بــۆ ئــازادی و سەربەســتی و ســەربەخۆیی بــووە، گەلــی کوردسـتان لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا قوربانیـی گـەورەی دا بـۆ پـاراستن و مانـەوەی خـۆی، ئێـوە لـە هەمـوو بۆنـە نەتەوەییەکانـدا ڕۆڵـی جوامێرانەتـان بینیـوە، بـۆ ڕیفراندۆمەکـەی

ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەریش داواتان لێ دەکەم ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەیی و دیموکراتییەکەتان ئەنجام بدەن و بە هەموو توانایەك پاڵپشتی سەربەخۆیی بن، دەنگتان بۆ سەربەخۆیی بێت، ئەوەیش لە پێناو کۆتایی هاتنی ژێردەستەیی و هەڵهاتنی خۆری ئازادی، لەپێناو وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدانمان، لەپێناو ئاشتی و بووژانەوەدا، لەپێناو بەختەوەری بۆ نەوەکانی داهاتوو.

**بژی کوردستان**

**نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی**

**مەسعود بارزانی**

**٢٦ی ئابی ٢٠١٧**

## پەیامێک بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە ئەمریکا

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ئامادەبووانی بەڕێز

خوشک و برایانی خۆشەویست

پڕ بە دڵ بەناوی خۆم و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە، زۆر سوپاسی ڕەوەندی کوردستانی لەئەمریکا دەکەم کە لێرەدا بۆ پاڵپشتی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کۆبوونەتەوە، هەڵوێست و پشتیوانیی ئێوەی بەڕێز مایەی دڵگەرمیی هەموومانە.

لەدوای سەد ساڵ قوربانیدان و شکستهێنانی ئەزموونەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و پێشێل کردنی شەراکەت، گەلەکەمان بڕیاری داوە ڕێی سەربەخۆیی بگرێتەبەر. ئەویش لەپێناو ڕێگرتن لەقووڵتر بوونی کێشەکان و کۆتایی هێنان بەنەهامەتی و کارەسات.

ئەو بڕیارە مافێکی ئاسایی و یاسایی گەلی کوردستانە، لەگەڵ هیچ یاسایەکی ئاسمانی و مرۆییدا ناکۆك نییە. ئەگەر ڕێز لەئیرادەی دانیشتووانی هەر سەرزەمینێک بگیرێت، بەدڵنیاییەوە ئاشتی و سەقامگیری دەچەسپێت، بووژانەوە و پێشکەوتن دێتەئاراوە. پێویستە جیهان ڕێز لەئیرادەی گەلی کوردستان بگرێت، لەئێشوئازارەکانی ئێمە بگات کە لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراقدا بینیومانە. دەبێ ڕێز لەقوربانیدانی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی پێشمەرگە بگیرێت کە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاندووە.

ئەمریکا دۆست و هاوپەیمانی ئێمەیە لەشەڕی تیرۆر، پێویستە ئەو دۆستایەتییە لەپرەنسیپەکانیشدا ڕەنگ بداتەوە و ئەمریکا پشتیوانی گەلی کوردستان بێت. گەلی کوردستان وەك گەلی ئەمریکا و گەلانی تری جیهان ویستی بۆ ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی هەیە پێویستە ئەو ویستە جێبەجێ بکرێت، ئەویش لەپێناو مسۆگەر بوونی

ئاشتی و قووڵتر کردنی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لەپێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینیی کوردستان.

ئێمە پشتمان بەئیرادەی گەلەکەمان لەهەرێمی کوردستان و خوشك و براکانمان لەهەندەران قایمە، بەدڵنیاییەوە هەڵاتنی خۆری ئازادی نزیکە.

زۆر سوپاستان دەکەم

بژی کوردستان

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی

**مەسعود بارزانی**

**١٣ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## پەیامێک بۆ ڕەوەندی کوردستانیی لە وڵاتی سوید

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ئامادەبووانی بەڕێز

خوشك و برایانی خۆشەویستم

بەنـاوی خـۆم و خوشـك و براكانتـان لـە هەرێمـی كوردسـتان پـڕ بـەدڵ سـوپاس و پێزانینـی خـۆم ئاڕاسـتەی ئێـوەی بەڕێـز و خۆشەویسـت دەكـەم. ئامادەبوونـی ڕەوەنـدی كوردسـتانی لـە وڵاتـی سـوید لـەو مەراسـیمەدا پشـتگەرمی و ئومێـد و هێزێكـی زۆرمـان پـێ دەبەخشـێت. سـوپاس بـۆ هەڵوێسـت و سـۆز و پشـتیوانیتان، دەسـتتان خـۆش بێـت.

گەلەكەمـان لـە هەرێمـی كوردسـتان دوای سـەد سـاڵ ئەزموونی تـاڵ و پڕ لـە نەهامەتی و پـاش شكسـتهێنانی شـەراكەت و هەمـوو هەوڵێـك بـۆ پێكهێنانـی عێراقێكـی دیموكـرات و فیـدراڵ و ئـازاد، بڕیـاری داوە بـە شـێوازی ئاشـتیانە ڕێگـەی خـۆی هەڵبژێرێـت و ببێتـە خاوەنـی چارەنووسـی خـۆی.

ئـەو بڕیـارە بـە هیـچ شـێوەیەك ناكـۆك نییـە لەگـەڵ ئـەو پرەنسـیپانەی كـە كۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی لەسـەر بنیـات نـراوە. بڕیـاری ڕیفرانـدۆم بڕیارێكـە لەپێنـاو چەسـپاندنی سـەقامگیری و ئاشـتی و گێڕانـەوەی ئـەو مافـەی كـە بـە زوڵـم لـە گەلەكەمـان زەوت كراوە.

ڕیفرانـدۆم لـە هەرێمـی كوردسـتان بـۆ دیاریكردنـی چارەنـووس و هەنگاونانـە بـەرەو سـەربەخۆیی و بـۆ بنیاتنانـی دەوڵەتـە. دەوڵەتـی كوردسـتان دەوڵەتێكی ئاشـتیخواز دەبێت كـە لەسـەر بنەمـای ئیـرادەی دانیشـتوانی هەرێمـی كوردسـتان پێكـەوە دەنرێـت و دەبێتـە سـەرچاوەی خێـر و بەركـەت و بووژانـەوە بـۆ كـۆی ناوچەكـە.

**بەڕێزان**

بڕیـاری ڕیفرانـدۆم بـۆ دیاریكردنـی چارەنـووس بڕیارێكـە بـۆ گەلـی كوردسـتان و بـە هیـچ شـێوەیەك هەڕەشـە نییـە لەسـەر دراوسـێكان و گەلانـی ناوچەكـە. گەلـی كوردسـتان چـاوی لـە خاكـی كـەس نییـە و دوای قوربانیدانێكـی بێهەژمـار دەیـەوێ بـە ئاشـتی و ئاسـوودەیی بژیێـت و فەرهەنگـی پێكەوەژیـان و لێبوردەیـی قـووڵتر بـكات. دەوڵەتـی كوردسـتان دەوڵەتـی هاووڵاتیـان و هەمـوو پێكهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەكانـە بـە بـێ

جیـاوازی و جیاکاریـی ڕەگـەزی و نەتەوەیـی و ئایینـی.

دەوڵەتـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای پێـوەر و پرەنسـیپەکانی سـەردەم و فەرهەنگـی دەوڵەمەنـد و مێژوویـی پێکەوەژیـان و لێبوردەیـی خەڵکـی کوردسـتان دادەمەزرێـت.

ئەم ڕووداوە مەزنە وەڵامێکی شایستە دەبێت بۆ قوربانیدانی گەل و وەفایەك بۆ شەهیدان. گەلێك بۆ ماوەی سەد ساڵ لە پێناو ئازادیدا خەباتی کردبێت و تووشی کارەسات و جینۆساید و ئەنفال هاتبێت، دەبێ سەربەخۆ بێت و خاوەن ئیرادە و چارەنووسی خۆی بێت.

**ئامادەبووانی بەڕێز**

چیرۆکـی ژیانـی هـەر کامێـك لـە ئێـوەی سـەربەرز لـە وڵاتـی سـوید و هەنـدەران چیرۆکـی ئاوارەیـی و ئـەو نەهامەتییەیـە کـە بەسـەر گەلـی کوردسـتاندا هاتـووە. ئێسـتا دەرفەتـە بـۆ گێڕانـەوەی مـاف و سـاڕێژکردنەوەی برینـەکان و حەسـانەوە. دەرفەتـە بـۆ پشـتیوانی لـە دەوڵەتـی کوردسـتان و دەنگـدان بـۆ سـەربەخۆیی. داواتان لێ دەکـەم دەنگ بـە سـەربەخۆیی گەلەکەتـان بـدەن. دەنگـی ئێـوە هەوێنـی ژیانێکـی سـەربەرزانە و ئـازادە بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو، دەنگـی ئێـوە دەنگـی ئاشـتی و پێشـکەوتنی گەلـی کوردسـتانە.

لە کۆتاییدا دووبارە سوپاستان دەکەم، دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی ئەو مەراسیمە دەکەم، سوپاسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد و کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی دەکەم و پێزانینم هەیە بۆ نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی سوید و هەموو ئەو کەسایەتییە سویدیانە کە بۆ پاڵپشتیی گەلی کوردستان لێرەدا کۆبوونەتەوە و سوپاسی گەل و حکوومەتی سوید دەکەم کە لە ڕۆژانی تاریك و تەنگانەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانیان پەنا داوە و یارمەتیدەری گەلی کوردستان بوونە.

**بمێنن بە خۆشی**

**بژی کوردستان**

**نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگەی ئازادی**

**مەسعود بارزانی**

**١٦ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## پەیامێک بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە بەلجیکا

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

ئامادەبووانی بەڕێز.

خوشک و برایانی خۆشەویستم... بەناوی خۆم و خوشک و براکانتان لەهەرێمی کوردستانەوە پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دەکەم. ئامادەبوونی ڕەوەندی کوردستانی لە وڵاتی بەلجیکا لەو مەراسیمەدا، پشت گەرمی و ئومێدمان پێ دەبەخشێت. سوپاس بۆ هەڵوێست و سۆز و پشتیوانیتان، دەستتان خۆش بێت.

گەلەکەمان لەهەرێمی کوردستان دوای سەد ساڵ ئەزموونی تاڵ و پڕ لەنەهامەتی، لەپاش شکستهێنانی شەراکەت و هەموو هەوڵێك بۆ پێکهێنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و ئازاد، بڕیاری داوە بەشێوازی ئاشتیانە ڕێگەی خۆی هەڵبژێرێت و ببێتە خاوەن چارەنووسی خۆی.

بڕیاری ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووس بڕیارێکە بۆ گەلی کوردستان، بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نییە لەسەر دراوسێکان و گەلانی ناوچەکە. گەلی کوردستان چاوی لەخاکی کەس نییە، دوای قوربانیدانێکی بێ هەژمار، دەیەوێ بەئاشتی و ئاسوودەیی بژیێت، فەرهەنگی پێکەوەژیان و لێبوردەیی قووڵتر بکاتەوە. دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتی هاووڵاتیان و هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینییە بەبێ جیاوازی و جیاکاریی ڕەگەز و نەتەوە و ئایین. دەوڵەتی کوردستان لەسەر بنەمای پێوەر و پرەنسیپەکانی سەردەم و فەرهەنگی دەوڵەمەند و مێژوویی پێکەوەژیان و لێبوردەیی خەڵکی کوردستان دادەمەزرێت.

لەکۆتاییدا دووبارە سوپاستان دەکەم، دەستخۆشی لەبەڕێوەبەرانی ئەو مەراسیمە دەکەم، سوپاسی کۆمیتەی هاوبەشی پارتە کوردستانییەکانی بەلجیکا و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەو مەراسیمەدا بەشداربوون.

داواتان لێ دەکەم بەدەنگی بەڵێ پاڵپشتی خوشک و براکانتان بن لەهەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی.

بژی کوردستان

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی

**مەسعود بارزانی**

**١٦ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## پەیامێک لەبارەی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانەوە

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**جەماوەری خۆشەویستی کوردستان**

**خوشك و برایانی ئازیزم**

سوپاس.. سوپاس بۆ خوای گەورە، سوپاس بۆ ئێوەی سەربەرز..

لەناخی دڵمەوە پیرۆزبایی گەرم لە هەمووتان دەکەم بە هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، هەموو حزبەکان و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان..

خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکان، ئەو سەرکەوتنەتان لێ پیرۆز بێت. دڵنیام ئێستا ڕۆحی شەهیدان ئاسوودەیە و دەزانن ئەم سەرکەوتنە مەزنە لەسایەی خوێنی ئەوان هاتووەتە کایەوە.

سوپاسی هەمووتان دەکەم کە دەنگدان و چوونە سەر سندووقەکانتان وەك جەژن لێ کرد، ئیرادەی گەلی کوردستانتان پێشانی دونیا دا و بڕیاری خۆتان دا.

سوپاسی بێ پایانم بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و دەزگەکانی ئاسایش و هێزی ناوخۆ کە شەونخونیان کرد بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە.

سوپاسی تایبەتیش بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ بەشداریی گەرموگوڕیان لە ڕیفراندۆم، هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ ڕەوەندی کوردستانی لە دەرەوە کە ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە پاڵپشتیکردنی پڕۆسەی ڕیفراندۆم. سوپاسی دۆستانمان لە سەرتاسەری جیهان دەکەین کە هاوسۆزی گەلی کوردستان بوون لەو پڕۆسەیەدا. بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان بکەم.

**خوشك و برایان**

چ ڕۆژێك لەوە خۆشتر و گەورەتر و پیرۆزترە، مرۆڤ سەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بە ئازادی ڕابگەیەنێت.

منەتباری خوای گەورەین کە ئەوەندە دەرفەتی پێداین بە چاوی خۆمان ئەو ڕۆژە

پیـرۆزە ببینیـن. سـەرکردە مەزنەکانمـان، هــەزاران ڕۆڵـەی قارەمـان بـە حەسرەتـی ئـەوە بـوون ئـەم ڕۆژە ببینـن، بـەڵام لەپێناویـدا شـەهید بـوون. لێـرەدا درود بـۆ گیانیـان دەنێریـن و بەڵێنـی وەفادارییـان بـۆ دووپـات دەکەینـەوە.

**جەماوەری سەربەرزی کوردستان**

بــە خۆڕاگریــی خۆتــان نەتانهێشــت ئیرادەتــان بشــکێت و ئێســتایش دوای دەنگــی بەڵێـی ئێـوە کـە بەڵـێ بـوو بـۆ سـەربەخۆیی و نەخێـر بـوو بـۆ ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکوژییەکـی تـر، قۆناغێکـی تـازە هاتووەتـە پێـش کـە وەرچەرخانێکـی گەورەیـە بـۆ ئێسـتا و داهاتوومـان و ئـەوە سـەرکەوتنی هەمـوو گەلـی کوردسـتانە.

ئـەوەی گەلـی کوردسـتان لـە ٢٥ـــی ٩ بڕیـاری لـێ دا، تـاوان نییـە و دژی هیـچ بەڵگەنامەیەکـی نێودەوڵەتـی نییـە.

دەسـتووری عێراقیـش ڕێگـە بـە ئێمـە دەدات کـە بـە ڕوونـی دەڵـێ: "ان الالتـزام بهـذا الدسـتور یحفـظ للعـراق اتحـاده الحـر". زۆر ڕوونیشـە کـە حکومەتـی بەغـدا ئیلتیزامـی پـێ نەکـرد.

دوای ٢٠٠٣ لەسـەر بنەمـای یەکگرتنـی ئارزوومەندانـە و شـەراکەت چووینـەوە بەغـدا و ئەمـە لـە دەسـتووری سـاڵی ٢٠٠٥ پەسـەند کـرا. بـەڵام بەداخـەوە ئیلتـزام بـە دەسـتوور نەکـرا. کەواتــە مــادام شــەراکەت قبــوڵ نەکرێــت و دەســتوور پێشــێل بکرێــت، مافــی خۆمانـە بڕیـاری خۆمـان بدەیـن و گەلـی کوردسـتان لـە ٢٥ـی ٩ـی ٢٠١٧ بڕیـاری خـۆی دا و کوردسـتان چـووە نـاو قۆناغێکـی نوێـی جیـاواز لـە قۆناغەکانـی پێشـووتر.

بـا هیـچ کـەس گلەیـی لـە ئێمـە نـەکات. ئێمـە هەمـوو شـتێکمان کـرد بـۆ پاراسـتنی پێکەوەژیـان و یەکپارچەیـی عێـراق، بـەڵام کـە بەغـدا پێکەوەژیانـی قبـوڵ نەکـرد و گەلـی کوردسـتانی ناچـار کـرد بڕیارێـك بـدات کـە پێویسـت بـوو زۆر لەمێـژە درابـا.

لێــرەدا بــە دەرفەتــی دەزانــم پەیامێکــی تایبــەت ئاڕاســتەی حکوومەتــی عێــراق و وڵاتانــی دراوســێ و کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی بکــەم:

**برادەران لە حکوومەتی عێراق**

داواتـان لـێ دەکـەم بـە جـددی و بـە هێمنـی خوێندنەوەیـەك بـۆ مێـژووی پەیوەندییەکانمـان بکـەن، کـە چـی بەسـەر ئێمـەدا هـێنراوە. سـەرەڕای ئەوەیـش هاتینـەوە بەغـدا، بـەڵام ئایـا وەك پێویسـت مافـە بنەڕەتییەکانـی گەلـی ئێمەتـان بـە هەنـد وەرگـرت؟ ڕوویەکـی خـۆش و گەشـتان پێشـان دا کـە دڵمان خـۆش بێـت و ئومێدمـان هەبێـت؟ بەڵـێ، لەسـەرەتا ڕێککەوتیـن لەسـەر دەسـتوور و شـەراکەت. ڕۆڵـی گرینگـی کوردسـتان لەدامەزراندنـی عێراقـی تـازە زۆر ئاشـکرایە، بـەڵام ئێـوە هەمـوو ڕێککەوتـن و پەیمانێکتـان تێکـدا.

پێویسـت بـە تووڕەیـی و هەڕەشـە نـاکات و گلەیـی لـە خۆتـان بکـەن. ئێـوە بـوون کـە بـە کـردەوە و سیاسـەتی خۆتـان بـە ئێمەتـان گـوت، ئێوەمـان ناوێـت و بەدەنگـی بـەرز گوتتـان هاوپەیمانیـی کـورد و شـیعە نەمـا.

ڕێـز لـە ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان بگـرن. ئایا ڕەوایـە دەنگـی ملیۆنـان مـرۆڤ بـە ناشـەرعی بزانرێـت؟ ئـەم بۆچوونـە دوورە لـە مەنتـق و عەقڵانییـەت؟ هـەر گەلێـك خـۆی شـەرعیەت بـە بڕیـاری خـۆی دەدات نـەك خەڵکـی تـر.

مێژوویەکـی درێژمـان پێکـەوە بـووە و هـەوراز و نشـێوی زۆری بینیـوە و کارەسـاتی گەورەمـان بەسـەردا هاتـووە. بەردەوامبـوون لەسـەر ئەزموونێکـی شکسـتخواردوو بـاش نییـە و سـەرکەوتووش نابێـت و نەئێمـە و نەئێـوەش ئاسـوودە نابیـن لەجیاتـی هەڕەشـە و سـزادان، وەرن بـا دۆسـتانە بکەوینـە گفتوگۆیەکـی جـددی و کاتـی پێویسـتیش بـە دیالـۆگ بدەیـن. بـۆ ئـەوەی ببینـە دوو دراوسـێی باشـی یـەکتری. پێمانوایـە حیـوار لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا تاکـە ڕێگەیـە بـۆ گەیـشتن بـە ئایندەیەکـی بـاشتر بـۆ هەردوولامـان.

ئـەم ڕیفراندۆمـەی ئەنجـام دراوە نـە بـۆ فەرزکردنـی ئەمری واقعـە و نە بـۆ دیاریکردنی سـنوورە، بەڵکـو بـۆ ئـەوە بـوو گەلـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی دیموکراتـی و ئاشـتیانە ڕای خۆی لەبـارەی چارەنووسـی خـۆی دەرببڕێت.

جارێکـی تـر داواتـان لـێ دەکـەم وەرن بـا بە گفتوگۆ چارەسـەری کێشـەکان بکەیـن. داوا لـە بەڕێـز حەیـدەر عەبـادی و هەموو هێـز و لایەنەکانـی عێراقی دەکـەم، ئەوانـەی بڕوایان

بـە گفتوگـۆ هەیـە دەرگـەی حیـوار دانەخـەن، چونکـە تەنیـا حیـوار و گفتوگـۆ چارەسـەرە.

ئەگینـا هـەر سـزایەك لەسـەر گەلـی کوردسـتان دابنرێـت، خـۆ لە ئەنفـال و کیمیابـاران و کۆمەڵکـوژی و نانبڕیـن کاریگەرتـر نابـێ. بـا پەنـد لـە ڕابـردوو وەربگریـن. ئێمـە لـە هەموو دۆخێکـدا تەئکیـد لـە برایەتـی کـورد و عـەرەب و هەمـوو پێکهاتـەکان دەکەینـەوە و ناکۆکیـی سیاسـی لەگـەڵ حکوومـەت بـە هیـچ شـێوەیەك نابـێ برایەتـی گـەلان تێکبـدات.

**لەبارەی وڵاتانی دراوسێش**

ئێمـە نامانەوێـت بـە هیـچ شـێوەیەك هیـچ گرفتێـك بێتـە پێـش. باشترە ئـەوان هـاوکار بـن و ڕۆڵـی ئیجابـی بـۆ چارەسـەری گرفتـەکان لـە نێـوان هەولێـر و بەغـدادا بگێـڕن و گـوێ لەهەرێـم بگـرن. ئەمـە ڕێگـە ڕاستەکەیە نـەك هەڕەشـە و گەفکـردن. ئـەوە ٢٥ سـاڵە سـەلماندوومانە کـە فاکتـەری هەڕەشـە نیـن، بەڵکـو فاکتـەری ئاسـاییش و سـەقامگیرین. ئێمـە هەمیشـە ڕۆڵـی ئێـران و تورکیـا بـەرز دەنرخێنیـن لـە کاتی کـۆڕەوە مەزنەکـەی گەلی کوردسـتان و هەروەهـا کیمیابـاران و ئەنفالـی کوردسـتان. دووپاتـی دەکەمـەوە کـە تەنیـا لێکتێگەییـشتن و گفتوگـۆ ڕێگەی ڕاسـتە بۆ چارەسـەر کێشـەکان نەك هەڕەشـەکردن و زمانی زبـر. هەروەهـا جەختیـش لەبەردەوامـی پەیوەندیـی دۆسـتانەی نێوانمـان دەکەینـەوە.

کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـش دڵنیـا دەکەینـەوە کـە ئێمـە لـە ئێسـتاوە ئامـادەی گفتوگـۆی جددیـن بـۆ چارەسـەر کێشـەکان لەگـەڵ بەغـدا و تەئکیدیـش دەکەینـەوە؛ ئێمـە بـژاردەی ئاشـتیمان لەگـەڵ هەمـوو لایـەك هەڵبـژاردووە. جەخـت لـەوە دەکەینـەوە کـە بـە بەشـێکی کاریگـەر دەمێنینـەوە لەنـاو هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی شـەڕی دژی تیـرۆر و لەبـارەی ئاوارەکانیـش کـە ئێسـتا لـە هەرێمـی کوردسـتانن، ئـاوارەکان خوشـك و بـرای ئێمـەن و کوردسـتان ماڵـی خۆیانـە و لـە هەمـوو کاتێـك زیاتـر پارێـزراو دەبـن، هەتـا ئـەو کاتـەی دەگەڕێنـەوە ناوچەکانیـان.

لامـان زۆر سـەیرە گەلێـك بـە شـێوەیەکی دیموکراتـی و ئاشـتیانە ڕای خـۆی دەربـبڕێـت و سـزا بدرێـت. ئایـا بـە سـزادان پاداشـی قوربانییەکانـی گەلـی کوردسـتان دەدرێتـەوە؟ ئایـا ئەمـە ڕەوایـە؟

سـەبارەت بـە سـیماکانی دەوڵەتـی کوردسـتان و سیسـتەمی سیاسـی ئـەوە دەمێنێتـەوە

بـۆ بڕیـاری گـەل، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە بـە باشـی دەزانیـن بریتیـە لـە سیسـتەمێکی پەرلەمانـی و فیدراڵـی و دیموکراتـی و مەدەنـی. ئـەوە دەرفەتێکـی بەهـادار دەبێـت بـۆ ئـەوەی لەسـەر بنەمـای متمانـە و سـوودوەرگرتن لـە ئەزموونەکانـی ڕابـردوو، حوکمڕانییـەك دروسـت بکەیـن کـە نموونـە بێـت لە دادپـەروەری و یەکسـانی و شـەفافیەت و دیموکراسـی و جێگـەی متمانـە و ڕەزامەنـدی گەلەکەمـان بێـت. مافـی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکان ڕەچـاو دەکرێـت و دەبـێ یەکسـانی سیاسـی و مەدەنـی لەنێـوان هەمـوو هاووڵاتیانـدا بەرقـەرار بێـت. وەسـیقەی سیاسـی کـە ئەنجوومەنـی بـاڵای ڕیفرانـدۆم پەسـەندی کـرد دەبێتـە بنەمـای دەسـتوورەکەمان.

**جەماوەری خۆڕاگری کوردستان**

داواتـان لێدەکـەم بـە هەمـوو پێکهاتە نەتەوەیـی و ئایینییەکانیشـەوە، ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتـر یەکگرتـوو بـن و پێویسـتە ناکۆکـی و ململانێـکان بـەلاوە بنێـن و بەهەموومـان لاپەڕەیەکـی تـازە بکەینـەوە. هەرچەنـدە ڕەنگـە هەنـدێ سـەختی بێنـە پێـش، بـەڵام دڵنیـام ئاسـۆیەکی گـەشمان لەبەردەمـە. لـە هەمـووی گرینگتریـش ئەوەیـە ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان نەشـکا و بـە یەکڕیزیـی خۆمـان بەسـەر کۆسـپەکاندا سـەردەکەوین. پێویسـتە هەموومـان لەبەرگـی حزبایەتـی دەربچیـن و بچینەژێـر چەتـری نیشـتیمان. داوای لێبوردنیـش لـە ئێـوەی بەڕێـز و خۆشەویسـتم دەکەم بۆ هـەر کەموکوڕییەك. داوا لەخوشـك و برایـان، بەتایبـەت لەگەنجانـی خۆێنگـەرم دەکـەم لـەدوای ڕاگەیاندنـی ئەنجامەکانـی ڕیفرانـدۆم بـە شـێوەیەکی شارسـتانی و بەپێـی فەرهەنگـی بـەرزی گەلەکەمـان خۆشـی و شـادی دەرببـڕن و کـەس تەقـە نـەکات و ئاسـوودەیی و ئارامـی خەڵـك نەشـێوێت.

ئێسـتا دەتوانیـن سـەیری خانـەوادە و منداڵـی شـەهیدەکانمان بکەیـن و ئومێـد لـە نیگاکانیانـدا ببینیـن. ئێسـتا زیاتـر لـە هـەر کاتێـك دەزانیـن پێشـمەرگە چەنـد ئازیـزە و پێشـمەرگایەتی چ شـەرەفێکی مەزنـە.

ئێستا دەزانین کە گەلێکی خاوەن ئیرادەین، خوای گەورە پشت و پەناتان بێت.

**مەسعود بارزانی**

**٢٦ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

# سوپاسنامەکان

## بۆ جەماوەری خۆشەویست و نیشتیمانپەروەری

## دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، شێخان، سێمێل، ئاکرێ و بەردەڕەش، شنگال، زوممار و دەشتی نەینەوا

پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ئێوەی خۆشەویست و نیشتیمانپەروەر دەکەم بۆ ئەو بەشدارییە فراوان و پڕ جۆش و خرۆشەتان لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا. فراوانیی بەشداربوونی ئێوەی خۆشەویست، لە ناوەندە میدیاییەکانی دنیادا دەنگدانەوەی زۆری هەبووە و پێتان سەربەرزین.

ئێوە بەو حەماسەت و ئامادەییە فراوانەتان، پەیامێکی ڕوونتان بە هەموو جیهان گەیاند کە ئەویش ئازادیخوازی و پشتیوانیتانە لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.

کاتێک ئەو جۆش و خرۆشەی ئێوەم لە نزیکەوە دەدیت، باری سەرشانمان قورستر بوو کە دەبێ ئەو هەستی ئازادیخوازییەتان بگاتە جیهانی ئازاد، لە ڕۆژی ٢٥ی ٩ دا دەنگتان دەبێتە زەنگی هوشیاری و لە دەرگای ویژدانی جیهان دەدات.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هێزی پێشمەرگە و سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیسی هاتوچۆ بکەم بۆ هاوکارییان لە پاراستنی ئاسایشی خەڵک و باشتر بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە جەماوەریانە.

هەر شاد و سەرفرزا بن.

**مەسعود بارزانی**

**١٧ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## بۆ جەماوەری خۆشەویست و نیشتمانپەروەری قەزاکانی
## سۆران، چۆمان، مێرگەسۆر و ڕواندوز و ناحییەکانی

پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست و نیشتیمانپەروەر دەکەم بۆ ئەو بەشدارییە فراوان و پڕ جۆش و خرۆشەتان لە کۆبوونەوەی جەماوەریی ڕۆژی ١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٧.

ئێوە بەو حەماسەت و ئامادییە فراوانەتان، ڕیفراندۆمی خۆتان کرد، بەهەموو جیهانتان ڕاگەیاند، کە سەربەخۆییتان دەوێت. ئێوە سەلماندتان کە دەڤەرەکەتان وەک جاران مەکۆی شۆڕش و سەنگەری پێشەوەی ڕەتکردنەوەی زوڵم و داگیرکاری و ژێردەستییە، بۆیە دەبێ ئەو هەستی ئازادیخوازییەتان بگاتە جیهانی ئازاد، لەڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول دا دەنگتان دەبێتە زەنگی هۆشیاری و لە دەرگای ویژدانی جیهان دەدات.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هێزی پێشمەرگە و سەرجەم دەزگاکانی ئیداری و ئەمنی و پۆلیسی هاتوچۆ بکەم بۆ هاوکارییان لە پاراستنی ئاسایشی خەڵک و باشتر بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە جەماوەریانە.

هەر شاد و سەرفرزا بن

**مەسعود بارزانی**

**٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## بۆ جەماوەری ئازیز و نیشتیمانپەروەری
## سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین

پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ئێوەی ئازیز و نیشتیمانپەروەر دەکەم بۆ ئەو بەشدارییە فراوان و پڕ جۆش و خرۆشەتان لە کۆبوونەوەی جەماوەریی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی٩ی٢٠١٧. جۆش و خرۆشی ئێوە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ ناوخۆ و دەرەوە کە گەلی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکدەنگییەوە بەرەو ئامانجی خۆی هەنگاو دەنێت.

ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییانەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەڕێوەچوون و هاواری پڕ بەگەرووی جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی، بۆخۆی ڕیفراندۆمێکە و ئێستا هەموو جیهان تێگەیشتووە کە گەلی کوردستان ژێردەستەیی ڕەت دەکاتەوە و دەیەوێ سەربەخۆ بێت. ئێوەی جەماوەری خۆشەویستی کوردستان بە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانتان گوت؛ سەربەخۆیی چەترێکە هەموو ڕەنگ و بیروبۆچوونە سیاسییەکان کۆدەکاتەوە و ئاڵای کوردستان بەرز ڕادەگرن.

دڵنیاشم ڕۆژی ٢٥ی٩ بە هەمان جۆش و خرۆشەوە مۆژدەی سەرکەوتن و سەربەخۆیی دەدەنە شەهیدان و بە سەربەرزییەوە ڕوو لە شەهیدان دەکەن و دەڵێن: ئیدی ژێردەستەیی تەواو، کاتی سەربەخۆییە.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هێزی پێشمەرگە و سەرجەم دەزگا ئیداری و ئەمنییەکان و پۆلیسی هاتوچۆ بکەم بۆ هاوکارییان لە پاراستنی ئاسایشی خەڵک و باشتر بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە جەماوەریانە.

هەر شاد و سەرفرزا بن

**مەسعود بارزانی**

**٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

## بۆ جەماوەری خۆشەویست و نیشتیمانپەروەری

## هەولێر

پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست و نیشتیمانپەروەر دەکەم بۆ بەشداریی بەرچاوتان لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی ڕۆژی ٢٢ی٩ی٢٠١٧. ئەو جۆش و خرۆشەی ئێوەی ئازیز جارێکی دیکە سەلماندی کە هەولێر وەک هەمیشە قەڵای بەرخودان و نیشتیمانپەروەری و ئازادیخوازییە و پێتان سەربەرزین. ئێوە جارێکی دیکە سەلماندتان کە هەولێر هەر هەولێرە. سەلماندتان کە هەولێری هۆلاکۆ بەزێن، شاری ڕەسەن و ئاڵاهەڵگری سەربەخۆیی و شاری پێکەوەژیانە، بە دەنگی زوڵاڵەوە هاواری دەگەیەنێتە هەموو دنیا و دەڵێ بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.

خەڵکی هەولێر، بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە، تابلۆیەکتان پێشانی جیهان دا کە چیتر کەس نەتوانێت گرەو لەسەر جیاوازیی ڕەنگەکان بکات، بەڵکوو بەهەموو ڕەنگەکان، ئاڵای شەکاوەی کوردستانتان پێشانی جیهان دا. دڵنیاشم لە ڕۆژی ٢٥ی٩ دا دەنگتان دەبێتە زەنگی هوشیاری و لە دەرگای ویژدانی جیهان دەدات.

لێرەوە جارێکی تر بەپێویستی دەزانم سوپاسی هێزی پێشمەرگە و سەرجەم دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیسی هاتوچۆ بکەم بۆ هاوکارییان لە پاراستنی ئاسایشی خەڵک و باشتر بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە جەماوەریانە.

هەر شاد و سەرفرازبن

**مەسعود بارزانی**

**٢٣ی ئەیلوولی ٢٠١٧**

# پاشکۆ و پەراوێزەکان

## کێشەی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان تورکیا و عێراق

ساڵی ١٨٧٩ ویلایەتی مووسڵ لە چوار سنجاق یان لیوا (مووسڵ، کەرکووک، سلێمانی و هەولێر) پێکهاتبوو، تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان ویلایەتی مووسڵ بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان، لەبارەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ کێشە کەوتە نێوان مەملەکەتی عێراق و کۆماری تورکیا. بە مانایەکی دیکە هەریەک لە کورد کە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن، تورکیا و عێراق بە دنەی ئینگلیز ویلایەتی مووسڵیان بە ئی خۆیان دادەنا.

لە (٦ی ئاب ١٩٢٤)دا حکومەتی بەریتانیا داوای لە سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کرد، لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشەی سنووری نێوان عێراق-تورکیا بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە، لە (ئەیلولی ١٩٢٤)دا نوێنەری بەریتانیا لە کۆمەڵەی گەلان پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی لە کەسانی بێلایەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە خستنە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵە، لە(٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٤)دا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دا، ئەرکی لیژنەکە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست تا بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان.لێژنەکە لە ١٣ تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا لە جنێف کۆبووەوە. لە (٢٧ی کانونی دووەمی١٩٢٥)دا کۆمیتەکە گەیشتە شاری مووسڵ و بەشێوەیەکی نهێنی بێ ئەوەی کەس بە مەبەستی ئەرکەکانیان بزانێ دەستی بە کارەکانی کرد، لە ماوەی مانەوەیان لە ناوچەکە سەردانی چەند شوێن و ناوچەیەکیان کرد و پرسیاریان لە چەند کەسانێکی شارەزا و لێزان کرد دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەم ناوچەیە بە تورکیا و عێراقەوە، دوای ئەوەش بیروبۆچوونی کۆمەڵێکی زۆری دانیشتوانی مووسڵ و ناوچەکەیان وەرگرت، هەروەها لیژنەیەکتری سەر بە کۆمیتەکەیان نارد بۆ شوێن و ڕووداوەکان و لایەنەکە بۆ زانینی بیروڕای دانیشتوان و لێکۆڵینەوە لە خواستەکانیان، لێژنەکە تاوەکو مانگی نیسان لە ناوچەکەدا مایەوە، پاشان گەڕایەوە جنێف، لە (١٦ی تەمووزی ١٩٢٥)دا، لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەرزکردەوە. لە( ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٥)ئەنجومەنی کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی سازدا لە ئەنجامدا ئەنجومەنی کۆمەڵە بڕیاری دا کێشەکە ڕەوانەی دادگای نێودەوڵەتی بکات لەسەر

ئـەو بنەمایـە لـە (١٦ی کانـون یەکەمـی ١٩٢٥)جارێکـیتر ئەنجومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کۆبوونەوەیەکـی تـری کـرد. سـەرەڕای ڕاپۆرتێکی کۆمسـیۆنی کۆمەڵـەی گـەلان کـە دەڵێت: (ئـەم ئەنجامـە پێشـنیازی دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردی دەکات، چونکـە کـورد پێنـج لەسـەر هەشـتی دانیشـتووانی ویلایەتـی مووسـڵ پێکدێنـن، لـە ١٩٢٥/١/١٦ بـە فەرمـی ویلایەتـی مووسـڵ بـە شـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە بـە عێراقـەوە لکـێنرا.

**سـەژمێری حکومەتـی عێراقـی لەبـارەی ژمـارەی دانیشـتوانی ویلایەتـی مووسـڵ (١٩٢٢-١٩٢٤).**

| | | |
|---|---|---|
| کورد | ٥٢٠،٠٠٧ | ٪٦٤,٩ |
| عەرەب | ١٦٦،٩١٤ | ٪٢٠,٨ |
| مەسیحي | ٦١،٣٣٦ | ٪٧,٧ |
| تورکمان | ٣٨،٦٥٢ | ٪٤,٨ |
| ئێزیدی | ٢٦،٢٥٧ | ٪٣,٣ |
| جوو | ١١،٨٩٧ | ٪١,٥ |
| تێکڕای گشتی | ٨٠١،٠٠٠ | ٪١٠٠ |

## پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠)

لـە ١٠ی ئابـی ١٩٢٠ وەك چارەسـەر بـۆ كێشـەی وڵاتانـی ژێردەسـەڵاتی عوسمانی بـە ئامادەبوونـی نوێنـەری توركیـا و بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئیتاڵیـا و ژاپـۆن و ئەرمەنسـتان و بەلجیـكا و یۆنـان و پۆڵەنـدا و پورتـوگال و ڕۆمانیـا سـڕبیا و كرواتیا و سـلوانیا چیكۆسـلۆڤاكیا و وڵاتــە یەكگرتووەكانــی ئەمریــكا - وەك چاودێــر )مۆركــرا و (٤٢٢) مــاددەی لەخــۆ دەگـرت، شـەریف پاشـا وەك نوێنـەری كـورد بەشـداربوو، ماددەكانـی (٦٢-٦٣-٦٤) لەبـارەی چارەنووسـی ناوچـە كـورد نشـینەكان بـوو.

**مــاددەی ٦٢:** لیژنەیــەك لــە ســێ كەســایەتی (بەریتانــی و فەڕەنســی و ئیتاڵیــا) پێكدێــت كــە حكومەتــی ئــەو ســێ دەوڵەتــە دیــاری دەكــەن، مەڵبەنــدی لیژنەكــەش سـاری ئەسـتەنبوڵ) دەبێـت، پێویسـتە ئـەم لیژنەیـە لـە مـاوەی شـەش مانگـدا كارەكانـی ئەنجـام بـدات كـە ئامادەكردنـی یاسـایەكە بـە مافـی فەرمانڕەوایـی حوكمی خۆجێیی بـۆ كوردسـتان كـە زۆرترینـی دانیشـتوانی كـوردن و كەوتۆتـە خۆرهەڵاتـی فـوڕات و باشـووری سـنووری ئەرمینیـا و باكـووری سـنووری سـووریا و عێـراق، هەروەهـا وەك لـە بەنـدی (٢٧) لـە مـاددەی (٢،٣) دا دیـاری كـراوە، ئەگـەر ئەندامانـی لیژنەكـە بڕیاریـان لەبـارەی هــەر كێشــەیەك لــە كێشــەكان نــەدا، ئــەوا هــەر ئەندامێــك كێشــەكەی بــەرەو ڕووی حكومەتەكـەی دەكاتـەوە، ئـەم پڕۆژەیـەش وا پێویسـت دەكات، مافـی ئاشـووری و كلدانـی و كەمەنەتەوەیـی و ئایینیـەكان كـە لـە خاكـی كوردسـتاندا دەژیـن دیـاری بـكات، لەپێنـاو ئــەم مەبەســتەدا لیژنەیــەك لــە ئینگلیــز و ئیتاڵــی و ئێرانــی و كوردێــك دەنێردرێــت بــۆ ناوچەكـە، ئـەم لیژنەیـە بڕیـار لەسـەر گۆڕانـكاری لەسـەر سـنووری توركیـا دەدات، ئەگـەر پێویستیشـی كـرد بەپێـی بەندەكانـی پەیماننامـە سـنووری نێـوان توركیـا و ئێـران دەكات.

**مــاددەی ٦٣:** دەوڵەتـی عوسمانـی پـەیمان دەدات بەپێـی بڕیارەكانـی لیژنـەی ناوبـراو كـە لـە بەنـدی (٦٣)دا هاتـووە؛ دوو لیژنـە ئامادەبـكات و لـە مـاوەی (٣) مانگـدا دوای دەرچوونـی ئـەم بڕیارانـە بڕیـاری پێویسـت جێبەجـێ بـكات.

**مــاددەی ٦٤:** ئەگــەر گەلـی كـورد لـەو ناوچەیــەی لـە بەنـدی (٦٢)دا هاتــووە لــە مــاوەی ســاڵێكدا ڕووی كـردە كۆمەڵـەی نەتـەوەكان و زۆرینـەی دانیشـتوانی ناوچەكـە خواسـتی جیابوونەوەیـان لـە توركیـا كـرد، ئەگـەر كۆمەڵـەی گـەلان زانیـان ئـەم گەلـە

شـایانی ئـەم سـەربەخۆییەنم ئـەوا کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـۆژگاری تورکیـا دەکات، تورکیـاش دەبێـت ئـەم ئامۆژگاریانـە جێبەجـێ بـکات، کـە دەسـتبەرداری هەمـوو مافەکانـی خـۆی لـەو ناوچانـە دەبێـت کـە ئـەم پەیماننامـە دەیگرێتـەوە، ئەگـەر ئـەم دەسـتبەرداربوونە لەکاتـی خۆیـدا جێبەجـێ کـرا، ئـەوا هێـزە هاوپەیمانـەکان هیـچ کۆسـپێك ناخەنـە بـەردەم ئـەو ڕێگایـەی دەبێتـە هـۆی یەکگرتنـی ئـەو دەوڵەتـە کوردییـە سـەربەخۆییە لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی لـە ویلایەتـی موسڵیشـدا دەژیـن.

## دیباجەی دەستووری هەمیشەیی عێراق

"نحـنُ شـعبُ العـراق الـذي آلى على نفسـه بـكلِ مكوناتـه وأطيافـه ان يقـرر بحريتـه واختيـاره الاتحـاد بنفسـه، وأن يتعـظ لغـده بأمسـه، وأن يسُـنَّ مـن منظومـة القيـم والمُثُـل العليـا لرسـالات الـسماء ومـن مسـتجدات علـمِ وحضـارةِ الانسـانِ هـذا الدسـتور الدائـم. إنّ الالتـزام بهـذا الدسـتور يحفـظُ للعـراق اتحـاده الحـر شـعبا وأرضـاً وسـيادةً".

القرار ١٥١٤ (الدورة ١٥)

اعلان منح الاستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة

ان الجمعية العامة ،

اذ تذكر أن شعوب العالم قد اعلنت في ميثاق الأمم المتحدة عن عقدها العزم على أن تؤكد من جديد ايمانها بحقوق الانسان الأساسية ، وبكرامة الشخص الانساني وقيمته، وبتساوى حقوق الرجال والنساء وحقوق الأمم كبيرها وصغيرها ، وأن تعزز الرقي الاجتماعي وترفع مستوى الحياة في جو من الحرية أفسح ،

واذ تدرك ضرورة ايجاد ظروف تتيح الاستقرار والرفاه واقامة علاقات سلمية ودية على أساس احترام مبدأ تساوى جميع الشعوب في حقوقها وحقها في تقرير مصيرها ، وتكفل الاحترام العام الفعال لحقوق الانسان والحريات الأساسية للناس جميعا دون تمييز بسبب العرق أو الجنس أو اللغة أو الدين ،

واذ تدرك التوق الشديد الى الحرية لدى كافة الشعوب غير المستقلة ، والدور الحاسم الذى تقوم به هذه الشعوب لنيل استقلالها ،

واذ تدرك منها للمنازعات المتزايدة الناجمة عن انكار الحرية على تلك الشعوب أو اقامة العقبات في طريقها ، مايشكل تهديدا خطيرا للسلم العالمي ،

واذ تأخذ بعين الاعتبار الدور الهام الذى تقوم به الأمم المتحدة لمساعدة الحركة الهادفة الى الاستقلال في الاقاليم المشمولة بالوصاية والاقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي ،

واذ تدرك انشعوب العالم تحدوها رغبة قوية في زوال الاستعمار بجميع مظاهره ،

واذ ترى عن اقتناع أن الابقاء على الاستعمار يعيق انماء التعاون الاقتصادى الدولي ، ويحول دون الانماء الاجتماعي والثقافي والاقتصادى للشعوب غير المستقلة ، ويناقض مثل الأمم المتحدة للسلم العالمي ،

واذ تؤكد أنه يجوز للشعوب ، تحقيقا لغاياتها الخاصة ، التصرف بحرية في ثرواتها ومواردها الطبيعية دون الاخلال بأية التزامات ناشئة عن التعاون الاقتصادى الدولي القائم على مبدأ المنفعة المتبادلة والقانون الدولي ،

واذ تعتقد أنه لايمكن مقاومة عملية التحرر وقلبها ، وانه ينبغي ، لاجتناب الأزمات الخطيرة، وضع حد للاستعمار وجميع أساليب الفصل والتمييز المقترنة به ،

وإذ ترحب بنيل عدد كبير من الاقاليم غير المستقلة الحرية والاستقلال في السنوات الأخيرة، وتدرك الاتجاهات المتزايدة القوة نحو الحرية في الاقاليم التي لم تنل بعد استقلالها،

وإذ تعرب عن اقتناع أن لجميع الشعوب حقا غير قابل للتصرف في الحرية التامة وفي ممارسة سيادتها وفي سلامة اقليمها القومي،

تعلن رسميا ضرورة وضع حد بسرعة وبدون قيد أو شرط للاستعمار بجميع صوره ومظاهره؛

ولهذا الغرض،

تعلن ما يلي :

١ـ ان اخضاع الشعوب لاستعباد الأجنبي وسيطرته واستغلاله يشكل انكارا لحقوق الانسان الأساسية ويناقض ميثاق الأمم المتحدة، ويعيق قضية السلم والتعاون العالميين.

٢ـ لجميع الشعوب الحق في تقرير مصيرها؛ ولها بمقتضى هذا الحق ان تحدد بحرية مركزها السياسي وتسعى بحرية الى تحقيق انمائها الاقتصادي والاجتماعي والثقافي.

٣ـ ينبغي ألا يتخذ أبدا نقص الاستعداد في الميدان السياسي أو الاقتصادي أو الاجتماعي أو التعليمي ذريعة لتأخير الاستقلال.

٤ـ يوضع حد لجميع أنواع الاعمال المسلحة والتدابير القمعية، الموجهة ضد الشعوب غير المستقلة، لتمكينها من الممارسة الحرة السلمية لحقها في الاستقلال التام، وتحترم سلامة اقليمها القومي.

٥ـ يبادر الى اتخاذ التدابير الفورية اللازمة في الاقاليم المشمولة بالوصاية أو الاقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي، أو جميع الاقاليم الأخرى التي لم تنل بعد استقلالها، لنقل جميع السلطات الى شعوب تلك الاقاليم، دون قيد أو شرط، ووفقا لارادتها ورغبتها المعرب عنهما بحرية، دون تمييز بسبب العرق أو المعتقد أو اللون، لتمكينها من التمتع بالاستقلال والحرية التامين.

٦ـ كل محاولة تستهدف التقويض الجزئي أو الكلي للوحدة القومية والسلامة الاقليمية لأي بلد، تكون متنافية ومقاصد ميثاق الأمم المتحدة ومبادئه.

٧ـ تلتزم جميع الدول بأمانة ودقة أحكام ميثاق الأمم المتحدة، والاعلان العالمي لحقوق الانسان وهذا الاعلان على أساس المساواة وعدم التدخل في الشؤون الداخلية لجميع الدول، واحترام حقوق السيادة والسلامة الاقليمية لجميع الشعوب.

الجلسة العامة ٩٤٧
١٤ كانون الاول (ديسمبر) ١٩٦٠

## ئەنجامـی ڕاپرسـی لەسـەر دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی فیـدراڵ و ڕێـژەی دەنگدانـی گەلـی کوردسـتان

| الاستفتاء الدستوري العراقي ٢٠٠٥ | | |
|---|---|---|
| | الأصوات | % النتائج |
| ✓ نعم | ٧،٧٤٢،٩١٦ | ٪٧٨,٥٩ |
| ✗ لا | ٢،١٠٩،٣٧٤ | ٪٢١,٤١ |
| الأصوات الصحيحة | ٩،٨٥٢،٢٩٠ | ٪١٠٠,٠٠ |
| الأوراق البيضاء والأصوات المرفوضة | ١ | ٪٠ |
| إجمالي الأصوات | ٩،٨٥٢،٢٩١ | ٪١٠٠,٠٠ |

| المحافظة | الديمغرافيا | الأصوات | ٪ لصالح | ٪ ضد |
|---|---|---|---|---|
| بغداد | العاصمة والمنطقة المحيطة بها | ٢،١٢٠،٦١٥ | ٧٧,٧ | ٢٢,٣ |
| صلاح الدين | أغلبية عربية سنية ولكن ليس بعد جزءا من، إقليم كردستان المتمتعة بالحكم الذاتي | ٥١٠،١٥٢ | ١٨,٢٥ | ٨١,٧٥ |
| ديالى | أغلبية عربية سنية ولكن ليس بعد جزءا من، إقليم كردستان المتمتعة بالحكم الذاتي | ٤٧٦،٩٨٠ | ٥١,٢٧ | ٤٨,٧٣ |
| واسط | أغلبية عربية شيعية | ٢٨٠،١٢٨ | ٩٥,٧ | ٤,٣ |
| ميسان | أغلبية عربية شيعية | ٢٥٤،٠٦٧ | ٩٧,٧٩ | ٢,٢١ |
| البصرة | أغلبية عربية شيعية | ٦٩١،٠٢٤ | ٩٦,٠٢ | ٣,٩٨ |
| ذي قار | أغلبية عربية شيعية | ٤٦٢،٧١٠ | ٩٧,١٥ | ٢,٨٥ |
| المثنى | أغلبية عربية شيعية | ١٨٥،٧١٠ | ٩٨,٦٥ | ١,٣٥ |
| القادسية | أغلبية عربية شيعية | ٢٩٧،١٧٦ | ٩٦,٧٤ | ٣,٣٢ |
| بابل | أغلبية عربية شيعية | ٥٤٣،٧٧٩ | ٩٤,٥٦ | ٥,٤٤ |
| كربلاء | أغلبية عربية شيعية | ٢٦٤،٦٧٤ | ٩٦,٥٨ | ٣,٤٢ |
| النجف | أغلبية عربية شيعية | ٢٩٩،٤٢٠ | ٩٥,٨٢ | ٤,١٨ |
| الأنبار | أغلبية عربية سنية | ٢٥٩،٩١٩ | ٣,٠٤ | ٩٦,٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نينوي | أغلبية عربية سنية<br>تطالب بها جزئيا، ولكن ليس بعد جزءا من، إقليم كردستان المتمتعة بالحكم الذاتي | ٧١٨،٧٥٨ | ٤٤,٩٢ | ٥٥,٠٨ |
| دهوك | جزء من إقليم كردستان | ٣٨٩،١٩٨ | ٩٩,١٣ | ٠,٨٧ |
| أربيل | جزء من إقليم كردستان | ٨٣٠،٥٧٠ | ٩٩,٣٦ | ٠,٦٤ |
| كركوك | تطالب بها جزئيا، ولكن ليس بعد جزءا من، إقليم كردستان المتمتعة بالحكم الذاتي | ٥٤٢،٦٨٨ | ٦٢,٩١ | ٣٧,٠٩ |
| السليمانية | جزء من إقليم كردستان | ٧٢٣،٧٢٣ | ٩٨,٩٦ | ١,٠٤ |
| **إجمالي** | | ٩،٨٥٢،٢٩١ | ٧٨,٥٩ | ٢١,٤١ |

## ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و کاردانەوەکان

| ئەنجامەکان | | |
|---|---|---|
| | دەنگەکان | ٪ |
| ✓ بەڵێ | ٢،٨٦١،٤٧١ | ٪٩٢,٧٣ |
| ✗ نەخێر | ٢٢٤،٤٦٤ | ٪٧,٢٧ |
| دەنگە دروستەکان | ٣،٠٨٥،٩٣٥ | ٪٩٣,٣٥ |
| دەنگە یان والّا هەڵەکان | ٢١٩،٩٩٠ | ٪٦,٦٥ |
| **دەنگدانە گشتییەکان** | **٣،٣٠٥،٩٢٥** | **٪١٠٠.٠٠** |
| دەنگدەرە تۆمارکراوەکان/دەرکەوتنەکان | ٤،٥٨١،٢٥٥ | ٪٧٢,١٦ |

**بەڵێ ٪٩٢,٧٣**

**نەخێر ٪٧,٢٧**

لـە ٢٥ی ئەیلوولـی ٢٠١٧ خەڵکـی باشـووری کوردسـتان بـە هەمـوو ڕەنـگ و دەنگـە جیاوازاکانـەوە چوونـە سـەر سـندوقی دەنگـدان، هەریـەک لە پارتـی دیموکراتی کوردسـتان، یەکگرتـووی ئیسلامـی کوردسـتان، یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، حیزبـی سۆسیالیسـت دیموکراتـی کوردسـتان، حزبـی شـیوعی کوردسـتان و بزووتنـەوە و زەحمەتکێشـان بـە ئاشـکرا ڕایانگەیانـد کـە لەگـەڵ ڕیفراندۆمـن.

هـاوکات هەریـەک لـە بزووتنـەوەی گـۆڕان و کۆمەڵـی دادگـەری کـە ئـەوکات بـە کۆمەڵـی ئیسلامیـی کوردسـتان دەنـاسرا، تاوەکـوو کۆتـا ڕۆژی پێـش دەنگـدان بڕیـاری یەکلاکەرەوەیـان نـەدا و هەندێـک لـە سـەرانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە کۆتـا شـەوی بانگەشـە لـە ڕاگەیاندنـە تایبەتەکانیانـەوە بانگەشـەی بەڵێیـان دەسـتپێکرد، بزووتنـەوەی گۆڕانیـش لایەنگرانـی لـە دەنگـدان سەرپشـک کـرد. تاکـە دەنگـی کـوردی نەخێـر هەڵمەتـی (نەخێـر لـە ئێسـتادا) بـوو کـە لـەو کەسـانە پێکهاتبـوو کـە لەگـەڵ ڕیفرانـدۆم نەبـوون.

لەسـەر کارتـی دەنگـدان بـە چـوار زمانـی ناوخۆیـی پرسـیاری "ئایـا دەتەوێـت هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم سـەربەخۆ بـن؟" کرابـوو.

هەریــەک لــە شــاری هەڵەبجــە و ســلێمانی کەمتریــن ڕێــژەی دەنگدانــی هەبــوو بــە ڕێــژەی ٪٥٥ و بەرزتریــن ڕێــژە پارێــزگای دهــۆک بــوو بــە ڕێــژەی ٪٩٠ و ناوچــە دابــڕێنراوەکان ٪٨٠ــیان تۆمـار کـرد، تـەواوی پڕۆسـەکە بـە بەشـداری ٪٧٢ــی هەرێمـی کوردســتان ئەنجامــدرا.

دوای چــوار ڕۆژ لــە ڕیفراندۆمــی ســەربەخۆیی کوردســتان، عێــراق گەشــتەکانی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ڕاگـرت و هەڕەشـەی ناردنـی هێـزی بـۆ کەرکـووک و ناوچـە دابـڕێنراوەکان کـرد، ئێـران سـنوورەکانی بـەڕووی کوردسـتان داخسـت و پێنـج ڕۆژ دوای گشتپرسـی چەنـد مانۆڕێکـی سـەربازی بـە هێزەکانـی دژەتیـرۆر لە سـنوورەکانی کوردسـتان ئەنجامـدا.

لــە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٥ و ٢٠١٧/١٠/١٦ هێــزە عێراقییــەکان و حەشــدی شــەعبی بەهـاوکاری چەکـداری بیانـی هێرشـیان کردە سـەر شـاری کەرکـووک و ناوچە دابـڕێنراوەکان و دەسـتیان بەسـەرداگرتەوە.

# بەڵگەنامەی سیاسیی گرێنتیکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاییینەکانی کوردستان

ئەم بەڵگەنامەیە کە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بە سەرپەرشتیی د. خەلیل ئیبراهیم و ئەندامێتیی (ڕۆمیۆ هەکاری ، شێخ شامۆ، مونا قەهوەچی، ڤیان دەخیل، د. تالیب کاکەیی، کەریم سولەیمان، هالان هورموز، محەممەد سەعدەددین) ئامادە کرابوو، لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ٩ی ٢٠١٧ لە دواییین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

## بەڵگەنامەی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە کوردستان

ئێمەی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم لە کوردستان، بەوپێیەی کە نوێنەری زۆربەی پارتییە سیاسییەکانی کوردستانین و، لە سۆنگەی باوەڕبوونمان بەوەی کە کوردستان وڵاتی هەمووانە، بە کورد و تورکمان و کلدان سریان ئاشوور و عەرەب و ئەرمەن و، بە مووسڵمان و ئێزدی و کریستیان و کاکەیی و جولەکە و زەردەشتی و سابیئەی مەندائی و شەبەکەوە و، لەکاتێکدا کە هەموومان یادی ئەو چەوساندنەوە و کارەساتانە دەکەینەوە کە لە دەیەکانی رابردوودا بەرەوڕووی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بووەتەوە.

لەو باوەڕەداین کە سەرکەوتن بەسەر ئەو کارەساتانەدا لە ڕێی زاڵبوونەوە دەبێ بەسەر جوداکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئایینی و تایەفی و هەروەها لە ڕێی چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتنی ئازادییە بنەڕەتییەکان بەبێ جیاوازی بە هۆی ڕەگەز و زمان و ئایین و بیروباوەڕ و ڕێزگرتنی شەهیدانمان لە پێناو ئازادیدا دەبێ، هەروەها بە ئیلهام وەرگرتن دەبێ لە گیانی لێبوردەیی و برایەتی و قبوولکرنی بەرانبەر، کە خەسڵەتی گەلی کوردستانن و، بە بڕوابوونمان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەرامەتی و بەهاکەی و بە مافە یەکسانەکانی گەلان بە بچووک و گەورەیانەوە دەبێ، لەژێر ڕۆشناییی ئەو بنەمایانەی کە لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون دەربارەی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان و پاراستنیان و گەشەپێدانیان و، لەپێناو ئەوەی کە پێکهاتەکانی کوردستان مافەکانی خۆیان بە گوێرەی بنەما دیموکراسی و باڵادەستیی یاسا و دادپەروەری بە دەست بهێنن، کە دەبنە هۆی سەقامگیریی ئاسایش و ئاشتی، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە ناوچەکە و هەموو جیهاندا، بڕیارمان دا پێوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکان لە سەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە ڕێک بخەین:

**ماددەی(١):**

دانان بە فرەنەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و کولتووریی کۆمەڵگای کوردستانی و دەستەبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکان لە سەر بنەماکانی هاووڵاتیبوون و یەکسانی و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە ئایینەکان و مومارەسەکردنی داب و نەریتەکان و، پاراستن و بایەخدان بە شوێنەکانی عیبادەت.

**ماددەی (٢):**

ا- دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و کولتووری و ئیدارییەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشوور و عەرەب و ئەرمەنەکان، لە سەرەتاوە

بە ئیدارەی زاتی و حوکمی زاتی و نامەرکەزی تا دەگاتە فیدراڵییەت بۆ ناوچە مێژووییەکانی پێکهاتەکان بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی١٩٥٧.

ب- دەستەبەرکردنی مافی ئێزدییەکان بە ئیدارەی زاتی و حوکمی زاتی و نامەرکەزی تا دەگاتە فیدراڵییەت لەو ناوچانەی کە زۆرینە دانیشتوانن. ڕێکخستنی ئەوەیش بە گوێرەی یاسا دەبێت.

**ماددەی (٣):**

دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان لە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکانی یاسایی و دەزگا ئیدارییەکان و سلکی دیپلۆماسی و دەستە سەربەخۆکان. ڕێکخستنی ئەوەش بە گوێرەی یاسا دەبێت.

**ماددەی (٤):**

دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە دادگای باڵای دەستووری بەپێی ئەو مەرجانەی کە ڕێسا گشتییەکان دەیخوازن.

**ماددەی (٥):**

دەستەبەرکردنی بەشداریکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە دەزگاکانی جێبەجێکردن و پۆستە سیادییەکان و سیستەمی بەرگری و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**ماددەی (٦):**

ژماردنی زمانەکانی کوردی و تورکمانی و سریانی و عەرەبی و ئەرمەنی وەك زمانی فەرمی. ڕێکخستنی ئەوەش بە گوێرەی یاسا دەبێت.

**ماددەی (٧):**

دەبێ ئاڵا و لۆگۆی کوردستان و سروودی نیشتمانی ئاماژە بە پێکهاتەکانەوە بکەن، ڕێکخستنی ئەوەش بە گوێرەی یاسا دەبێت.

**ماددەی (٨):**

ڕێکخستنی جەژن و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان و پشووە فەرمییەکان بە گوێرەی یاسا.

**ماددەی (٩):**

دەوڵەت، دەستەبەرکردنی ئازادیی بیروڕا و مومارەسەی داب و نەریتە ئایینەکانی هەموو پێکهاتەکان لەئەستۆ دەگرێ.

**ماددەی (١٠):**

لایەنگرانی پێکهاتە ئایینیەکان، جگە لە ئیسلام، بۆیان هەیە ڕەوشی ئایینی تایبەتیی خۆیان پێڕۆ بکەن لە ڕێی دامەزراندنی دادگای کەسی و، نابێ حوکمی هێچ ئایینێک بەسەر لایەنگرانی ئایینێکی دیکەوە بسەپێندرێ.

**ماددەی (١١):**

لابردن و نەهێشتنی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی لە ناوچە مێژووییەکانی پێکهاتەکان، بە گوێرەی سەرژمێریی ١٩٥٧ و لە کاتی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە و، لابردنی ئاسەواری زوڵم و جینۆساید، کە بەرەوڕووی کوردی ئێزدی و کلدان سریان ئاشوور و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی هاتووە و، گەشەپیکردنی ئەو ناوچانەی کە تووشی وێرانکاری هاتوون و، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.

**ماددەی (١٢):**

دەستەبەرکردنی مافی دامەزراندنی ئەنجوومەن و کۆمەڵە و کۆڕبەند و ڕێکخراو و یانەی تایبەت بە پێکهاتەکان.

**ماددەی (١٣):**

دەوڵەت ئەرکی پاراستن و ژیاندنەوەی جێگا شوێنەواری و شارستانی و ئایینەکانی هەموو پێکهاتەکان لەئەستۆ دەگرێ.

**ماددەی (١٤):**

لە بابەتەکانی پەروەردە و فێرکردن، باسی مێژووی پێکهاتەکان و چەمکەکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردن بکرێ، سەرەڕای باسکردنی ڕەتکردنەوەی کولتووری رق و کینە و هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە هزر و مومارەسە.

**ماددەی (١٥):**

نوێنەرانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان بەشدار دەبن لە دارِشتنی دەستووری دەوڵەت.

**ماددەی (١٦):**

لە گەڵ دەستپێکردنی یەکەمین خوولی پەرلەمانی، دوای دەرچوونی ئەم بەڵگەنامەیە، کار دەکرێ بە جێبەجێکردنی هەموو ماددەکانی ئەم بەڵگەنامەیە.

# جاڕنامەی بنەما دەستوورییەکان[١]

## پێشەکی

بە پشتبەستن بە دەقی بڕگەی ٢١ ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئاماژە بە ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە هەوڵدان لە پێناوی گەشەپێدانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی دەبێتە مایەی یەکلاکردنەوەی مافەکان لە نێوان گەلاندا، بەوەی هەر گەل و میللەتێک مافی ئەوەی هەبێ کە خاوەنی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بێت. هەروەها ماددەی (٥٥)ی جاڕنامەکە کە ئاماژە بە: فەراهەمکردنی بنەماکانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی پێویست بۆ بنیاتنانی پێوەندیی دروست لە نێوان گەلان، پشتبەستوو بە بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی کە دەبێتە مایەی یەکلاکردنەوەی مافەکان لە نێوان گەلاندا، بەوەی هەر گەل و میللەتێک مافی ئەوەی هەبێ کە خاوەنی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بێت". هەروەها بەگوێرەی ئەوەی لە بڕیاری ژمارە ١٥١٤ی ئەنجوومەنی گشتی کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٠دا هاتووە و پەیوەستە بە جاڕدانی بەخشینی سەربەخۆیی بە گەل و وڵاتانی کۆلۆنیاکراو بەوەی "سەرجەم گەلان مافی ئەوەیان هەیە بڕیار لەبارەی چارەنووسی

---

١- پرۆژەی جاڕنامەی بنەما دەستوورییەکان لەسەر پێشنیازی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بڕیاری ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم لەلایەن دکتۆر کاوە مەحموود. سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان ئامادە کرابوو.

خۆیـان بـدەن، بەگوێـرەی ئـەو مافـەش بۆیـان هەیـە ئازادانـە پێگـەی سیاسـیی خۆیـان دەستنیشـان بکـەن، هەروەهـا ئازادانـەش هەوڵـی هێنانـەدی گەشـەکردنی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی خۆیـان بـدەن.

هەروەهـا بـە ئامـاژەدان بـە مـاددەی یەکەمـی هـەردووك پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی تایبـەت بـە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتـی و کولتوورییەکان کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ بڕیاریـان لەبـارەوە دراوە کـە دەربارەی بەخشـینی مافـی چارەنووس بـە هەمـوو گـەلان، بەگوێـرەی ئـەو مافـە گـەلان بۆیـان هەیـە بڕیـار دەربـارەی بارودۆخـی سیاسـیی خۆیـان بـدەن و ئازادانـەش بەدواداچـوون بـۆ گەشـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی خۆیـان بکـەن. هەروەهـا بـە ئامـاژەدان بـە جاڕنامەی پرەنسـیپەکانی یاسـای نێودەوڵەتـی، پەیوەسـت بـە پێوەندیـی دۆسـتایەتی و هاریـکاری، بەگوێـرەی جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە بەپێـی بڕیـاری ژمـارە ٢٦١٥ ی سـاڵی ١٩٧٠ی ئەنجوومەنـی گشـتی و لەژێـر بنەمـای یەکسـانیی گەلان لـە مافەکانیـان و لـە مافی دەستنیشـانکردنی چارەنووسـیاندا دەرکـراوە، کـە تیایـدا هاتـووە: سـەرجەم گـەلان، بەگوێـرەی بنەمـای یەکسـانیی گـەلان لـە مافەکانیـان و لە مافـی دیارکردنـی چارەنووسـیان کە لـە جاڕنامەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـووە، مافـی ئەوەیـان هەیـە ئازادانـە و بەبـێ دەسـتوەردانی دەرەکـی پێگـەی سیاسـیی خۆیـان دەستنیشـان بکـەن، هەروەهـا ئازادانـەش کار بـۆ هێنانـەدی گەشـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کولتووریـی خۆیـان بکـەن و پێویسـتە هەمـوو دەوڵەتانیـش بەگوێـرەی بنەماکانـی ئـەو بەڵێننامەیـە ڕێـز لـەو مافـە بگـرن.

بـە ئامـاژەدان بـە دەقـی جاڕنامـەی جیهانیـی مافـی گەلانـی سـاڵی ١٩٧٦، هەروەهـا بەنـدی هەشـتەمی بەندەکانـی ڕێککەوتنـی هێلسـنکی کـە دەرەنجامـی کۆنگـرەی ئاسـایش و هاریکاریـی ئەوروپایـی لـە ئابـی ١٩٧٥ بوو، هـاوکات جاڕنامەکـەی کۆنگرەی ڤییێننـای مافەکانـی مرۆڤـی سـاڵی ١٩٩٣ کـە لەژێـر چاودێریـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا

ساز کرا و، جەخت لەوە کراوەتەوە کە "سەرجەم گەلان مافیان هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن" و ئەمە وێڕای بۆچوونەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی دەربارەی پابەندبوون بە مافی چارەنووس، ئەمەش لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە دەربارەی نامیبیا لە ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٧١ و بیابانی رۆژئاوا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ و تەیمووری رۆژهەڵات لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٥ و بۆچوونی هەمان ئەو دادگایە دەربارەی سەربەخۆیی کۆسۆڤا لە ساڵی ٢٠٠٨، دەرکەوت.

پێشینەکانی بواری یاسای نێودەوڵەتی جەخت لەو مافە دەکەنەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تایبەت بە جیابوونەوەی هەریەکە لە سەنیگال لە مالی، ساڵی ١٩٦٠ و سەنگاپوور لە مالیزیا ساڵی ١٩٦٠ و بەنگلادیش لە پاکستان ساڵی ١٩٧٤ و ئەریتیریا لە ئەسیوپیا ساڵی ١٩٩٣ و، سەربەخۆیی وڵاتان لە ئەورووپای رۆژهەڵات لە سەرەتای نەوەدەکان و جیابوونەوەی کۆمارەکانی بەلتیق و لەدایکبوونی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیێتی پێشوو و هەڵوەشانەوە و دابەشبوونی یۆگسلاڤیا بۆ شەش دەوڵەت.

هەروەها بە ئاماژەدان بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق کە لە دیباچەکەی و لە ماددەی یەکەمیدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە دەبێتە مایەی پاراستنی خاك و گەل و سەروەریی عێراق و، دەستوور زامنکاری یەکێتیی عێراقە. بەوپێیەش کە زیاتر لە ١٣ ساڵ بەسەر دەرکردنی دەستووردا تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٥٠ ماددەی جێبەجێ نەکراون، هەروەها بەهۆی قووڵتربوونی قەیرانی بنیاتگەریی تایبەت بە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و نەبوونی توانای جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی کە لە ڕووی کردەییەوە مانای یەکێتیی ئارەزوومەندانە دەبەخشێ و، ناکرێ دەوڵەتی عێراق بە شێوەی زۆرەملێ بنیات بنرێتەوە و، بەهۆی بوونی مەترسیی زۆر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە

دووچاری کوردستان دەبێـەوە و لـە پێنـاوی هەوڵـدان بـۆ دوورکەوتنـەوە و خۆپاراسـتن لـە ئەگـەری ڕوودانـی هـەر بەرەوڕووبوونەوەیەکـی نەتەوەیـی یـان ڕەگـەزی یـان تایەفـی لـە نێـوان کوردسـتان و عێـراق، گەلـی کوردسـتان بڕیـاری دا ڕوو بکاتـە ئەنجامدانـی راپرسـییەك بـە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی پێوەندییەکانـی لەگـەڵ عێراقـدا، لەسـەر بنەمـای مافـی چارەنـووس و گەڕانـەوە بـۆ خواسـت و بڕیـاری گەلـی کوردسـتان دەربـارەی ئـەو بابەتـە.

بڕیـاری ئەنجامدانـی راپرسـییش دەبێتـە بناغەیـەك بـۆ چارەکردنـی ناکۆکـی و کێشـەکانی نێـوان کوردسـتان و عێـراق لەسـەر بنەمـای دیموکراسـیی ئاشـتیانە، هەروەهـا دەبێتـە مایـەی خوڵقاندنـی ئاییندەیـەك بـۆ پێوەندیی دروسـت و پشتبەسـتراو بـە دراوسـێیەتی و هاریـکاری و کاری هاوبـەش کـە ببێتـە مایـەی خزمەتکـردن بـە بەرژەوەندییەکانـی گەلانـی عێـراق و کوردسـتان.

بڕیـاری ئەنجامدانـی راپرسـی بەگوێـرەی مەرسـومێکی سـەرۆکایەتیی هەرێـم، دەرەنجامـی خەباتـی گەلـی کوردسـتانە بـە هەمـوو نەتـەوە و پێکهاتەکانـی و تێکۆشـانی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کوردسـتان و ئـەو قوربانییـە زۆرانـەی کـە لـە پرۆسـەکانی ئەنفـال و بۆردوومانـی کیمیـاوی و هەڵمەتەکانـی جینۆسـاید بەخـشران. هـاوکات ئەمـە شانازییەکیشـە بـە خەباتـی گەلـی کوردسـتان بـە درێژاییـی مێـژوو لـە پێنـاوی ئـازادی و دادپەروەریـی و یەکسـانی و سـەروەریی نیشـتیمانی و ئاشـتەواییی مرۆیـی و، ئـەو بەرهەمانـەی کـە مرۆڤایەتـی پێشکەشـی شارسـتانەتیی کـردووە، هـاوکات هەسـت بـەو بەربەسـتانە دەکەیـن کـە بەرەوڕوومـان دەبنـەوە و، جەخـت لـەوە دەکەینـەوە کـە گـەل سـەرچاوەی دەسـەڵاتەکانە. لەبـەر گرینگیـی بڕیـاری راپرسـی و ئـەو بژاردەیـەی خراوەتـە بـەردەم گـەل، پێـمان گونجـاو بـوو بنەمـا دەسـتوورییە گشـتییەکان رابگەیەنیـن کـە وەك بناغەیـەك وان بـۆ بـژاردەی دەوڵەتـی نیشـتیمانیی کوردسـتانی سـەربەخۆ.

ئـەم ڕاگەیاندنـە گوتارێکـی سیاسـییە و ئاراسـتەی ڕای گشـتیی ناوخۆیـی و ڕای گشـتیی هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی و حکوومـەت و وڵاتـان دەکـرێ و، بەوپێیـەی بەڵێننامەیەکـی باوەڕپێکـراوە و تیایـدا ئامـاژە بـە بنەمـا دەسـتوورییە گشـتییەکان دەکـرێ کـە دەسـتووری دەوڵەتـی لەدایکبـوو دەیگرێتـە خـۆی و، جەخـت لەسـەر سرووشـتی سیسـتمی سیاسـی و پابەندبوونـی بـە بنەمـا نێودەوڵەتییـەکان دەکات کـە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە ڕاگەیەنـراون، هەروەهـا پابەندبوونـی بـە پرەنسـیپەکانی مافەکانـی مـرۆڤ و بنیاتنانـی دەوڵەتـی یاسـا، بـە هەمـوو بنەمـا و دامـەزراوە مەدەنییـە دیموکراسـییە هاوچەرخـەکان.

ڕاگەیاندنـی بنەمـا دەسـتوورییەکان ئەلتەرناتیڤـی دەسـتوور نییـە کـە لـە دارشـتنیدا هەمـوو پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینـەکان لـە ڕێگـەی ئەنجوومەنێکـی دامەزرێنـەرەوە بەشـدار دەبـن و دواتـر لەلایـەن گەلـەوە ڕاپرسـی لەبـارەوە ئەنجـام دەدرێ. وەك شـانازییەك بـە خەباتـی گەلەکەمـان و وەك دڵسـۆزییەك بـۆ گیانـی شـەهیدان لـە شـۆڕشـە یـەك لـە دوایەکـەکان، بنەمـا بنەڕەتییەکانـی دەسـتووری دەوڵەتی نیشـتیمانیی کوردسـتانی سـەربەخۆ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە ڕادەگەیەنیـن:

١- کۆمـاری کوردسـتان، دەوڵەتێکـی مەدەنـی دیموکراتـە و پشـت بـە هاووڵاتیبـوون و سـەروەریی یاسـا دەبەسـتێت، ڕێـز لـە فرەیـی دەگرێـت و، ئـازادی و دادوەری و یەکسـانی و، خولقاندنـی دەرفەتی یەکسـان بـۆ سـەرجەم هاووڵاتیـان بەبـێ جیـاوازی یـان ڕەچاوکردنـی ئاییـن و ڕەگـەز فەراهـەم دەکات. هەروەهـا دەوڵەتێکـی نیشـتیمانییە بـۆ سـەرجەم هاووڵاتیانـی کـورد، عـەرەب، تورکـمان، ئاشـوور، کلـدان ـ سریـان و ئەرمـەن، دەوڵـەت بـە پاراسـتنی کەلەپـووری نیشـتیمانیی تایبـەت بـە هەمـوو نەتـەوە و پێکهاتـەکان پابەنـد

دەبێت، ئەمەش لە ئاڵا و سروودی نیشتیمانیدا دەردەکەوێ کە ڕەنگدانەوەی فرەییی نەتەوەیی و ئایینی تیادا بەدی دەکرێ.

٢- گەل سەرچاوەی دەستەڵاتەکانە و ئەمەش لە ڕێگای راپرسی و هەڵبژاردنی بێگەردەوە جێبەجێ دەکات، پڕۆسەکەش لە ڕێگای کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆدا و بە سەرپەرشتیی دادوەری بەڕێوە دەچێ و بەگوێرەی سیستمێکی هەڵبژاردنی وا کە ببێتە مایەی زامنکردنی دادپەروەریی نوێنەرایەتیکردن بۆ هاووڵاتیان بەبێ هیچ جیاوازی و دوورخستنەوەیەك. هاوکات دەستوور نوێنەرایەتیکردنی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان لە ڕێگای کۆتا زامن دەکات، وێڕای مافەکانیان لە لیستە گشتییەکاندا.

٣- سیستمی سیاسیی دەوڵەت کۆماریی پارلەمانیی دیموکراسی دەبێ و پشت بە هاوسەنگیی نێوان دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و جیاکردنەوە لە نێوانیاندا و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و فرەحیزبیی سیاسی دەبەستێت، بە جۆرێك پێچەوانەی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان نەبێت.

٤- دەوڵەت مافی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان زامن دەکات لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان تاك و پێکهاتەکان و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکان زامن دەکات، پشتبەستوو بە دیموکراسی و فراوانکردنی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن پێڕۆ دەکات، ئەمەش لە ڕێگای ژمارەیەك چوارچێوەی جۆراوجۆر کە خواست و داواکاریی پێکهاتەکان لە بەرچاو بگرێ، تا دەگاتە ئاستی فیدراڵی لە ڕێکخستنی ئیداریدا.

٥- دەوڵەت ئازادیی سەرجەم هاووڵاتیان لە ئایین و بیروباوەڕ و ئەنجامدانی مەراسیمی ئایینی بۆ موسوڵمان و ئێزدی و کریستیان و کاکەیی و جولەکە و زەردەشتی و سابیئەی مەندایی و سەرجەم ئایین و بیروباوەڕەکانی دیکە دابین دەکات.

٦- دەوڵەتی کوردستان بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، خۆی بە بەشێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەزانێت و هەوڵی بنیاتنانی پێوەندیی دۆستایەتیی نێوان سەرجەم گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و نێوان وڵاتان دەدات، کە پشت بە پێکەوەژیانی هاوبەش و هاوکاریکردن لەپێناوی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری و نەهێشتنی چاوگەکانی بارگرژی و دژایەتیکردنی تیرۆر و رێزگرتن لە سەروەریی وڵاتان دەبەستێ، هاوکات کار بۆ گرێدانی پێوەندیی دراوسێیەتی و پتەوکردنی بنەماکانی دادوەریی و مافەکانی مرۆڤ و هاوکاریکردن لە نێوان گەلان و وڵاتان دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتی کوردستان پابەند دەبێ بە پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ئەوانەش کە تایبەتن بە دیارکردنی سنوور لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەروەها دەوڵەت پابەند دەبێ بە سنوورە مێژوویی و جیۆگرافییەکانی کوردستانی باشوور و کار بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە رێگای گفتوگۆوە دەکات، بە شێوەیەك کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری. هاوکات دەوڵەتی کوردستان هەوڵی بەشداربوون لە بنیاتنانی شارستانەتیی مرۆڤایەتی دەدات.

٧- هێزەکانی پێشمەرگە، هێزی چەکداری کوردستانین و مڵکی گەلن و پێویستە ببێ بە دامەزراوەیەکی نیشتیمانیی کراوە لە بەردەمی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی، هەروەها رێگا لە دامەزراندنی میلیشیا دەگیرێ ئینجا لەژێر هەر ناوونیشانێك بێت.

٨- دەوڵەت لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا و سەربەخۆییی دادوەری، وەك زامنکردنێکی بنەڕەتی بۆ هێنانەدی دادوەری بۆ هەموو هاووڵاتیان، بنیات دەنرێت.

٩- هەموو هاووڵاتیان ئازاد و یەکسانن لە بەردەمی یاسا لە ماف و ئازادی و ئەرکە گشتییەکاندا، کەرامەتی مرۆڤیش مافێکی سەرەکی و پارێزراوە، رێگە بە جیاکاریی نێوان هاووڵاتیان بە هۆی رەگەز یان رەچەڵەك یان زمان یان ئایین و بیروباوەڕ و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی و بیروڕای سیاسی نادرێت، هەروەها دەوڵەت ئازادیی ئافرەت و مافەکانی و بەشداریکردنی لە سەنتەرەکانی بڕیار زامن دەکات، هاوکات دەوڵەت پێداویستییەکانی ئەو چین و توێژانە کە پێویستیان بە پارێزگاریی هەیە دابین دەکات.

١٠- هیچ تاوان و سزایەك نابێ تەنیا بە گوێرەی دەقێکی یاسایی نەبێ، گومانلێکراویش بێ تاوانە تا ئەوکاتەی لە دادگایەکی دادوەردا تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێت، هەروەها کەسانی سڤیل لەبەردەمی دادگایەکی بەدەر یان دادگای سەربازیی دادگایی ناکرێ. نابێ کەسی سڤیل دەستگیر بکرێ یان بپشکێنرێ یان بەند و دەستگیر بکرێ یان ئازادیی

کەسێتی نەهێڵرێ تەنیا بە بڕیارێکی پێشووی دادوەر نەبێت. دەوڵەتیش ئازادیی مانەوە و جووڵەکردن بۆ هەموو هاووڵاتیان زامن دەکات.

١١- ڕەگەزنامەی کوردستانی مافی هەموو هاووڵاتیانی دەوڵەتە و ڕێگا نادرێ ئەو مافە لە هاووڵاتیان بستێندرێتەوە یان لە وڵات دوور بخرێتەوە یان ڕێگای گەڕانەوەی لێ بگیرێ.

١٢- دەوڵەت ئازادیی بیروباوەڕ و ئەنجامدانی ئەرك و مەراسیمە ئایینەکان زامن دەکات و شوێنەکانییان دەپارێزێت.

١٣- ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەگەری و شێوازەکانی ڕاگەیاندن زامن دەکرێن، بە مەرجێك نەبێتە بەربەست لە بەردەمی ژیانی تایبەت و مافی نەتەوە و پێکهاتەکان، بەبێ بڕیاری پێشووتری دادگا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێ، ڕێگا بە چاودێریکردنی شێوازەکانی ڕاگەیاندن یان دەستبەسەرگرتنیان، یان داخستنیان نادرێت.

١٤- مافی دامەزراندنی حیزب و سەندیکا و یەکێتی و ئەنجوومەن و دامەزراوە ئەهلییەکان، هەروەها مافی کۆبوونەوە و ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، و پرەنسیپ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بەبێ پێشێلکردنی مافی خەڵکی دیکە پارێزراوە.

١٥- دەوڵەت لە سیاسەتەکانیدا پشت بە گەشەکردنی هەمەلایەن و بەردەوام و بنەماکانی حوکمڕانی باش و شەفافیەت و

هاووڵاتیبوونی کارای کوردستانی دەبەستێت و، کار بۆ پاراستنی کولتووری نیشتیمانیی هەموو گەل و پێکهاتەکان دەکات، هەروەها دەوڵەت پابەند دەبێ بە پاراستنی سامانە سرووشتییەکان (نەوت، گاز، ئاو، کانزاکان)، بەوپێیەی ئەوانە ملکی گشتیی میللەتن و دەبنە مایەی هێنانەدی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان و هاندانی وەبەرهێنان و پاراستنی مافی بەکاربەر و پێشبڕکێی ئازاد و ڕێگەگرتن لە قۆرخکاری و پاراستنی ژینگە.

١٦- ملکداریی گشتی پارێزراو دەبێ و ڕێگا نادرێ تەنیا لە ڕێگای بڕیاری دادگا و بەرانبەر قەرەبووی دادوەرانە نەبێ دەستی بۆ ببرێت.

١٧- هەموو هاووڵاتییەك مافی هەیە وەزیفەی گشتی وەربگرێ و مافی کارکردنیش زامن دەکرێ، هەروەها دەوڵەت کار دەکات بۆ دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ هەر هاووڵاتییەك، هاوکات پابەند دەبێت بە دەستنیشانکردنی ڕادەی نزمیی کرێ، بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی ئاستێکی ژیانی وا کە لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤایەتیدا بگونجێت.

١٨- فێربوونی بنەڕەتی ئیلزامییە و دەوڵەت سەرپەرشتیی هەموو دامودەزگا فێرکارییە گشتی و تایبەت و ئەهلییەکان دەکات، بە شێوەیەك ببێتە مایەی زامنکردنی پاراستنی ئینتیما و شوناس و کولتوور. هەروەها دەوڵەت کار بۆ زامنکردنی مافی فێربوون، ئازادییە ئەکادیمییەکان، توێژینەوەی زانستی، داهێنان و دەستبەرکردنی زانست، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بڵاوکردنەوەیان و بەشداریکردن لە ژیانی ڕۆشنبیری و هونەری

دەکات بــە ســەرجەم شــێوازەکانی و هەمەجــۆری چالاکییەکانــی. ئەمــە وێــڕای ســەربەخۆیی زانکـۆکان و سـەنتەرەکانی توێژینـەوەی زانســتی. دەوڵــەت پابەندیــش دەبــێ بــە دابینکردنــی دەرفەتــی فێربوونــی بێبەرانبــەر لــە دامــودەزگا فێرکارییــەکان.

١٩- رێزگرتـن لـە ژیانی تایبەتی هەر مرۆڤێـك و نامەگۆڕینـەوە و گفتوگۆی تەلەفۆنــی و پێوەندییــە ئەلیکترۆنییــەکان و، شــێوازەکانی دیکــەی پێوەندیکــردن پارێــزراو دەبــن و تەنیــا بــە بڕیــاری دادوەر و بــۆ کاتێکــی دیاریکــراو نەبــێ، رێــگا نــادرێ دەســتدرێژییان بکرێتــە ســەر یــان رێگایــان لــێ بگیرێــت.

٢٠- مافــی دابینکردنــی ژیانێکــی هێمــن و ژینگەیەکــی پــاك و دوور لــە پیســبوون، هەروەهــا مافــی دابینکردنی خۆراکی تەندروســت و شــوێنی ژیــان و چاودێریــی تەندروســتی و ئەنجامدانــی وەرزش، ئەمــە وێــڕای مافــی بوونــی بیمــە لــە دژی بێــکاری و نەخۆشــی و پیــری، بــە گوێــرەی رێنماییــە یاســاییەکان و هاریــکاری کۆمەڵایەتــی.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.